ئارام

شەهیدێک لە بنارێ کەڵەوێ دا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئامادەکردن و ساخکردنەوەی
یوسف محەمەد بەرزنجی

سلێمانی - ٢٠٢٥

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِى)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِى)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

ئارام

شەهیدێک لە بناری کەلەوێ دا

ئارام

شەهیدێک لە بناری کەلەوێ دا

ئامادەکردن و ساخکردنەوەی
یوسف محەمەد بەرزنجی

ناوی کتێب: ئارام ... شەهیدێک لە بناری کەڵەوێ دا
بابەت: بەڵگەنامەیی مێژوویی سیاسیی
ئامادەکردن و ساخکردنەوەی: یوسف محەمەد بەرزنجی
تایپ: یوسف محەمەد بەرزنجی
هەڵەچنین: سەرکەوت علی حبیب
بەرگ و نەخشەسازی ناوەرۆک: هەرێم عوسمان
نۆبەی چاپ: یەکەم ساڵی ٢٠١٥
نۆبەی چاپ : دووەم ٢٠٢٥
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٨٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی تاران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٥٠) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە

نێوەرۆک

ڕوونکردنەوەیەک بۆ چاپی دووەم ۷
تەوەری یەکەم: وێستگەکانی ژیانی شاسوار جەلال سەعید ۱۱
کورتەیەک لە ژیانی شاسوار جەلال سەعید ۱۳
ئەو شوێنانەی بەنهێنی تێیدا ماوەتەوە ۱۸
شەهید ئارام لە ئینسکلۆپیدیادا ۱۹
لە بیرەوەری هاوڕێکانیدا ۲۵
وێستگەی شار، بیرەوەری هیوا صائیب ۲۷
وێســـتگەی،گوند و شاخ ۳۱
بیرەوەری ڕووناکبیرو نووسەر مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم) ۳۱
بیرەوەرییەکانی حەمە سەعید، لەگەڵ شەهید ئارام ۳۵
بیرەوەرییەکانی حەمەئەمین قــادر ۴۳
بیرەوەریەکانی مەولود گوڕبازی ۴۵

تەوەری دووەم: ڕۆژنامەی ئالای شۆڕش ۴۷
تێچاندنی یەکەم ۴۹
تێچاندنی دووەم ۵۳
یەکەم ژمارەی ئالای شۆڕش ئەیلولی ۱۹۷۷ ..... ۶۱

تەوەری سێیەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ ۱۰۷
الاتحاد الوطنی الکردستانی لــماذا؟ ۱۳۶
تــەوەری چوارەم:بیــرەوەری حــەوت ساڵەی شەهیدکردنی هــاوڕێ ئــارام و ڕاستی و بۆ چوونەکان ۱۷۱

تەوەری پێنجەم: ئارام لەدیدی هەندێک لە نووسەران و ڕووناکبیراندا.....٢٣٩
*ئارام ڕۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا، فەرید ئەسەسەرد.....٢٤١
*شاسوار جەلال لە نزیکەوە، شوان ئەحمەد.....٢٦٥
*وەڵامێک بۆکاک(شوان ئەحمەد)سالار عزیز.....٢٧٧
*مرۆڤێک گەورەتر لە گەورەیی، هەڤاڵ کوێستانی.....٢٨٢
*کۆتاییە خەمانکەکانی پاڵەوان، خەبات عەبدوڵڵا.....٢٨٥
*ئارام هیوایەک لە ناو بێ هیواییدا، ئەردەڵان عەبدوڵڵا.....٢٩١
*کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیدی کاک ئارامەوە، ئەردەڵان عەبدوڵڵا.....٢٩٣
*بەدواداچونێک کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیدی کاک (ئارام) ەوە، یوسف محەممەد بەرزنجی.....٣٠٦
*شەهید ئارام ڕۆحێکی زیندوو لەیادنەچوو، یوسف محەمەد بەرزنجی ٣١٩
بەڵگەو دیکیۆمێنت.....٣٢٥
وێنەکان.....٣٤١

ڕوونکردنەوەیەک بۆ چاپی دووەم

هەرکارێکی باش بۆ شەهیدانی کوردسان بکرێت کەمە، لە پای ڕۆح بەخشین و ئەو گیان فیداکاری و خۆبەختکردنەدانییە کە ڕۆحی شەهیدانی کوردستان بۆ گەل و خاک و نیشتمان پێشکەشیان کردووە؟شەهیدێکی مەزن و سەرکردەو هزرمەندێکی وەک"شاسوار جەلال ـ ئارام"هەر کارێکی بە پێی توانا بۆ بکرێت من بەکەمی دەزانم؟ساڵی(٢٠١٥) لە یادی (٣٧)ساڵەی شەهیدکردنی کاک"ئارام"هەرچەندبۆنەیەکی خەمناک و پڕ سۆز و ئازاراوییە کتێبی (ئارام.. شەهیدێک لە بناری کەڵەوێ)دا کە سێ بەرهەمی دانسقەو ناوازەی کاک"ئارام"ی لە دووتوێی خۆیدا کۆکردبووە، لە گوندی"تەنگیسەر"ی دەڤەری قەرەداخ و لەسەرئارامگەی ئەم شەهیدە مەزنەی گەلەکەمان بڵاومانکردەوە، کتێبەکە وەک کتێبێکی بەڵگەنامەیی و دیکۆمێنتی گرنگ چاپ کرا، کتێبەکەش لەلایەن زۆرێک لە ڕووناکبیرو تێکۆشەرانەوە پێشوازییەکی زۆر باشی لێکراو پەسەند بوو، خوێنەرو ڕووناکبیرو نووسەرو تێکۆشەرێکی زۆری گەلەکەمان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات هەر زوو پیرۆزبایی ودەستخۆشی خۆیان پێشکەش کردم و لە زۆر چاوپێکەوتن و بۆنەی میدیاییدا بەگرنگەوە لە کتێبەکە دوان و بۆ چاپی نوێش سەرنج و پێشنیاری جوان و سەنگینیان بۆ کردم کە لەچاپی نوێدا کەڵکیان لێوەربگرم، من زۆر سوپاس و پێزانینم بۆ هەمووان و بۆ سەرنج و پێشنیارو نووسینەکانیان بەهەندو بەنرخ سەیر دەکەم و ڕێزو پێزانینی زۆرم بۆیان هەیە، نرخاندن و سەرنج و پێشنیارەکانیان لە پەرۆشی و تێڕوانین وخەمخۆرییانەوەیە بۆ شەهیدانی کوردستان و بەتایبەتی شەهیدی سەرکردەکاک"ئارام"وبۆ بەرهەمەکانێتی، ئەم سەرنج و باسکردن و هەڵسەنگاندنەیان خۆشەویستی و

تامەزرۆییە بۆ بابەتی دیکۆمێنتی و ئەرشیف و ئەویندارییانە بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتانە کە بەلای هەمووانەوە پاراستن و بڵاوکردنەوەی بە کارێکی زۆرباش سەیردەکرێت؟ بۆیە لێرەوە داوا لە ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی خۆشەویست دەکەم هەربابەت و نامەو کەرەسەیەکی تایبەتیان لایە کە تایبەتە بە شەهید"ئارام"ی مەزن بۆمان بنێرن و بە ئەمانەتەوە ناویان دەهێنین و لە چاپەکانی تردا بە سوپاس و پێزانینەوە بڵاوی دەکەینەوەو دەبێتە کەرەسەی خاو بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبەکە، لەم چاپە نوێیەی کتێبی"ئارام.. شەهیدێک لە بناری کەڵەوێ"دا هەندێک گۆڕانکاری و دەستکاری و زیادەکاریم بۆ کتێبەکە کردووە لە بابەت و نێوەرۆک و تەکنیکی چاپدا، بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر بەم شێوەیە سەرنجەکانم یان ڕوونکردنەوەکانم لەم چەند خاڵەدا دەخەمە پێش چاوی خوێنەر... بەهیوام جێگەی ڕەزامەندیتان بێت"

یەکەم: سەرلە نوێ دیزاین و تەکنیکی کتێبەکەم بە شێوەیەکی گەورەترو جوانتر ڕێکخستۆتەوە بۆ ئەوەی بۆ خوێندنەوە گونجاوبێت،لە بەرئەوەی بابەتەکان بابەتی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەییە.

دووەم: ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەی(ئاڵای شۆڕش) دا، لە چاپی پێشووتر هەروەک ڕۆژنامەکە بڵاو کرابوونەوە بێ دەستکاری، لەم چاپەدا ڕیزبەندی بۆکراوەو لە شێوەی نووسینی ڕۆژنامەدا دەرمان هێناوەو وتارەکانمان داوەتە دەم یەکتر، ئەمەش بۆ ئەوەی خوێنەر وتارەکان بەدوای یەکدا بخوێنێتەوەو تاموچێژی لێوەربگرێت و تووشی هەراسانی و بێزار بوون نەبێت!

سێیەم: نامیلکەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟)،(الاتحاد الوطنی الکردستانی لماذا..؟؟) کە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن هەڤاڵ (مام جەلال) نووسراوەو بڵاو کراوەتەوە، شەهیدی مەزن کاک"ئارام"وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڵاوی کردووەتەوە، وەک بەرچاو ڕوونی و گرنگی بابەتەکە، بە زمانە ڕەسەنەکە کتێبەکەم وەک خۆی بە پاکژ کراوەیی بۆ زیاد کردووە.

چوارەم : هەندێک بابەتی جوان و بەپێز لە سایدیت و ڕۆژنامەکاندا، دەربارەی شەهید "ئارام"لەلایەن نووسەران و ڕووناکبیرانەوە بڵاو کراونەتەوە، چەند بابەتێکم لێ گوڵبژێر کردووە، لەگەڵ سێ بابەتی تایبەتی خۆم کە دووانیان بۆیادی کاک"ئارام"و بەدوودا چونێک لە سەر بابەتێک وەک ڕوونکردنەوەیەک لە سەر شەهیدکاک"ئارام"کە لە ڕۆژنامەی"کوردستانی نوێ"ی ژمارە (٧٧٤٧) "١٢/٢٠١٨ /٢١-٢٢، لە لایەن نووسەری بەڕێز ئەردەڵان عەبدوڵڵاوە بۆ چاپی یەکەمی کتێبەکە نووسرا بوو، ئەوەشم لەگەڵ بابەتەکانی تردا بۆ ئەو بەشە زیاد کردووە.

پێنجەم: ئەو چاوپێکەوتنە لەلایەن شەهید (ئازادمحمەد مەلا محەممەد)ە وە، لەگەڵ شەهید"ئارام"کە لە مالّی شەهید(ئازاد) بەنهێنی سازدراوە[1]، ژیاننامەو وێنەو نووسینێکی خوالێخۆشبوو (دکتۆر ساجید) دەربارەی شەهید ئازاد لە کاتی دەستگیر کردنی و زیندانی لە لایەن ڕژێمی دڕندەی (بەعس)ەوە، بۆ بەرچاوڕونی زیاتر لە سەر چاوپێکەوتنەو ئەوکەسایەتیەم بە پێویست زانی و خراوەتە سەر چاوپێکەوتنەکە، لەگەڵ سوپاس و پێزانینم بۆ خانەوادەی شەهید (ئازادمحەمەد مەلا محەممەد) وبەتایبەت تێکۆشەر بەڕێز(خەسرەو عەبدوڵڵا) بۆ هاوکاریی و پشتیوانیان بۆئەو بابەتە جوانەی خوالێخۆشبوو دکتۆر ساجیدو ژیاننامەی شەهیدی گومناو شەهید (ئازاد).

شەشەم: لە سەر شەهید"ئارام" زۆر بابەت نووسراوەو پۆستەر و چەندمەدالیا لە خۆشەویستی و بەرز ڕاگرتنی یادی شەهید"ئارام"دروستکراوەو بڵاو کراوەتەوە، بەڵام وەک بەیاننامەی فەرمی کۆمەڵە لەلایەن ڕێکخراوی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە، لە ئەوروپا ١٩٨٥/١/٣١، بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهید "ئارام"بەیاننامەیەک بڵاو کراوەتەوە، کە تێکۆشەرکاک"مەلا بەختیار"

---

١ خانەوادەی شەهید ئازاد دەڵێن چاوپێکەوتنەکە لە مالّی شەهید ئازاد سازدراوە، بەڵام بەڕێز مەلابەختیار دەڵێت: لە مالّی بەڕێز ئاوات قارەمانی سازدراوە، بەڵام تا نووسینی ئەم بابەتی ئەوەمان بۆ ساخ و پشتراست نەکراوەتەوە لە کام شوێن وجێگە چاوپێکەوتنەکە کراوە.

نووسیوێتی و بە ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە بڵاوکراوەتەوە، زۆرێکی تریش بابەت و بەیاننامە بۆ یادی شەهید"ئارام"جگە لەتاراوگە، لە کوردستان بڵاو کراونەتەوە،بەڵام لە بەرنزیکی ناوەرۆکی بەیاننامەکان وەک بابەتێکی کلاسیکی نوسراو دیکیۆمێنتی تەنیا ئەم بەیاننامەیەو بەیانێکی مەکتەبیی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە بەزمانی عەرەبی نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە،چونکە لەناوەرۆکدا ئاماژەی بە بکوژی شەهید (ئارام) دراوەو لەگەڵ بەڵگەنامەی ئاسایشی(امن)ی ڕژێم لە سلێمانی یەک دەگرێتەوەو بۆ ئەم کتێبە هەڵبژێراوە.

حەوتەم: چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەڕۆژنامەی (تاخی) لەم دواییانە لەلایەن دکتۆر ئەحمەد باوەڕەوە لە دیواری فەیسبوکی ناوبراو بڵاوکرایەوەتەوە، کە ساڵی (١٩٧٣) لەگەڵ کاک ئارام سازکراوە، ئەوەشمان وەک بەرهەمی شەهید لەم کتێبەدا بەوەرگێڕانی هاوڕێی ئازیزم بەڕێز حەسەن یاسین بۆ بەشی بەڵگەنامەکان و دیکیۆمێنتەکان زیادکرد، لەگەڵ ڕێزوپێزانین بۆ ئەو دووئازیزەمان، دکتۆر ئەحمەد باوەرو حەسەن یاسین.

بەهیوام زیادکردن و خستەسەری هەندێک بابەت و ڕوونکردنەوەکان بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبی(ئارام.. شەهیدێک لە بناری کەڵەوێ)دا، لە شوێنی خۆیدابێت وڕۆح و گیانی شەهید"ئارام"ئاسودە بکات و وەفایەک بێت بۆ شەهیدان و شەهید"شاسوار جەلال ـ ئارام"و ڕۆحی هەموو شەهیدانی سەربەرزی کوردستان شادو ئاسودەبێت. هیواخوازین ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە جێگەی پەسەند بێت.

***

یوسف محەمەد بەرزنجی

٢٠١٩/١/١

تەوەری یەکەم

وێستگەکانی ژیانی
شاسوار جەلال سەعید (شەهید ئارام)

تەوەری یەکەم

وێستگەکانی ژیانی
شاسوار جەلال سەعید (شەهید ئارام)

کورتەیەک لەژیانی
شاسوار جەلال سەعید غەنی(شەهید ئارام)

* شاسوار جەلال سەعید غەنی، ناوی ڕاستەقینەو دروستی(ئارام)ە، لە مانگی یانزەی ١١ی ساڵی ١٩٤٧دا،لە گەڕەکی حاجی حان، مەڵکەندی شاری سلێمانیی لە خێزانێکی مام ناوەندی شۆڕشگێڕ هاتووەتە دونیاوە بە ژیان ئاشنا بووە،بنەماڵەو خێزانی شاسوار جەلال(ئارام) پێنج براو چوار خوشکن، شاسوار(ئارام)، بچوکترین منداڵ و کوڕی خێزان و بنەماڵەکەیان بووە.

* لە دەسپێکی ژیان و گەورەبووندا ئامادە بوونی بۆخوێندن، لە قوتابخانەی غازی سەرەتایی خراوەتە بەر خوێندن،بەڵام بە هۆی دامەزراندنی خوشکە گەورەکەی بە مامۆستا (مەلیحە خان) لە دەڤەری شارباژێڕ و ماوەت، خوشکەکەی وەک مامۆستایەک، شاسواری برا بچکۆلەی لەگەڵ خۆیی بردووە بۆ ماوەت و لەوێ خستوویەتیە بەرخوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە ماوەت و چوارتا تەواو کردووە، شاسوار (ئارام) هەر لەسەرەتای خوێندن و قۆناغی سەرەتایی دا وریایی و زیرەکی تێدا بە دیارکەوتووە.

* کە گەڕاوەتەوە بۆشاری سلێمانی، قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی وەتەنی شاری سلێمانی و دواناوەندیشی لە ئامادەیی سلێمانی کوڕان بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە.

* لە بەر زیرەکی و بەرزی پلەی وانەکانی لە دوا وێستگەی ئامادەیدا، لە زانکۆی بەغداد، لە کۆلیژی ئەندازیاری،بەشی میکانیک،لە ساڵی (١٩٦٤) وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی کزی دیدە وچاوەکانیەوە، وەرگرتنەکەی لەو کۆلیژە لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە،ڕەتکراوەتەوە. لە بەر هەمان هۆکاریش لە

کۆلیژی پزیشکی زانکۆ(موسڵ) یش بۆ دووەم جار داواکەی ڕەتکراوەتەوە و وەرنەگیراوە. بە ناچاری ڕووی کردوەتە کۆلیژی بازرگانی (کلیە التجارە) و لە ساڵی (١٩٦٩ ـ ١٩٧٠) ئەو کۆلیژەی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە.

* شاسوارجەلال (ئارام) بە هۆی لە دەستدانی برا گەورەکەی کاک (ئەمین جەلال سەعید) لە ساڵی (١٩٦٨) ژیان و گوزەرانی لەزانکۆ زۆر سەخت و ئاڵۆزو دژوار بووە، شەهید بوونی کاک (ئەمین) ی برا گەورەی کە ئەوسا قوتابی کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی (مۆسکۆ) بوو لە یەکێتیی سۆڤێتی جاران، لە بەشی نەوت، کە بە یەکێک لە هاوڕێ هەرە دڵسۆزەکانی (ئارام) ئەژمار و دادە نرێت، وە یەکێکیش بووە لە دامەزرێنەرانی(کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ـ لە ئەوروپا ـ لقی مۆسکۆ) دوای ڕاوتان و دەرکردنی لە لایەن پیاوانی ڕژێمی (تیرۆریستی) عێراقەوە لە مۆسکۆ ساڵی (١٩٦٣)، کە کاتی خۆی حکومەتی عێراق، بە(نوێنەر) لە سەر ئەرکی خۆی ناردبویە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، لە پاش خۆی کوڕێکی ساڵەوەختەی بە ناوی (سوارە)وە لە هەمان شوێن بەجێ هێشتبوو.

دەوڵەت بە هیچ جۆرێک بواری نەئەدا (سوارەو دایکی) بگەڕێنەوە بۆ عێراق، شەهید ئارامی بە وەفاو دڵسۆزی براکەشی، لە ساڵی (١٩٧٣) دا خێزانی برا شەهیدەکەی کاک (ئەمین جەلال) ی برای بە ناوی (لیدیا ئیڤانوڤنا) مارە کردەوە و(سوارە) ی بەرازای لە ئامێز گرتەوەو نەیهێشت بێ باوکی و بێکەسی پێوە دەرکەوێت و بێ سەرپەرشتیارو بە خێوکەر بە تەنیایی بەجێ بمێنێت.

* شەهید(ئارام ـ شاسوار جەلال) هەر لە دەسپێک و سەرەتای لاوێتییەوە چووەتە ڕیزی (مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان)وەو ئەندامێکی چالاکی (مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان (بووەو لە ڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان) دا چالاکی و دڵسۆزی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە.

* لە ساڵی(١٩٧٤)دا نوێنەری سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە لە(کۆنگرەی لاوان) ی جیهان، کە ساز درا بوو، لە شاری(مۆسکۆ) ی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت.

* کاتێک لە ساڵی(١٩٧٠) دا لە هەلومەرجێکی تایبەتی کە کوردستان و ناوچەکەی بە خۆوە مژوڵکردبوو(کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان) دامەزراو پێکهات، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)، ئەو وەک ئەندامێکی بزوێنەر و چالاک لە ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوە نهێنیەدا پەرە بەکارو چالاکییە سیاسیی و ڕێکخراوەییەکەی دەدات و وەک کادرێکی ڕووناکبیرو چالاک بە شداری تێدا دەکات.

* لە ساڵانی(١٩٧٠) بەدواوە کاتێک ڕۆژنامەی"هاوکاری"لە شاری بەغداد دەردەچێت وبڵاودەکرێتەوە، وەک ڕۆژنامەیەکی ڕێگەپێدراو، لە لایەن حکومەتی بە غداوە، شاسوارجەلال (ئارام) چ وەک نووسەرو چ وەک ڕۆژنامە نووسێک دەچێتە نێو ستافی ڕۆژنامەی هاوکارییەوەو کاری تێدا دەکات، لە هەمان ڕۆژنامەی ناو براودا چەند، نووسینی سیاسیی و لێکۆڵینەوەی نووسیوەو لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا چ بە ناوی خۆی، شاسوار و چ بە ناوی خوازراوی وەک سوارە، بڵاو کردوونەتەوە.

* پاش ساڵی(١٩٧٥) کە ڕژێمی ڕەفتار فاشی بەغداد، شاڵاوو هێزی خۆی بەگەڕخست بۆ سەر ڕێکخستن و هاوڕێ تێکۆشەرەکانی(کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان) شەهید ئارام هەرزوودوای، گرتنی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی ڕیزەکانی کۆمەڵە، هاتە مەیدانەکەوە و نەی هێشت ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە) پەرتەوازەیی و لە تبونیان پێوە دیار بێت، ئەوە بوو سەر لە نوێ بەرنامەیەکی پێویست و گرنگی سیاسیی و ڕێکخراوەیی داڕشت بۆ سەر لە نوێ گرتنەوەو ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی هاوڕێیانی کۆمەڵەی ئەوکاتەو گوڕوتینی سەر لە نوێی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی"کۆمەڵەی مارکسی -لینینی کوردستان"بە خشیبەوەو بوە بزوێنەرو سازدەرو ئارستەکەری ڕیزەکانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەو ماندونەناسانە گەشەی بە چالاکی و کاری ڕێکخراوەیی داو

هەرزوو(پەیڕەوی ناو خۆی دەستە چەکدارەکان)[٢]ی دابڕشت ونووسی وکۆمیتەی هەرێمەکانی بۆ ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە دامەزراند و دروست کرد.

* ساڵی (١٩٧٦) چووەتە شاخ و بۆتە پێشمەرگەو یەکەم دەستەی پارتیزانە چەکدارەکانی شۆڕشی نوێی دروست کردووە.

* هەر لە بەرلێهاتوویی و بیرتیژی وچالاکی خۆی، لە ماوەیەکی زۆرکەمدا، پەیوەندی دەکاتەوە بە سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)وە لە شام و خۆی بانگەوازی دروست بوونی(یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە ناوەوەی وڵات ڕادەگەیەنێت و بەیان نامەیەک دەنووسێت و چاپی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە، بانگەشە بۆ سەر لە نوێ هەڵایسانی شۆڕشێکی چەکداری نوێ لە کوردستاندا دەکات.

* لە ساڵی (١٩٧٦) یەکەم کەس بوو، بەیاننامەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ی نووسی و بڵاوی کردەوەو نامیلکەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟) لە نووسینی، هەڤاڵ (مام جەلال)ە لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی‌و بڵاوی کردۆتەوە.

* هەرلەدوای شاڵاوی گرتنی حکومەتی بەعس بۆ سەر هەڤاڵانی کۆمەڵە و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو دەستگیرکردنی، (خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی) ساڵی (١٩٧٦) هەڵبژێرا بە سکرتێری (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان - کملک) لە یەکەم کۆبوونەوەیی سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ساڵی(١٩٧٧)دوای هاتنەوەی هەڤاڵانی سەرکردایەتی دەرەوەی وڵات لە دەڤەری بادینانەوە بۆ کوردستان، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێرا.

---

٢ ئەم بابەتە بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێزجەنابی سالار عەزیز نووسراوە، بەڵام هەر ناوی (ئارام) دەبرێت لە نوسینیدا بە ناوی شەهید (ئارام)ە وە بڵاوکراوەتەوە. لەڕاستیدا هەردوو ناو براو نووسیویانە. ئەم پشت ڕاستکردنەوەیە لە بەڕێز کاک(سالار عەزیز) وەرگیراوە، بە سوپاسەوە.

* شاسوارجەلال (ئارام) دوای گرتنی (خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی) کە ئەوکات گۆڤاری ـ ئالای سوریان، کەسێ(٣) ژمارە یان لێ دەرکرد، ئەم نەیهێشت ڕێکخراوەکەی بێ گۆڤارو بڵاوکراوە بمێنێتەوە،لە ساڵی (١٩٧٧) لە گوندی گوڕباز ی ناوچەی قەرەداخ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ئالای شۆڕشی دەرکردو بڵاوی کردەوە.

* شاسوارجەلال، شەهید (ئارام) ڕووناکبیرو پێشمەرگەو تێکۆشەرو خۆشەویستی گەلەکەمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی ١٩٧٨/١/٣١ لەگوندی تەنگیسەری ناوچەی قەرەداغ، بەدەستی تاقمێ جاش و بەکرێگیراوانی فاشیستەکانی، ڕژێمی بەغدا، شەهید کراودڵی گەورەی سەرکردەیەکی هەڵکەوتوو ڕووناکبیرو بیر تیژی گەلەکەمان لە لێدان کەوت و کەلێنێکی گەورەی خستەنێو سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردەوەو بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە کوردو هەڤاڵەکانی سەنگەری بەرگری کرد.[٣]

***

٣ ئەم ژیاننامەیەی شەهید بۆیەکەم جار (١٩٩٣/١/٣١) لەلایەن نوسەرەوە لەگەل خانەوادەی شەهید ئارام، لەکاتی ڤیستیڤاڵی شەهید ئارام، ئامادەکراوەو لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێی هەمان ساڵدا بڵاوکراوەتەوە.

ناوی نەو مانّ وشوێنانەی
شاسوار جەلال(ئارام) خۆی تیادا حەشارداوە

پێش بوونە پێشمەرگە بەنهێنی تیاندا ماوەتەوەو ژیانی سیاسیی نهێنی تێدا بردۆتە سەر[٤]

دکتۆر زاهیرلەتیف
پێشمەرگەی دێرین سواره ئەحمەد عارف
خوالێخۆشبوو بایز تالّەبانی
جەمال عەلی مارف(شەهید جەماله ڕەش)
مامۆستا سەلام عەبدولّلا
سەرداربرین پێچ
شێخ عومەر نانەوا
ئاوات عەبەی دەرۆێش کەریم
شەهید خەلیفە عەبدولّلامارف
مالّی شەهید ئازادی مەلا

***

٤ ئەم زانیارییانە لەبەڕێز کاک مەلا بەختیار، بەسوپاس وپێزانینەوە وەرگیراوە.

ژیاننامەی شەهید ئارام
لە ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا
شاسوار جەلال(ئارام)

لێپرسراوی کۆمیتەی هەرێمەکان و بڕیاردەری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ماوەی نێوان کۆتایی ١٩٧٥ و سەرەتای ١٩٧٨.

ناوی تەواوی شاسوار جەلال سەعید غەنی ناسراو بە ئارام، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی، لە بنەماڵەیەکی مامناوەندە و بە بنەچە دەچێتەوە سەر شێخانی بەرزنجە.

ساڵی ١٩٥٣ لە سلێمانی خراوەتە بەر خوێندن، لەگەڵ مەلیحەخانی خوشکی کە مامۆستا بووەو زوو زوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گواستراوەتەوە، ساڵەکانی خوێندنی سەرەتایی هەر جارەی لە شوێنێک تەواو کردووە، پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٥٤دا لە سلێمانی تەواو کردووە. لەگەڵ گواستنەوەی خوشکی بۆ ماوەت، پۆلی سێیەمی لە ماوەت و لە ساڵانی دواتردا پۆلەکانی تری لە چوارتا تەواو کردووە، هەروەک قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردوو.

ساڵی ١٩٦٤، لەکۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا وەرگیرا بەڵام بە هۆی کزیی چاوییەوە نەیتوانی بەردەوام بێت لەسەر خوێندن لەوکۆلێژە، ساڵی دواتر لەکۆلێژی بازرگانی وەرگیرا و ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی لەوکۆلێژە تەواو کرد.

مێژووی پەیوەندی کردنی بە یەکێتیی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دیار نییە، لەو پێشەکییەی کە سالار عەزیز لە ساڵی ١٩٨٠دا بۆ چاپی یەکەمی کۆکراوەی نوسینەکانی نوسیویەتیو لەگێڕانەوەی وێستگە گرنگەکانی ژیانی کە ساڵی ٢٠٠٧ محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی لە دوتوێی کتێبی (ئارام و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد) ئامادەی کردووە، هیچ ئاماژەیەک بۆ ساڵی پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیان و پارتی دیموکراتی

کوردستانەوە نەکراو.

لە سەردەمی دابەشبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەر دوو بالّدا، شاسوار جەلال بە هۆی ڕیشە شارییەکانییەوەو لە سۆنگەی بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازەکانییەوە پشتگیریی بالّی مەکتەبی سیاسیی کردووە

مانەوەی لەبەغدا پاش تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆ، ئەو دەرفەتەی بۆ پێک هێنا کە لە ناوەندە ڕۆشنبیریوسیاسییەکان نزیک بکەوێتەوەو مشتومالّی ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕییەکان بکات.

پەیوەندی کردنی بە کۆمەلّەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ سالّی ۱۹۷۰ یان ۱۹۷۱ دەگەڕێتەوە، پاش یەکگرتنەوەی هەردوو بالّی پارتی لە سالّی ۱۹۷۱، کرایە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لقی بەغدای یەکێتییەکە و سالّی دواتر کرایە بەرپرسی بەشی ڕوناکبیری و ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی یەکێتیی لاوان.

سالّی ۱۹۷۲ لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس دامەزرا، لەو ماوەیەدا هەوڵیدا لە ڕێی نوسینەوە بانگەشە بۆ بیرو بۆچونە ئایدیۆلۆژییەکانی بکا، لەم سەروبەندەشدا هەر لەو ماوەیەدا لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکدا بەشدار بوو لە وەرگێڕانی نوسینەکانی سەرۆکی کۆریای باکور کیم ئیل سۆنگ بۆ سەر زمانی کوردی.

سالّی ۱۹۷٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو ڕژێمی بەعسدا، لەگەڵ ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتیی دیموکراتی لاواندا بارەگای یەکێتییەکەی بۆ چۆمان گواستەوەو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد، دواتر لەگەڵ چەند کادیرێکی کۆمەلّەی ڕەنجدەراندا، لەوانە جەبار حاجی ڕەشید، بەشدار بوو لە سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی کامپی خوێندکارانی ناو شۆڕش لە پێنجوێن.

پاش هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و بە گرێبەست لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەدان کردنەوەی پارێزگای سلێمانی دامەزرا، لەم قۆناغەدا زۆر بە چڕی سەرقاڵی کارکردن بوو لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا.

پاش ئەو گورزەی کەدەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیان وەشاند، ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و کادیرەکانی ڕێکخستن گیران و ژمارەیەکی زۆریشیان ناچار بوون خۆیان بشارنەوە، لەم سەروبەندەشدا ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ خۆدەربازکردن لە شاڵاوی ڕاوەدونان و گرتن، ڕویان کردە ئێران بەو مەبەستەی کە لە ئێران ڕێوشوێنێکیان چنگ کەوێ بەهۆیەوە بگەنە سوریا، بەڵام هەموویان لە ناو ئێران دەستگیرکران و دواتر ڕادەستی عێراق کرانەوە، بەمجۆرە کۆمەڵە بەبێ سەرکردایەتی مایەوە.

لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ شاسوار جەلال لەگەڵ هەر یەک لە مەلا بەختیار و عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر و ئازاد هەورامی وسالار عەزیز کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکان پێکهێنا بۆ فریاکەوتنی ڕێکخستنەکان. بەکردەوە، کۆمیتەی هەرێمەکان وەک سەرکردایەتیی دیفاکتۆی کۆمەڵە هەڵسوکەوتی کرد، بەبێ ئەوەی هیچ کام لە ئەندامەکانی، پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی بووبن. کۆمیتەی هەرێمەکان لەکاتێکی پێوانەییدا توانی ڕایەڵەی ڕێکخستنەکان ڕێک بخاتەوە و کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە بۆشایی دەسەڵات ڕزگار بکا، پێنج ساڵ پاش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکان، ڕاپۆرتی گشتیی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ساڵی ١٩٨١ کە بە دیکۆمێنتێکی فەرمی دەژمێردرێ، سەری ڕێزو نەوازشی بۆ هەوڵەکەی شاسوار جەلال بۆ فریاکەوتنی ڕێکخستنەکان و پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی دیفاکتۆ دانەواندو کۆششەکەی بە دەستپێشخەرییەکی (گرنگ و کاریگەر) ئەژمار کرد.

لە شوباتی ١٩٧٦دا ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ڕەوشی ناوخۆی کۆمەڵە نووسی و تێیدا ڕەخنەی لە ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە گرت کە هیچ پلانێکیان بۆ ئەگەرە خراپەکان نەبووەو لە کاتی تەنگانەدا ویستویانە وڵات بەجێ بهێڵن و خۆیان دەرباز بکەن.

شاسوار جەلال کە لەم قۆناغەدا وەک سەرۆکی کۆمیتەی هەرێمەکان ڕەفتاری کردووە، درێژەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا داوەو هەماهەنگییەکی پوختی بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان هێناوەتە دی، بە ڕێنمایی ئەو و ئەندامانی تری کۆمیتەی هەرێمەکان، مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە پارێزگای سلێمانی پێک هێنران، خۆیشی سلێمانیی بەجێ هێشت بەرەو دۆڵەڕووت و قزلەر و هەڵەندن و ئەشکەوتی مادێنە و گەورەدێ کەوتەڕێ،لەو شوێنانە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەستپێکرد.

ئەم قۆناغە گرنگترین قۆناغی ژیانی سیاسیی پێکدێنێ، هەوڵ و کۆششی بۆ فریاکەوتنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و ڕزگارکردنی لە پوکانەوە و لە ناوچوون بایەخێکی مێژویی زۆری هەیە.سەرەڕای بارودۆخی سەختی سەرەتایی قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، لە ئەیلولی ١٩٧٧ لەگوندی گوڕبازی ناوچەی قەرەداغ ڕۆژنامەی (ئاڵای شۆڕش) ی دەرکردووە کە تێیدا هەوڵیداوە خەباتی نیشتمانی و خەباتی چینایەتی تێکەڵ بە یەکتری بکاو لە دیدگای جیهانبینیی مارکسیستییەوە شرۆڤەی ڕەوشی جیهان بکات.

تەمەنی وەک سەرکردە و وەک پێشمەرگە زۆری نەخایاند، لە ٣١ ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ لەگوندی تەنگیسەری ناوچەی قەرەداغ بەدەستی جاشەکان شەهید کرا و لەگەڵ شەهیدبوونی، بابەتەکانی ژمارە (٢) ی ڕۆژنامەی (ئاڵای شۆڕش) ون بوون. هەر لەو گوندە لە گۆڕستانی شێخ مستەفا بەخاک سپێردرا.

نوسینەکانی کە بەشێکی گرنگی وێژەی شۆڕشگێڕانەی کورد لە دەیەی

حەفتاکانی سەدەی بیستەم پێکدێنن، پاش مردنی بە چەند ساڵێک، لە دەیەی هەشتاکان سەرلەنوێ چاپ کرانەوە، لە ساڵی ١٩٨٠دا بەشێکی نوسینەکانی لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی (هەڵبژاردەیەک لە نوسینەکانی شەهید ئارام) لە چاپخانەی برایم عەزۆ لەگوندی زەڵێ بڵاوکرانەوە، (سالار عەزیز) پێشەکییەکەی نوسیوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢دا لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی (ئارام و بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیستی) کە پێشەکییەکەی (مەلا بەختیار) نوسیویەتی، بەشێکی وتارەکانی کە لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوی کردۆتەوە، چاپ کرانەوە.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧دا محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی بەشێکی نوسینەکانی جارێکی تر لە سلێمانی چاپ کردەوە، هەروەک ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران لە ساڵی ٢٠١٠دا لە چوارچێوەی پرۆژەی دیکیۆمێنت کردنی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەشێکی نوسینەکانی چاپ کردەوە.

بە بەراورد لەگەڵ سەرکردەکانی تری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شاسوار جەلال، پاش تاڵەبانی، لە هەموان زیاتر لەسەری نوسراوەو لەم سەروبەندەدا ژمارەیەک لێکۆڵینەوەو کتێبی لەسەر دەرچووە کە تیشکیان خستۆتە سەر وردەکارییەکانی تێڕوانینە سیاسییەکانی و پێگەو ڕۆڵی لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران و کۆمیتەی هەرێمەکان و ڕۆڵی بەرچاوی لە قۆناغی ئامادەکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا لەوانە کتێبەکەی محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی (ئارام و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کورد) ٢٠٠٧، لێکۆڵینەوەکەی فەرید ئەسەسەرد (ئارام و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی سیاسیدا) ٢٠١٢

*کتێبەکەی یوسف محەمەد بەرزنجی (ئارام: شەهیدێک لە بناری کەلەوێ دا) ٢٠١٥[٥]

٥ مەبەست ئەم کتێبەی بەردەستانە.

هەندێ لە وێستگەکانی ژیانی شاسوار جەلال

(شەهید ئارام) لە بیرەوەری هاوڕێکانیدا

بیرەوەری هیوا صائیب

وێستگەی شار

لە ڕاستیدا ئەو ئیشەکەی محاسیبی مەشاریع بوو دافع اجوریان پێدەوت، لە مەشاریعەکاندا بۆکرێکار موچەو موخصصاتی بۆ ئەبردن یان، کە موچەیان وەردەگرد ئەم موچەی بۆدەبردن، منیش ئیشی ووربینی(تدقیق)م دەکردوو هەردووکمان لە ژورێکدا بووین، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ئاسایی بوو، کە ئێمە چوین بۆسەر دەوام وەک ڕۆژەکانی تر هەرچەند بەڕاستی بیرم نەماوە کەچ ڕۆژێک و چ بەروارێک بوو، کە هاتە ژوورەوە پەشۆکاوی وقەلەقییەکی پێوە دیار بوو، من وتم چی یە؟ ئەو سەریەشەیەکی هەبوو وەک شەقیقە، وەمزانی ئەوەی هەیە یان ئەو سەریەشەیە لێی هەڵداوەتەوە، ژوورەکە خەڵکی تێدا بوو، پاشان ئیشارەتێکی بۆکردم و چووە دەرەوە، منیش لەگەڵیا چوومە دەرەوە، ئەو لە پێشدا چووە دەرەوەو من دوای کەوتم وتی: لەوانە یە ئەمڕۆ بێن بۆ گرتنمان.؟! وتم چۆن وتی: وە اللە شت هەیە وشت لە ئارادا هەیە، وتی: خاڵە شەهاب خۆی قایم کردووەو خۆی شاردۆتەوەو ناوی منیش لەو ناوانەدا هەیەو ناوی من دەرچووە و لە ئەمنی عامە وەدێن بۆگرتنم، ئیتر بە ڕاستی چوینەوە ژوورەوە، سەیارەیەکی دائیرە هەبوو من ئەوەم بۆ تامین کرد لە سایەقەکەی زۆر لێنیا بووم (مستەفا ئەحمەد) یادی بەخێر ئەویش کورد پەروەرێکی چاک

بوو، ڕەنگە پێش منیش کاک سالاری برای ئەو سەیارەیەی بۆ ئەوە تەرخان کردبێت، لەوە ئەچوو، سەیارەکە لەدەرگای گەراجدا وەستا بوو، ئێمە هاتینەوە ژوورەکەی خۆمان، ماوەیەکی کەمی برد سێ سەیارە تەپوو تۆزاوی دیاربوون لەڕێگای دوورەوە هاتبوون.. خۆیان کرد بە حەوشەی دائیرەدا، لە پەنجەرەکەوە تەماشامان دەکرد، برادەرێکی لێبوو لەژوورەکەدا وتی: ئەمە سەیارەی ئەمنی عامە، وەاللە کە ئەو وای گوت: شاسوار جەلال(شەهید ئارام) چووە دەرەوە، کاتێک چووە دەرەوە، منیش بەدوایا چووم، خستمە سەیارەکەوە سەیارەکەش فۆردێکی سور بوو، دەرچوو ڕۆیی، منیش پاشان هاتمەوە ژوورەوە، کە هاتمەوە ژوورەوە ئەوەندەی نەبرد، کاک سالاری برای کە مودیری ئێمە بوو، بەڕێوەبەری دائیرەکەمان بوو، فەڕاشەکەی نارد داوای (شاسوار) ی کرد، وتی: کاک شاسوار لە کوێیە؟ مودیر داوای دەکات، وتم چووە بۆ دەفعیات، فەڕاشەکە ڕۆیشت و هاتەوە وتی: کاک سالار دەڵێت: بێزەحمەت با ئەو بێت. چووم وتم فەرموو کاک سالار، وتی:(شاسوار) لەکوێیە؟ وتم: چووە بۆ دەفعیات، بۆڕێگاکان و پارەو موخەصصاتی کرێکاران بەرێت، وتی: باشە مەمنون هاتمەوە شوێنی خۆم، ئیتر ئەو ڕۆژە دەواممان بەردەوام بوو هەتا ئێوارە چونکە مشاریعێکی زۆرمان هەبوو، ئێوارە هاتمەوە ماڵەوە من و شێخ بایز دانیشتبوین لە ماڵی خۆمان، لەدەرگا درا کە دەرگام کردەوە سەیرم کرد، شاسوار (ئارام)ە وتم خێر فەرموو وتی: ئەوی ڕاستی بێت، شوێنێکی وام دەست نەکەوتووە بەدی نەکردووە، لە بەیانیەوە ئەگەڕێم ئەڵی چی؟ هاتومەتە ئێرە، منیش وتم جا بمزانیایە شوێنێکی موعەیەن و دیاری کراوت نیە هەربەیانی بە شۆفێری سەیارەکەم دەگوت: کە بتهێنێ بۆ ماڵی ئێمە، وەاللە هاتە ژوورەوە فەترەیەکی زۆر لەماڵی ئێمە مایەوە تا ئەوکاتەی، کە من بچومایە بۆ دەوام شێخ بایز ئاگای لێبوو، هەرکاتێکیش شێخ بایز بچوایە بۆدەوام من لەلای دەبووم و ئاگاداریم دەکرد، هەرجارەی بە نۆرە بەلایەوە بووین و جێمان نەدەهێڵا.؟ئیتر ئەویش بەڕاستی کەوتە جموو جۆڵ دەقیقەی لە کاتی خۆی بە فیڕۆ نەدەدا.؟ دەستی کرد بە کاغەزو نامە نووسین و

ئێمەش زۆری نووسراوەکانمان بۆدەگەیاندو بۆمان تەوزیع دەکرد، هەتا بیرمە من لەو دوو کاغەزی بردم یەکێکیان بۆ کاک (جەمال حەکیم ئاغا) بوو، یەکێکیان بۆ شەهید (شازادصائیب) بوو، کاغەزەکانم دانێ وئەوانیش هاتنەدیدەنی وسەردانیان کرد بەتایبەتی (شازاد صائیب) و چەند کەسێک هاتنەماڵەوە بۆلای. لەهەموو شوێنێکدا ئینسانێکی مەحبوب و خۆشەویست بوو بە تایبەتی لە ناو چینی کرێکاردا، زۆر زۆر ڕەغبەتی هەبوو، زۆر ڕوخۆش وقسەخۆش بوو، زۆر پاک بوو، بەڕاستی نمونەیەک بوو بۆ خۆی،کەسێکی ڕەوشت بەرزی تێدا مەوجود بوو، نمونە یەک بێنمەوە لە سەر خاوێنی و پاکی کاتێک ئەو معاش و پارەی ئەبرد بۆ کارمەندو کرێکارەکان یەکەم مانگ کە بەم کارە هەستا حساب و پارەکەمان بۆ تدقیق کرد، تەماشاو سەیرمان کرد پانزە دیناری لە گیرفانی خۆی خستبووە سەر پارەکە، بە شەرتێ معاشەکەی خۆی دوو پانزە دیناری بوو مانگانەکەی! واتا نیوەی معاشەکەی خۆی دانابوو، لێکمان دایەوە بزانین چییە مەسەلە؟ بڵێین: کرێکارێک هەشت سەد ٨٠٠ فلسی کەوتۆتەوەلای ئەم باقی ووردەی پێنەبووە، ئەو یەک ١ دیناری داوەتێ، کەواتە پێنج ٥ فلس، بۆ ئەو ١٠٠سەد فلس بۆ ئەو، ئەی گوت: کرێکار لەم ناڕەحەتی و ناخۆشی و هیلاکیەدا ئیش دەکات، دەیگوت: با ئەو پارەیە نەکەوێتە لای من هی من بکەوێتە لای ئەوان باشترە.. یانی پانزە دیناری لە معاشەکەی خۆی خستە سەر پارەکە بەو وەزعە. ئەوە نمونەی دەستپاکی وخاوێنی ئەو پیاوە بوو. دکتۆر (بەختیار) لەگەڵ (شێرکۆ) دا ئەهاتنە ماڵی ئێمەو هاتووچۆی ئەکرد عیلاقەیان پێکەوە هەبوو، شەهید ئارامیش لە ماڵی ئێمە مختەفی بوو، خەسووشم لە بەردەرگا دانیشتبوو، شەهید دکتۆر (بەختیار) بەوێدا ئەڕوات، وتبووی کوڕم ئەوەچییە شڵەژاویت، بە دکتۆر(بەختیار)، وتبووی ئەگەر لە خۆت دەترسی ئێمە یەکێکمان لایەلە ژوورەوە، خۆی شاردۆتەوە لە ترسی حکومەت، ئەمەی بە سادەیی وتبوو، دڵنیاش بوو لەوەی کە شەهید (بەختیار) لە ڕێکخستن دایە لەگەڵ شێرکۆدا یەکێک بوون لەوانەی، کە شەهید (ئارام) قسەی لەگەڵ کرد بوون و خستبونیە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە... من ئەوکاتە لە ماڵ نە

بووم، خەبەرەکە گەیشتبووەو بە (شەهید ئارام) یش وتبوو، برادەرێکتان بێرەدا ڕۆیشتووە من شتێکی وام پێگوتوە.؟ وتبوی ئیتر ئاە... من توانای ئەوەم نیە کە لێرە بمێنمەوە. چۆن قسەی وات وتووە، ئەویش وتبووی من لێی دڵنیام بۆیە وام وتووە: ئەویش وتبووی نابێت.. تا منیش لەگەڵ بایز ڕۆیشتمەوە ماڵەوە، وتیان لێرە نەماوە.! من ئەگەر لە ماڵەوە بوومایە نەم دەهێشت بڕوات، چونکە من دڵنیا بووم لە شەهید (بەختیار)[٦]. ڕۆژێک کاک (شێخ بایز)[٧] ناردی بە شوێنما وتی: تا ئەمدیوو وەرە، کە چوم سەیرم کرد فرمێسک بە چاویادێتە خوارەوە، وتم: چی بووە چی قەوماوە.؟ وتی کچێکی خزمی خۆم هاتووە، کچەکەش وەستا بوو وتی: خەبەری هێناوە کە(شاسوار)کە ناوە نهێنیەکەی (ئارام)ە شەهید بووە.. ئیتر بە ڕاستی هەواڵێک و خەبەرێک بوو دڵ تەزێن!

***

٦ دکتۆر بەختیار خالید، بە پیشە پزیشک بوو، چووە شاخ و بووە پێشمەرگە، بەکارو چالاکییەکی پێشمەرگانە هاتۆتە ناو شاری سلێمانی ،بەداخەوە لە گەڕەکی ئیسکانی سلێمانی بەهۆی ئاشکرا بوونییەوە شەهید بوو.

٧ خوالێخۆشبوو شێخ بایز تاڵەبانی، لە حکومەتی هەرێم وەزیری دارایی بوو. ماوەیەکیش شەهید (ئارام) بەنهێنی لە ماڵی ناوبراودا ژیاوە.

بیرەوەری پێشمەرگەو نووسەر
مامۆستا جەعفەر(فازل کەریم ئەحمەد)

وێستگەی گوند و شاخ

کاک ئارام توانیبووی وەک شەخسیەتێکی خۆشەویست کە بەڕاستی، دوور لە وەی زۆر جار واڕێک دەکەوێت، مەسئولێک هەوڵدەدات بە ئەسالیبی زۆر نا مەشروع خۆی بسەپێنێت و قسەی خۆی فەرزبکات بە سەر خەڵکدا کاک ئارام زۆر بە عەکسەوە زۆر بە مەنتق و قسەی خۆش و بە نووکتەو ئەوانە هەوڵی دەدا، قەناعەتت پێ بکات، قەناعەتکردن شتێکە ئوسلوبی سەپاندنی ڕەئی شتێکی دیکەیە ئەو خۆش بەختانە ئەوەڕەئییەی لانە بوو هەوڵی دەدا هەر موشکیلەیەک هەبێت بەرەو پیری بچێت و هەوڵی دەدا حلێکی بۆ بدۆزێتەوە، هەوڵی ئەدا مەسەلەن خەڵکێک کە چەند عەسکەری و بە کەس دابین نە ئەکران و بە قسەی خەڵکیان نەدەکرد، نەیان دەویرا لە بەردەم کاک (ئارام) دا هەناسەش بدەن، یەکێکیان ئەو (مام ڕۆستەم) ە یە، شەهید سیروان تاڵەبانی، شەهید گۆران[8]... زۆریان هەبوو بە قسەی کەسیان نەدەکرد، بەس لە بەردەم کاک (ئارام) بەو هەیبەت و شەخسیەتە کاریزمایەی کە هەیبوو، توانی بووی... ئیعجابێکی زۆر

---

۸ ئەم دوو فەرماندەیەی هێزی پێشمەرگە شەهید بوون، بەڕێز مام ڕۆستەم لەژیاندایە.

گەورە لە ناو پێشمەرگەو فەلاحەکانیشدا دروست بکات! یانی زۆر جار فەلاحێک تەسەوری نە ئەکرد کابرایەکی وەها هەیکەل بالا بەرزو قەبەو سمێڵ بابڕنە بێت و ئاوانەبێت، لەلادێش ئەو جۆرە شەخسیاتانە ئەو تیوپەی لە شەخسیات بە پیاوێکی موهیم دادەنرێت کاک (ئارام) ئەوەی نە بوو.!! بەڵام کە ئەچوو دەستی دەکرد بەقسەکردن هەیبەتێکی دروست دەکرد. کاک (ئارام) یەکێک بوو لە وانە زۆر... ئەو چەند ڕۆژەی من لەگەڵی هەستاوم و دانیشتوم، ئەو مولاحەزەیەم کرد بەرانبەر ڕەقترین ڕەئی موخالیف هەوڵی ئەدا وەڵامێکی مەنتقی. وەڵامێکی قوڵی ئەدایەوە، زۆر بە نووکتەو قسەی خۆش ئەوەی تێئەپەڕاند.. ئەو پەڕی ڕێزی موقابیلەکەی ئەگرت. ئەوە ئەڵێم لە ناو ئەدەبی سیاسیی کوردیدا ئەو تیوپانە زۆر زۆر نین. تەئسیرێکی زۆر ئیجابی دانا بوو لە سەر خەڵک و خەڵەکەکەش، بە چاوێکی زۆر ڕێزەوە سەیری ئەوکارانەیان ئەکرد، تۆچەند بە تیۆری قسە بۆ جوتیار بکەی، جوتیار ئەوەت لێوەر ناگرێ، جوتیار ئەوە وەرئەگرێ، بە عەمەلی بە کردەوە، تۆ چیتکردوە بۆ ئەو.؟ کە بینی تۆ بە تەنگی ئەوەوە هاتویت، هەوڵتداوە مەشروعی ئاویان بۆ دروست بکەی، هەوڵت داوە پردێکیان بۆ دروست بکەی، ئیشێکی ئاوا عەمەلیان بۆ بکەی بە تاکید، خەڵکی ئەوەی لە بیر ئەمێنێت و بۆی دەردەکەوێت کە تۆ بە دڵسۆزی ئیشیان بۆئەکەیت، دوای ئەوە نەیان هێشت، بەس کادر لەو ناوچانە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بە هیچ شێوەیەک زەخت نەدەخرایە سەر جوتیارەکان..! ئێمە لە ناوچەی گەرمیان بووین، کەسێک نامەیەکی بۆ شەهید (سیروان تاڵەبانی)[9] هێنا بوو، نامەکەی خوێندەوە زۆر بێتاقەت بوو.؟ منی بانگ کردە ئەملاوە، وتی: شتێکی نا خۆش ڕوویداوە کاک (ئارام) شەهید کراوە.! بڕوا بکەن مەفرەزەکانی ئەوانەی لە دەوروبەری قەرەداغ بوون، شەهید (حەمەئەمین پۆلا) بوو یان"شەمال"[10] بوو یان مام ڕۆستەم بوو یەکێک لەوانە، نامەکەی

---

۹ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی پێشمەرگەی لە دەفەری شارەزوور لە بۆسەیەکی جاشەکاندا شەهید بوون.

۱۰ شەمال ناوی خوازراو نهێنی شەهید(ئەمین شێخ عەلی ـ ئەمین پۆلای شاعیرو نووسەرە)

نووسی بوو، ئیتر چی بکەین و چی نەکەین.؟ ئێمەدامان نا بوو جەولەیەکی دوورو درێژ بکەین بەرەو قولّایی گەرمیان، کە ئەو ڕوداوەمان بەر گوێ کەوت، ئیتر پێشمەرگەکانمان کۆکردەوە، ڕێکەوتین دەربارەی ئەو حادیسەیە قسە نەکەین، هەر بۆ ئەو لە حزەیە دەستم کردە گریان بۆ ئەو ڕوداوە. چونکە پێم وا بوو کە کاک (ئارام) دەیتوانی دەورێکی زۆر گرنگ ببینێ، لە ناو شۆڕشدا.

***



محەمەد ئەمین پۆلّا (شەهید شەمالّ)

پاداشتی ئەمنی سلیمانی بۆ ئەوکەسانەی(ئارام) یان شەهیدکرد

من/ امن السلیمانیه
برقیه سریه للغایه وقت الانشاو ویومیه
الی/ امن الحکم الذاتی// ۱۲ /۱۹۷۸/۲

اهنی ڕ. س ق۳//۵۳۰۱// برقیتکم ۱۲۵۰فی ۱۹۷۸/۲/۵(.) ان عدد مفرزتی قادر فرج وتحسین شاویس التی خرجت فی الواجب الی قرداغ (٦٧) فردا"(.) نقترح صرف اکرامیه الی کل من قادر فرج وتحسین شاویس مبلغ (۲۵۰) دینارلکل واحد منهم و"عشرون دینارا"لکل فرد من افراد المفرزه التی خرجت باالواجب المشارالیه وا مرکم ڕجا.

برقیه سریه للغایه مقدم الامن
مدیر امن محافظة السلیمانیه

***



بیرەوەریی تێکۆشەر
حەمەسەعید لەگەڵ شەهید(ئارام)

من ساڵی (١٩٧٥) ئەوکاتە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بەر هێرشێکی توندو تیژی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی عێراق کەوت ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هەندێک لە هاوڕێکانمان گیران ئەو کاتە خۆشم کارمەند بووم لە کارگەی شەکر هاتن بۆ گرتنی من بەڵام من نەگیرام و خۆم شاردەوە و چومە خەباتی ژێر زەمینیەوە، پاش ماوەیەک سەڵاح چاوشین چوو بوو بۆماڵی ئێمە لەوێ وتبووی ئەوە شۆڕش دەست پێدەکاتەوە، دایکم وتبووی ئەی ئەو کوڕەی من بۆنابەن، وتبووی کێ:؟ حەمەسەعید، وتبووی باشە ڕۆژێک مەوعیدێکیان بۆ من دانا منیش چوم بۆلای کاک سەڵاح چاوشین، ئەویش وتی: ئەتبەم بۆلای کاک ئارام، کاک ئارام ئێستا لە سلێمانییە. پێشتر من کاک ئارامم نە دەناسی، مەوعیدێکمان دانا پاشان من چومە لای کاک ئارام، کە چومەلای کاک ئارام لە ماڵی کاک ئاوات قارەمانی بوو لە سەرشەقام، کە چومەلای پاش چاکوو چۆنی وتی: ئەوە لە کوێی: باسی کێشەکەم بۆکردوو وتم حاڵ ومەسەلەکەم ئەوە یەو خۆم شاردۆتەوە و ڕام کردووە. وتم ماوەیەکیش چومەلادێ و لەوێ کەشف بوم هاتومەتەوە ناو شار، واتا ماوەیەکی زۆری پێچوو بوو، وتی: چی ئەکەیت

وتم: ئەڵێن: مەفاریز دروست دەبێت و ئەچێتە دەرەوە، منیش یەکێک دەبم لەو مەفرەزانە ئەچمە دەرەوە، وتم کاری ئیعلامی هەندێک دەزانم وتی زۆر باشە، تۆ بۆ یەکەم جار لەگەڵ ئەو مەفرەزەیە بچۆرە دەرەوە، ئەو مەفرەزەیەش لای خەمزە بوو، من بۆ یەکەم جار لەگەڵ شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان و شەهید سیروان تاڵەبانی و شەهید شەمالی باخ بووین، وتی: زۆر باشە کە چوێتە دەرەوە و برادەری ترمان بۆ ناردن، تۆلەوێ بڕۆ بۆلای کاک سالار عەزیز، لە هەڵەدن بوو تۆ ئیشووکاری ئیعلامی بکە، ئەو چەند ڕۆژەی من لەگەڵی بووم زۆر قسەو باسمان کرد، چەندین برادەرەی تر ئەهاتن بۆلای لە وانە ئازادی سەگرمەو مەلا بەختیار ئەهات بۆلای، هاوڕێ سوارە ئەهات بۆلای کە ناوی کاکە خولە بوو، ئەوکاتە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بەڕاستی پەیوەندییەکانیان لە یەکتری پچڕا بوو، لە بەر ئەو هێرشە توندوتیژەی کە لە سەریان بوو، هەندێ هاوڕێمان گیرا بوون لە سلێمانی.؟! کاک ئارام خەریکی سەرپەرشتی و گرتنەوەو ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە بوو. پاش ئەوەی کە من چومەدەرەوە من وازم لە مەفرەزەکە هێنا و چوم بۆلای کاک سالار عەزیز، ئەوان لە گوندی هەڵەدن بوون، پاش گوندی هەڵەدنیش، ئێمە چوینە تەنگی مادێنا لە وێ تایپ و ڕۆنێوێەکمان هەبوو کە کاتی خۆی کاک ئارام لە شارەوە نارد بوویە دەرەوە، بۆ کاک سالار عەزیز، لە تەنگی مادێنا یەکەم بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرچوو کە مژدەی خەباتی شەڕو چەکداری دا بەگەلەکەمان، بەو تایپ و ڕۆنێوێە چاپمانکرد. پاش ئەوە ئێتر، ئێمە چوینە دێی زەرون، پێش ئەوە لە تەنگی مادێناوە هاتینە دێی گەڕەدێ هەندێ لە پاشماوەی بەیاننامەکەمان تەواو کرد دواتر چوینەدێی زەروون، ئێتر ئەو ماوەیەکاک ئارام هاتە دەرەوە، من بۆ یەکەم جار کە کاک ئارام هاتەدەرەوە لەدێی زەروون بۆیەکەم جار بینیم، دێی زەروون ئەوکاتە وەک مقەڕێکی سەرکردایەتی کاتی وا بوو، مقەرات نە بوو ئەوکاتە برادەران کە ئەهاتن بۆ کۆبوونەوە و یەکتر بینین و بەرنامەدانان ئەهاتن بۆ دێی زەروون، ئێمەش لەوێ کارمان دەکرد، من بۆ یەکەم جار

کاک ئارامم لەوێ بینی..کاک ئارام لە گوندی زەروون فرسەتی هێنا لەوێ دەورەیەکی کادری کردوە بۆ هەندێ لەوکادرانەی ئەو زەمانە کە هەندێکیان ئێستا لە ژیاندا نەماون وەک شەهید غەریب هەڵەدنی و کاک ئومێدو چەند برادەرێکی دیکە، برادەرێکی بادینی هەبوو کە لەڕاستی دائێستا ناوەکەیم لە یاد نەماوە، ئەوە دەورەیەکی کادری بوو بۆ یەکەم جار کرایەوەو خانوویەکیان بۆ چۆڵکردین، لە دێی زەروون، کاک ئارام خۆی دەرسی تێدا دەگوتەوە، شەهید ئازاد هەورامیش هاتە ئەوێ و هەندێ محازەرەی وتەوە..

کاک ئارام بە ڕاستی سەرکردەیەکی زۆر لێهاتوو زۆر لێ بردوو بوو، سادەو ساکار بوو، ئەو بۆ خۆی لە ناو پێشمەرگەکاندا بوو، ئەو لە ناو پێشمەرگەکاندا وەک پێشمەرگەیەک هەڵسوکەوت و معامەلەی دەکرد. هەرچەندە ئەو سەرکردە بوو، لەکاتی سەرە حەرەسیاتدا دەهات و دەیگوت: سەرە حەرەسیاتیش بۆ من دانێن، هەرکاتێک بوایە بەلایەوە گرنگ نە بوو هەرچەندە کاک ئارام عەینەکی لە چاو دەکرد، چاوی زۆر تەواو نە بوو بە شەو، بەڵام ئەو قبوڵی نە بوو ئەو دەیگوت دەبێ من وەک پێشمەرگەکان حەراسەت بگرم، دەبێت حەراسەتی خۆم بگرم. لە ناو خەڵک و جەماوەریشدا کاک ئارام، ئەوەندە چوو بووە ناو خەڵک بە زمانی ئەوان قسەی دەکرد تێکەڵاویان بوو بوو خەڵکی زۆر زۆریان یان خۆش دەویست، خۆشەویستییەک چوو بووە دڵ و دەرونیانەوە، پاش ئەوەی کاک ئارام شەهید بوو، زۆربەی ئەو دێهاتانەی گەرمیان و ئەومەنتیقانەی کە کوڕ یان دە بوو بە ناوی کاک ئارامەوە ناویان دەنا ئارام.!! زۆربەی ئەو ناوچانەی گەرمیان کوڕەکانیان بە ناوی ئارامەوە یەو ناویان ناوە ئارام، ئەوەندە لە خۆ بردوو تێکۆشەرو لێبووردوو بوو.

کاک ئارام زۆر جار دەیویست لە گوندەکاندا هەندێ مەشاریع بکات بۆ ئەو گوندانەی کە فەقیرو هەژار بوون ئاوەکانیان پیس بوو بە جۆگە ئەهات لەو سەری گوندەکانەوە.. ئەو وای کرد ناردی بۆشار کە سۆندەیان بۆ هێناو مەشروعێکی بۆ دروستکردن و ئاوەکەیان بە پاکو خاوێنی هێنایە ئەو مەشروعەوە و سەریان

گرت و خەڵکی دێکەش هەموو زۆر لە سەری ڕازی بوون ڕێزیان دەگرت و بەتەنگیەوە دەهاتن.

ئەو هەمیشە هەوڵی دەدا ئیش بۆ چینی پرۆلیتار بکات زەحمەت بکێشێت لەگەڵیاندا ئیش بکات.؟ ئێمە هەندێ جار کە ئەچوینە دێکانەوە خەڵکی خەریکی دروێنە بوون یان خەریکی جۆگە پاکردنەوەو ئیشکردن بوون ئەی گوت: با بچین هاوکاریان بکەین و ئەوەی دەزانێ پاچکاری بکات، با بچێت باچکاری بکات، چونکە هەندێ لە پێشمەرگەکان خەڵکی دەرەوەو گوندەکان بوون، ئەوەی دەزانێت ڕەز ببڕێت با بچێت ڕەز ببڕێت و هاوکاریان بکات لە بەر ئەوە زۆر بەتە نگیانەوە بوو، زۆر تێکەڵاوی دەکردن، وە زۆر بە زمانی ئەوان دەیزانی قسەبکات.؟! لە بەر ئەوە خەڵکی مەنتیقەکە هەموو خۆشیان دەویست.

***

دەربارەی دەرچوون و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی (ئاڵای شۆڕش)

کاک (ئارام) بۆ خۆی سەرپەرشتی یەکەم ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕشی کردووەو هەموو نووسینەکانیش هی خۆی بوو، منیش تایپم کردووە، بە تایپی ئۆڵمپیا، تایپەکەش لە ماڵی مەولود گوڕبازی بووەو لە ژووریکدا بوو، لە گوندی گوڕباز، لە ماڵی حاجی سالحیش هەندێکمان لەوێ تایپ کردووە، لەوێ خستبوومانە سەر ستێنسڵ، ئیمە نەمان دەویست بە ڕۆنێو ڕایبکێشین، بەڵکوو دەمان ویست لە سەر کاغەزی جەریدە، واتە وەرەقەی ڕۆژنامە، وەک ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ئێستا کە دوو لاپەڕەی یەک پارچەیی بوو دەری بکەین و چاپی بکەین، یەک لاپەڕەی یەک پارچەی گەورە ئاڵای شۆڕشمان لە سەر چاپکرد، ئیمە ئەو دەزگایەیی دەمانویست بە کاری بهێنین نەمان بوو تا بەو شێوەیەی دەمان ویست دەری بکەین ناردمانەوە بۆ ڕێکخستنەکانی ناوشار، لە ناو شاریش دارو تەختەو خام ڕۆڵەیان بۆ ناردین لەگەڵ مەکینەی دەرزی و مەرەکەبی ڕۆنیۆ، ئیمە لێرە لەگەڵ کاک ئاوات قارەمانی دەستی دارتاشی هەبوو، بۆردێک و شووشەیەکمان داواکرد بوو، بۆردەکە چوارچێوەیەکمان بۆ دروست کردبوو، بۆردەکە بە قەدەر دوو ستێنسڵی پێوە بلکێنین بە چەسپ، ئەوکاتە چوارچێوەکەش خامی لە سەر داکوترا بوو ڕەقکرا بوو، بە دەرزی لێدرا بوو، وەک پرۆفەر، لە چاپخانەکاندا ئێستا پرۆفەر هەیە، لە بابەتی پرۆفەر بوو، ئیمە ئەو چوارچێوەیەمان بە دوو ئەنجامە لە سەر بۆردێک داکوتا بوو، بۆ ئەوەی کە فۆتۆ ستێنسڵەکانمان لە سەر تایپ کرد بوو مەوادەکانمان لە سەر نوسی بووتیا دیاری کرابوو، ئەوکاتە ئاڵای شۆڕشی ژمارە یەک"١"هەشت"٨ "لاپەڕە بوو، هەر لاپەڕەی دوانی ئەم دیواو دیوو بوو، هەر هەشت لاپەڕەکەی ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش بە بەراورد بە ڕۆژنامەی ئێستا بەقەد لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەکی ئاسایی ئەم سەردەمە بوو، هەر لاپەڕەیەک، کە

قەد دەکرا دەبوو بە هەشت لاپەڕەی ئەم دیواو دیوو، واتە یەک پەڕەی گەورەی یەک ڕۆژنامەی ئێستا بوو، ئیتر کە تایپمانکرد لە سەر ستێنسڵ، ستێنسڵەکانمان هێنا لە چوارچێوەکە بە ڕزمان کردەوەو لێمان بەست بەزەمق، بەینەکانیشی زەمقمان لێدا ئەوکاتە کاغەزەکانمان دەخستە سەر شوشەکەو دامان دەدایەوەو مەرەکەبمان دەکرد بە شاشەکەداو ڕۆڵەیەکمان لێدەدا تا لاپەڕەکە چاپ دە بوو، بەو جۆرە، ئالای شۆڕشی ژمارە یەک"١"چاپکراوە، ئێمە ئەوکاتەی خەریکی چاپکردن بووین لەو ژوورەی مالّی کاک مەولوود گوڕبازی و مالّی کاک حاجی سالّح لەوێ تایپم کرد، کاک ئارام بۆخۆی هاوکار بوو، لە ئیشکردندا لەگەڵمان ئەوکاتەش شەهید شەمال (مامۆستا حەمەئەمین شێخ عەلی ناسراو بە ئەمین پۆلا) ی شاعیر، ئەو خۆشنووس بوو، دەستووخەتی زۆر خۆش بوو هەموو مانشێتەکان ئەو بەخەتی خۆی نوو سیویەتی، لە سەر فۆتۆ ستێنسڵەکان، ئێمە کە خەریکی چاپکردن بووین ئیوارە بوو دەستمان پێ کرد بوو، تەقریبەن نیوە شەو جوابیان بۆهێناین کە جاش و جەیش هاتۆتە داریکەلی، ئەوە بوو ئێمەو ئەو برادەرانە زۆر یارمەتیان داین لەگەڵ خەڵکی دێکەو حەراسەتیان گرت تا بەرەبەیان توانیمان(١١٤) سەدو چواردە، دانەی لێ چاپ بکەین و حازری بکەین، ئەوە بوو هەر بەدەستی مەرەکەباوییەوە کەرەسەو دەزگای چاپەکەی کە دروستمان کردبوو پێچامانەوەو خستمانە کایەنێک لەو مالانە وە شاردمانەوەو ئیتر ڕۆیشتین بەرەو گوندی تەنگیسەر، چونکە جاش و جەیش بەرەو ئێرە ئەهاتن.. بەرەو گوندی گوڕباز بەدواماندا دەگەڕان.

گوندی مۆرتکەو هەوالّی شەهید بوونی(ئارام)

پاش ئەوە کاک (ئارام) ئێمەی بە کارێک نارد بۆ گوندی"مۆرتکە"لە ناوچەی بازیان لای چەمچەمالّەوە بەکاری تایبەتی، ئەو وتی: تا ئێوە دەڕۆن و دێنەوە من ژمارە (دووی ئالای شۆڕش) ئامادە دەکەم، ئەوە بوو ئێمە مەفرەزەیەک بووین ئەوانەی چوین بۆ مۆرتکە من و کاک ئازادی سەگرمەو شەهید مەلا عەلی و

مام ڕۆستەم چوین بۆکارەکە بۆگوندی مۆرتکە، لای چەمچەماڵەوە، تەقریبەن یەک هەفتەمان پێچوو دوور بوو، پاش ئەوەی چوینە ئەوێ وگەڕاینەوە هاتینە گوندی دەربەند فەقەرە، کە هاتینە دەربەند فەقەرە نزیکەی عەسر بوو، پاشان چوینە گوندی دێلێژەو وتمان با لێرە نان بخۆین و پاشان بەیانی دەچینەوە بۆ گوندی گوڕبازو لەوێ کاک ئارام ئەبینین، شەو لە دێلێژە ماینەوە بەیانی ئەچین بۆ گوڕباز، ئەوکاتە پێشمەرگە زۆر نەیدە توانی لە گوندەکاندا بمێنێتەوە بەهۆی هێرشی جاش و جەیشەوە، پێشمەرگەش ناچار لە ناوچەکاندا جەولەیان دەکرد، لە بەر ئەوەی ژمارەی چاش و جەیش زۆر بوون ئێمە ئیواران ئەهاتین بۆناوگوندەکان، لە بەرزاییەکانی پشت گوڕباز ماینەوە وتمان بۆ نیوەڕۆ ئەچین لەوێ نان دەخۆین، کە هاتینە نزیک گوڕباز ئیتر لەوێ پێشمەرگەیەکمان دانا بە حەرەس هەموو جارێک وامان دەکرد، پاشان خۆمان ئەچوین تەوزیع دەبوین، بۆ ئەوەی ئاگای لە وەزعی منتیقەکە بێت و ئاگای لە جموجۆڵ بێت. بۆ ئەوەی هەر شتێک بوو زووئاگادارمان بکات. ئێمە چوینە ناو گوندی گوڕبازو تەوزیع بوین بە ماڵەکاندا تا نان بخۆین دەوری سەعات یەک بۆ یەک ونیو دەبوو، لە پڕ بوو بەتەق و تۆق، کە بوو تەق و تۆق، ئێمە لە کاتی تەق و تۆقدا دەچوینەوە بۆلای حەرەسەکە، چونکە حەرەسەکە مەعلوماتی زیاتری هەبوو، بۆیە ئێمە ڕامانکرد بۆلای حەرەسەکەو پرسیارمان لە یەکدوو ماڵ کردوتمان کاک ئارام لە کوێیە، کاک ئارامیش لە ناوچەی قەرەداغ ناوی شێخ بەکر بوو، لە بەر ئەوە خۆی ناونا بوو شێخ بەکر لە بەرئەوەی تەشویشی نەچێتە سەروکەشف بێت، جا ئێمە پێمان دەگوت: ئەبوو بەکر، چوین بەو ناسیاوبرادەرانەمان وت: ئەوە ئەبوو بەکر لە کوێیە.؟ وتیان ئەم بەیانیە کاک ئاوات قارەمانی و کاک ئەبوو بەکر نووری چون بۆ گوندی تەنگیسەر، کە ئێمە چوینەوەلای حەرەسەکە، وتیان ئەوە کەوتۆتە ناو کەمینەوە ڕاکەن، لەگەڵ برادەران هاتین لە چەمی تلێ ئاو هەستا بوو، ئیتر بە پێڵاوەوە لێمانداو چوینە ئەو بەرەوەو لابەلا چوین بۆ گوندی داریکەلی و بە جادەکەدا نەڕۆیشتین، چوین بۆ گوندی تەنگیسەر، کە ئێمەچوین شوانێکمان دی تەقەکان تەوا بوو بوو.. لەو بنارەو کوتایی هاتبوو، هەموو تەقەو دەستڕێژەکەش

هەمووی نیو سەعاتێک بوو ئیتر کۆتایی هات و نەما.؟ شوانێکمان بینی و وتمان کاکە ئەو تەقانە لە کوێ بوو وتی: لە تەنگیسەر بوو، ناسیاوێکمان هەبوو ناوی حاجی سالّح بوو، دایمە کاک ئارام لە مالّی ئەوان بوو، زۆرتر لە مالّی کاک مەولودیش دەمایەوە، وتمان بەلّکو بچیت بۆ تەنگیسەر پرسیارێکمان بۆ بکەی بزانی کاک ئارام هەواڵ و دەنگوباسی چییە؟ ماینێکی هەبوو خێرا سەرکەوت و چوو بۆ تەنگیسەر، تەقریبەن دوای نیوەڕۆ گەڕایەوە، ئیتر کە گەڕایەوە لە ماینەکەی دابەزی، حاجی سالّح ئەگریاو ئاو بە چاویا هاتە خوارێ و هاتەلای ئێمە وتی: وەالله خەبەرێکی زۆر نا خۆشم پێیە، کاک ئارام شەهید بووە! ئەوەش نا خۆشترین خەبەر بوو لە ژیانما بی بیبیستم سەرکردەیەکی گەورە بەو جۆرە شەهید بێت و زەرەرێکی گەورە بوو لە شۆڕش و یەکێتیی کەوت. وتبویان کاک ئارام مەڕۆ دەتخەینە کایەنێکەوەو دەتشارینەوە وتبووی نا: دەڕۆم بەرەو(قازان قایە).. هەر دەڕۆم ئەوە بوو بەو جۆرە شەهید کرا، ئەو ئەوکاتە کە جاشەکانی بینی بوو بەرەو خواری دێکە واتە گوندی تەنگیسەر ڕای کرد بوو، کە چوبووە خوارەوە بەڕاکردنەوە، لە ڕێگا هیلاک بوو بوو، وەستا بوو، ئەوانیش واتە جاشەکان لە خەڵکی دێکەیان پرسیی بوو ئەوە کێیە ڕادەکات، ئەوانیش وتبویان ئەوە شوانەو فەقیرەو ترساوە بەرو خوار ڕادەکات، کاتێک کەڕای کرد بوو هیلاک بوو بووکڵاشینکۆفەکەی لە شانی داگرتبوو، تا بیدا بە شانەکەی تریدا بینی بویان وتبویان ئەوە چەکدارە شوانی چی.؟ ئیتر دەستیان کرد بوو بە تەقە لێکردنی لە سەربان و چەمەکەوە،کاک ئارامیش دوو مەخزەنی تەقاند بوو، سەلەیەکیش بەرکڵاشینکۆفەکەی کەوتبووداری کڵاشینکۆفەکەی شکاند بوو لە کار کەوتبوو، تەقریبەن گردێکی بچوک ما بوو تا بچێت بەودیودا لەوێدا حەوت فیشەکی بەرکەوتبوو، شەهید بوو بوو، شەهید بونەکەی بەم جۆرە بوو، جاشەکان هاتبونەوە بۆ ناودێ و تبویان یەکێکمان کوشتوە بچن بیهێنەوەو بینێژن..؟! کە خەڵکی دێکە چوبوون سەیریان کردبوو زانیبویان کاک ئارامە، هێنایانەوە بۆ ئێرە، واتە گوندی تەنگیسەرو بە خاکیان سپارد بوو.

***

بیرەوەریی
حەمە ئەمین قادر[11] دەربارەی شەهید(ئارام)

کەسێکی ئەوەندە بە حورمەت بوو، ئەوەندە چاک بوو، ئینجا وەختی خۆی کە هاتە ئەم دێ یە دانیشت، وەزعیەتی دێکەی سەیرکرد، ئەو وەختە ئەم ئاوە وا بوو، نە ئاو هەبوو نە ئەم مەشروعە هەبوو.. دوو سێ ڕۆژ خەڵکەکەی هەڵپێچا وتی: پارەم بۆ کۆکەنەوە، پێویستمە بۆ ئەم مەشروعە، وە خەڵکیش وا تێنەگەیشتبوون و هەر ماڵەی دوو دینار ئەوکاتە زۆر بوو..؟ کە هات و چوو ئەم جۆگەی هەڵکەند، من لەماڵەوە نە بووم کەیبانوی من چوو بوو بۆ ئەوێ، وتی: بۆ تۆ هاتووی، خێزانەکەشم وتبووی وە اللە لەوێ نیە بۆیە هاتووم، کاک ئارام وتبووی وەاللە من تا ئێوارە لە شوێنی تۆ ئیش دەکەم و خۆی ڕوت کرد بووە وە خێزانەکەم وتی: تا ئێوارە لەو جۆگەیەدا کرێکاری کرد بوو لە باتی من، خۆی کەسێک کە برای مەولود بوو بانگ کرد بوو وتبووی مەڵێن: مەبەستی پارەوشتە، لە بەرئەوە ئامادەکات خۆی چوو بوو، چوارسەد بۆ چوارسەدوو پەنجا دیناری ئەو ڕۆژە

---

[11] هاوڵاتی گوندی تەنگیسەری دەڤەری قەرەداغ.

زۆر زۆر بوو بۆدێ هەڵنە دە سوڕا، خۆی پارەکەی ناردو کەسێکی سواری ئێستر کردوو ناردی بۆ شار، سۆندەی هێنا، ئەم ئاو مەشروعەی بۆی دامەزراندین و ئاوی بۆ هێناین.؟ ئەو دایمەزراند بۆمان. نە ئێمە پارەماناو نەهیچ، وتی مەڵێن: مەخسەتی پارەیە یاخود شتی تر؟ لە کیسەی خۆی پارەی داو مەشروعەکەی بۆ گوندەکەمان کردەوە. ئەو دایمە لە ناوماندا بوو ئێمە زۆرمان خۆشدەویست، ئەویش خەڵکەکەی خۆش دەویست مەسڵحەتی خەڵکی زۆر دەویست، ئەودائیمە لە مەسڵەحەتی خەڵک دەگـەڕا؟ ئەگەر بێت و دوو منداڵ شتێکی بکردایە ئەو هەردوکیانی پێک دەهێنایەوەو ڕێکی دەخستن ! ئەو هەمیشە لە بەرژەوەندی خەڵکدا بوو

***

بیرەوەری
مەولود گوڕیازی دەربارەی شەهید(ئارام)

لەگەڵ مالّە جوتیاران کاک (ئارام) زۆر بە ینی هەبوو، پەیوەندی زۆر زۆر باش بوو، من چومەتە گوندەکانەوە خەڵکی بۆرجوازی تێدا بووە کاک (ئارام) وتویەتی: من ئەچم بۆ مالّە فەقیرەکان. ئەوەندەی ئەو لەگەڵ خەڵکی جوتیارو خەڵکی فەقیردا هەڵسوکەوتی خۆش و چاک بووە وەسف نا کرێت من ئەوەندەی چوینە دێهاتەوە وتویەتی: من مەکەرە مالّی دەوڵەمەندەوە بەڵکو بمکەرە مالّی فەقیرەوە.؟ ئەی وت: من حەزدەکەم من خزمەتی ئەو بکەم نەک ئەو خزمەتی من بکات.. ئەو کاتە من لە ناو شار بووم کە گەڕامەوە لە ناو شار، تۆزێ ئیشم هەبوو، کە بیستم وتیان: ئەمڕۆ جاش و جەیش چووە بۆ گوندی تەنگیسەر، من تۆزێ توشی خەفەت بووم، شەو بوو، وتیان بە داخەوە کاک (ئارام) شەهید بووە، وتم: چۆن کاک (ئارام) شەهید بووە، بڕواتان هەبێت، یەک شەو ڕۆژ لە سەر ئەو جێگایە کەوتم نەنان نە ئاوم نە چایەکم نە خوارد، بە ڕاستی وام لێهات بڕوام بە مەسەلەکە نەما. یان ئەگەر بڵێم بە پێشمەرگەش درۆ ناکەم..!![12]

***

---

۱۲ پێشمەرگەو ڕێکخستنی دێرین، سالّی (۱۹۵٤) لە دایک بووە، بەرواری۱۲ی کانوونی دووەمی سالّی ۲۰۱۲ کۆچی دوایی کردووە.

سەرنج و ڕونکردنەوە:

ئەم چاوپێکەوتنانە بەڕێزکاک ئیسماعیل محەمەدی شاعیر لە کە نالی(خاک)، بۆ ساڵیادی شەهیدکردنی شەهیدی سەرکردە شاسوار جەلال (ئارام) لەگەڵ ئەم کەساتیانە سازیان داوە، تەنیا چاوپێکەوتنەکان لە ڤیدیۆ کانەوە وەرگیراوەو تایپ کراونەتەوە، چەند وشە گۆڕکێیەک زیاتر، هیچ دەستکارییەکی چاپێکەوتنەکان نە کراوە، بە پێویستیش نەزانراوە، چاوپێکەوتنەکان دووبارە بکرێنەوە، چونکە مەبەستەکەی دەربارەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(ئالای شۆڕش) وکاک ئارام و جۆری شەهید بوونەکەی گەیاندووە، زۆر سوپاس بۆ "خاک"تیڤی و ئیسماعیل محەممەدی شاعیر و زاهیر سدیقی هونەرمەند بۆ هاوکاریەکانیان... نمونەیان زوربێت.

***

تەوەری دووەم

رۆژنامەی (ئالای شۆڕش) ئەیلولی ١٩٧٧

تێچاندنی[١٣] یەکەم:

نێوەندی ڕۆژنامەوانی کوردی لە مێژووی پڕ سەروەری خۆیدا گەلێک کۆسپ و نشێوی جۆراو جۆری بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم سەردەم و کاتەی ئێستا، کەندوو کۆسپ وئاستەنگ گەلێک زۆربووە لە بەردەمیداو بە ئاسانی وسانایی نەیتوانیوە گیرو گرفت و کەندالەکان لە مێژووی خۆیدا تێپەڕێنێت، کۆسپ و تەگەرەکانیش تەنیا ڕوکاری دارایی ومادەی و چاپخانە نەبووە، بەڵکو بۆ ڕۆژنامەنووسی بە سەلیقەو کارزان و ڕووناکبیروکادیری شارەزاو لێهاتووی ئەونێوەندەو شارەزا لە بواری زمانزانی و بە ئاگایدا دەگەڕێتەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ کۆڵەوارێ و نە بوونی ئەزمۆنی ڕۆژنامەوانی کوردی دەگەڕێتەوە کە لە مێژووی خۆیدابە خۆیەوە نێوەندەکەی مژۆڵ و سەرقاڵ کردووەوە، هەروەک گوترا: نێوەندی ڕۆژنامەوانی کوردی بەدرێژایی تەمەنی سەد ساڵی پێشوو بەگشتی بێ کێشەو گیروگرفت نە بووە، تا بتوانێ بگاتە ئاست نێوەندی ڕۆژنامەوانی جیهانی و بە تەواوەتی کەڵک و سوود و تاقیکردنەوە بە ڕاستگۆیی لەوانەوە وەرگرێت.؟ بۆیە ئەگەر تێبینی و سەرنج بدەین ئاستی ڕۆژنامەوانی و پرۆفیشناڵی ڕۆژنامەوانی کوردی لە ڕووی نووسین و ڕاستگۆیی و هەواڵ و داڕشتنی زمانەوانی ودەرهێنانی گۆڤارو ڕۆژنامەوانیەوە، لە ئاستی پێویست و پێشکەوتن و گەشەکردندا نیە..؟ زۆری و بۆری دەرچواندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، ئاستی بڕوا بوون و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ڕۆژنامەوانی کوردی زۆر لاواز کردووە و متمانەی خوێنەری بەلای خۆیدا لەدورکەوتنەوەو پەراوێز خستندا هێشتۆتەوە و خوێنەری جدی، بۆ بوارەکە کەم کردۆتەوە و ئاستی ڕۆژنامەوانی لاوازو سست کردووە.؟! لە هەرێمی کوردستاندا لە ئێستادا ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم دەرچواندن و بڵاوکراوەکان بەگشتی بە نێوەندی ڕۆژنامەوانییشەوە زۆرکەمەو ئازادییەکی باش لە ئارادایە، بەڵام ئەم ئازادیە بۆ نێوەندی بڵاوکراوەو نێوەندی ڕۆژنامەوانی باش بەکار نەهێنراوەو زۆری وبۆری بەبوارەکەوە دەبینرێت و

١٣ تێچاندن: التعليق، فەرهەنگی خال

بوارەکە بەکەم هێزی دەردەکەوێت. ئەگەرسەیری دەوروبەرو ولاتانی دراوسێ و جیهان بکرێت، بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان لە ئاست جوگرافیاو دانیشتوان وخوێنەرەوە، بڕوا ناکرێت چەند گۆڤارو ڕۆژنامە دەردەچێت و سەروەت و سامانێکی چەند ڕۆژانـەو مانگانەو ساڵانە بە فیڕۆ دەچێت و سودو کەڵکی تەواوەتی لێ وەرناگیرێت و تەنیا دەرچواندنیان خۆیان لە ئەرشیڤکردن و دانان بۆ پاشەڕۆژدا دەبینێوە، بە بێ ئەوەی تاکێکی ئەکتیف خوێندەواریان بە گشتی پێگەیاندبێت و ئامادە کردبێت.؟ ئەم دۆخەش بەم پاشا گەردانی و هەرکەس بۆ خۆیی، خۆی دەبینێتەوەو لە ئاستی پێویست بوون و شایستەوگرنگیدا بەگشتی بە دیار ناکەوێت. ئەوەندەی زانراوە لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە شەش سەد گۆڤارو ڕۆژنامە بەگشتی لە حیزبی و بەناو ئەهلی دەردەچن، کە ئەم ژمارانە بۆ هەرێمێکی وەک هەرێمی کوردستان و خەڵک و خوێنەر زۆر زۆرەو زیانی لە باشەی زیاترە، بەڵام بە بەراورد بە وڵاتێکی دراوسێی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕووی گەورەیی خاک و جوگرافیا و فراوانی و زۆری دانیشتوانێکی حەفتا بۆ هەشتا ملیۆن و خوێنەرێکی زۆر لەو وڵاتەدا ڕەنگە نیوەی ئەو بڵاو کراوانەی کە لە هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاو دەبنەوە دەرنەچێت. کە لە ڕاستیدا ئەمە کارەساتێکی گەورەو نەخۆشییەکی کوشندەیە کەبەرۆکی نێوەندی ڕۆژنامەوانی کوردی گرتووەو لە ئێستادا تێی کەوتووەو پێوەی گرفتار بووە.

کارەساتێکی دیکەی نێوەندی ڕۆژنامەوانی و نوسین و بیستن و بینین لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە، لەم هەرێمەدا یەکگرتویی لە بواری ڕاگەیاندن و پەخش و نوسینی کوردیدا لە یەک وتاردا بەدیار نا کەوێت کە خزمەت بەدۆز و مەسەلەو کێشەی کورد بەگشتی بکات و بە قازانجی گەلی کورد خزمەت بکات و بیخاتە خزمەت بەرژەوەندی نیشتمانیی کوردەوەو بە یەک ئاراستەی دیاریکراو و ڕوون ئاراستەی بکات تا خزمەت بە بەرژەوەندی و ئایندەی کورد بکات.. ئەمەش زیاتر بۆ ئەو پاشاگەردانیە دەگەڕێتەوە کە ڕاگەیاندن و نێوەندی ڕۆژنامەوانی کوردی تێی کەوتووەو کاری لە سەر دەکات، کە ئینتماو لایەنگری

وەک .نەخۆشیەکی کوشندەی سەردەمیانە بەرۆکی ڕۆژنامەوانی کوردی گرتووەو ئینتما زیاتر بۆ پارتایەتی و حیزبایەتی و ڕێکخراو بوون زیاترە، وەک لەوەی پەیوەست بۆنیشتمان، گەل و وڵات بێت و لە خزمەت و بەرژەوەندی ئاسایش و پاشە ڕۆژی نەتەوەی کوردا بێت، ئەمەش نە هامەتی و کارەساتێکە کە حیزب و پارتەکان تێی کەوتون کە نە توانراوە لەم هەرێمەدا، لە بیست ساڵی ڕابردودا تاکی کوردی بە هوشیاری و ڕووناکبیریەک بۆ نەتەوە و خاک ئامادە بکرێت و پاشە ڕۆژ لە خزمەت بەرژەوەندی گەلەکەماندا کەڵک و سوودی لێوەرگیرێت، گەلەکەمان لە سەر دەستی نەوەیەکی هوشیاردا بەڕێوە ببرێت، ئەمەش بەدامودەزگاو نێوەندی پەروەردەو ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیری دەبێت کە کاریگەری تەواو لەسەر تاک بەگشتی دروست و دیاری دەکات، ئەم کەلێن و درزە دروست کراوانەش کە لە ئێستادا هەیە زیاتر لێپرسراوێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پارت و ڕێکخراوەکانی کورد، کە هەرکەس بۆ خۆی چەند کەناڵ و ڕۆژنامەو گۆڤارو... هەیە و ڕۆژنامەوان و نووسەر و چاپکراوی تایبەتیان بۆخۆیا ن بەجیا هەیەو تەنیا بیر لەکاری حیزبایەتی و بەرژەوەندی حیزبایەتی دەکەنەوە، لەو پێناوەشدا دارایەکی بێشومار لە پارەو چاپ وتێچون لەونێوەندەدا خەرج دەکرێت و ڕۆژنامەوان و نووسەرو ڕووناکبیرەکانیان بە پێی خواست و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی ئاڕاستەدەکرێن و سەرجەم کایە نیشتمانیی و بەرژەوەندیەگشتییەکان لە ئاستی پێویستدا فەرامۆش کراون و وتارێکی گشتی یەکگرتووی کوردی لە بواری ڕۆژنامەوانی بە ئاڕاستەی خزمەتکردن بە بەرژەوەندیە نیشتمانییەکان ڕەنگدانەوەی نیەو بە تەواوی هەنگاوی گرنگ و پێوستی نە ناوەو ئەمەش دۆخی ڕۆژنامەوانی کوردی بە تاواوەتی کۆڵەوارو وێران کردووە.!

ڕۆژنامەوانی کورد پێشتر لە سەر توانای کەسایەتی و دڵسۆزی وچاپکردنی سەرتای بەرهەم دەهات، زۆر جار ڕۆژنامەنووس هەم نووسەر هەم پیت چنین و هەم خۆشی هەڵدەستا بە بڵاوکردنەوەو فرۆشتنی...کە ئەمە کارێکی بار گران

و زۆر ناڕەحەت بوو کە تواناو وڕەو سەلیقەو لێبوردن و شەونخونی زۆری دەوێست، کە هەموو کەس لە خوێندەوارو ڕۆژنامەنووس دەرەقەت و توانای ئەم کارەی ئەو نێوەندەی نە بووە. وەک دەردەکەوێت، جگە لە ئاستەنگی دارایی و نە بوونی چاپ، تەنانەت لە ناو پارت و ڕێکخراوە نهێنیەکانیشدا هەموو کەس حەزی بەم کارەو دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار نەبووە، دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار سەلیقەو تواناو کات و شارەزاییەکی زۆری ویستووە، بۆیە لە بواری ڕۆژنامەوانیدا تەمەنی گۆڤارو ڕۆژنامەکان کەم بووەو زووڵە دەرچون وەستان و ژمارەو دانەیان بە پەنجەکانی دەست ئەژمار کراون. کەواتە دەگەین بەو ڕاستیەی کە بڵێین: کە ڕۆژنامەوانی کارێکی گران و سەختەو پێویستی بە لە خۆ بووردن و سەلیقەو زمانزانی و پاشخانێکی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و هیلاکی و... هەیە و میژووی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەوانی کوردی لە میژووی پڕ بەهای خۆیدا ئاستەنگی زۆری بڕیوەو سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوەو لە ئێستادا لە نێو کاروانێکی درێژە پێدەردا خۆی دەبینێتەوەوکاروانەکەی لە بەردەوامی و ئایندەیەکی ڕوون و پاشەڕۆژێکی گەشدا لە دەرکەوتندا دەردەکەوێت.

***

تێچاندنی دووەم:

أ ـ- یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(ئالای شۆڕش)

پێشتر وەک گوترا کاری ڕۆژنامەگەری کوردی زۆر سەخت و گران بوو، ئەویش لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤار یان ڕۆژنامەیەک یاخود، تەنانەت کتێب و هەر چاپکراوێکی کوردی تر دەردەکەوێت، ئەمەش جگە لە ڕووکاری ماددی و ئامادەکردنی ستاف و چاپخانە، پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن و ڕازی بونی دەوڵەت و دەسەڵات حکومەتەوە هەبوو بە پلەیەکی گرنگ و پێویست، چونکە هەموو دەسەڵات ومەرجەعیەتی بڵاوکردنەوەو ڕێگە پێدانی بڵاوکراوەکان لە ژێر قۆرخ کردن و کۆنترۆڵی تەواوەتی حکومەت دا بووە، بێ حکومەت لەم ووڵاتەدا کەس نەی توانی وە پەنجە بە ئاودا بکات تا بتوانێ چاپکراوێک بڵاو بکاتەوە بەکورتی و پوختی کاری بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەوانی زۆر سەخت بوو پێشتر، هەموو کەسێک دەرەقەتی ئەم کارە نەدەهات، ئەتوانین بەڕاشکاوی بڵێین: شاری سلێمانی خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە لەدەرکردنی ڕۆژنامەوانی و دامەزراندندن یەکەم چاپخانەو یەکەم ڕۆژنامەدا لەم شارەدا، ئەویش زیاتربۆ ئەو چەکەرە کردن ونەشونما کردن و گەشەکردن و ململانێ فکریەوە دەگەڕێتەوە کە لەم شارەدا بە هۆی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و بزوتنەوەی سیاسیی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەم شارەوە گەشەی کردووەو سەری دەرهێناو لە پانتایەکی گەورەدا لە مێژووی کوردستاندا دەردەکەوێت..؟یەکەم شاریش بووە لە بزوتنەوەی کوردایەتی و ڕاپەڕین و شۆڕش وەک پایتەختی حوکمڕانی لە مێژووی کوردو کوردستاندا دەرکەوتووە! کەواتە شاری سلێمانی ڕۆڵێکی گرنگی لە خەباتی سیاسیی و ڕۆژنامەوانی کوردیدا بینیوەو تا ئێستاش شاری سلێمانی لە نێوەندی ڕۆژنامەگەری ئاشکراو نهێنیدا ڕۆڵێکی گەورەو پێشەنگ دەبینێت، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت.کە وابوو لە ساڵی(١٩٢٠) بە دواوە کە مێجەرسۆن یەکەم چاپخانەی هێناوەتە شاری سلێمانی وە نێوەندی

ڕۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوە لە شاری سلێمانی دا ڕۆڵی گرنگی نێوەندەکەی تیا دەرکەوت و گەشەی کردووە، دەتوانین بڵێین: ڕۆژنامەی بانگی حەق لە شاخ لەلایەن شێخ مەحمودی حەفیدەوە دەرچووە، لە ئەشکەوتی جاسەنەی (سورداش) بوو،ساڵی (١٣٤١) کۆچی، ئەم ڕۆژنامەیەش بە یەکەم ڕۆژنامەی مۆڵەت نەدراودا دەنرێت لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، لەوە دواش دەیان ڕۆژنامەی بێ مۆڵەت چ بە چاپ چ بە دەستنوس لەدەڤەری سلێمانی و دەوروبەری لە لایەن پارتە سیاسیی وکەسایەتییەکانەوە دەرچوون و بڵاو کراونەتەوە، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە نێو بزوتنەوەی ڕووناکبیری و ڕۆشنبیریدا هەیە، هەرچەند ئەگەر لە ڕووی چاپەمەنی و دەرهێنان و ناوەرۆک و بابەتەوە بەگشتی سەیربکرێن لاوازبوبن، بەڵام سەنگ و بەهای گرنگیان لە نێوەندی ڕۆژنامەوانیەوە بەرز دەردەکەوێت؟!

وەک گوترا بزوتنەوەی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانی چ لە شارەکان و چ لە گوندو شاخەکانی کوردستان مێژووییەکی دوورو درێژی بۆ خۆی پاوانکردووەو خەرمانێکی پڕ بەرەکەتی نێو ڕۆژنامەوانی کوردییە، شاسوار جەلال (شەهید ئارام) لە نێوەندی ڕۆژنامەوانی کوردیدا وەک لاوێک ئەو ڕۆڵ و دەرکەوتنەی لە دوای ساڵانی حەفتا"٧٠"کانی سەدەی ڕابردوو دەردەکەوێت، ئەویش کاتێک کە وەک ڕۆژنامەنوس و نوسەرێک لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ولاپەڕە دوو لەوستافەدا کاری ڕۆژنامەوانی کردوو بە شدار بوو لە نوسین و لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەی ناوبراودا،(ئارام) لەم ڕۆژنامەیەدا سەلیقەو ئەزمۆنێکی باشی لای خۆی کەڵەکەو کۆکردبووەو تواناکانی باشتر گەشەیان کرد، هەرچەند ماوەی کارکردنی لە چەند ساڵێک زیاتر نە بوو، بەڵام توانی سوکە ئەزمۆنێکی باش بۆ خۆی کۆبکاتەوەو ئەویش لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا وەک ڕۆژنامەنووس لەو مێژوەدا بەشدار بێت و سەروەری پێ ببڕێت (ئارام) یش وەک سوارێکی باش دەربکەوێت، ئەوە بوو، بە هۆی هەڵایسانەوەی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) بە دواوە، شاسوار جەلال شەهید (ئارام) کاتێک شاری بەجێ

هێشت و بەشدار بوویەکی شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی بوو لە گوندو شاخەکانی کوردستان توانی بیر لەوە بکاتەوە کە پارت و بزوتنەوەی سیاسیی و چەکداری، پێویستی بە ئۆرگان و ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە هەیە تا ئایدیۆلۆژییەت و بیروڕاو بەرنامەکانی تێدا ڕوون بکاتەوەو بە جەماوەرەکەی بگەیەنێت، ئەم کارەش بۆبزوتنەوەو شۆڕش بەلای شەهید (ئارام)ەوە گرنگ و پێویست بوو،هەر کەسێکی ڕووناکبیری وەک (ئارام) نرخ و بەهاو گرنگی ئەم نێوەندەی باش هەڵسەنگاند بوو، دەیزانی و بیری لێ کرد بووە، ئەوە بوو، ئاستەنگ لە بەردەم ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە دا زۆر بوو، پێشمەرگەو شۆڕش لە سەر قاچی چەسپاوی خۆی نەوەستا بوو جێگایەکی ئارام و دیاری کراو لە مقەڕوبنکەو بارەگایەک نەبوو، حکومەت بەهێزو سوپاو جاش و خۆفرۆش و بەکرێ گیراوێکی زۆری لە بەردەستا بوو، پێشمەرگەو شۆڕش بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران، خەڵک بەگشتی لە بێ ئومێدی و ڕەشبینی دا دەژیان، چونکە ئەوەندە نەبووکە بزوتنەوە و شۆڕشی ئەیلول توشی هەرەس و نوچدان بوو بوو،جا بیرکردنەوە بەلای شاسوار جەلال شەهید (ئارام) لە دەرچواندنی ڕۆژنامەیەک بە ناوی (ئاڵای شۆڕش) زۆر سەخت و گران بوو، بەڵام پێویستیش بوو تا دەنگی شۆڕش و بزوتنەوەی کوردایەتی بگاتە کۆمەڵانی خەڵک، چونکە هیچ هۆیەکی گەیاندنی ڕاگەیاندنی تر، جگە لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوە نەبوو.

ئەوە بوو شاسوار جەلال شەهید (ئارام) بەهەوڵ و ماندو بوون جگە لە کاری پێشمەرگایەتی و گیروگرفتە بەردەوام و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەگەری توانی، بە هەوڵ وتێکۆشانێکی زۆر بە هاوکاری کاک (حەمە سەعید) کە شارەزا بوو لە تایپ کردن و چاپکردن، هاوڕێی پێشمەرگایەتی بوو، لە گوندی گوڕبازی ناوچەی قەرەداغ، لە ماڵی مەولود گوڕبازی پێشمەرگەو گوند نشین لە مانگی ئەیلولی(١٩٧٧)، دا یەکەم ژمارەی (ئاڵای شۆڕش) چاپ بکەن و بڵاوی بکەنەوە، وەک دەرکەوتووە، ڕۆژنامەکە هەشت لاپەڕەیەی قەبارە بچوکە، کە هەشت

لاپەڕەکە قەد بکرێت یەک لاپەڕەی گەورەی ڕۆژنامەیەکی ئەمڕۆ دەردەچێت، ڕۆژنامەکە بە تایپی دەستی ئۆڵەمپیاتایپ کراوە و پاشان خراوەتە سەر ستێنسڵ و بە خام و بۆردو شووشە لاپەڕەکانی ڕاکێشراوە، واتە نەلە چاپخانەوەو نە لە شوێنێکی چاپەمەنیدا چاپ نەکراوە، بەڵکو بە سادەیی و سەلیقەی کاک حەمە سەعید و شەهید (ئارام) توانراوە بە تیراژی (١١٤) سەدوو چواردە ژمارەی لێ چاپ بکەن و بینێرنەوە بۆڕێکخستن و ناوشارەکان و ناو پێشمەرگەو خەڵک و بڵاوی بکەنەوە، ئەم ڕۆژنامەیە وەک ڕۆژنامەکانی تر دەچێتە قاڵبی ڕۆژنامەی نهێنی و ئۆرگانی حیزبیەوەو بە ناوی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی ـ کوردستان) ە وە بڵاوکراوەتەوە، ئەوی ڕاستی بێت وەک دەرکەوتوە، ڕۆژنامەی(ئالای شۆڕش) تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووەو دووەم ژمارەشی لەلایەن شەهید (ئارام) خۆیەوە بابەتەکانی ئامادەکراوەو نوسراوە، بەڵام بە هۆی شەهید بوونی شاسوار جەلال سەعید (ئارام)، لە ناو جانتاکەیدا لەگەڵ کۆمەڵێ نامە ونوسراوو بابەتی نهێنی دەستا ودەست کەوتۆتە لای چەند کەسایەتی یەک و تا ئێستا چ با بەتەکان و چ سەرجەم نامەکان نازانرێ کەوتۆتە لای کێ و کەوتۆتە لای کام کەسایەتی..؟! وە کەسیش باس لەم نهێنییە ناکات، بە هیواین ڕۆژێک بێت ئەو بابەتانەی شەهید (ئارام) دەست بکەون و وەک کەرەسەیەکی ڕووناکبیری و سیاسیی کەڵکی لێوەربگیرێت و لە دەرکەوتنی ڕاستییەکانی زۆر مەسەلەی شاراوەدا بە سوود بێت.؟ وەک دەرکەوتووە، هەموو بابەتەکانی یەکەم ژمارەی (ئالای شۆڕش)لەلایەن شەهید (ئارام) خۆیەوە نوسراوەو سەرجەم بابەتەکانیش بانگەشەیە بۆفیکرەو بیروڕای (م. ل) و چەپ کە لەو کاتەدا باوی بووەو بابەتی گەرمی ئەو کات و ڕۆژگارە بوون. مانشێت و ناونیشانی ڕۆژنامەکەش لە لایەن شەهید (شەماڵ)،(حەمەئەمین شێخ عەلی ـ پۆلا)وە بە خەتە جوانەکەی نوسراوە، (ئەمین پۆلا) خۆشی نووسەرو شاعیر بوو، بەرهەمی بڵاو کراوەی لە شیعر و نوسین زۆرەو جگە لە دیوانێکی نیوە نا چڵ بە ناوی (کاروانی نوێ) وە بڵاو کراوەتەوە بەرهەمەکانی کۆنەکراوەتەوەو چاپ نەکراوە، بە داخەوە پاش

شەهید (ئارام) ئەویش کەوتە بۆسەیەکی دوژمنەوەو لە شەڕێکی نابەرانبەردا لە گوندی (مێریاسی) شەهید بوو.

***

ب ـ نامیلکەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟

شەهید (ئارام) کەسێکی سیاسیی و ڕۆژنامەنووس و نووسەر، وەرگێڕێکی باش و بە سەلیقە بوو، بۆیە لەگەڵ ئەم ڕۆژنامەیە دا واتە، یەکەم ژمارەی (ئالای شۆڕش)، نامیلکەیەکی تێکۆشەرو ڕۆژنامەنووس و سیاسیی جەنابی هەڤاڵ (مام جەلال)ە کە بە بابەتێکی تایبەتی تیۆرییە دەربارەی دامەزراندن و دروستکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە١/ ٦/ ١٩٧٥و هەڵایسانەوەی شۆڕش بە سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم بابەتە لە نێوەرۆکدا باس لەبانگەشەو هەڵایسانی شۆڕش دەکات و دەدوێ، نامیلکەکەش بە ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی.؟) نووسراوە، بە وردەکارییەکی زۆر وردەوە باسی هەلومەرج و دامەزراندن و هەڵایسانی شۆڕش دەکات، بە زمانێکی سادە و ساکار، ئەم نامیلکەیە لە ڕەسەندا، بە زمانی عەرەبی نووسراوەو شەهید (ئارام) کردوویەتی بە کوردی ویەکەم جار بە ڕۆنیۆ لە لایەن (حەمە سەعید) تایپ کراوەو بە شێوەی وەرەقەی فۆلسکابی دڕێژ چاپی کردووەو پاشان بڵاوکراوەتەوە، ئەم نامیلکە بچوکە، بە شێوەی نامیلکەی بەر باخەڵ چاپکراوە و(٧٢) لاپەڕەی بچوکە، وەک دەردەکەوێت ئەم نامیلکەیە بە چاپ و تایپی ئێرانی چاپکراوە، ناو و ژمارەی مۆڵەت و چاپخانەی لە سەر نە نوسراوە، بەوەشدا دەزانرێت.؟ کە بە تایپی ئێرانی تایپ کراوە ژمارەی لاپەڕەکانی بە فارسی لێدراوەو نووسراوە.؟ هەروەها کراویشە بەفارسی، وەرگێڕانە کوردییەکەی، وەک وترا بەزمانێکی سادەو ساکارو بێگرێ و گۆڵ وەرگێڕدراوە، بەڵام زۆر وشەی عەرەبی و موراديف و زاراوەی سیاسیی باو، هەر بە زمانی عەرەبی و بە کوردییەکەی نوسراوە،

ئەمەش بۆئەو زمانە زاڵەی عەرەبی دەگەڕێتەوە، کە بە سەرچاوەشنبیری شەهید (ئارام) و وەرگێڕانەکەیدا زاڵەو جگە لە هەندێ وردە هەڵەی زمانەوانی و خاڵ بەندی نە بێت کە بە وەرگێڕانەکەوە دیارە، بە پێویست نەزانرا شەن و کەوی بکەین و دەست نیشانیان بکەین، وەک و وشەی جەماهیر، تیار، پیل...بۆیە ئێمە بە باشمان زانی وەک ئەمانەتێکی ئەدەبی، وەک خۆی بابەتە کە تایپ بکەینەوەو چاپمان کردۆتەوە، بە هیچ شێوەیەک دەسکاری هیچ و شەیەکمان نەکردووە،وەک بابەتێکی دیکۆمێنت و خورەوشتی ئەدەبی و سیاسیی و نووسین. پێویستیش نە زانراوە شیکردنەوەو لێکدانەوەی بابەتەکە بکرێت و ئەم بابەتە بۆ سەردەمێکی تایبەت و لە هەلوو مەرجێکی جیاوازی ئەوکاتە نووسراوە، کە دۆزو کێشەو مەسەلەی کورد لە قەیران و گرفتا بووە،هەروەها دۆخی کورد لەو هەلومەرجەدا پیا گوزەری کردووە، شەهید (ئارام) تەنیا ویستویەتی تێڕوانینی شۆڕش و بیروڕای یەکێتی، لە مەڕ شۆڕش بخاتە ڕوو بۆیە ئەم بابەتەی کردووە بەکوردی و بەسودو گرنگی زانیوە، وەک بابەتێکی پێوست بیکاتە کوردی، هەرچەند بابەتەکەش لە لایەن، هەڤاڵ و سەرکردە (مام جەلال) بە بیرو ڕاو فیکری چەپ و (م.ل) کە ئەو سەردەم و ڕۆژگارە لە برەو گەشەکردندا بووە و پانتاییەکی بەرفراوانی هەبووە لە جیهاندا بە گشتی و ناوچەکەو کوردستانی بە خۆوە مژۆڵ کرد بوو نووسراوە، شەهید (ئارام) یش کە هەوادار و چەپێکی دڵسۆزی کوردستانی بووە لەو تێڕوانینەوە، بە پێویست و گرنگی زانیوە ئەم بەرهەمە بکاتە کوردی و چاپی بکات[١٤]. بە هیوام ئەم دوو بەرهەمە زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە پارێزراوە، وەک دوو باتی ئەرشیڤی و دیکۆمێنتی گرنگ بە پێویست وبەکەڵکم زانی کە چاپیان بکەم،لە فەوتان و تیا

---

١٤ ئەم نامیلکەیە(یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆچی..؟) بەدوو شێوە بەزمانی کوردی، وەرگێڕانە کوردییەکەی شەهید (ئارام) کاتی خۆی چاپکراوە، چاپێکیان بەشێوەی نامیلکەی بچوکی بەرباخەڵ و چاپێکیشیان بەشێوەی وەرقەی گەورەو فۆلسکاپ لەگەڵ ڕۆژنامەی(ڕێبازی تۆێ ـ الشراره) چاپ وبڵاوکراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٥ـ ١٩٧٦،بە پێوانەی(٢١+١٥) و(٨,٥+١١,٥) چاپ بووە.

چوون ڕزگار بکرێن، وەک ئەرکێکی سەرشانم دوو بارە چاپیان بکەمەوە، بە هیوام بە خزمەت و ئەرکێکی میژوویی و خوڕەوشتی سەر شانم لێم وەربگرن و لێم قبوڵ بکرێت.. ڕۆحی شەهید (ئارام)، زیندوو شاد بێت، خوازیارم تەمەن و تەندروستی نووسەر و ڕووناکبیرو نووسەرو تێکۆشەرو سەرکردە، جەنابی (مام جەلال)[١٥] یش درێژ بێت.

***

٢٠٢١/١١/ ٣٠

١٥ کاتێک ئەم بابەتە نووسراوە بەڕێز مام جەلال لە ژیاندا بوو.

ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش

ڕۆژنامەیەکە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە، شاسوارجەلال(ئارام) دەریکردووە. ئەم ژمارەیە لە ئەیلولی١٩٧٧دەرچووە. بابەتەکانی ژمارە دووکە ئامادەبوون بۆچاپ، هەرگیز نەدۆزرانەوە.

ڕۆژنامەکە گوزارشت لەجیهانبینیی مارکسیستەکانی کوردستان و تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی ڕزگاری نیشتمانیی دەکاو لەم ڕووەوە ئەو پەڕگرافەی کە لە بۆکسەکەی لای چەپدا بڵاوکراوەتەوەو ئەڵێ:"تێ بکۆشن بۆ سەرخستنی شۆڕشی دیموکراتی گەلی عێراق کە لە کوردستانەوە هەڵگیرساوە لە پێناوی دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتی گەلدا کەگەلی کوردیش لە سایەیدا مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی شادبێت"بە شێوەیەکی چڕسیاسەتی ڕۆژنامەکە ڕوونەدەکاتەوە.

ئەم ژمارەیە کە لە گوندی"گوڕباز"لە ناوچەی قەرەداغ دەرچووە،لە هەشت لاپەڕەی فولسکاب پێکدێ کە بابەتەکانی بەتایپی دەستی تایپ کراون و بەڕۆنیۆ (١١٤) دانەی لێ ڕاکێشراوە.

ئارام بۆ پەرەپێدانی خەباتی (کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینیی کوردستان)، ئومێدێکی زۆری لە سەر ڕۆژنامەکە هەڵچنیبوو. ئەمەش لەو وتارەی لاپەڕەی (١)دا دەردەکەوێ کە لە ژێر ناونیشانی"خەباتی ئاڵای شۆڕش"دا بڵاوکراوەتەوەو تێیدا دەڵێ: "هیوادارین ئاڵای شۆڕش بێتە ڕووناکییەکی گەش و لە کوژاندنەوە نەهاتووی سەر ڕێگای خەباتی گەلەکەمان و گەلان و زەحمەتکێشانی عێراق و هەموو ناوچەکە لە پێناوی نەمانی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکدا"[١٦].

***

١٦ ئینسکلۆپیدیایی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل٤٤ ـ ٤٥ بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم ٢٠١٦.

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "ئاڵای شۆڕش"
ئەیلوولی ساڵی(١٩٧٧)

پێناسەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ئاڵای شۆڕش)

* ناوی چاپکراو/ ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش، ژمارە یەک، ئەیلولی (١٩٧٧)
* نوسینی/ شاسوار جەلال (ئارام)
* تایپ/ حەمە سەعید
* جۆری تایپ/ چاپی دەستی ئۆڵەمپیا
* نۆبەی چاپ/ چاپی یەکەم، ئەیلولی ١٩٧٧
* تیراژ/ سەدوو چواردە "١١٤" دانە
* شوێنی چاپ/ گوندی گوڕباز/ ماڵی مەولود گوڕبازی
* چاپخانە/ بۆردو شوشە وخام و ستێنسڵ
* نوسینی مانشێتەکان/ حەمە ئەمین شێخ عەلی(ئەمین پۆلا) شاعیرو نووسەر، ناسراوە پێشمەرگایەتیدا بە (شەماڵ)
* ژمارەی سپاردن/ شاخ / نیەتی

***

نێوەرۆکی بابەتەکانی ژمارە (یەک)ی ڕۆژنامەی (ئالای شۆڕش)

لاپەڕەی یەکەم:
* لە پێناوی پتەوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا
* خەباتی ئالای شۆڕش
* ڕزگار بوونی دوانزە ١٢ بەند.
لاپەڕەی دووەم:
* خەباتی ئالای شۆڕش (پاشماوەی لاپەڕە یەک)
لاپەڕەی سێیەم:
* دەوڵەت و شۆڕش ـ لینین
لاپەڕەی چوارەم:
* لە پێناوی پتەوی (پاشماوەی لاپەڕە یەک)
لاپەڕەی پێنجەم:
* لە پێناوی پتەوی (پاشماوەی لاپەڕە چوار)
لاپەڕەی شەشەم:
* با پیلانەکانی دوژمن گۆڕکەین.!
* دەوڵەت و شۆڕش (پاشماوەی لاپەڕە سێ)
* گەل پشتیوانی شۆڕشە
لاپەڕەی حەوتەم:
* یەکەمین یادی شەهیدان ئیبراهیم عەزۆ و هاوڕێ نەبەزەکانی
* خەباتی ئالای شۆڕش (پاشماوەی لاپەڕە دوو)
لاپەڕەی هەشتەم:
* کاروانی شەهیدان
* یەکەمین یادی ئیبراهیم عەزۆ و هاوڕێ نەبەزەکانی
* سروودی ئالای سور
* شەهید بونی شامل و گەرمیانی و هاوڕێکانیان

***

تێوەردان[17] و ڕونکردنەوە:

یەکەم ـ بەرهەمەکانی شەهید (ئارام) ساڵی ۱۹۸۰ بە ناوی "**هەڵبژاردەکان**"ەوە لە لایەن ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کۆمەڵێک بابەتی شەهید "ئارام" بوون کۆکرانەوەو چاپکران. دوو بابەتی وەک:

۱/ **خەباتی ئالای شۆڕش.**

۲/ **دەوڵەت و شۆڕش**، لینین، لە ناو بەرهەمی هەڵبژاردەکاندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، وەک دەبینرێت ئەم دوو بابەت و نووسینە هەردووکیان لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (ئالای شۆڕش) دا بڵاو کراوەتەوە, بەڵام ئەوەی تێبینی: ئەم دوونووسین و بابەتەی کرد بێت لە کتێبی (هەڵبژاردەکاندا، زۆر دەستکاری کردن و گۆڕینی تێدا کراوەو وەک ئەمانەتی ئەدەبی بڵاو نەکراوەتەوە، زۆری ووشەو ناوە عەرەبیەکانی لە نوسینەکەدا نووسراوە، کراوە بە کوردی، وەک وشەی "جەماهیر" کراوە بە جەماوەر.. هەروەها زۆر پەرەگراف لابراوە کە خۆیی لە چەند دێڕو وشەدا دەبینێتەوە، ئەگەر هەڵەی زمان یا خاڵبەندی هەڵەی تێدا بوو بێت،من وەک ئەمانەت وشێوە زمان و نووسین بە هیچ شێوەیەک دەستکاری بابەتەکانم نە کردووەو وەک چۆن لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو کراوەتەوە، وەک ئەمانەتێک وەک خۆی تایپم کردۆتەوە بێ دەستکاری کردن و هەر جۆرە گۆڕین و دەستکاری کردنێک دانراوەتەوە، بابەتەکانی تری ڕۆژنامەکەش جگە لە و دوو بابەتەو یەکەم جاری بڵاوکردنەوەی سەر لە نوێ کۆمپیوتەرکراونەتەوە، بێ دەستکاری کردن. وە هەر وشەو دێڕێک نە خوێنرابێتەوە لە بەر کۆنی و پوانی لاپەڕەکان لە لایەن بەندەوە، بەم شێوەیە دیاریم کردووە (ـ) .

دووەم ـ (**هەڵبژاردەکان**) لە نووسینی شاسوار جەلال، شەهید (ئارام) جارێک لەلایەن، بەڕێز(وەزیرە جەلال) خوشکی شەهید(ئارام) وە ساڵی ۲۰۱۲ چاپکراوەتەوە، بە هەمان شێوەی پێشتر کەدەست نیشانم کردو تێبینیەکانم

---

۱۷ تێوەردان: مداخلە، فەرهەنگی خاڵ

خستەڕوو، وەک جاری یەکەم چاپکراوەتەوەو بابەتەکان وەک خۆی کۆمپیوتەر کراوەتەوەو بە هەمان شێوەی یەکەم جار چاپی کردۆتەوە تەنیا ڕونکردنەوەو پێشەکییەکی بۆ زیاد کردووە[18].

سێیەم ـ جاریکی تریش (هەڵبژاردەکان) ساڵی (٢٠١٢) لە لایەن ئەکادیمیایی هۆشیاریی و پێگەیاندنی کادرانەوە، چاپکراوەتەوەو ئەویش بابەتەکانی هەروەک یەکەم چاپ بێ گۆڕان وەدەسکاری کردن چاپکردووەتەوە تەنیا، لێکۆڵینەوەیەکی بە ناو نیشانی"ئارام و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا"لە نوسینی بەڕێز لێکۆڵیار، فەرید ئەسەسەردی بۆزیاد کردووە.

چوارەم ـ کۆکردنەوەی ئەم سێ بەرهەم و بابەتە جیاوازەی شەهید(ئارام) کە بە ماندبوونێکی زۆر، بەرهەم هاتووە، ڕەنگە ببێتە بەشی سێیەمی بەرهەمەکانی پاش،١ هەڵبژاردەکان، ٢ـ ئارام وبزوتنەوەی ئەینتەرناسیۆنالیستی[19]. کە لە شاخ چاپکرا بوو،بۆ دووەم جار ساڵی (٢٠١١)، لەلایەن مەکتەبی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی (ی.ن.ک) وە چاپکراوەتەوە.

***

١٨ لە سەر داخوازی نوسەر لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەکە بلاوکراوەتەوە.
ئەم بەرهەمەش جارێکی تر بە ناوی"بابەتەکانی شەهید (ئارام) لە (ڕۆژنامەی هاوکاری) دا، لەگەڵ چەند پاشکۆیەکدا، ئامادەکردنی مۆفەق میراودەلی و هەمان پێشەکی کتێبی (ئارام وبزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیستی)ە کە لەلایەن بەڕێز (مەلابەختیار) ەوە نوسراوە، ساڵی(٢٠٢١) .لە چاپخانەی کارۆلە قەبارەی (٣١٥) لاپەڕەی وەزیریدا ناوەکەی گۆڕاوەو بلاوکراوەتەوە.
١٩ بەهەمان شێوەی پێشوو.

ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش
پێرست و ناوەرۆکی لاپەڕەکانی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(ئاڵای شۆڕش)

بابەتەکانی لاپەڕەی یەکەم ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە:

یەکەم: لە سەروی لاپەڕەکەدا نوسراوە، لەپێناوی کۆمەڵەمان و خەباتی مارکسییە ـ لینینیەکان لە عێراقدا.

دووەم:لای ڕاست لە سەرو ناوی ڕۆژنامەکەوە نوسراوە،کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن.

سێیەم: ئاڵای شۆڕش ئاماژەیە بۆ ناوی ڕۆژنامەکە، کە جەریدەی گشتی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستانە، ژمارە (١) ئەیلولی(١٩٧٧)

چوارەم: تێکۆشان بۆسەرخستنی شۆڕشی دیموکراتی گەلی عێراق لە کوردستانەوە هەڵگیرساوەلە پێناوی دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتی گەلدا کە گەلی کوردیش لە سایەی دا بە مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی شاد بێت.

پێنجەم: لە پێناوی پتەوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا

***

لە پێناوی پتەوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا

هەرەسهێنانی بزوتنەوە چەکدارەکەی کورد لە مارتی (١٩٧٥) گەلەکەمانی خستە سەر دوو ڕیانێکی مێژوویی،ڕێگایەکیان ڕێی ملکەچ کردن بوو بۆ(ئەمری واقیع) و قایل بوون بەو ڕۆژە ڕەشەی کە جەماهیری گەلەکەمانی تیا کەوتبووە، بەردەستی دوژمنی شۆڤێنی فاشیست و دەست هەڵگرتن لە ماف و ئامانجەکانی گەل و تەنانەت قایل بوون بە نەخشەکانی دوژمن بۆ لە ناو بردنی کوردو بە عەرەبکردنی،ڕێگاکەی تریش ئەوە بوو کە مل نەدرێت بۆ ئەو (ئەمری واقیع) ەو سەرئەنجامە ڕەشەکانی، کە ئەمەش ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانە یە دژی ڕێبازی چەوتی بزوتنەوەکەی پێشووە دژی نەخشە شۆڤێنیەکانی دوژمن بۆ لە ناو بردنی گەلەکەمان بێگومان، ئەمەش نەخشەو سیاسەتێکی سوڵتەی بۆرجوازی بەعسە دژی هەموو گەلی عێراق و تەنیا لە خزمەتی دەسەڵاتدارە شۆڤێنیەکان دایە، ئەوەش بە ئاشکرا بۆگەلان دەرکەوتووە کە بە بەزین یان چەوت ڕۆیشتنی سەرکردەیەک، یان حیزبێک بزوتنەوەی شۆڕشگێڕێتی گەلێک یان چینێکی شۆڕشگێڕ کۆتایی نایە وە ئەو گەلە یان ئەو چینە نا فەوتێ ئەگەرچی ئەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیە زیانیشی پێ بگات و چەند جار نوچیش بدات. دیارە گەلەکەی ئێمەش هەمان یاسای شۆڕشگێڕی[٢٠] ئەی گرێتەوەو لێی بەدەر نیەو لە نێوان ئەو دوو ڕێگایەدا ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەڵبژاردوە.

ئەوە ئاشکرایە لە سەردەمی بزوتنەوە چەکدارەکەی پێشودا تاکە حیزب کە بۆی هەبوو بە ئاشکرا هەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بون و چالاکی هەر حیزب و گروپ و تەنانەت کەسێکی غەیری پارتی هەست پێ بکرایە دەزگای پاراستن ودەزگای تری(شۆڕش)زۆر بەتوندی بەر هەڵستی ئەکرد، وە بە هەموو وە سیلەیەک هەوڵی قووتدان و لە ناوبردنی ئەدا. بەم جۆرە بە سەر

٢٠ لە سەرجەم ئەوسەرچاوانەی تردا ئەم ڕستانە لابراون. مەبەست گشت چاپکراوەکانی شەهید ئارامە.

لە پێناوی پتەوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا

هەرەسهێنانی بزوتنەوە چەکدارەکەی کورد لە مارتی (١٩٧٥) گەلەکەمانی خستە سەر دوو ڕیانێکی مێژوویی،ڕێگایەکیان ڕێی ملکەچ کردن بوو بۆ(ئەمری واقیع) و قایل بوون بەو ڕۆژە ڕەشەی کە جەماهیری گەلەکەمانی تیا کەوتبووە، بەردەستی دوژمنی شۆڤێنی فاشیست و دەست هەڵگرتن لە ماف و ئامانجەکانی گەل و تەنانەت قایل بوون بە نەخشەکانی دوژمن بۆ لە ناو بردنی کوردو بە عەرەبکردنی،ڕێگاکەی تریش ئەوە بوو کە مل نەدرێت بۆ ئەو (ئەمری واقیع) ەو سەرئەنجامە ڕەشەکانی، کە ئەمەش ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانە یە دژی ڕێبازی چەوتی بزوتنەوەکەی پێشووە دژی نەخشە شۆڤێنیەکانی دوژمن بۆ لە ناو بردنی گەلەکەمان بێگومان، ئەمەش نەخشەو سیاسەتێکی سوڵتەی بۆرجوازی بەعسە دژی هەموو گەلی عێراق و تەنیا لە خزمەتی دەسەڵاتدارە شۆڤێنیەکان دایە، ئەوەش بە ئاشکرا بۆگەلان دەرکەوتووە کە بە بەزین یان چەوت ڕۆیشتنی سەرکردەیەک، یان حیزبێک بزوتنەوەی شۆڕشگێڕێتی گەلێک یان چینێکی شۆڕشگێڕ کۆتایی نایە وە ئەو گەلە یان ئەو چینە نا فەوتێ ئەگەرچی ئەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیە زیانیشی پێ بگات و چەند جار نوچیش بدات. دیارە گەلەکەی ئێمەش هەمان یاسای شۆڕشگێڕی[٢٠] ئەی گرێتەوەو لێی بەدەر نیەو لە نێوان ئەو دوو ڕێگایەدا ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەڵبژاردوە.

ئەوە ئاشکرایە لە سەردەمی بزوتنەوە چەکدارەکەی پێشودا تاکە حیزب کە بۆی هەبوو بە ئاشکرا هەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بون و چالاکی هەر حیزب و گروپ و تەنانەت کەسێکی غەیری پارتی هەست پێ بکرایە دەزگای پاراستن ودەزگای تری(شۆڕش)زۆر بەتوندی بەر هەڵستی ئەکرد، وە بە هەموو وە سیلەیەک هەوڵی قووتدان و لە ناوبردنی ئەدا. بەم جۆرە بە سەر

٢٠ لە سەرجەم ئەوسەرچاوانەی تردا ئەم ڕستانە لابراون. مەبەست گشت چاپکراوەکانی شەهید ئارامە.

جەماهیردا سەپێنرا بووبێگومان ئەو دیاردەیە(ظاهرە)بنج وبناوانی چینایەتی هەبوە وە لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە بە کورتی لە سەری بدوێین[٢١]. _

لە دەوروبەری (١٩٤٥) بەدواوە کە (حیزبایەتی) لە ناو جەماهیری کوردستاندا کەوتە گەشەکردن و تەقینەوە، هەروەک چۆن بۆرجوازیەت هەوڵی خۆی ئەدا هەروەها پرۆلیتاریاش بۆ هەمان مەبەست کاری ئەکرد، بەڵام سەبارەت بەوەی کە لە دوای شەهید بوونی فەهدەوە بەتایبەتی، حیزبی شیوعی عێراق ڕێگایەکی ڕیفیزیونیستانە (اصلاحیانە)ی پێگیرا بوو وە هەڵوێستێکی مەبدەئی عملی وای نە بوو کە بە شێوەیەکی مارکسی ـ لینینی یانە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە باوەش بگرێت و نەهێڵێ جڵەوی مەسەلەکە بکەوێتە دەست بۆرجوازیەت و سەبارەت بەوەی کەلەو ماوەیەدا هەستی نەتەوایەتی کورد بە هۆی دامەزران و ڕوخانی کۆمەڵەی مەهاباد[٢٢]و بەردەوامی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە هەڵچوندا بوو، ئەمانە سەرەتا بون بۆئەوەی فکرو ڕێبازی بۆرجوازیانە کە لە پارتی دا خۆی ئەنواند وردە وردە بەرەو زاڵ بوون بچێ، پاش شۆڕشی بۆرجوازی تەموزی(١٩٥٨)-یش، دیسان هەڵوێستی چەوتی نا مارکسییانە حیزبی شیوعی عێراق و کلکایەتیان بۆ قاسم و مل نانیان بەرەو ڕیفیزیونیزم وە زیاتر پشت کردنە مەسەلە دیموکراتییەکانی گەلی،وە بە تایبەتی مەسەلەی نەتەوەی کورد بەو بیانوەی کە گوایە (مەسەلەی نەتەوایەتی کاری حیزبی شیوعی نیە) وە مەسەلەیەکی بۆرجوازیانەیە لە بەرئەوە ئەبێ بۆ حیزبە بۆرجوازییەکان جێ بهێڵرێت وە تەنانەت ئەو هەڵوێستە گەیشتبوە ڕادەی گاڵتە کردن بە هەست و خواست و ئامانجە نەتەوایەتیەکانی کورد، وەئەوەیان بیرچووە کە مەسەلەی نەتەوایەتی لە دواشیکردنەوەی وەکو لینینی مەزن وتویەتی ـ مەسەلەی

٢١ لە بڵاوکراوەکانی تردا لە هەموویاندا لابراوە.

١٢ ئەگەر مەبەستی کۆمەڵەی ژێکاف بێت، ئەوکاتە(ژێکاف) هەڵوەشاوەتەوەو بۆتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاستییەکەی کۆماری کوردستان یان حکومەتی کوردستان،جمهوریەتی کوردستان دروستره.

جوتیارانەوە بەشێکی گرنگە لە تێکڕا مەسەلەی دیموکراسی، وە هەروەها بیر خۆیان بردووە کە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد، بەشێکی گرنگی مەسەلەی دیموکراسییە لە عێراقدا کە ئەوان وایان پێشان ئەدا زوو دەربەستی بین، ئەمانە هەمووی بو بە هۆی زاڵبوونی تەواوی بیروڕای ڕێبازی بۆرجوازی لە ناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەوکاتە بە هێزترین حیزبی قەومی کورد بوو سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی کەوتە دەست و توانی سەرکردایەتی بزووتنەوە چەکداریەکەی ئەیلولی[٢٣](١٩٦١) یش بگرێتە دەست. بەم جۆرە پارتی، نەک هەر بوبە خاوەن جەماهیرێکی زۆر، بەڵکو بووە خاوەنی هێزێکی چەکداریش کە زۆر یارمەتی دا لە چەسپاندنی بیروڕاو ڕێبازی خۆیدا لە فراوانترین جەماهیری کوردستانداوە ئینجا بەهۆی دروشمە قەومیەکانیەوە، وە بەهۆی ئەوەی کە بە عەمەلی وە لە بەر چاوی جەماهیری چەوساوەی کورد پارتی تاکە حیزب بوو کە دیفاعی لە ئاوات و ئامانجەکانی ئەکردو سەرکردایەتی (شۆڕشەکەی) ئەکرد، بە ئاسانی توانی مەفهومی تاکە حزب لە ناو خەڵکیدا بچەسپێنێ وە جەماهیرێکی زۆر فراوان بە دروشمی (پێشڕەوی کورد پارتیەو هیچ حزبێکی تر نیە) گۆش بکا، بەردەوام بەو بیروڕا بۆرجوازیە چەوتانە کە مانای لە بیر بردنەوەی واقیعی فرە چینی کوردستان و ئینکاری کردنی خەباتی چینایەتی بە پەروەردە ئەکرد، بێ گومان ئەمەش تەنیا بەرژەوەندی بۆرجوازیەتی تێدایەو چینە زەحمەتکێشەکان کە خاوەنی ڕاستە قینەی مەسەلەکەن گێل ئەکات و شوێن بۆرجوازیەتیان ئەخات بۆیە تائێستاش بۆرجوازیەتی کورد بەگشتی وە(پارتی و بنەماڵەی بارزانی بەتایبەتی) ئەیانەوێت تەنانەت پاش ئەو هەرەسە گەورەی بە سەر بزوتنەوەکەیاندا هێنا جارێکی تر وەکو تاکە سواڕە بێنەوە مەیدان وە ڕێگە لە چینە زەحمەتکێشە شۆڕشگێڕەکان بگرن کە جڵەوی مەسەلەکەی خۆیان بگرنە

٢٣ لە هەموو سەرچاوە بڵاوکراوەکاندا کراوە بە شۆڕش لەگەل وشەی تردا دەسکاری ئەم بەشە کراوە.

دەست وە بەرەو سەرکەوتنی ئەو دوا رۆژەی بەرن کە ئەیانەوێ.[٢٤] _

بەڵام سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستانیش، لە چەندین چین و دەستەیەکی کۆمەڵایەتی جیا جیای خاوەن بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز دروست بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە پارتی بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی وە عەسکەری نیمچە موتڵەقی خۆیەوە ئەی ویست لە لایەکەوە بە وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی، لە لایەکی تریشەوە لە ڕێی ترساندن و پارسەنگی سوک نانە پاڵ ئەوەی کە لەگەڵ ڕێبازیان نە بێ هەموو چین و دەستە کۆمەڵایەتیەکان لە ژێر باڵی خۆیدا دەستە مۆ بکات لەگەڵ ئەمەشدا وەکو هەر حزبێکی تر لە جیهاندا کە ویستویەتی بە پێچەوانەی ڕەوتی مێژوو بڕوات چۆن سەربان لە بەردی ڕەقی واقیعی داوە ئاوا پارتیش سەری لە بەردی ڕەقی واقیعی کوردستانی داو نەیتوانی بە پێچەوانەی یاسا گشتییەکانی گەشەکردن بڕوات و هەر حیزبێکی تریش ئەم ڕێگە چەوتە بگرێت هەر هەمان ئەنجامی ئەبێت[٢٥].

نمونەی گەش و ئاشکرای ئەم ڕاستیەش ئەوەیە کە پارتی نەیتوانی ڕێگری لە دروستبونی کۆمەڵەمان بکات،[٢٦] ئەوە بوو کۆمەڵەمان ساڵی (١٩٧٠) پاش چەند ساڵێک زەمینە بۆخۆشکردن هاتە کایەوە چونکە گەشەکردنی خەباتی چینایەتی و ناکۆکی چینایەتی بە شێوەیەکی تەبیعی گەیشتبوە ئەو ئاستەی کە بەرانبەر بۆرجوازیەت، پرۆلیتاریاش حیزبی ئەویست چونکە ئەو حزبانەی بە ناوی پرۆلیتاریاوە هەبوون دەستەوەستان بوون لە ئاستی پێداویستییەکانی پرۆلیتاریا ـ جگە لە کۆمەڵەمان چەندین گروپی تری مارکسی لە کوردستاندا لە دواییدا دروست بوەوله شوێنەکانی تری عێراقیش دا بەهەمان شێوە سەرەڕای ویستی بۆرجوازییە دەسەڵاتدارەکانی بەغدا چەندین ڕێکخراوو گروپی مارکسی هەن کە ئەمانە هەموو لەئەنجامی خەباتی یەکگرتویاندا ئەتوانن نوێنەرایەتی

---

٢٤ بە هەمان شێوە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئەم بەشە بوونی نیە؟
٢٥ بەهەمان شێوەی پیشوو.
٢٦ بەهەمان شێوەی پیشوو.

پرۆلیتاریا بکەن وە ببنە پێشرەوی ڕاستەقینەی خەباتی گەلی عێراق لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو سیستەمەدا کە زەحمەتکێشان بە گشتی لە سایەیدا بحەسێتەوە و لە چنگی چەوساندنەوە ڕزگاریان بێ و گەلی کوردیش لە عێراقدا بە هەموو مافە ڕەواکانی خۆی بگات، بە مافی چارەنوسیشەوە، وە ئەوسیستەمەش بۆ قۆناغی ئێستای گەشەکردنی کۆمەڵگەی عێراق، سوڵتەی دیموکراتییانەی گەلە واتە سوڵتەی کرێکاران و جوتیاران و باقی چین و توێژە شۆڕشگێڕەکانی تری گەلە.

ئەم بەڵگانە بە ئاشکرا ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە لە سەرەوە باسمان کردوە سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵەمان بڕوایەکی مەبدەئی بەو ڕاستییە هەیە، وە لەم قۆناغەی شۆڕشدا کە قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی گەلە، (واتە شۆڕشی دیموکراتی نوێ، نەک دیموکراتی بۆرجوازیانە) وە لەم قۆناغەشدا شان بە شانی کرێکاران و جوتیاران جگە لە بۆرجوازی بچوک کە دەوری شۆڕشگێڕانەی هەیە وە بەرژەوەندی چینایەتی بەم شۆڕشە دیموکراتییەی گەلەوە بەستراوە، بۆرجوازی نیشتمانیش سەبارەت بەوەی کە وەکو چینێک لە لایەن سوڵتەی بۆرجوازی بیرۆکراتی بەعسەوە، کە بەرەو[٢٧] سەرمایەداری دەوڵەت هەنگاو ئەنێن کە لە بەرژەوەندی دراوەو لەلایەکی تریشەوە لە کوردستاندا ئەم"چینە"بە هۆی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کوردەوە لە لایەن هەمان سوڵتەوە ناحەزی سوڵتەیە، وە ئەشێت لە دژی سوڵتە هاوکاری گەل بکرێت تا ئەوکاتەی مومکین بێ، بە پێی ئەم ڕاستیە عیلمانیە کۆمەڵەمان بیری کردۆتەوەو هەر لە دوای ئاشبەتاڵەکەوە ڕەفتاری پێ کردوەو بە ئاشکرای پێی لێ ناوە، کە بە تەنیا ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی پێ جێبەجێ ناکرێت و پێویستە ڕێکخراو و هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەل، نەک لە کوردستاندا بەڵکو لە سەرانسەری عێراقدا هەموو بە پێی بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەی گونجاو لەگەڵ خواست و ئامانجی گەلەکەمان

---

٢٧ بەهەمان شێوەی پێشوو.

و واقعی قۆناغە کە خەباتمان یەک بخەین[28] و لە پێناوی بە دیهێنانی ئەو بەرنامە شۆڕشگێڕانەیەدا هەموو وزەو توانامان بخەینەکار.

بەهێزو خاوەن بنکەیەکی جەماهیری و دۆستی ناوەوەو دەرەوەی وڵات، کۆمەڵەمان بوو، ئەوە بو حیزبی شیوعی عێراقی - قیادەی مەرکەزی - بە هۆی سیاسەتی ئینتیهازیانەی سەرکردایەتیەکەی و تەنزیمی و سەبارەت بەو واقیعەو بە هۆی ئەوەوە کە بەرانبەر نەخشەو کلکایەتی بۆ سەرکردایەتی بارزانی[29]، دوای هەرەسهێنانی سیاسی و عەسکەری بزوتنەوە چەکدارەکەی[30] پێشوو تاکە ڕێکخراوی لەگەڵ هەرەسەکەدا ئەمانیش خۆیان تەسلیم بە سوڵتەی بەعس کردەوە ئەمەش بێگومان کارێکی زۆر گەورەی کردە سەر ئەم حیزبە لە دواییدا کادرە شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکانی حیزب دڵێرانە حیزبیان لەو سەرکردایەتیە ڕزگار کردو کەوتنە دامەزراندنەوەی حیزب لە سەر بنچینەیەکی پتەوی مارکسی - لینینی یانەوە، وە ئێستا هێزێکی شۆڕشگێڕانەی بنچینەییە لە عێراقدا، وە جگە لە کۆمەڵەمان ئەو ڕێکخراوانەی تر کە دەرکەوتن ئەنجامێکی ئیجابی هەرەس هێنانی سەرکردایەتی عەشائیریە کۆنە پەرستەکە بوون[31]و نیشانەی دەست پێکردنی پلەیەکی نوێی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانن، بەڵام دوای هەرەسەکە ئەو گروپ و دەستە سیاسیانەی لەوە پێشتریش هەبوون و ئەوانەش کەلەوە دوا دروست بوون زیاتر شۆڕشگێڕی تەیارێک بوون وە مەرجەکانی ڕێکخستنێکی تەواویان نە بووە وە ئێستاش زۆر لە وانە لە خەباتدان، لە پێناوی پتەوکردنی خۆیاندا بەرەو گەشەکردن وساخ بوونەوەی فیکری شۆڤێنیەکانی سوڵتەی دوژمن ئەبوو مەیدانی سیاسی کوردستان بە چۆڵی نەهێڵنەوە، یان دیسان وەک ڕێکخراو

---

۲۸ هەموو ئەو وشانەی ئاماژەی پێدراوە،بەهەمان شێوە گۆڕاون یان لە سەرچاوەکاندا نین،خوێنەر دەتوانێت لەگەڵ سەرچاوە چاپکراوەکانی تردا بەراوردکاری بکات بۆدڵنیایی و ڕاستگۆیی.

۲۹ بەهەمان شێوەی پێشوولابراون.

۳۰ بە هەمان شێوەی پێشوو،لابراوەو دەستەواژەی تری بۆزیادکراوە.

۳۱ دەستەواژەی تری بۆزیادکراوە لە سەرچاوەکانی تردا ؟

لافی ئیحتیکار کردنی مەیدانی سیاسی کوردستان لێ نەدات. ئەو دەرفەتە باشەی بۆبزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمان هەڵکەوتووە بە فیڕۆ نەڕوات وە یەکسەر بەکار بهێنرێت بۆ تێکشکاندن و لە ڕەگوڕیشەوە دەرهێنانی بیروڕا چەوتەکان بەگشتی، وە دەربارەی تاکە حیزب بە تایبەتی وە لە باتی ئەمانە بیروڕای ڕاست و دروست و گونجاو لەگەڵ واقیع جێگیربێت، وە سەرەڕای ئەمانە باوەڕی شۆڕشگێڕانەی وڵات بەرەو هەڵچوون و تەقینەوە ئەڕۆیشت وە دابینکردنی ئەم وەزعەو لە باوەشگرتنی هەوڵ و تێکۆشانی هەموو هێزو تەیارە شۆڕشگێڕەکانی ئەوێت[٣٢]، لە بەر ئەمانە هەمووی لە مانگی حوزەیرانی (١٩٧٥) فیکرەی دروستکردنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی ووڵات خرایە کارەوە وە دوای ئەوەش لە ناو وڵاتدا بە هاوکاری عناصرە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکانی تر دەستی کرد بەدامەزراندنی دامو دەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بەردەوام ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان حیزب نیە جێی حیزبی پێشڕەوی پرۆلیتاریا ناگرێتەوە، کە وەک لە سەرەوە باسمان کرد لە بەر ئەوەی کە ئەو تەیارو گروپە سیاسیانەی هەن(ضرور)[٣٣] نین جگە لە کۆمەڵە یەکگرتنەکەشیان لە چوار چێوەی یەکێتیی نیشتمانیی دا، بەرەی نیشتمانی بەمانای تەواوی بەرە(جبهە) پێک نە هێناوە، بەڵکو نیمچە بەرەیەک کە لەگەڵ واقعی حیزبی و سیاسیی کوردستاندا ئەگونجێت بێگومان ئەم واقعەش لە گۆڕانداپەو شتێکی براوەنیەو بە ستراوە بە گەشەکردنی ئەو تەیارو گروپانەوە بۆیە ئەم شێوەی ئێستای (ی.ن.ک) یەکێتیی نیشتمانیی وە هەیکەلی ڕێکخستنی شێوەو هەیکەلێکی کاتین، وە بەگشتی لە گەشەکردنایە وە تائێستاش ئەم گەشەکردنەی بەخۆیەوە دیوە بە تایبەتی لەو کاتەوە کە(بزوتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان) لە ماوەی ساڵێک لە مەوبەر هاتووەتە ڕیزی یەکێتیی نیشتمانیەوە، هەرچەندە تا

٣٢ لە سەرچاوەکاندا وشەکە کراوە بە (ئەویست)؟
٣٣ لە سەرچاوەکانی پێشودا بەهەڵە نوسراوە.

ئیستا بە تەواوی شێوەی پەیوەندی ناو یەکێتی لە نێوان کۆمەڵەمان و(بزوتنەوە) دا بە یەکجارەکی دانە ڕێژراوە، بەڵام زۆر هەنگاوی عملی لە مڕوەوە نراوە.

سەبارەت بەوەی کە شۆڕشەکەمان بریتی نیە لە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی تەسکی گەلی کورد، بەڵکو شۆڕشی دیموکراتی گەلی عێراقە، وە لە کوردستانەوە بە هۆی تەقینەوەی ناکۆکیەکانەوە، هەروەها لە سایەی باش هەڵکەوتنی خاکی کوردستان دەستی پێ کردوە، وە بۆ ئەوەی بە عملی ئەمە جێ بە جێ بکرێت پێویستە بە پێی ئەو واقعە نەخشە بۆ مەسەلەی بەرەی یەکگرتووی گەل بکێشین وە لە ڕێی خەباتی یەکگرتووی هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلی عێراقداوە کۆتایی بە دەسەڵاتی بەعسی فاشیست بهێنین وە لە جێی ئەو دەسەڵاتی دیموکراتی گەل دامەزرێنین و کاتێ کە گەلی عێراق لە سایەی ئەم سیستەمەدا بە دیموکراسی ڕاستەقینە شاد ئەبێت. تەنیا ئەو کاتەش گەلی کورد بە هەموو مافەکانی خۆی ئەگات. گەشە پێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەوڵدانی دڵسۆزانە بۆ پڕ کردنەوەی کە موکوڕی و چارەسەر کردنی ئەو سەلبیاتانەی کە هەن یان پشتگیری کردنی لەلایەن[٣٤] شۆڕشگێڕان و پشتگیری کردن و یارمەتیدانی بۆ زاڵ بوون بە سەر کۆسپەکانی ڕێگایدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرکەوتوانە گەشە ئەکا وە بەرەو ئەو شێوەیەی بەرە ئەڕوا کە بەردەوام لە بە هێز بوونداێ و بنکەی بەردی یەکگرتووی گەلی عێراق بێ.

لێرەشدا پێویستە ئەوە ڕوون بێ کە یەکێتیی خەباتی کۆمەڵەو(بزوتنەوە) وە چارە سەرکردنی هەر ناکۆکیەک کە ئەبێ بە گیانێکی هەست بەلێپرسراوی کردنەوەو لە پێناوی بە هێز کردن وگەشەکردنی یەکێتیی نیشتمانیی دا بێ. بێ گومان ئەو ڕاستیە ئاشکرایە کە بونی ناکۆکی نەک لە نێوانی چەند ڕێکخراوێکی جیاوازدا بەڵکو لە ناو یەک ڕێکخراویشدا شتێکی تەبیعی وە بونی گەشە کردنە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بە پێی ڕادەی گرنگی و قوڵی ئەو ناکۆکی یە شێوەی

٣٤ ئەم وشەیەو ئەوانی تریش کەهێڵی بە ژێردا هاتووە لە سەرچاوە چاپکراوەکاندا بونی نیە.

چارەسەریشی هەڵبژێرین وە بە نیسبەت کۆمەڵەمانەوە ئەو مەبدەئەی لە سەری ئەڕوات لەم ڕووە دەستگیر بوونە لەسەر مەسەلە مەبدەئییەکان وە نەرمی و هێواشیە بەرانبەر هەر مەسەلەیەکی کە تەنازولی مە بدەئی تیا نە بێ.

لەم موناسەبە تەشدا داوا لە هەموو هاوڕێ یانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەکەین بە ئەندامانی کۆمەڵەو بزوتنەوە وە هەموو ئەندامان و کەسانی تری سەربەخۆی ناو یەکێتیی کە تێکۆشن لە پێناوی بە هێزکردن و پتەوکردنی یەکێتیی یەکەماندا لە ڕووی قوڵکردنی فیکری شۆڕشگێڕانەو فراوان کردنی بنکەی جەماهیری لە پێناوی جێگیر کردنی پتەوتری[٣٥]شۆڕش و یەکێتیی بەرەو. شۆڕشی دیموکراتی سەرتا سەری گەلی عێراق بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان و هەموو گەلی عێراق بە ئامانجی[٣٦].

***

٣٥ ئەو وشانەی ئاماژەی پێدراوە، یان گۆڕاون یان وشەی تری بۆ زیادکراوە لە هەموو سەرچاوەکاندا بوونیان نییە.

٣٦ ئەم وتارە لەلاپەڕەی(٥،٤،١) ی ژمارەیەکی (ئالای شۆڕش) دا بڵاوکراوەتەوە.

ڕزگار بونی ١٢ بەند

شـەوی١٩٧٧/٩/١١دوانـزە تێکۆشەری کورد توانیان بە پێی نەخشەیەک خۆیان لە یەکێک لەزیندانەکانی بەعسی فاشیست لە کەرکوک ڕزگار بکەن و هەندێکیان گەیشتنە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێردەسەلاتی شۆڕش، وەشایانی باسە یەکێک لە وانە کە هاوڕێی کۆمەڵەمانە سەرەڕای دەربازکردنی خۆی و برادەرەکانی کڵاشینکۆفی یاساوڵێکی زیندانەکەشی هێناوە. ئا بەم قارەمانێتیە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەرهەڵستی دوژمنی فاشیست ئەکەن و با بەعسی دوژمن باش بزانێت، کە بە هیچ شێوەیەک نا توانێت بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتخوازی گەل دامرکێنێتەوەو سەرکەوتن هەر بۆگەلە، کەوتن و سەر شۆڕی بۆ دوژمنی فاشست[٣٧].

***

٣٧ ئەم وتارە لەلاپەڕەی (١)ی ڕۆژنامەی (ئالای شۆڕش) دا بڵاوکراوەتەوە.

خەباتی ئاڵای شۆڕش

دەرچونی جەریدەیەکی گشتی بەڕێکوپێکی بۆ ناو جەماهیری شۆڕشگێڕی گەلەکەمان لەلایەن کۆمەڵەمانەوە لە دوایی(ئاشبەتاڵ[٣٨] یەکەم ڕێکخراوێکی سیاسی بوو،کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عادیلانەی گەلەکەمانی لە باوەش گرتوو لایەنێکی سەرەکی وبنچینەی شۆڕشە نوێ یەکەی گەلەکەمان کارێکی ئەوەندە بە ئاشکرا پێویستە کە بەڕاستی پێی ناوێ زۆر باسی لێ بکرێت. بایەخی ئەم جەریدە لەم پلە مێژوویییەی خەباتماندا بەو هەموو ئەرکە گران و جۆراو جۆرانەدا دیارە کە لە ئەستۆیەتی وە هیوادارین (ئاڵای شۆڕش) ببێتە ڕوناکیەکی گەش و لە کوژانەوە نەهاتوی سەر ڕێگەی خەباتی گەلەکەمان و گەلان و زەحمەتکێشانی عێراق و هەموو ناوچەکە لە پێناوی نەمانی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکدا.

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان کە بزوتنەوەی گەلێکی دابەش کراو و نیشتمان لە لەت کراوو ماف پێشێلکراوە بزوتنەوەیەکی عادیلانەی ناوەرۆک پێشکەوتنخوازانەو بە شێکی لە جیا کردنەوە نە هاتوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهانە کە لەم سەردەمەدا بە شێکەو پاڵپشتێکی قایمو پتەوی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانە. چەندین ساڵە، گەلی کوردستان لە خەباتێکی بێ ووچانی پڕ قوربانیدانە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا وە بەتایبەتی لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردودا کوردستانی عێراق مەڵبەندی بزوتنەوەی چەکدارانە بووە دوا بزوتنەوە ئەوە بوو لە ئەیلولی١٩٦١بە سەرکردایەتی بۆرجوازیەتی کورد دەستی پێ کردوە لە مارتی١٩٧٥دا سەرکردایەتیە عەشایریە کۆنەپەرستەکەی ئەو بزوتنەوەیە هەرەسە سیاسی و عەسکەریە پڕ شەرمەزاریەکەی کردو ئەو ئەنجامانەی بوکە هەموو کوردێکی خاوەن هەست ئەیزانێت. بێگومان شکستهێنانی بزووتنەوەکانی

٣٨ لە سەرچاوە چاپکراوەکانی پێشوتردا کراوە بەنسکۆ.

کوردەوە، بە تایبەتی دوا بزووتنەوەی کە بەو هەڕەسەی (یان وەکوچەماهیر ناوی نا ئاشبەتال) ئەنجامێکی حەتمی ئەو بیروڕا کۆنە پەرستانەو ڕێبازە چەوتە نا شۆڕشگێڕانە بوون کە چینەکۆنەپەرستەکانی کورد بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانیان پیا کێش ئەکرد، ئەو چینە کۆنەپەرستانە بە چەندین شێوە بودەڵەیی و ناشایستەیی خۆیان لە ڕابەری کردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان ئیسپات کردوە چەندین جار گەلەکەمانیان پاش قوربانی و مالّ وێرانیەکی بێ سنور هەر بەرەو هەڵدێری پر مەینەتی هەڕەس هێنان بردووە. ئەمەش بێ گومان سەبارەت بەوەی کە ئەیان ویست ئێستاش بەردەوام ئەیانەوێت - بزوتنەوەکە لە چوار چێوەیەکی نەتەوە پەرستانەی تەسکی کۆنە پەرستانەدا قەتیس بکەن وە بە پێی بەرژەوەندی چینایەتی بۆ گەنی خۆیان لێی بخورن وە نەهێڵن بەهیچ جۆرێک بچێتەوە سەر ڕێبازە مەوزوعیە گونجاوەکەی لەگەڵ ڕێڕەوی مێژوو، چونکە چینەکۆنەپەرستەکان زۆر باش ئەوە ئەزانن کە ئەمە مانای تیاچوونی بەرژەوەندی ئەوانەوە بە پێچەوانەوە بەرژەوەندی چینە زەحمەتکێشە چەوساوە شۆڕشگێڕەکانی تێدایە وە[39] سەبارەت بەوەی کە مارکسیزم - لینینیزم فەلسەفەی[40] شۆڕشگێڕترین وە چەوساوەترین چینەکانی گەلە ئەویش کە چینی کرێکارەوە تا چەوساندنەوە مابێ چینی کرێکار ڕزگاری نابێ وە سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵەمان لە سەر بنچینەی مارکسیزم - لینینیزم دامەزراوە بۆیە ئالّای شۆڕش بەو پەڕی تواناوە تێ دەکۆشێت لە پێناوی بە هێزکردن و پتەوکردنی یەکێتیی بیروڕاو ڕێکخستنی کۆمەڵەمان و گەیاندنی بیروباوەڕەکەی کە مارکسیزم - لینینیزمە بە چەماهیری[41] چینە چەوساوە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان وقوڵ داکوتانی ڕەگ و ڕیشەی

---

٣٩ ئەوانەی ئاماژەی پێدراوەو هێڵی لە ژێر دانراوە لە سەرچاوەکانی پێشتردا بوونی نیەو لابراون.

٤٠ لە سەرچاوە چاپکراوەکانی پێشتردا وشەی تری بۆ زیادکراوە.

٤١ لە سەرچاوەکاندا وشەکە گۆڕاوە بە(جەماوەر).

کۆمەڵەمان تیایدا، وەلە ڕەگوڕیشە هەڵکێشانی بیروڕایەکی ڕیڤیزیونیستانەو ڕیسوا کردنی ڕیڤیزیونیزم(تحریفیەت)لەناوەو دەرەوەی وولات وە دەرخستنی حەقیقەتی ئەو لەڕێ لا دەرانەی کە ئیمڕۆ لە پاڵ سوڵتەی فاشی بەغدا بە ناوی شیوعیەتەوە دژی شیوعیەت ئیش ئەکەن وە بیروباوەڕی پیرۆزی مارکسیزم ـ لینینیزم ئەشێوێنن.[٤٢]

سەبارەت بەوەی کەگەلی کوردوە کوردستانی نیشتمانیی، بە پێی بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوچەکە دابەشکراوە وە هەر بەشێکی لە چوار چێوەی سیاسیی وە ئابووری دەوڵەتێکدایە، وە لەگەڵ گەلانی تری ناو ئەو دەوڵەتەدا دوچاری یەک ڕژێم بوون و چینە کۆنەپەرستەکانی گەلانی ئەو دەوڵەتە بە چینە کۆنەپەرستەکانی کوردیشەوە لەو وڵاتەدا ـ گەلانی ئەو وڵاتە ئەچەوسێننەوە، وە بە هەموویان ئامانجێکی ناوکۆییان هەیە کە بریتیە لە هەڵتەکاندنی دەسەڵاتی چینە کۆنە پەرستەکان وە دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتیانەی گەل لە سایەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتییەوە، هەروەها هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی تر نەمێنێ بۆیەئالای شۆڕشێ دەکۆشێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو[٤٣] واقیعەوە هەوڵ ئەدات بۆ:

ـ پتەوکردنی برایەتی و هاوخەباتی گەلی کورد وە هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی لە گەڵیاندا ئەژی وە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە ناوکۆیەکانمان.

ـ هەوڵدان بۆ نزیک خستنەوەو یەک خستنی ڕای شۆڕشگێڕانی ئەم گەلانەو بەدی هێنانی یەکێتیی خەباتمان[٤٤]، دژی ئیمپریالیزم و سوڵتە بەکرێگیراوەکانی ئیمپریالیزم لەو وڵاتانەدا.

ـ یەکێتیی خەباتی مارکسیە ـ لینینیەکان لە ناو چەکەدا.

ـ پێکەوە بەستن و توند گرێدانی بزوتنەوەکەمان بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی تێکۆشەری فەلەستینەوە کە جگە لە وەی بە شێکە لە مەسەلەی گەلی عەرەب

---

٤٢ لە سەرچاوەکاندا لابراوە.

٤٣ لە سەرچاوەکانی تردا کراوە بە(ئەم).

٤٤ لە سەرچاوەکانی تردا کراوە بە (خەباتیان).

بە گشتی و قەڵایەکی ستراتیجی شۆڕشگێڕانەیە لە ناوچەکەدا دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم[٤٥]و تەماعی دەوڵەتانی گەورە.

ـ سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵەمان و شۆڕشەکەمان لە کوردستانی عێراقدان و خەباتمان ڕاستەوخۆ دژی سیاسەتی شۆفێنیانەو فاشیستانەی سوڵتەی بۆرجوازی بیرۆکراتی بەعسە،کە نەک هەر گەلی کورد لە ڕووی نەتەوایەتیەوە ئەچەوسێنێتەوەو لە ساکارترین[٤٦]مافی نەتەوەیی و دیموکراتی و ئینسانی بێ بەشی کردوە، بەڵکو سوڵتەی دیکتاتۆریانەی بۆرجوازیەتی بیرۆکراتی فاشیست، وە کرێکاران و جوتیاران و چینە زەحمەتکێشەکانی تری هەموو عێراق بەو پەڕی درندایەتی، بەڵام لە ژێر پەردەی ئازادی[٤٧] و پێشکەوتنخوازیدا، ئەچەو سێنێتەوە، وە هەر وەک ناکۆکی سەرەکی جەماهیری[٤٨] چەوساوەی گەلی کورد لەگەڵ ئەم سوڵتە یە، هەروەها نا کۆکی سەرەکی جەماهیری[٤٩] چەوساوەی باقی عێراقیش هەر لەگەڵ هەمان سوڵتەیە بۆیە ئامانجی ناو کۆیی[٥٠]سەرجەم گەلی عێراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانی ترەوە ڕوخاندن و لە ناوبردنی سوڵتەی بۆرجوازی بەعسی فاشیستەو دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتیانەی گەلە، کەلە سایەیدا گەلی عێراق بە دیموکراسی ڕاستەقینە بگات وگەلی کوردیش بەمافی چارەنوسی خۆی بگا بۆیە (ئالای شۆڕش) خەبات ئەکات لە پێناوی ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستیە لە پێناوی:

ـ پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کوردو تورکمان و هەموو کەمە نەتەوەییەکانی تری عێراق.

ـ بە هێزکردنی یەکێتی[٥١]شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی گەل.

٤٥ لە سەرچاوەکانی تردا وشەی تری بۆ زیادکراوە.
٤٦ بە هەڵە لە سەرچاوەکانی تردا خراوەتە دوای ڕستەکەوە.
٤٧ لە سەرچاوەکانی تردا (ئازادی) لابراوە.
٤٨ لە سەرچاوەکانی تردا کراوە (بە سادەترین).
٤٩ لە سەرچاوەکانی تردا کراوەبە (جەماوەر)
٥٠ لە سەرچاوەکانی تردا ئالگۆربە وشەکەکراوەو کراوە بە (ناکۆکی)
٥١ لە سەرچاوەکانی تردا وشەی (بڕیاردان) ی بۆ زیادکراوە.

ـ یەکێتیی خەباتی مارکسیە ـ لینینیەکانی عێراق کە ئەمڕۆ لە وڵاتەکەماندا چەند ڕێکخراوو گروپ و دەستەو کەسانی مارکسی ـ لینینی هەن وە پێویستە خەبات بکرێت بۆ پەیدا کردنی باشترین و مومکین ترین شێوە خەباتی یەکگرتوو. ئاڵای شۆڕش لەم مەیدانەدا دەنگێکی دلێرو مەوزوعی ئەبێت و بێ وچان تێ دەکۆشێ.

ـ ئاڵای شۆڕش لە پێناوی بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێ دەکۆشێ و هەوڵی بێ سنور ئەدات بۆ چەسپاندن و خەباتی ڕێکخراوە[٥٢] پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و دەرخستنی بیری چەوتی تاکە حیزب و ڕاهێنانی جەماهیری[٥٣] گەل بە دروستی بەرەی یەکگرتوو وە هەوڵدان بۆ گەشە پێدانی یەکێتیی نیشتمانیی بەرەو بەرەی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕ. لە هەمان کاتیشدا دەست نیشانکردنی کەموکوڕیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی بەنیازی گەشەپێدان و زیاتر پتەوکردنی ڕیزەکانی لە خەباتدا دژی سوڵتەی فاشستی بەعس و دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی ناو خۆ و دەرەوە.

دژی تێکۆشەرانی[٥٤] خەباتی گەلی کوردستان لە هەموو بە شەکانی کوردستاندا وە لە هەوڵدان بۆ یەکخستنی نەخشەو بیروڕا لە نێوان ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازە دژ بە ئیمپریالیزمەکان لە کوردستان.

ڕوونکردنەوەی دەوری جەماهیری[٥٥] زەحمەتکێشی گەل و پیشاندانی وزەو توانای لە بن نە هاتووی و چەسپاندنی سیاسەتی پشت بە جەماهیر[٥٦] بەستن لە باتی پشت بە یارمەتی دەرەوەو ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیەی کە هەمیشە ناوە ڕۆک دەوری سەرەکی هەیەو دەرەوە تەنیا یارمەتی دەرە.

---

٥٢ لە سەرچاوەکانی تردا کراوە بە(وزە).
٥٣ لە سەرچاوەکانی تردا وشەی (شۆڕشگێڕ)ی بۆزیادکراوە.
٥٤ ئەم وشانەش لە سەرچاوەکانی پێشتردا نیە.
٥٥ لە سەرچاوەکانی تردا کراوە بە(جەماوەر).
٥٦ لە سەرچاوەکانی تردا کراوە بە(جەماوەر).

* دیفاع کردن لە بەرژەوەندی کرێکاران و جوتیارانی هەژارو چەوساوەکانی ترو بایەخ دان بە ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتیان و ڕێ پیشاندان بوو[٥٧] لە پێناوی ژیان و دوا ڕۆژی ڕووناکدا کە لە دەست هەژاری و دواکەوتویی و نەخوێندەواری ڕزگار بن ئەرکێکی گەورەی ئالای شۆڕشە.

* بە جێهێنانی هەموو ئەو[٥٨]ئەرکانەی ئەستۆی ئالای شۆڕش پێویستی بە یارمەتی و هاوکاری هەموو دەزگاکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەمان و کادران و پێشمەرگە هوشیارەکان و هەموو شۆڕشگێڕە پیشکەوتوخوازەکانی تری وڵاتە، کە بڕوایان بە بایەخی ئەم ئەرکانە هەیە بۆیە ئالای شۆڕش داوا لە:

ـ هەموو هاوڕێیان و هەموو هاوبیران ئەکا کە بەرهەمی فیکری خۆیانمان بۆ بنێرن بە مەرجێک گونجاوبێ لەگەڵ ڕێبازی جەریدەکە.

ـ کادران و هەموو هاوڕێیانی تر ئەکەین لە ناو شار و لادێ و لە دەرەوەی وڵات، هەرکەسەو هەر لیژنەیەک لە ئاست و شوێنی خۆیدا لێکۆڵینەوە دەربارەی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسیی و ئابووری و عەسکەری بکات وە گوێ بۆ ڕای جەماهیر[٥٩] شل بکات و تاقیکردنەوەکانیان دوورنەبنەوە[٦٠] لێیانەوە فێربن وپوختەی لێکۆڵینەوەکانیان،بنێرن بۆ ئەوەی ئەم جەریدەیە ڕوانینێکی تێکڕایی هەبێت دەربارەی هەموو وەزعێکی وڵات[٦١].

***

٥٧ بەهەمان شێوە کراوە بە(ئەم)

٥٨ وشەی تری بۆ زیادکراوە، سەیری سەرچاوەکانی پێشتر بکە.

٥٩ لە سەرچاوەکانی پێشودا کراوەبە(جەماوەر).

٦٠ ئەم وشەیەش گۆڕاوەو وشەی تری بۆ زیادکراوە.

٦١ لە لاپەڕەی(٧،٢،١) ی ڕۆژنامەی (ئالای شۆڕش) دا بڵاوکراوەتەوە.

دەوڵەت و شۆڕش، لینین[٦٢]

شەست ساڵی تەواو لە مەوپێش لینینی مەزن یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی خۆی کە کتێبی دەوڵەت و شۆڕشە (الدوله والثوره) نووسی و هەر لەو ماوەیەدا بڵاوکرایەوە. لینین ئەم کارە بەنرخەی لە دوو مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی (١٩١٧) دا بەرهەم هێنا، واتە لە ماوەی نێوان شۆڕشی بۆرجوازی شوباتی ئەو ساڵەو شۆڕشی سۆشیالیزمی مەزنی ئۆکتۆبەردا وە بە بۆنەی تێپەڕ بوونی شەست ساڵ بە سەر بەرهەم هێنانی ئەو شاکارە بەبایە خەوەو بە سود بەخشی ئەزانین کە تیشکی بهاوینە سەر ناوەرۆکی ئەو کتێبەو پەیوەندی بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانەوە، هیوادارین خوێندەوارانی شۆڕشگێڕوکادرانی کۆمەڵەمان و هەموو یەکێتیی نیشتمانیی سودی لێوەرگرن بۆ ڕونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕشگێڕانە بۆجەماهیری تێکۆشەری گەلەکەمان.

لینینی مەزن مامۆستاو[٦٣]پێشەوای پرۆلیتاریای جیهان و سەرکردەی یەکەمین شۆڕشی سۆشیالیستی و دامەزرێنەری یەکەمین دەوڵەتی سۆشیالیست لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پرۆلیتاریادا لە جیهاندا کە یەکێتیی سۆڤیەتە. نەک هەر مارکسییەکی دروست و ژیر بوو بەڵکو بلیمەتێکی [٦٤]بێ هاو تاو گەشەی خولقێنەرانەی بە مارکسیزم و هەموو ڕونتر و قوڵترکردۆتەوە، مارکس و ئەنگلس بیروڕا بنچینەیی یەکانیان، سەبارەت بە مەسەلەی دەوڵەت و شۆڕش داڕشت و لینینی مەزن لە کتێبەکەی خۆیدا زیاتر قوڵی کردۆتەوەو بە پێی گەشەکردنی باری چینایەتی لە جیهاندا بە گشتی و لەوڵاتانی سەرمایەداریدا بە تایبەتی و بە پێی گەشەکردنی سەرمایەداری بەرەو بەرزترین پلە کە ئیمپریالیزمە بیروڕاکانی مارکس وئینگلسی قووڵتر کردۆتەوەو لەگەڵ باری تازەی شۆڕش پرۆلیتاریای جیهاندا گونجاندویەتی.

٦٢ لە سەرچاوەکانی پێشووتردا، ناوی(لینین) لە پێشەوە نوسراوە، بەڵام لە ڕۆژنامە ڕەسەنەکەدا بە پێچەوانەوە نوسراوە.
٦٣ لە سەرچاوەکانی پێشتردا کراوە بە(بلیمەت).
٦٤ لە سەرچاوەکانی تردا گۆڕانکاری لەم وشانەدا کراون.

لە[٦٥]کتێبەکەیدا لینین مەسەلەی دیموکراسی بە وردی شیکردووەتەوەو ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە دیموکراسی دیموکراتیەتی چینی دەسەلاتدارەو داموودەزگای دەوڵەت هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە لە جیهاندا داموودەزگایەک بوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی چینی دەسەلاتدارو هاوپەیمان و هاو بەرژەوەندیەکانیەتی بۆیە هەرگیز ناشێ دوو چینی ناکۆک و خاوەن بەرژەوەندی جیاواز لە سایەی یەک ڕژێمدا وەکو یەکتر ئەو دیموکراتیە یان پێ نابڕێت، سەبارەت بەو ڕاستیەی کە مارکس دەری خستوە کەوا(تا چینی[٦٦]چەوساوە ما بێ پرۆلیتارلە چەوساندنەوە ڕزگار نا بێت)، لینینی مەزن ئەوەی تەئکید کردووەتەوە، کە تەنیا ڕێگە بۆ نە هێشتنی چەوساندنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەوەیە کە پرۆلیتاریا دەسەلات بگرێتە دەست وە داموودەزگای دەوڵەتی بۆرجوازی چەوسێنەر بڕوخێنێت وە تێکوپێکی هەڵوەشێنێت[٦٧]وە لە جێیدا داموودەزگای شۆڕشگێڕانەی دەوڵەتی نوێ[٦٨] لە ژێر سایەی سەرکردایەتی پرۆلیتاریادا دامەزرێنێ وە هەروەها لینین ئەوەی دەست نیشان کردووەتە کە جوتیاران چ دەورێکی گرنگیان هەیە بە تایبەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیارانی کردۆتە مەرجێکی بنچینەیی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی یە بەڕابەری چینی کرێکار، واتە لەم سەردەمەدا کە بۆرجوازیەت نەک هەرگوڕی شۆڕشگێڕانەی سەردەمی شۆڕشی بۆرجوازی تیانەماوە بەڵکو بۆتە چینێکی کۆنە پەرست وە چەوسێنەر وە مومکین نیە سەرکردایەتی شۆڕشی دیموکراتی بکات چ جای شۆڕشی سۆشیالیست.

* کە ڕیفزیونیستەکانی سەردەم بە تەمان بۆرجوازیەتی هەندێک وڵات بەرەو دامەزراندنی سۆشیالیزم بەرن وەکو عێراق، وە نەک شۆڕشی سۆشیالیستی

---

٦٥ لە سەرچاوەکانی پێشودا گۆڕان لەم وشانەدا کراون.
٦٦ لە سەرچاوەکانی پێشودا کراوە (بەخۆی)
■ دوای تەواوکردنی ماوەی سەربازی ... لە ... دا ... ی لازمی یەکێتی ... .

ماوەی ... یەکێتی ... مەشق کردن لە ... دوای ... و بۆ هەمان ... .

دوای تەواوکردنی ... وگیرا بە ... کتێبەی ... (...) لە ... .

■ لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧١) ... ... و ... .

سەرەتای ل (٧)

ئاڵای سوور

ڕێی خەباتمان ... هەنگاو ... سوور ... لەم ... ئاڵای ... . ئازادی ... بە ... جیهانی ... ئاڵای سووری ... هەر ... سەرکەوتن ... .

++++++++++++++++++++

++++++++++++++++++++

دوای لە ... هاوڕێیانی ... وجەعفەر و ... فاشیست بە ... لە سەر ئیعدام کردنی تێکۆشەران لە ... مانگی نیساندا ئەم هاوڕێ ... یانەمان لە سێدارە دران :

١ ـ یاسین محمد حسن
٢ ـ اسماعیل قاسم علی
٣ ـ محمد قاسم علی
٤ ـ صلاح ... قادر
٥ ـ نصر الدین نجم الدین
٦ ـ مصطفی عبد القادر
٧ ـ خسرو عبد اللە
٨ ـ ... عبد القادر

لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەدا هاوڕێی تێکۆشەرمان عبد اللە ... سەلام ... فاشیستەکان ... لە مانگی ... ی ... کوشتمان .

چەند تێکۆشەرێکی ... نیشتمانپەروەرە ... کە ... (٦٠) نیشتمانپەروەری لە سێدارە داوە . ... بەڵام ... .

شەهیدبوونی شامل و گەرمیانی و هاوڕێکانیان

ڕۆژی ٣/ ٩/ ١٩٧٧ ... کوردی دوژمن ... هاوڕێ ... شامل (شوان علی) ... هاوڕێ ... گەرمیانی (ملا احمد حمە امین ...) ... .

■ ... پێشکەشی گیانی شەهیدان شامل وگەرمیانی و هاوڕێیانیان ... عبد اللە و حمە غریب ... و هەموو شەهیدانی ڕێگای ... کە لەشمان و هەموو گەلانی جیهان .

تەوەری سێیەم

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
بۆچی؟

نوسینی

بە زمانی عەرەبی: جەلال تاڵەبانی (مام جەلال)

وەرگێڕانی

شاسوار جەلال (ئارام)

ساڵی ١٩٧٥

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرهەمی پەلە پەل و کاری سەرپێیی نە بووە، وەکو هەندێ کەس حەز ئەکەن لە قەڵەمی بدەن، بەڵکو بەر ئەنجامی هەلی پێگەیشتنی بیرێکی شۆڕشگێڕانەو واقعیی دەربارەی بزوتنەوەی ڕزگاریی گەلی کوردستان و پێل و بۆ چونی دیموکرات و پێشکەوتنخوازو چەپی وای تیایە کە پارتیەک نەک تەنیا نا توانێت هەموو یان بگرێتە خۆی هەروەک لە دایکبوونی یەکێتیی ئەنجامی پەی بردنێکی هۆشیارانەیە بە پێدا ویستییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیەکی زۆر لێکراو، ئەو پێداویستی یانەی یاسایەکی عیلمی گشتی کۆی کردۆتەوە لە پێویستی بونی پارتی پێشرەو، یەکێتیی نیشتمانی هێزە دیموکراتەکانی گەل و، لە شکری گەل، بە مەرجێک کە پارتی یە پێشرەوە کە ڕابەرایەتیان بکات.

بە تێکەڵکردنی ئەم ڕاستی یە گشتی یەی ئەو یاسا شۆڕشگێڕانەیەی کە تاقیکردنەوەکانی گەلانی دونیا سەلماندویەتی لە گەڵ باری تایبەتی دەست نیشانکراوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردا، بیری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەلاڵە بوو، هەروەها واقیعی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردو بارە تایبەتی یەکەی و ئەو پیلە (تەیار) گشتی یانەی تیایدان و، سود وەرگرتن لەو دەرس و تاقیکردنەوانەی کە لە زمانی شۆڕشەکەی کورد هەڵی ڕشتن، ئەمانە هەمووی ڕەچاو کراون پاش ئەوەی چەند و چون ژێرکەوتنی سەرکردایەتی خێڵەکی و بۆرجوازییەتی ڕاستڕەو ئیسپات بووە، وە هەڵەی تاکە پارتی شێوە نەتەوەیی پان و پۆڕ ئاشکرا بوو، وە بە ڕوونی بایەخیدانە بە ڕاستی بوونی چینی کۆمەڵایەتی جیا کە هەموو مەسەلەیەکی نیشتمانی گشتی کۆمان ئەکاتەوە، دەرکەوت ئەویش کە مەسەلەی ئاگادار بوونە لە ئیمپریالیزم و دیکتاتۆریی و لە لایەکی تریشەوە بەرژەوەندی تایبەتی چینایەتی یان و خەبات

دژی دەرەبەگایەتی و لە پێناوی ڕیفۆرمی (اصلاحات) دیموکراتیانە و ئازادی سیاسی و گشتی لە یەکیان جیا ئەکاتەوە. ... شیکردنەوەی زانستی واقیع و دوری ئەو چینە کۆمەڵایەتیانەی لە ئاڵاوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد کۆبونەتەوە ئەمان گەیەنێتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

***

یەکەم:

بزوتنەوەی ڕزگاریی گەلی کورد لە جەوهەردا بزوتنەوەی جوتیارانە کە زۆرایەتی گەلی کوردن، لە شکری ڕزگاریی شۆڕشگێڕیش زۆربەی هەر لە جوتیاران پێک دێت، ئەو خاکەی شارەکانی جەنگی گەلیشی لێ ئەکرێت لادێی جوتیاران و شاخ و دوڵ و ئەشکەوتەکانێتی.

جا سەبارەت بەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانە جەوهەرەکەی بزوتنەوەی جوتیارانە، بۆیە ئەبێ خەبات بکرێت بۆ ڕزگار کردنیان لە دەرەبەگایەتی، چونکە ئەمە:

١/ مەرجێکی بنچینەیی یە بۆ ڕاپەڕاندن و هوشیار کردنەوەو سازدانی تواناو وزەیان و ئاراستە کردنی بۆ خەباتی نیشتمانیی شۆڕشگێڕانە.

٢/ عامیلێکی سەرەکی یە بۆ لە ناو بردنی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی بێگانە کە وەکو پایە یەک پشت بە دەرەبەگایەتی ئەبەستێ.

٣/ کارێکی پێویستە بۆ گەشە پێدانی کۆمەڵ بەرەو پێشکەوتن و بوژاندنەوەی ئابووری و پیشەسازی بەڵام جەوهەری جوتیارانەی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی، شێوە نەتەوەیی یە ڕزگاریخوازانەکەی نا سرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە پشتگیری ئەکات. شێوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازانەی لە ناو تێکۆشاندا ئەدرەوشێتەوە کە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان ئەکرێ لە دەسەڵاتی بێگانەو لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی گەلدا، بە هەموو چینە نیشتمانی یەکانیەوە، لە بڕیاردانی چارەنوسی خۆیا، جوتیاران زۆربەی زۆری گەلی کوردن و، دانیشتوی فراوانترین بەشی کوردستانی نیشتمانن، ئەوان هێزی بنچینەیی

گەشە کردنی ئابوری دوا ڕۆژن، زۆربەی زۆری کرێکاران هەر لەوان پێکدێ و، کەرەسەی خاوی زۆر پیشەسازی لە ناوچەکانی ئەوانەوە ئەهێنرێت، خاکەکەی ئەوان خواردەمەنی بەرهەم دێنێ و، لادێکانیان بازاڕی بەرەوی ساخکردنەوەی کەلوپەلی خۆماڵی یە لە بەر ئەمانە جوتیاران هێزی سەرەکی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتین، بەڵام جوتیاران چینێکی کۆمەڵایەتی هاوشان نین بگرە لە چەند توێژێکی چینایەتی جیا جیا پێکهاتوون، جوتیاری ناوەنجی و کرێکاری کشتوکاڵیشیان تیایە لە ناو ئەم توێژە کۆمەڵایەتیانەدا، کرێکارانی کشتوکاڵ و جوتیارانی هەژار لە هەموو تاقمە لادێییەکانی تر شۆڕشگێڕترن، لێهاتووترن بۆ شۆڕش و درێژە پێدانی، جوتیارە ناوەنجی یەکان نزیکترین هاوپەیمانن، جوتیارە دەوڵەمەندەکانیش دۆستن بەڵام ڕاڕان.

***

دووەم:

چینی کرێکار کە نوێ ترین چینی کۆمەڵایەتی یەو هەمیشە لە پێگەیشتن و گەشە کردن دایە، ژمارەی لە زیاد بوون دایە و، لە ڕوی چۆنایەتی یەوە چاکتر ئەبێت. بەرژەوەندی ئەم چینە لە ڕزگار کردنی نیشتمان و بەدیهێنانی بنەڕەتی و ڕیشەیی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی دایەو، بەرژەوەندی یە گرنگەکانی پێچەوانەی هەموو جۆرە ئازاردانێکی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەیەکی چینایەتی و جیاوازی یەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی یەوە، نەلە هەموو چینە کۆمەڵایەتی یەکانی تر شۆڕشگێڕترە، لە هەموویان زیاتر قابیلیەتی ڕێکخستنی و توانای خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەیە، لە هەموویان کارا ترە بۆ پشوو درێژی و خۆڕاگرتن و خاوەنی گیانێکی تێکۆشەرانەی شۆڕشگێڕانەیە و خاوەنی تیورێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەیە کە ڕێبازی بەردەمی بۆ ڕوناک ئەکاتەوە، ئەمانە وای لێ کردوە کە لە هەموو چینەکانی کە زیاتر شایستەی گێڕانی دەوری پێشڕەوی شۆڕشگێڕبێت لە بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی دیموکراتیدا.

***

سێیەم:

وردە بۆرجوازی شارو لادێ کە بریتی یە لە ڕۆشنبیرو، کاسب و، پیشەگەر (سنعەتکار)، قوتابی، موچە خۆری بچوک، مەلا هەژارەکان، موستەخدەم و جوتیارانی ناوەنجی. بۆرجوازی بچوک هێزێکی پێشکەوتنخوازەو بەشە ڕوناکبیرەکەی (ڕۆشنبیران و قوتابیانی شۆڕشگێڕ) دەورێکی گرنگ و با یەخدار لە ڕاپەڕاندن و هۆشیار کردنەوەی کرێکاران و جوتیاراندا ئەگرێت، دەوری هەڵگری مەشخەڵ ئەبینێ لە خەباتی ڕزگاریی نیشتمان دا وە ئەگەر لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجدەرانی تر تێکەڵ ببێ هێزێکی شۆڕشگێڕی کاریگەرو بەتوانا پێک دێنێ و زۆر کەسی سەرکردەیی و پێشڕەوی تیا هەڵ ئەکەوێت، بەڵام وردە بۆرجوازی بە شێوەیەکی گشتی گەلێک سیفاتی سەلبی هەیە وەک ڕاڕایی و هەڵچونی شۆڕشگێڕانەو ئینجا دامرکانەوە، پاشە کشە، خەباتی وەرزی، بیروڕای تەسکی نەتەوەیی، هەندێ جار توندو گرژە تا جاری وا هەیە ئەبێتە نەتەوە پەرستی شێت گیر (تعصب قومی)، و دەستەگەریی بەرەڵاو هەوڵ دان بۆ ژینێکی خۆشتر و هێمن تر... ئەمانە وا لە و تاقمانە ئەکات کە توشی سەلبییەت و پاشە کشێ بێت، دوچاری بە جێهێشتنی خەباتی سەخت و درێژ ببن، وە توشی چەندین نە خۆشی وەک هەلپەرستی، خۆیایەتی سوڵتایەتی (فردیە)، خۆپەرستیی و زۆر نەخۆشی تری وا ببن کە زیان بە خەبات ئەگەیەنن.

***

چوارەم:

بۆرجوازی نیشتمانی، کە بریتی یە لە بازرگان، دەوڵەمەندی نیشتمان پەروەردەو خاوەن پیشەسازی و محامی، ئەندازیار، مقاول، دکتۆر، بەڕێوەبەرانی دەزگاو کۆمپانیەکان، جوتیارە دەوڵەمەندەکانی لادێ ئەم لە سەرێکەوە بە هەستی تەسکی نەتەوایەتی و لە سەرێکی کەوە بە زۆر بە تەنگەوە هاتنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە ئە ناسرێت، دژی دەسەڵاتی بێگانەو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی یە، بەڵام لە بەر ئەوەی چینێکی کۆمەڵایەتی فشۆڵ و لاوازو بێ هێز(لە ڕووی

ئابووری یەوەو لە ئەنجامی ئەمەدا لە ڕووی سیاسی شەوە) نا توانێت لە سەر خەباتی درێژ خایەن بڕوات. بە هۆی هەستی نەتەوایەتی یەوە یا خود بە هۆی بەرژەوەندی چینایەتی یەوە جۆلانە ئەکات لە نێوان نیشتمان پەروەری و سەوداکاری دا کە هەستی نە تەوایەتی کاری تێ ئەکات نیشتمانپەروەری یەتی یەکەی ئەبزوێ، کە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیشی ئەکەونە مەترسی یەوە لە گەڵ دوژمن ئەکەوێتە سات و سەودا.

لە بەر ئەوە هەمیشە ئامادەیە چارە سەری نیوە و نیوە چڵ قبوڵ بکات بە ناوی (ڕزگار کردنی ئەوەندەی ئە توانرێت ڕزگار بکرێ) تەنانەت کە خەباتی کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجدەرانی تر پەرە ئەسێنێ و توند ئەبێت، یا کە هەوری ڕەش ئاسمانی نیشتمان دا ئەگرێت و بزوتنەوەی نیشتمانیی ئەکەوێتە ڕۆچون و نیشتنەوە ئەم ئامادەیە دەست بخاتە دەستی دوژمنەوەو هاوکاری لەگەڵ بکات، بۆ یە ئەبینین هەندێ وەرز خەبات ئەکات و، کاتێکیش بەرژەوەندی یە تایبەتیەکانی پێویست ئەکات لە مەیدان هەڵدێت و خیانەت لە شۆڕش ئەکات، لە بەر ئەوە ئەبێ لەم چینە وریاو ئاگادار بین، بە دۆستێکی کاتی دابنێین کە ئەشێ پا شگەز ببێتەوە و شۆڕش بەجێ بهێڵی.

جگە لەم چینە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەتوانن هاوپەیمانییەتییەکی نیشتمانی بەرین پێک بهێنن کە هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران بەردی بناغەی بێ - کەسانی تری زەویدار، مەلاو بنەماڵە مەزهەبی یەکانیش دێنە ڕیزی بزوتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازەوە ئیتر سا بەهۆی هۆشی نەتەوایەتی و هەست کردنیان بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و مەزهەبی یەوە بێ یان بە هۆی هەڵچونی شۆڕشگێڕانەی جەماهیرەوە بێ، یان لە سایەی نۆشینی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرانەو دیموکراتخوازو تێگەیشتنی گیانی نوێی سەردەمەوە بێ هاوپەیمانێتی (یەکگرتن) کرێکاران، جوتیاران و بۆرجوازی بچوک هێزی سەرەکی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی پێک ئەهێنن. (ی.ن. ک) پش لە پلەی یەکەم دا هەوڵی ڕێکخستن و یەکێتی تێکۆشەرانەی ئەمانە ئەدات لە ژێر ئالاکەیدا

لە شێوەی"نیمچە بەرە"یەک دا، چونکە ئەم هێزانە بەرژەوەندی بنەڕەتی ناوکۆیی یان هەیەو ئامانجە نیشتمانییە گشتییەکان کۆیان ئەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ناو خۆیان دا لە سەر کۆمەڵێک مەسەلەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و فیکری ناڕێکن، جیاوازی ئایدیۆلۆجی و لە یەکنەچونی ڕوانین و هەڵوێست بەرانبەر بە چاکردنی کشتوکاڵ (اصلاح الزراعی) و دەسەڵاتی نیشتمانیی و دەوری چینەکان لە بزوتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی و دوا ڕۆژی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات... ئەمانە چەند مەسەلەی گرنگن لە سەری پێک نایەن، لە بەر ئەوە ناکرێ هەموو بخرێنە یەک (پارتی) یەوە بەڵکو ئەتوانرێت یەکێتییەکی ئارەزومەندانە یان لێ پێک بهێنرێ لە خەبات دا دژی ئازاردانی نەتەوایەتی و ئەو شاڵاوە شۆڤێنی یانەیەی کە بە مەبەستی لە ناو بردنی نەتەوەی کوردو بە عەرەبکردنی شوێنە گرنگەکانی کوردستان ئەکرێت کە ئامانجی نیشتمانی گشتین.

ئەو بارە واقعی و تایبەتییەی کە باڵی بە سەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردا کێشا بەڵگەیەکی تری سەلماندنی ئەو ڕاستییە تیوریانە بوون کە بە لێکدانەوەی زانستی لە ڕوداوە مادیی یەکانەوە هەڵهێنجراون، ئەوە بوو پاش هەرەسهێنانی شۆڕشەکەی کورد،کە هەموو چینە نیشتمانپەروەرو دەستە زەویدارەکان لە ژێر ئاڵاکەیدا کۆبوونەوە..ڕابەرایەتی یە خێڵەکییەکەی کورد جارێ دواهێنان بە خەباتی چەکدارو خەباتی سیاسی پێکەوە گرێ داوە خەڵکیان سەر پشک کرد لە نێوان گەڕانەوە بۆعێراق وە یان کۆچکردن لە تەکیا بۆ ئێران. ئەمەش بو بە هۆی دروستبونی بۆ شاییەکی گەورە لە مەیدانی سیاسی کوردا وە پچڕانی ئەو زنجیرە نیشتمانپەروەرییەی کوردەکانی بە بێ جیاوازی فیکری و سیاسی یان لە ژێر ئاڵای (پارتی دیموکراتی کوردستان) دا پێکەوە بە ستبوو کە خۆی لە واقیعدا کۆبونەوەیەکی نەتەوەیی فراوان بوو، چەپ وڕاست، پێشکەوتنخوازو کۆنەپەرستی، پێکەوە تیا بوو، لە یەکترازانی ئەو پەیوەندییە کە هەموو لایەکی یەک خستبوو... پەیوەندی شۆڕش و پارتی... بوو بە مایەی دەرکەوتنی چەند پیلێک کە لە بزوتنەوەی ڕزگاریی کوردا هەبوون و ئاشکرا

بوونی نیمچە سەر بەخۆیی یان لە سەر شانۆی سیاسی لە وانە ئەم سێ پیلەی خوارەوەن:

***

پیلی یەکەم:

پیلێکی ڕیفۆمیستی (تیاراصلاحی)نەتەوەییە کەدوای دامەزراندنەوەی (پ.د.ک) ودرێژەدان بەکارکردن لە ژێر ئالاکەی دا ئەوە ئەکا بە بیانوی دەسبەرنە دانەوە لە دەورە مێژوویییەکەی، ئەم پیلەش ئەبێ بە دوو بە شەوە:

ا ـ بەشێکی ڕیفۆرمیستی کە داوای (ژیاندنەوەی پ.د.ک) ئەکات بە ڕەزامەندی حکومەتی دیکتاتۆری عێراق (بۆرجوازی ـ بیرۆکرات) لە چوار چێوەی ئەو بەرە نیشتمانییەدا کە لە عێراقدا هەیەو، پرۆژەی ئۆتۆنۆمی یە ساختەکەش قبوڵ ئەکا و هەوڵ ئەدا ئەوەندەی ئەکرێ ڕزگار بکا. لە ناو ئەم پیلەدا سەدان کەسی لە وانەی تیایە کە گەڕاونەتەوە بۆ عێراق، هەندێ لەو خوێندەوارانەی تیایە کە سالانی خەباتی سەخت ماندوی کردون، شەپۆلی نا ئومێدی نقومی کردون پاش هەرەسهێنان بە شۆڕش، وە کەسانی هەلپەرست کە چاویان بڕیوەتە کورسی وەزارەت و پایەی خۆش، کەسانی تر کە گیانی تێکۆشەرانەو توانای لە سەر ڕۆیشتنی خەباتیان لە باری تیرۆری (ارهابی) فاشیستی ئێستای عێراقدا لە دەسداوە. لە وانە بۆ ئەم تەییارە مەترسی یەکی گەورەی دروست بکردایە بۆ سەر خەباتی شۆڕشگێڕانە، ئەگەر دەسەلاتی دیکتاتۆریی شۆڤێنی بە دەنگی یەوە بچوایەو لە چوار چێوەی پارتی یەکی ئیجازە پێدراوا ڕێگەی کارکردنی ئاشکرای بدایەتێ بەتایبەتی لە زروفی پاش هەرەسهێنانی شۆڕش و نابوتبوونی سەرکردایەتی خێڵەکی و ئەو شەپۆلی تورە بوون و ناڕەزاییەی جەماهیری گەلەکەمانی ڕاگرتبوو،لە باری پەیدا بوونی ئەو بۆ شاییە سیاسی یەدا کە هێشتا پیلێکی پێشکەوتنخواز پڕی نەکردبوەوە.

بەڵام ئەم پیلە نەیتوانی جەماهیری کورد لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە لە بەر چەندین هۆ لە وانە ڕێگە نەدانی دەسەلاتی دیکتاتۆری بە ئیشکردنی ئەمانە

کە چاوی جەماهیری زیاتر کردەوە لە مەڕ ڕاستی نیازە شۆڤێنی یەکانی دژی نەتەوەی کوردو هیوای ئەوانە شەریکە لەم پیلەدا ئیشیان ئەکرد، جا هەڵچونە ڕیفۆرمیستیەکەش نیشتەوە دواوە، ئەم پیلە پیلی بۆرجوازی کشایە دواوە، نەتەوەیی اصلاحی ئەنوێنێ لە ناو بزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردا، لایەنی بیرو لە ڕووی شێوەی کار کردنیشەوە هەر ئەوە ئەنوێنێتەوە حەزو ئارەزوی ئەم پیلە بۆ سات و سەودا لەگەڵ کاربەدەستان بە ناوی ڕزگار کردنی ئەوەی ئەتوانرێت ڕزگار بکرێت ئارەزویەکی سروشتییە، لە زروفی لەم بابەتەدا لێی دەرئەکەوێت، بەڵام جەماهیری گەل ئەم ئارەزوە ئەداتەوە دواوەو قێزی لە خاوەنەکانی دێتەوە، لە کۆتایی دا ئەم پیلە ویستەکانی جەماهیری پێ دەرنا بڕدرێت و ناتوانێ بەرگری لە مافە کانی بکات، لە بەر ئەمە هەرگیز نا بێتە هێزێکی پێشڕەو یا سەرکردەی خەباتی جەماهیر، بەڵام زەمینەی کۆمەڵایەتی تا ماوەیەکی تریش هەر ئەمێنێ وە ڕەنگە کاتێک کە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیر دژی دیکتاتوری شۆڤێنی توند ببێت ئەو هەوڵی زیندو کردنەوەی بداو بیهێنێتەوە بەرچاو، کە هەست بە مەترسی ئەکات نا چار ئەبێت ڕزگار کردنی ئەوەی کە ئەتوانرێت ڕزگار بکرێت بخوازێت واتە دورخستنەوەی ئەوەی ئەتوانرێت دور بخرێتەوە لە خەباتی شۆڕشگێڕانە.

بۆیە ئەبێ وەک ڕیشەی چینایەتی و فیکری ئەم پیلە دەربخرێ و زیان و مەترسییەکانی بۆ گەل ڕوون بکرێتەوە،هەوڵی دڵسۆزانە بدرێ بۆ هوشیار کردنەوە و وریا کردنەوەی کەسە ساغ و شەریفەکانیان لە ئەنجامەکانی کەوتنە دوای دیکتاتۆری یەتەوە، هەروەها کار بکرێت بۆ دابڕینی سەرکردە کەلله ڕەقەکانی لە خەڵک و ڕیسواکردنی هەلپەرستەکانیان لای قەواعیدیان.

ب ـ بەشی دووەمی ئەم پیلە ئەوەیە کە دوای زیندوکردنەوەی (پ.د.ک) لە سەر بنچینەیەکی نوێ سەبارەت بە ڕابوردوی دژی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بۆ خۆ هەڵواسین بە سەروەرییەکان و خۆ هەڵواسینێکی عاتیفی یانە بە بیرەوەری یە خۆشەویستی یەکەیدا!! لەم بەشەی ئەم پلەیە دا هەندێک ڕۆشنبیر هەیە کە لە دەرەوەی وڵات و لە ئۆردوگای پەنابەرانن لە ئێران، لە کاتێک دا کە بەشی

یەکەمی ئەم پیلەدا دوایی زیندوکردنەوەی پارتی ئەکا بەڕەزامەندی حکومەتی عێراق، دژی سەرکردایەتی بارزانی، لە بەشەکەی تردا داوای زیندوکردنەوەی پارتی ئەکا بە ڕەزامەندی سەرکردایەتی بارزانی، ئەگەر چی چرپە ئەکا دژی، بەڵام گەرەکیەتی سود لەو توانا دارایی یە زۆرەی لایانە وەربگرێ و تا جێ پێی خۆی قایم ئەکات بێ دەنگیان کا. ئەم پیلە تێگەیشتنێکی ڕاستی لە مەڕ سروشتی چینایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کورد نییە کە پڕ لەپیلی دیموکرات و پێشکەوتنخوازی جیاجیای ئەو تۆ کە هەرگیز ناکرێ هەموو یان لە بۆ تەیەک دا بتوێنرێتەوەو بخرێنە یەک پارتی سیاسی یەوە، هەروەها تێگەیشتنێکی قوڵی نییە لە مەڕ سروشتی دیکتاتۆریەتی و قوڵیی هەستی شۆڤێنی یانەی دژی گەلی کورد، کە لە سروشتی چینایەتی چەوسێنەرانەو چاو برسیانە یەوە دەرهاتووە، بۆیە مەترسی ئەوە ئەکرێت ئەم پیلی بکەوێتە سات و سەودا لە تەکیان، ئەم پیلە پشت بە عاتیفە ئە بەستێ زیاتر لێکدانەوەی مەوزوعی ئازایانە، زیاتر دەستی بە ڕابردوەوە گرتووە وەکو لە دوا ڕۆژی ڕووناک، هەروەها نۆرینی ڕوونی نیە لە مەڕ پێدا ویستی یەکانی سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کورد، تێگەیشتنی پارتی پێشڕەو، یەکێتیی نیشتمانی چینە کۆمەڵایەتی یە جیاجیاکان لە چوار چێوەی ململانێ و یەکگرتن دا، واتە یەکگرتن لە پێناوی ئامانجە نیشتمانی یە گشتییەکان دا و ململانێ لە سەر مەسەلە چینایەتی و سیاسی و دیموکراتییەکان.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا هەڵوێستمان لەم پیلە تا ئێستاش هەڵوێستی یەکگرتن و زۆرانگرتنە"الاتحاد و الصراع" هەڵوێستی دۆستانە یە. مەرجمان بۆ هاوکاریکردن لە گەڵی ئەوە یە کە هەموو پێوەندی یەکی فیکری و تەنزیمی و سیاسی...."ئاشکرا و نهێنی" خۆی بە ڕێبازە کۆنەکەوە ببڕێت بە ئاشکرا هاوکاری لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکاو کۆنە پەرستی ئێران"ادانە" بکات، ڕێبازی نیشتمانپەروەرانەی پێشکەوتنخوازانە بگرێت دوور لە پاشماوەی سەرکردایەتی یە خێڵەکی یە کە هێشتا هەر سووڕە لە سەر ڕێبازە کۆنەکەی، دورلە دیکتاتۆریی شۆڤێنی عێراق. چونکە ئەگەر وا نەکات سەر لە نوێ ترسی هەڵخەڵەتاندنی لێ

ئەکرێ بە ڕابەرایەتی خێڵەکی بەزیوی تا ئێستاش هاوکارە لەگەڵ ئەمریکا و ئێران، کە لەو بڕوایە دایە بەیارمەتی ئەم دوو لایەنەو سوور بونەوەی ئێستای ڕاست ئەبێتەوەو، بە پشتیوانی ئاشتیخوازانە یا جەنگی ئەم دوانە ئەگەڕێتەوە کوردستانی عێراق. هەر وەکو مەترسی ئەوەش هەیە کە لە دیکتاتۆرییەتی عێراق نزیک ببێتەوە بە بیانوی لاوازیی بزوتنەوەی کورد، پێویستی کەڵک وەرگرتنە لە زروف و، کار کردنی شێنەیی بۆ چاککردنی یاسای ئۆتۆنۆمی و، کارکردن بە پێی ئەوەی لە توانادا یە وە چەندین بیانوی پڕو پوچی تر.

***

پیلی دووەم:

ئەوە یە کە ئەیەوێت (پ.د.ک) لە ژێر سەرپەرشتی سەرکردایەتی یە کلاسیکی یەکەی"تقلید"بە ڕەزامەندی ئێران و ئەمریکا زیندو بکرێتەوە بە چەشنێ کە چالاکی یە سیاسییەکانی لەو سنوورە دا بێت کە ئەو دوو دەوڵەتە ڕێگەی ئەدەن، جا لە بەر ئەوەی ئەو دوو دەوڵەتە ڕێگەی زیندوکردنەوەی هەموو پارتی نادەن سەرکردایەتی یە تقلیدیەکەی بڕیاری دا کە جارێ لقی دەرەوە زیندو بکاتەوە، لە سەرەتا دا هەوڵی دا سود لەو کەسانە وەربگرێت کە بە پێشکەوتنخواز ناسراون، بیان خاتە سەرکردایەتی لقی دەرەوە لە بەر ئەوەی:

١/ کە کەسانی پەسەند کراون.

٢/ ئەتوانن ئەو گەنجانە لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە لە پاش هەڵاتنی سەرکردایەتی و هەرەسهێنانی شۆڕش ئومێدی یان بڕاو.

٣/ لە بەر ئەوەی ئەوانە مەترسییەک بۆ سەر سەرکردایەتی یە تقلیدیە کە دروست نەکەن.

٤/ بۆ بە کارهێنانی لقی دەرەوە، لە سات و سەودا بەر دەوامەکەدا لەگەڵ ئەمریکاو ئێران.

ڕاستیەکەی نابوتبوونی سیاسی و عەسکەری سەرکردایەتی یە تقلیدییەکەو موافەقەتکردنی ئەمریکا و ئێران لە سەر کارکردنیان لە دەرەوە لە سنورێکی دیاری

دیاریکراودا، بێ هیچ لێ خوێندنێکی ئەمریکا و ئیمپراتۆر حەمە ڕەزا پە هلەوی... ئەمانە پاڵیان پێوە ئەنێ بۆ خۆشاردنەوە لە ژێر سەر پۆشی هەڵخەڵە تێنەرانەدا بۆ درێژە دان بە ڕێبازی کۆن بە شێوەی نوێ، ڕێبازی پشت بە ئەمریکاو ئێران بەستن، کار ڕێکخستن و هاو ئاهەنگی لە گەڵیان لە کاری سیاسی دا ئێستا، وە لە کاری عەسکەریش دا لە دوا ڕۆژا، ڕێبازی کردارو ڕەفتاری خێڵەکی، ڕاستەو، تا کڕەوی نەتەوەیی لە کاری نەتەوایەتی سەر شانۆی کوردیدا. خوێندنەوەی ئەو بە یاننامەیەی کە ڕابەرایەتی نوێی (پ.د.ک) بە ناوی لقی دەرەوە یانەوە دەری کردەوە ئەم ڕاستییانە دووپات ئەکەنەوە، بە یاننامەکە، نەک هەر ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دەرەبەگایەتی و خێڵەکێتی و دەوری کۆنەپەرستی ئێران و شای نۆکەر تاوانبار ناکات، بگرە هەر ناویشیان نا هێنێت و بە جارێک خۆی دزیوەتەوە لە باسکردنی دەوری تاوانکارانەی ئەمریکا لە دواهێنانی شۆڕش، کەچی هەوڵێکی بێ هودە ئەدات بۆ پاساو دانی "تبریە" هەڵاتنەکەی سەرکردایەتی یە کۆنەکەو ڕاکردنی بۆ ئێران کە بوو بە هۆی کۆچ پێکردنی سەد هەزار کەسی میللەتەکەمان لە عێراقەوە وەکو ئەو مەینەتییە نیشتمانییەی بە سەر گەلی کوردا هات هیچ نە بوبێ جگە لە ئەنجامێکی ئاسایی وردنەبون لە هەڵسەنگاندنی نارێکییەکانی نێوان ئێران و عێراقدا، کە لە حسابی ڕابەرایەتی یە"تاقیکراوەو"و"مێژوویی"و" زانا کەدا" نەبووە، بە و خێراییەی بە سەر سوورِ هێنان چارە سەر بکرێت!!

بە یاننامەکە با شترین بەڵگەی نیازە ڕاستینەکانی ڕابەرایەتی ـ خێڵەکییە لە مەڕ نیازی کۆنەپەرستانەی پێشویان و خۆبەستنەوەی چارەنوسیان بە ئیمپریالیزمی ئەمریکایی یەوە تا سەر خەریکە بە تەواوی ساخ ئەبێتەوە کە ئەم پیلە هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕێباز و مەفاهیم و سەرکردایەتی و کردەوەو شێوەی کارکردن دا بە پێویستی نازانێ، بەڵگەیەکی تریش مانەوەی خۆیانە لە ئێران و هاندانی خەڵکە بۆ مانەوەو بەردەوام بونیان لە هاوکاریدا لەگەڵ ئەمریکا و ئێران. هیچ کارێکی تریان نییە گێڕانەوەی سەرکردایەتی یە تقلیدیەکە نە بێت بۆ سەر تەختەکەی لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردا. ئەگینا بۆچی واز لە تێکۆشەران ناهێنن کە دوور

لە پیلانە گومان لێکراوەکانیان و دور لە ئەمریکا و ئێران درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن؟ بۆچی لە هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان ناگەڕێن بگەڕێنەوە خاکی باو باپیریان و، سووڕن لە سەر گلدانەوە یان لە ئێران"سەرەڕای ئەو هەوڵە ترسناکەی ئەدرێ بۆ کردنیان بە فارس یا وەکو دەسکەلایەک بە دەست کۆنەپەرستێتی ئێرانەوە بمێنێ بۆ ئەوەی کەی ویستی دژی گەلی عێراق بە کوردو عەرەبەوە بە کاریان بهێنێ! ئەم سوور بونە لە سەر خۆبەستنەوە بە ئەمریکاو ئێرانەوە بۆ؟ بۆچی ڕێگە لەو گەنجانە ئەگرن، کە سەر بە ڕێبازەکەی ئەوانن، پیلانی ئیمپریالیستی ئەمریکایی شاهنشاهی لە مەڕ ئەو سەوداکاری یە پڕ غەدرو تاوانەی دژی گەلی کورد کردیان بخەنە ڕوو، ڕیسوای بکەن.

نا هەموارتر ئەوەیە کە ئەم پیلە بە هیوای تێکچونەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران، گۆڕانی هەڵوێستی ئەمریکایە دژی عێراق بە قازانجی ئەوان و بە لای بەرژەوەندی ئەوان دا... کە مانای ئەوەیە سەرکردایەتی ئەم پیلە، سووڕە لە سەر دوپاتکردنەوەی ئەو ڕوداوانەی گەلەکەمانی برد بۆ ئەو مەینەتی یە نیشتمانییەی بە سەری هات، واتە ئەمانە لەوەی ئەمریکاو ئێران پێی کردن هێشتا دەرسیان وەرنەگرتووە چونکە ئاشکرایە خۆ بەستنەوە بە ئەمریکاو ئێرانەوە مانای سەر پێدانەواندنی بەرژەوەندی یەکانی کورد بۆ ئەوان و، قوربانیپێدانێتی لە بەرخاتری ئەوان، ئەم دوو دەوڵەتە کە دژی هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی کوردن هەوڵ ئەدەن لە پەنای بە کارهێنانی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان دا مەبەستە ئیمپریالیستی و فراوان خوازییەکانی خۆیان بە جێ بهێنن. لە بەر ئەوە سەرکردەکانی ئەم پیلە هیچ ئامانجێ بۆ گەلی کورد بەدی ناهێنن، بەڵکو مەینەتییەکی تریشی بە سەر دێنن. چارەنووسی ئەم پیلە ئەگەر سەرکردەکانی لەزیندوکردنەوەی پارتی یەکەشیاندا سەر بکەون ئەوە بووەتە"تاشناقی کوردی" بە ئێران و ئەمریکاوە بە ستراوەو لە ئەڵقەیەکی بۆشدا ئەخولێنەوە بێ هیچ ئەنجامێکی ئیجابی. ئەم پیلە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەرژەوەندی زەویدارو بۆرجوازی سات و سەوداکەر و"دەوڵەمەندانی شۆڕشی کورد" ئەنوێنێ، خاوەنی بیری نەتەوە پەرستی تەسکە،

ئامادەیە لەگەڵ شەیتانیشا هاوکاری بکات تەنانەت ئەگەر ئەو شەیتانە لە ماڵەکەی خۆشیا چەندین جار گەستبێتی، ئەم پیلە کەمەی پەیوەندی ناو دەوڵەتان لە کوردستاندا بە کاردێنێ، بۆیە تا ماوەیەکی تریش زەمینەکەی هەر ئەمێنێ، ئێران و ئەمریکاش پشتی ئەگرن لە زروفی دیاریکراودا بۆ ئەوەی مەسەلەی ڕەوای کورد لە ناو گەمەی دەوڵەتاندا بهێڵێتەوە.

"ڕێکخراوی ساواکی ئێران"و موخابەراتی ئەم تەییارە هەوڵ ئەدەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر چالاکیی پێشکەوتنخوازانەی کوردستان وە وەرگرتنی هەواڵ و جاسوسیکردن بە سەر کەس و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و لاکانی تر،وە. لە بەر ئەوەی فەرمانی نیشتمانیی ڕاگرتنی چالاکیی ئەو دەزگایە ئەکاتە شتێکی پێویست، ئەبێ هەموو ئەو کەسە دڵسۆزانەی بەم دەزگایە هەڵخەڵەتاون ئێستا جیاوازی بکەن لە نێوان دەزگەیەکا کە لە خزمەتی شۆڕشێکی ڕەوادا بو، وە دەزگەیەک کە موخابەراتی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرست هەوڵی بەکارهێنانی ئەدا لە زروفی تەواو بوونی شۆڕشی داوە لە سەر دەستی هەمان تاقم دا... ئەوە دوو بار و زروفی لە یەکتری دوورن، بەشدار بونی ئێستا لە دەزگای موخابەراتی ئێستای کورد دا "پاراستن"بە کردەوە جاسوسیکردنە بۆ دارو دەستە بێگانەو کۆنەپەرستەکان...لە بەر ئەوە پێویستە لێی دور بکەوینەوەو خەبات بۆ یەکخستنی و لە کارخستنی جمو جۆڵی یەکانی بە تەواوەتی بکرێ، ئیحتیمالێکی تر لە بەردەمی ئەم پیلەدا ئەوەیە کە ئەگەر پەیوەندی ئێران - عێراق - ئەمریکا بە باشی مایەوەو، ڕێکەوتنە خیانەتکارانەکە لە نێوانیان داما، ئەوا سەرکردەکانی ئەم پیلە نا چار ئەبن سەری خۆیان لە ئێران کز بکەن، جمو جۆڵەکانیان قەتیس بکەن لە سنوری دەرەوەدا بۆ بەگژا چونی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، فێڵبازی و کەڵەکچێتیش بەکار بهێنن و بۆ خۆپێشاندان لە بەرگێکی نوێی بۆیە کراو بە ڕەنگێکی پێشکەوتنخوازانەی دیموکراتیانەو، هەموو پەیوەندی یە گومان لێکراوەکانیشیان هەر بهێڵنەوە.

لە بەر ڕوناکی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دڵسۆزانی ناو ئەم پیلە بانگ ئەکەین، داوا لە هەموو ئەو کەسە باشانە ئەکەین کە کوردو کوردستانیان خۆش ئەوێت دەست لەم کردەوە زیان بەخشانە هەڵبگرن، بە یەکجارەکی واز لەو ڕێبازە کۆنەپەرستانەیە بهێنن وە بە جێی بهێڵن ئەو چالاکی یە گومان لێکراوە یان بوەستێنن کە هەرگیز نا یان گەیەنێتە هیچ ئەنجامێک، بەڵکو گلۆریان ئەکاتەوە ناو باوەشی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە کە دوژمنی خوێنە خۆری گەلی کوردە جا ئایا تاوان نییە پیاو قبوڵ بکات مەسەلەی میللەتەکەی بکرێتە دەسکەلای دەستی خوێنخۆرترین دوژمنی ئاشکرای گەلەکەی؟

پیلی سێیەم:

پیلێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازە، باوەڕی بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری جۆشدراوە لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبی عێراق، وەکو ڕێگەی بەدی هێنانی ئامانجە دیموکراتیە ناوکۆییەکان و ئاواتە نەتەوایەتییە تایبەتییەکان، ئەم پیلە لە ناو بزوتنەوەی کوردا هەبوو بەتایبەتی لە ناو ڕیزی شۆڕشی کوردا هەستی بە زۆر شتی زیانبەخش و هەڵەی گەورە ئەکرد، ڕقی لە خۆبەستنەوە بوو بە ئێرانەوە، پەیوەندی بەستنی لەگەڵ ئەمریکا تاوانبار ئەکرد، داوای هاوکاری کردنی ئەکرد لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبدا بۆ کردنی شۆڕشی کورد بە شۆڕشێکی عێراقی و گواستنەوەی مەوزوعییانەی بۆ ڕیزی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازو دیموکراتخوازەکانی دژی ئیمپریالیزم، بەڵام ئەم پیلە دەنگی کپ کرا بو، بێ بەش بوو لە دەربڕینی سەر بەستانەی بیروڕاکانی، لە بەرئەوە پاش هەرەسهێنانی ڕابەرایەتی خێڵەکی و بۆرجوازی ڕاستڕە و ماوەیەکی فراوانی لە بەردەمی خۆیا دی بەڵام خۆی لە بەردەم چەند پیلێکی تردا دی کە لەکایەدا بوون، ئەمیش هاتە مەیدانەوە تا ڕێ ببڕێ لە تەقەللای ڕاستڕەو ڕیفۆرمیستیی نەهێڵێت ئەمانە جەماوەری گەلەکەمان جارێکی کە بخەڵەتێنێتەوە بۆ شاییەکە پڕبکاتەوە،جا کە حاڵ وابوو هیچ دەرەتانێکی تری نە بوو جگە لەوەی بە شێوەی یەکێتییەکی نیشتمانیی خۆی ئاشکرا بکات و پێویستی بوونی پارتی

پێشرەویش دوپات بکاتەوەو گرنگی ئەم پارتی یەش لە سەرکردایەتی کردنی. شۆڕشی گەلدا دەربخات جا دەستپێشکەری کرد لە دوای کۆکردنەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکان وڕێکخستنەوەیاندا بۆ درێژەدان بەخەباتی شۆڕشگێڕانەدژی دیکتاتۆرییەتی شۆڤێنیی دوژمنی نەتەوەی کورد، بۆ بەرگریکردن لە مانی گەلی کورد و مافەکانی و درێژەدان بە خەبات لە پێناوی دروشمە مێژوویی یەکەی دا.“عێراقی دیموکرات ـ کوردستانی ئۆتۆنۆم" ئەم پیلە دەرکی بەبونی ڕاستی چینی جیاجیاو تەییاراتی کۆمەڵایەتی جیاجیا کردووە لە ناو بزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کورداوە پێویستی یەکگرتنی نیشتمانییانە یان بۆ درێژەدان بە خەباتی یەکگرتووی کە ناکرێ هەموویان لە حیزبێکدا کۆبکرێنەوە، بەڵکو شێوەی گونجاوی ڕێکخستن بۆ کۆکردنەوەی ئەم پیلە دیموکرات و پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕانە یەکێتییەکی نیشتمانییە، لە کاتێکدا کە ئەو پارتیانەی ئەم تەییارانە بنوێنن و تەجسیدی بکەینەوە ئەگەر ئەو تەییارانە لە قاڵبی حیزبدا هەبوونایە ئەوا ئەبو لە بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانیدا کۆببنەوە وەکو ئەو بەرە یەکگرتوانەی کە گەلان دیویانە. ئەم شێوەی ڕێکخستنە، پێویستیبونی حیزبی پێشرەوی شۆڕشگێڕ بۆ ڕابەری ئەم یەکێتیی یە نیشتمانییەو بۆ ڕابەری خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری گەلەکەمان و هێزە چەکدارەکانی لە دوا ڕۆژیشدا تەئکید ئەکاتەوە، بەڵام پارتی یەکی وەها نا توانرێت وەکو دروستکردنی یانەیەکی ڕۆشنبیری یان کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی ئیعلان بکرێ ئەم جۆرە حیزبە دروست ناکرێ، بەڵکوو بە چەشنێکی کۆمەڵایەتی تەبیعی لە دایک ئەبێ لە ئەنجامی موتوربەکردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەل بە بیروباوەڕی سۆشیالیزمی زانستی شۆڕشگێڕ لە بەر ئەمە پێشەنگەکانی ناو بزوتنەوەی گەل لە بەدیهێنانی پارتی پێشرەودا دەوری هەوێنی ئەبینن، ئەمە لە بەیاننامەی دامەزراندنی (ی.ن.ک) یش لە ١/٦/ ١٩٧٥ وتراوە.

یەکێتیی نیشتمانیی ئەتوانێت هەموو عنصر و پیلە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان بێ گوێ دانە ناکۆکییەکانی ڕابردویان و شوێنە ڕێکخراوەیی یەکانی پێشویان پێکەوە کۆبکاتەوە، بە مەش لاپەڕەیەکی پڕ کوێرەوەریی لە مێژووی گەلەکەماندا

ئەپێچێتەوەو، هەتا هەتایە بیری چەوت و زیانبەخشی"تاکە پارتی" ئەنێژێت کە ماوەیەکی درێژ باو بوو لە ناو بزوتنەوەی ڕزگاری کوردا، لە باتی ئەوە بیری ڕاستی بوونی یەکێتیی نیشتمانیی جێگرەوەی کاتی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو دێتەکایەوە کە دان ئەنێ بەپارتی شۆڕشگێڕی پێشڕەو ومافی هەبوونی پارتی یە پێشکەوتنخوازەکانی تردا لە پاڵیا، کە چی زیندو کردنەوەی (پ.د.ک)، لەگەڵ ئەو ڕاستییانەی پێشتر باس کران ناکۆکن و کۆسپ ئەهێنێتە ڕێگەی کۆکردنەوەی هێزەکانی شۆڕشی کورد لە چوار چێوەی یەکێتییەکی نیشتمانیی پتەودا، ڕێ ئەبەستێ لە یەکگرتنی ئەو پیلە شۆڕشگێڕو چەپ ودیموکراتانەی هەیە، بۆیە لە باری ئێستادا کە لێکێکی نییە لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:.

١ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد پێی ناوەتە قۆناغێکی بە تەواوی نوێی خەباتییەوە، ڕابەرایەتی یە تەقلیدییەکەی لە ڕووی بیریی و سیاسیی و پرۆگرامی یەوە، لە ڕوی کردەوەو کارەوە ژێرکەوت، بیری تاکە ـ پارتی نەتەوەیی کۆکەرەوەی هەموو چین و تەییارو بیرەکانیشی لەگەڵ بە سەرچوو تیۆری"نە ڕاست و نەچەوت"ی نەتەوەیی بۆرجوازییانەی، نقوم لە کۆنەپەرستی دا هەرەسی هێنا، کە دەستی جەماهیری کوردی پێ بڕا بوو، سەر کوتاندنەوەی پیلە پێشکەوتنخوازە چەپەکانی ناو ڕیزەکانی، ئەوەش جێی داخە کە هەموو ئەم خراپە و عەیبانە بە (پ.د.ک)ەوە نوسێنراون کە خۆی لە بنچینەدا لە تێکەڵبوونی پارتی شیوعی کوردستانی عێراق "شۆڕش"و پارتی "ڕزگاری کورد"ی پێشکەوتنخواز پەیدا بوو بوو. بە ناوی (پ.د.ک)ەوە وە زۆر هەڵە کراوەو لە ژێر چەترەکەی ئەو دا زۆر لە ڕێ لادانی ڕاستڕەوانەی کۆنە پەرستانە سازکرا کەوای لە جەماهیری ڕەنجدەری گەل کرد بوو بە چاوی گومان و دوو دڵییەوە بنۆڕنە (پ.د.ک)، و ئیتر (پارتی) یان لە ڕووی ناوەڕۆکییەوەو نە لە ڕووی سەرکردایەتییەکەی پێ پەسەند نەبێ بە تایبەتی پاش ئەو مەینەتە نیشتمانییەی بە سەر گەلی کوردا هات کە شۆڕشەکەی لە سەر دەستی سەرکردەکانی ئەم پارتی یەدا هاویشتە ناو هەڵدێری هەرەسهێنان و شکانەوە ئەمە جگە لەوەی کە قوناغی نوێ، ڕێبازێکی

نوێی خەبات و، شێوەیەکی نوێی ڕێکخستن و،ڕابەرایەتییەکی نوێ ئەخوازێت کە بریتییە لە (پارتی) یەکی شۆڕشگێڕی پێشڕەوی تازە بابەت چونکە ڕابەرایەتیِ یەکی نوێ هەر بریتی نییە لە گۆڕینی کەسانی ژێر کەوتوو بە کەسانی تری لێهاتوو، و دورخستنەوەی کەسانی ڕوخاوو نا خۆشەویست و هێنانی کەسانی خۆڕاگرو پەسەند لای خەڵک بهێنن، بۆیە ئەبێ واز لە بیری چەوتی زیندوکردنەوەی پارتی بهێنرێت، تا مەیدان چۆڵ بێت و ماوە ببێت بۆ ڕێبازی نوێی خەبات، پارتی پێشڕەوی نوێ و کردەوەی نوێی تێکۆشەرانە.

٢ـ ئەگەر مەبەست لە ژیاندنەوەی (پ.د.ک) ڕێکخستنەوەی بێت، لە سەر پرۆگرامی کۆنی کە بەرنامەیەکی نەتەوەیی بۆرجوازییەو بە پێی پێکهاتنە کۆنە بۆرجوازییانەکەی و لە سەر ڕێبازی تا کڕەوی نەتەوەیی"کە لەم سالانەی دوایدا پارتی تێکەوتبوو"ئەوە مانای خولانەوەیە لە ئەڵقە بۆشە کۆنەکەدا، بە فیڕۆدانی تەقللای دەیان سالی ترو پێشکەشکردنی ئەوەندەی تر قوربانی زۆری بێ هودە. خۆ ئەگەر مەبەستیش ڕێکخستنەوەی بێت سەرتاپا لە بنچینەی نوێ و بە پێکهاتنێکی نوێ، وا ئەمە لە ڕاستیدا مانای دەستکردنە سەر لە نوێ بە دروستکردنی (پارتی) یەکی نوێ لە هەموو شتێکا ناوەکەی نەبێت! وە ئەگەر داواکەرانی زیندوکردنەوەی پرۆگرامی کۆن سوربن لە سەر زیندوکردنەوەی پارتی ئەوە مانای ئەوەیە سورن لە سەر پارتێکی بۆرجوازی کە لە ڕووی میژوویییەوە نا توانێ ڕابەریی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانە بکا، لە کاتێکدا لە پێداویستیەکانی سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە پێکهاتنی پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی نابۆرجوازی ئەوێت، پارتی کرێکارو جوتیارو هەموو ڕەنجدەران وڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان کە سۆشیالیزمی زانستیی"عیلمی"ڕێ پیشان دەریان بێ.

بەڵام ئەگەر مەبەست پیکهێنانی پارتێکی پێشڕەویی لە سەر کەلاوەکەی پارتی کۆن، وا ئەمە بە شێوە کۆنە ژێر کەوتوەکە نایەتەدی، چونکە پارتی پێشڕەو وەکو ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی لە زروفێکی دیاریکراوو تایبەتیدا لە دایک ئەبێ وە کاتێک تێکۆشەران دەست ئەکەنەوە بە بیناکردنەوەی پارتێکی شۆشگێڕ ئەبێ ڕێگایەکی

ڕاست بگرن بۆ پێکهێنانەوەی تێبکۆشن بۆ ئامادەکردنی زەمینەو مەرجە پێویستەکانی لە دایکبوونی ئەم پارتە، جا کە تێکۆشەران چاو بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکەدا ئەخشێننەوە، واتە بە دارشتنەوەی پرنسیپە"مبادئ"سیاسیی و تەنزیمی و ستراتیجی و تەکتیکییەکانی، ئەبێ لە ناوەکەشی وردبینەوە بۆ ئەوە بزانن ناوی (پارتی)یەکە لەگەڵ جەوهەرە نوێکەی، وە ئەو زروفە نوێیەدا کە تیا لەدایک ئەبێ ئەگونجێ، یان ناو شتێکی پیرۆزی وا نییە کەدەسی لێ نەدرێ بگرە ڕەمزو شێوەی جەوهەرێکە قابیلی گۆڕانەو، ئێستاش ئەبێ لە بنە ڕەتەوە بگۆڕدرێت. کەواتە بۆچی ئەشێت جەوهەرەکە بگۆڕدرێت کە چی نابێ دەس لە ڕوالەت یا خود شێوەکەی بدرێ کە ناوەکەیەتی؟.

لێرەدا ئەگەر لە ناوەکە وردبینەوە ئەبینین"دیموکراتی"دەربڕینێکی بۆرجوازی ناوەرۆکێکی بۆرجوازیانە، کە واتە ناوێکی نە پێشڕەوانەیە، نە سۆشیالیستییانەیە لە کاتێکدا ئەو پارتی یەی گەلەکەمان بۆ ڕزگار بوونی پێویستێتی پارتییەکی پێشڕەو و سۆشیالیستی زانستییە.

٣ــ ناوی پارتی چەندین جار گۆڕاوە بەر لەوەی هەرەسهێنانێک یان نابووتبونێکی سیاسییان شکانێکی عەسکەری بە سەر هاتبێ، پارتی کە هاتە دونیاوە ناوی"پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق"پاشان لە کۆنگرێسی دووەمی دا کرایە"پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق"وە لە کۆنگرێسی سێ یەمیش دا بوو بە"پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق "ئینجا بوو بە"پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان"وە لە دوایشدا بوو بە"پارتی دیموکراتی کوردستان"لە سەر پێشنیازی عبدولکەریم قاسم، وەک چارەیەکی مام ناوەندی بۆ ئەوەی ئیجازەی کار کردنی ئاشکرای بدرێتێ. ئەمەش مانای ئەوەیە کە تەنانەت لە ژیانی پارتیش دا ناو شتێکی پیرۆز نە بووە کە دەسی لێ نەدرێ و نەگۆڕدرێت، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە چەندین جار گۆڕاوە، کەواتە ئەم سوور بوونە لە پای چی پاش ئەو ئەتکە سیاسیی و عەسکەرییە گەورەیەی لکاوە بە ناوی سەرکردایەتی و پێشەوایەتی یە ژێر کەوتوە کەیەوە؟!.

وە پاش ئەوەی کە پارتی خۆیشی بە بێ کارەییەکی ئاشکرا ئیسپاتی کرد کە وزەی بەرهەڵستی کردنی لە سەرکردایەتی شۆڕش دا نییە، کاتێک کە سەرۆکەکەی واز هێنان وچونە ئێرانی خۆی و درێژە پێنەدانی شۆڕشی ڕاگەیاندن... ئەگەر پارتی حیزبێکی شۆڕشگێڕی ڕاستە قینە بوایە چ جای حیزبێکی پێشڕەو فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەگرتە ئەستۆی خۆی کاتێک کە جەنابی بارزانی تەواو بوونی دەوری خۆی لە شۆڕش دا بڵاوکردەوەو نەی دەهێشت ئەو کارەساتە نیشتمانییە بە سەر گەلەکەماندا بێت.

لەگەڵ ئەمەشدا زۆر حیزبی مێژوویی خاوەن سەروەری ناوی خۆی گۆڕیوە کاتێ پێویستی کردبێ وەکو حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکرتی - ڕوسی - بۆلشەویک - کە ناوەکەی بە سەرکەوتنی گەورەترین شۆڕشی مێژوویی مرۆڤایەتییەوە نوساوە، واتە کە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستی کاتێک کە پێویستی کرد ناوەکەی گۆڕا چونکە وشەی"دیموکراسی"ناوە ڕۆکێکی بۆرجوازیانەی هەیە، سۆشیال - دیموکراتیش جوت نە ئەبوو لەگەڵ ئامانجە دوورەکانی حیزبداو نە لەگەڵ ئەو سروشتە شۆڕشگێڕانەیە کە لە حیزبە سۆشیال - دیموکراتەکانی تر جیای ئەکردەوە. ئەمە لە گەڵ ئەوەشدا کە ناوی سۆشیال.. دیموکرات "ئیشتراکی دیموکراتی"میراتی و مێژوویی، نۆ ساڵ بوو بیست ساڵ خەباتی مێژووی حیزبی بۆلشەویکی پڕ لە خەبات و داهێنانی تیۆری و کردەوەیی.

کەواتە، کردنی ناوە کۆنەکەی حیزب بە"کراسەکەی عوسمان"بکەیت، هیچ جۆرێک هیچ خزمەتێکی مەسەلەی پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی نوێ ناکات.

٤- لە کاتێکدا کە دەستەیەکی بە کرێگیراوی دیکتاتوریەتی شۆڤێنی لە بەغدا نوساون بە ناوی (پ.د.ک)ە وەو پیلی اصلاحی ناو بزوتنەوەی کوردیش لە ناو ولاتدا سوورە لە سەر ژیاندنەوەی جموجۆڵەکانی بە هەمان ناوە وە، وە سەرکردایەتی تەقلیدی هەڵاتوش بۆ ئێران هەوڵ ئەدا چالاکی سیاسیی ڕێبازە

کۆنەکەی لە ئێرانەوە ببوژێنێتەوە، وە بە هەمان ناویشەوە بنێرێتە دەرەوەی وڵات... لە کاتێکی وادا چاکتر وایە تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخواز کە ئەیانەوێت خەتێکی جیاکەرەوە لە نێوان خۆیان و ئەو تەییارانەی کە دەست بەو ناوە ئەگرن لە بەر نە بوونی ناوە ڕۆکێک کە جەماهیر پەسەندی بکات... چاکتر وایە ئەوانە نەک هەر لە ڕووی جەوهەرەوە خۆیان جیاکەنەوە، بەڵکو لە ڕووی شێوەشەوە واتە لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆک بە یەکەوە. هەروەها سودلە تاقیکردنەوە مێژوویییەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران وەربگرن، ئەوە بوو لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا حیزبە پێشڕەوەکان لە زۆر وڵاتدا دەستیان لە ناوە کۆنەکە هەڵگرت و ناوی نوێ یان هەڵبژارد کە لەگەڵ قۆناغە نوێ یەکەی خەباتیان دا جوت بێت و بگونجێت، کەواتە ناوی نوێ ئەبێ هەڵبژێردرێت کە وەکوو ناونیشانێکی نوێ ناوەڕۆکێکی نوێ، ڕێبازێکی نوێی خەبات، خەتێکی سیاسیی شۆڕشگێڕانەی نوێ بێت وە بۆ ئەوەش کە جەماهیری گەلەکەمان و دونیا لە دەردی سەری پشکنین و بۆجیا کردنەوەی چەند حیزبێک کە بە یەک ناوەوە لە یەکتری کار ئەکەن ڕزگار کەین، وە بۆ ئەوەی کە جەماهیری گەل لە سەر لێشێوان و بە هەڵە بردن دور خەینەوە... ئەبێ تەییاری پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕی ڕەسەن لەو تەییارە اصلاحی و ڕاستڕەو و بەکرێگیراوەکان دا لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆک لە یەک جیا بکەنەوە بە یەکەوە بکەین ئەمەش مانای وازهێنان لە ناوی حیزبە کۆنەکە.

٥ـ زیندوکردنەوەی پارتی لە لایەن کۆمەڵێکی دڵسۆزەوە توشی گێرەو کێشە یەک و پێچ و پەنای موناقەشەیەکی بێزەنتی"دەوەن بە ئاشی سیاسیی" یان ئەکات سەبارەت بە شەرعیەتی سەرکردایەتی و ناکۆکی و کۆنگرە کۆنەکان و، ئەیان کا بە دیلی ڕابردوو یەک کە بەو ڕاستڕەوە قورسەی ڕابوردووە، وە کە سەرکردایەتی یە ڕاستڕەوە کە لە هەموو کایە یەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دا بە جێی هێشتوە، وە توشی بەڵێنە بەجێنە هاتووەکانی، وە زۆر پێچ و پەنای تری وایان ئەکات کە لێ دەرچوونی نە بێت، ئیتر ئەم سور بوونە لە سەر میراتگرتنی

ئەو پاشماوەو ئیلتیزاماتە لە پای چی؟ وە لە پای چی توانا لە موناقەشاتی بێزەنتیدا لە بەرد بدرێت لە باتی هەڵبژاردنێکی سەربەستی بیروباوەڕی نوێ و مەفاهیمی پێشکەوتنخوازانەو ڕێبازێکی نوێی خەبات؟

دیسان ئەوە ڕاشیان ئەکێشێتە نزاعێکی تەنزیمی و سیاسیی دوورو درێژەوە لە سەر شتی سانەوی لەگەڵ سەرکردایەتی یە ڕاستڕەوەکەی پێشوو ئەگەر هات و زروفی مانەوە یان لە ئێراندا ڕێگەی تێ هەڵچونەوەی چالاکی سیاسیی دان بە هەمان ناوەوە.

ئەمەش لە باتی تەرکیز کردنە سەر شکاندنی ڕەچەیەکی نوێ و بڵاوکردنەوەی مەفاهیمی ڕاست و کارکردن بۆ سازکردنی جەماهیرو ڕێکخستنی و هەموو توانای بخرێتە کار لە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی پڕ سەروەری.

٦ـ نهێنییەک نادرکێنین و زوڵم لە کەس ناکەین و ئەگەر بڵێین ناو بانگی (پ.د.ک) لەم سالانەی دوایدا لای ڕای گشتیی عێراق و عەرەب و دونیادا زڕاوە بە هۆی ڕەفتاری ڕاستڕەوانەو کردەوەی کۆنە پەرستانەی سەرکردایەتی یەکەوە، ناوی نوساوە بە هاوکاریکردنیەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکاو کۆنەپەرستی ئێران و کۆڕە ئیمپریالیستی یەکانی ترەوە. هەروەکو ناوبانگیشی لکاوە بە تاکڕەوی نەتەوەیی و ڕێبازی ڕاستڕەوانەیەوە کە شۆڕشی گەیاندە ئەو کارەساتەوە هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردو ڕاکردنی سەرکردەکانی لە مەیدانی خەبات بۆ پەنا بردنیان بۆ ئێران بە شدار بوو لە شکانی ناو بانگی پارتی دا، ئەگەر بە ڕاستی بما نەوێت بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بگەڕێنێتەوە شوێنە ئاسایی یەکەی لە ڕیزی بزوتنەوە ڕزگاریخوازو شۆڕشگێڕانی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا، اصالەتی شۆڕشگێڕانەو دیموکراتی بۆ بگەڕێنینەوەو، ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی بەرەو ئاقارێکی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانە گەشە پێ بدەین، وە ئەگەر بە ڕاستی بمانەوێ پەیوەندی ببڕین و هەموو خۆپێوە بەستنێک بە دەوڵەتەوە کۆنەپەرستەکان و بە ئیمپریالیزمەوە نە هێڵین و بزوتنەوەکە ببەینەوە بەرەی هاوپەیمانێتی جارانی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکان، بزوتنەوە

ڕزگاریخوازەکانی گەلان و دەوڵەتە سۆشیالیستەکانی دونیا... ئەبێ ئەو ناوە بگۆڕین.

٧ـ مەسەلەی عاتیفی ڕێگەی تێکۆشەران ناگرێت لە تازە کردنەوەو داهێنان و هەڵبژاردنی چاکترین بیروڕاو ڕاستترین مەفاهیم و باشترین ڕێگا لە خەباتدا بەرەو بەدیهێنانی مافە نیشتمانیی و دیموکراتییەکانی، چونکە خەباتەکەیان بۆ گەل و نیشتمانەوە سووربوونێکی عاتیفیانە لە سەر ناوێکی کۆن. بیر وشک ئەکاتەوە، وە لە تازە کردنەوەو داهێنان دوری ئەخاتەوە لە سەر ئاوازی ڕابوردو، خەونە خۆشەکانی ئەینوێنێ لە کاتێکا کاری جدی بۆ خزمەتی جەماوەرو لە پێناوی شۆڕش و گەلدا وا ئەخوازێ کە لەگەڵ گەشەکردن بڕۆین وە لە گەڵ پێداویستەکانی خەباتی قۆناغی نوێ بگونجێنین لە واقعیشدا لایەنی عاتیفی بەلای تێکۆشەرە چاکەکانەوە ئەوەندەی بۆ خەباتە لە ڕیزی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردا "کوردایەتی"کە هەموو تێکۆشەرەکانی لە دەوری ئالاکەی کۆکردبووە، وە بۆ ناوی پارتی نییە، وە (پ.د.ک) لە باشترین حاڵیدا بەر ئەنجامی قۆناغێکی دیاریکراوی خەبات بووە، قۆناغی پاش جەنگی دووەمی جیهان بو کەدیموکراسی نیشانەی بەرەی گەلانی دژ کامپی ئیمپریالیزم و جەنگ بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، تاقیکردنەوەیەکی تێکۆشەرانە لە ئازربایجان و کوردستانی ئێران"مەهاباد"کرا بوو بە ناوی (پارتی دیموکرات)ەوە.

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد سەرچاوەیەکە، پارتە کوردستانییە کۆنەکان لەوەوە هەڵقوڵاون، وە هەر لەمیشەوە پارتە نوێکان دەردێن بە هۆی موتوربە کردنییەوە بە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازو سۆشیالیستانەی زانستی"عیلمی"لە بەر ئەوە درێژەدان بە خەبات لە ڕیزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردا وە هەڵبژاردنی باشترین ڕێگە بۆ سەرخستنی، ئەم دوانە... دوو شتی بنچینەیی پێویستن، زۆر ناوی کۆن گۆڕاون و زۆر ناوی نوێش ئەگۆڕین بە پێی قۆناغی گەشەکردنی و گەشەکردنی پارتەکانیان. یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی فێرمان ئەکەن پارتیش وەکو هەموو فینۆمینایەکی "ضاه

رە"کۆمەڵایەتییەکانی دی لە ئەنجامدا نامێنێ، دوای ئەوەی مرۆڤایەتی لە ئازاردانی نەتەوایەتی و ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی چینایەتی ڕزگاری ئەبێت، و چینەکان و ناکۆکییەکانیان نامێنی. لە کۆتاییدا مەسەلەی ناو گۆڕینی پارت شتێک نییە هەر بۆ گەلی کورد، بگرە زۆر لەو پارتانەش کە شۆڕشەکانیان سەرکەوتوون ناوی خۆیان گۆڕیوە، وەکو لە کۆریاو ڤێتنام و ئەلبانیا و ڕۆمانیاو پۆڵەندەو ئەڵمانیای ڕۆژهــەڵات. لەگەڵ ئەو هەموو ڕونکرانەوەو لە بەر ڕووناکی لێکۆڵینەوەی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەو دەرسە مێژوییەکانی خەباتی گەلانی دونیاو لە وانە هی گەلی کوردی خۆشمان (ی.ن.ک) لافی داگیرکردنی مەیدانی خەبات و فەلسەفەی تا کە پارت یان تاکە بزوتنەوە هەرگیز لێ ناداو... ئەرکەکانی خەباتی ڕزگاری دیموکراتخواز زۆر لەوە گەورەترە کە بەتاکە هێزێکی پێشکەوتنخواز، چەند گەورەو بە تواناش بێت، بە تەنیا بۆی جێبەجێ بکرێ بە تەنیا. وە مەیدانی خەبات و فیداکاری و خزمەتکردنی نیشتمانیی بۆ هەموو لایەک بەری بەرەڵڵایە، بە هیچ جۆرێک نە ئەتوانرێ و ئەکرێ ئیحتیکار بکرێت (ی.ن.ک) ئامادەیی تەواوی خۆی پیشان ئەدا، بۆ ئەیەوێت بە شداربێت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەماندا لە خەباتدا دژی دیکتاتۆرییەتی شۆفێنی دەسەڵاتداری عێراق بکات، گەلەکەمان ئەو پەڕی پێویستی بە تەقەللاو توانای هەموو ڕۆڵە دڵسۆزەکانی هەموو هێزە خێرخوازەکانێتی و پێویستی بەسود وەرگرتنە لە هەموو تواناو وزەیەکدا دژی دیکتاتۆری یەتی شۆڤێنی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و هەموو کەسانی گومان لێکراو و نۆکەری سەر بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێرانی کە ئەیانەوێ خەباتی گەلەکەمان لە ڕێگاکەی لابدەن یا ئەو ڕێبازە کۆنە زیندوکەنەوە کەپیا ڕۆشتنی بووە هۆی ئەوەی گەلەکەمانی گەیاندە هەڵدێری ئەو کارەساتە نیشتمانییەی کە وێنەی نە بووە لە مێژوودا. وە بۆ وەڵام دانەوەی ئەوانەش کە ئەڵێن: گوایە دەستەی دامەزرێنەر پەلەی کردوە لە (ی.ن.ک) دا ئەڵێین: دەستپێشخەری کردن لە پێش چاو خستنی بیروباوەڕی ڕاست و کێشانی نەخشەی ڕاستی خەبات دا جێی شانازییە، نەک گلەیی... ئەگەر ئەندامەکانیش پەیوەندی یەکی زۆریان کرد

لە گەڵ کەسانی گرنگی تەییارە بنچینەیی یەکانی بزوتنەوەی کوردا وەفیکرە کە خرایە بەرچاویان ئەوانیش پەسەندیان کرد، وە جگە لەوەی کە هەندێک لەمانە ئەوانەن کە هەڵبژێردراون بۆ ڕێکخستنەوەی هێزە پەرش وبڵاوەکانی پارتی، کەواتە لە نوێنەرانی ئەم تەییارانە پێک هاتووە.

دەستەی دامەزرێنەر مەبەستی ئەوە نەبووە وە نەی ویستووە هەر خۆی بە تەنیا کار بکات. بەڵکو ڕای گەیاندووە کە دەرگاکانی (ی.ن.ک) لە سەر پشتە بۆ هەموو تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخواز، یەکێتیی نیشتمانیی بۆ هەموانە، نەک بۆدەستەیەک یان تەییار یان ڕێ ڕەوێک پێشکەوتنخوازی دیاریکراو بێ، دەستەو تەییارە پێشکەوتنخوازەکانی تر کە ئەیانەوێت ڕێبازێکی نوێی خەبات هەڵبژێرن. وە دەس پێشخەری یەکەم ئیعلانکردنی وەڵامێکی بنبڕی ئەو هەوڵ و تەقەللایەیە کە دەسەڵاتی شۆڤێنی ئەیدات بۆ لە ناو بردنی تەواوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلە کەمان پاش هەڵاتنی سەرکردایەتییە کۆنەکەی و ئاشبەتاڵ کردنی لە کاری سیاسیی و عەسکەرییەوە بۆ یەکخستنی هەوڵ و تەقەللای تەییارە اصلاحی یەکە بۆ قۆستنەوەی مەیدانی نیشتمانیی کورد.

وە یەکێتیی نیشتمانیی هیچ تەخسیرێکی نەکردووە. بۆ ڕزگارکردنی ئەو نیشتمانپەروەرە پێشکەوتنخوازانەی کەوتبوونە ژێرچنگی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمەوە، وە هیچ تەخسیرێکیش ناکات لە کارکردنێکی بەردەوام وە بە پشوو بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی شۆڕش و گرد کردنەوەی هەموو کەسە خێرخوازو شەریفەکان لە ژێر ئاڵاکەیدا وە دەرگای تەنیا لە پێش بە کرێگیراوانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستە کەلە ڕەقەکان دا داخستووە، بەڵام ئێمە خەباتێکی فیکری فراوانیش بەرپا ئەکەین بۆ لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکێشانی بیروڕای نەتەوەیی تاکڕەوی و ڕاستڕەو و کۆنەپەرستانەوە، ئەوەی داوای درێژە پێدانی ڕێبازی هاوکاری کردنی ئەمریکاو ئێران ئەکات بۆ پشت پێ بەستن یان لە دەست پێکردنەوەی "خەبات" و هەڵگیرساندنەوەی "شۆڕشی کورد"دا جارێکی تر... وە

هەموو لووت تێژەندنێکی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بۆ ناو بزوتنەوەی کورد ئاشکرا ئەکەین، چونکە دژی گەلەکەمانن وە زیان بە مەسەلە ڕەواکەی ئەگەیەنن وە لەوە زیاتر کە تێکۆشانی ڕێگەی ڕاست لابدەن بۆ ئەوەی مەسەلەی،ڕەوای کورد هەر لە زۆرخانەی یاری دەوڵەتاندا بهێڵنەوە وەکەی ویستیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن هەر وەکوو چۆن لە سەر لاشەی شەهیدانی گەلەکەمان و کەلاکی هەنجنراوی شۆڕشی گەلەکەمان، ڕێکەوتنی نێوان عێراق و ئێران سازکرا!

وە لە کۆتاییدا بە سود بەخشی ئەزانین کە هەنێ ڕاستیی گرنگ دەربارەی (ی.ن.ک) پوختە بکەینەوە:

***

یەکەم:

(ی.ن.ک) با شترین شێوەیە بۆ ئەم بارەی ئێستا کە هیچ یەکێک لەو تەییارە کۆمەڵایەتی و سیاسیی یە زۆرەی هێشتا لە قاڵبی حیزبی تایبەتی خۆیدا نەمەیوە کە بتوانێ هێزەکانی شۆڕشی نیشتمانیی کورد کۆبکاتەوە بۆ یەکخستنی تەییارە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکان لە ناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردا. لەگەڵ بوونی دیموکراسییەکی تەواو بۆ ئەم تەییارانە کەڕای خۆیان دەربڕن و ڕای فیکری بگۆڕنەوە، وە بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازەکانیان لە مەیدانی نیشتماندا بڵاو بکەنەوە ئەو مەیدانەی کە ئەبێ ئالای "یەکێتی وصراع"بە سەریەوە بشەکێتەوە لەگەڵ سووربوون لە سەر یەکێتیی پتەوی خەبات لە نێوانیاندا لە پێناوی ئامانجە نیشتمانیی و دیموکراتی یە سەرەکییە ناوکۆییەکان لە قۆناغی ڕزگاریی نیشمانیی دیموکراتیدا.

دووەم: (ی.ن.ک) کە نە بوونی حیزبی پێشڕەو بە تاڵ ناکاتەوە بەڵکو بە پێویستی دا ئەنێ ئەو حیزبە بە پەلە پەل دروست نابێ بە بەیاننامەیەک یان بە دانانی دەزگەیەکی دامەزرێنەر، چونکە ئەم حیزبە بە لە دایک بوونێکی کۆمەڵایەتی

ئاسایی دێتە دونیاوە لە بارو زروفێکدا کە مەرجە تایبەتییەکانی تیا هەبێت و داوای موتوربەبوونی بزوتنەوەی جەماهیری شۆڕشگێڕ بە بیروباوەڕی پێشڕەوانەی شۆڕگێڕ بۆیە ئەبێ بێ پشودان خەبات بکرێت بۆ لە دایکبوونی.

سێیەم:

(ی.ن.ک) لاف لە ئیحتیکارکردنی خەڵکی کوردستان یان بێبەشکردنی هەموو پارت و رێکخراو لقەکانی حیزبەکان لێ نادات... بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمەوە (ی.ن.ک) بەڕاستی باوەڕی بەمافی هەموو پێشکەوتنخوازو تێکۆشەرو شۆڕشگێڕان هەیە لە رێکخستن و کاری نیشتمانیداو بەمافی هەمووان کە بەوپەڕی سەربەستی یەوە بە بیروڕاو مەفاهیمەکانیان بڵاو کەنەوە. وە بەوەی گەل حەکەمی گەورەیەو ئەو مافی قسەو ڕەقابەی هەیە بە سەر هەمووانەوەو مافی بێ سنوری ئەوەی هەیە کە باوەڕ بەو لایەنە بدات کە سەرکەوتوترین چارەسەرو ڕاسترین پیلان و چاکترین نەخشەی تێکۆشان ئەکێشێ و بێ سڵەمینەوەو بێ وەستان لە پێناوی سەرکەوتنی مەسەلەکەی دا خەبات ئەکات. وە ئەگەر حیزبی کوردستانیی پێشکەوتنخواز یان حیزبە عێراقییە پێشکەوتنخوازەکان لە ناوچەی کوردستان هەبن ئەوا (ی.ن.ک) کە هەوڵی دامەزراندنی با شترین شێوەی هاوکاری سەرکەوتنی تێکۆشانی گەل ئەدا لەگەڵ مافی هەموو لایەنەکان لە بڵاو کردنەوەی بیرو باوەڕیاندا (ی.ن.ک) باوەڕی بە خەباتی جەماهیری بەهۆی جەماهیرەوەولە پێناوی جەماهیری گەلدا.

ئینجا دەربارەی پشتگوێ خستنی حیزبە کارتۆنییە داتاشراوەکان لە لایەن ڕژێمی دیکتاتۆری شۆڤێنی یەوە لە بەغدا ئەڵێین: کە باس نەکردنیان هەر لە بەر هیچ و پوچی یان نییە، بەڵکو لە بەر ئەوانە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دەرچوون دەرکراون لێی و کەوتووەتە دەرەوەی مەیدانی نیشتمانیی بزوتنەوەی کوردەوە ڕژێمی دوژمنی بزوتنەوەی ڕزگاریی عادیلانەی کورد دروستی کردون و ئەوانەی لە لایەن گەلی کوردەوە سیکترو بڕکراون، چونکە لە

بە کرێگیراوێکی بچوکی دوژمنەکەی زیاتر نین و لە فەلەکی سوڵتەی دیکتاتۆریدا ئەخولێنەوە وەک توتی ئەوەی پێ یان ئەڵێت ئەیڵێنەوە هەوڵی پینەکردنی تاوانەکانی سوڵتەی بۆرجوازی بیرۆکرات و شوفێنی ئەدەن کە دژی نەتەوەی کورد ئەیکات.

پیل: التیار

جەماوەر: الجماهیر

***

يوسف محمد رمضان



الاتحاد الوطني الكردستاني

لماذا ..؟

نارام شەهیدیک لە بنەڕەی کەڵەوە

من منشورات

الاتحاد الوطني الكردستاني

— ١ —

الاتحـاد الوطني الكردستاني

لمـاذا ... ؟

تشرين الثاني ١٩٧٥

الاتحاد الوطني الكردستاني ... لماذا ؟

لم يكن الاتحـــاد الوطني الكردستاني وليد الاستعجـــال والارتجال كما يحلو للبعض ترديد ذلك، بل كان حصيلة اختمار فكرة ثورية وواقعيـــة عن طبيعة الحركة التحرريـــة للشعب الكردي التي توجد فيها تيارات واتجاهات ديمقراطية وتقدمية ويسارية عديدة لا يستطيع حزب واحـــد استيعابها جميعا ، مثلما كانت ولادته نتيجة ادراك واعلمستلزمات كلحركة تحررية لاية امة مظلومة ، هذه المستلزمات التي يجمعها القانون العلمي العام الذي يقول بوجوب وجود حزب طليعي واتحاد وطنيلقوى الشعب الديمقراطية ، وجيش شعبي على ان يقودهما مثل هذا الحزب الطليعي ٠

فمن جراء دمج تلك الحقيقة العامة مع هذا القانون الثوري الذي اكدت صحته تجارب شعوب العالم بالظروف المشخصـة للحركة التحررية للشعب الكردي ٠٠ تبلورت فكرة الاتحـــاد الوطني الكردستاني ٠

كذلك اخذنا بنظر الاعتبار واقع الحركة التحـــررية للشعب الكردي وظروفها الخاصة، والتيارات العامة فيها مع الاستفادة

من الدروس والعبر التي افرزتها كارثة انهيار الثورة الكردية، وذلك بعد ما ثبت بالبرهان القاطع فشل القيادة العشائرية البرجوازية اليمينية ، وتجلت غلطة الحزب الواحد ذي الطابع القومي الفضفاض ، وبانت بوضوح اهمية الاقرار بحقيقة وجود طبقات اجتماعية متعددة تنبثق من صراعاتها تيارات سياسية متعددة تجمع بينها القضية الوطنية العامة : قضية التحرر من الامبريالية والدكتاتورية من جهة ·· وتفرق بينها المصالح الطبقية الخاصة والايديولوجيات السياسية المختلفة، والنضال ضد الاقطاعية ، ومن اجل الاصلاحات الديمقراطية والحريات السياسية والعامة من جهة اخرى ··

والتحليل العلمي لواقع ودور الطبقات الاجتماعية المنضوية تحت راية الحركة التحررية للشعب الكردي ·· يقودنا الى الاستنتاجات التالية :

اولا : ان الحركة التحررية للشعب الكردي هي في جوهرها حركة الفلاحين الذين يشكلون غالبية الشعب الكردي ، وان جيش التحرير الثوري يتكون في غالبيته من الفلاحين ، والارض التي تدور عليها معارك الحرب الشعبية هي ريف الفلاحين ، والجبال والوديان والكهوف الواقعة فيه ·

وكون الحركة التحررية في جوهرها حركة الفلاحين يحتم النضال لتحريرهم من الاقطاعية ، حيث ان ذلك شرط اساسي لاستنهاض وتوعية وتعبئة طاقات الفلاحين ، وزجها فيالنضال الوطني الثوري من جهة ·· وعامل رئيسي للقضاء على الامبريالية والاحتلال الاجنبي اللذين يعتمدان على الاقطاعية كركيزة لهما من جهة ثانية ·· وانجاز ضروري لتطوير المجتمع

باتجاه التقدم والتنمية الاقتصادية والصناعية من جهة ثالثة. ولكن الجوهر الفلاحي للحركة التحررية الوطنية لا ينفي الطابع القومي التحرري لهـــا ، بل على العكس من ذلـــك ، يؤيده ، فالطابع القومي التحرري يتجلى في النضال لتحرير الوطن من السيطرة الاجنبية ، واستحصال حق الشعب بجميع طبقاتـــه الوطنية في تقرير مصيره ، والفلاحون هم غالبية الشـــعب الكردي ، وسكنة اكثرية مساحة وطنه : كردستان ، وهم العدة الاساسية للتطور الاقتصادي في المستقبل ، اذ منهم ستتألف غالبية الايدي العاملة ، ومن منطقتهم تستورد الموارد الاوليـة للعديد من الصناعات وارضهم تدر المواد الغذائية ، وريفهـم يشكل السوق الرائجة للبضائع الوطنية وتصريفها . لذلك فان الفلاحين هم القـــوة الرئيسية في ثورة التحرير الوطنـــي والديمقراطي ، ولكـــن الفلاحين لا يشكلون طبقة اجتماعيـــة متجانسة ، بلْ يتألفون من مراتب طبقية متعددة ، فبينهـــم فلاحون اغنياء ، وفلاحون متوسطون وفلاحون فقراء وعمـال زراعيون .

ومن هذه الفئات يعتبر العمال الزراعيون والفلاحون الفقراء اكثر الفئات الريفية ثورية واهلية للاستمرار في الثورة، بينما يعتبر الفلاحون المتوسطون اقرب حلفاء لهؤلاء ، واما الفلاحون الاغنياء فاصدقاء ، الا انهم مترددون .

ثانيا : الطبقة العاملة التي تعتبر احدث طبقة اجتماعيـــة تنمو وتتطور باستمرار ، وتتكاثر عدديا ، وتتحسن نوعيـا ، وهذه الطبقة تتطلب مصلحتها تحرير الوطـــن وتحقيق الثورة الوطنية الديمقراطية بشكل جذري وحاسم، وتتعارض مصالحها

الحيوية مع جميع اشكال الاضطهاد القومي والاستغلال الطبقي والتمييز الاجتماعي والمذهبي ، وهي اكثر الطبقات الاجتماعية ثورية ، واحسنها قابلية للتنظيم ، وقدرة على النضال الثوري، واكفؤها في المثابرة والصمود ، وتملك روحية جهادية ثورية ولها نظرية طليعية ثورية تنير الدرب امامها مما يجعلها اجدر الطبقات اهلية للقيام بدور الطليعية الثورية في حركة التحرر الوطني الديمقراطي ٠

ثالثا : البرجوازية الصغيرة في المدن والريف وهي تضم المثقفين والكسبة والحرفيين والطلاب وصغار الموظفين وصغار رجال الدين والمستخدمين والفلاحين المتوسطين ٠

ڕەنگە مرۆڤ ڕۆژانـە، هەفتانە، مانگانە دەیـان و سـەدان هەلّەی بچوک و گـەورەش بکات و تێپەڕێ و هیچی لە سەر نەکەوێ، بـەلاّم لە شوێن و کاتی تایبەتیدا ڕێکەوت و هەلّەی بچوک یان گەورە لە ناو سروشت و کۆمەلّدا یەکانگیر ئەبن کارەسات ئەبێتە زەرورەتێکی حەتمی. بە هۆی هەلّەوە شاران وێرانبوون، هەزاران مرۆڤ کوژراون، کۆستی میللەتان کەوتوون، شارستانیەت فەوتاون. هەروەها پێچەوانەکەشی بەلای خۆشی و بەختەوەریشدا هەر ڕاست و دروستەو زۆر جاران ڕێکەوتووە ڕوداوێکی بچوک و تەنانەت هەلّەی بچوکیش گەورەترین بەختەوەریان خولّقاندووە.

لەم ڕۆژەدا نگینی کرێکارانی کوردستان هەلّەی بچوکی هەلّ نەگرت و بوو بە کارەسات، کات و شوێنی هەلّەکە لەگەلّ هاتنی ڕەوە جاشێکی شەرف فرۆش یەکانگیر بوو، بوومە لـەرزە ئاسا شۆڕش و کۆمەلّەو گەل تاسا، کوردستان هەژا، ئێستاش نە تاسانەکە ڕەویوەتەوەو نە هەژانەکەش، ستارەی گرتووە. ئەم ڕاستیەش لە واقیعی ئێستادا جوانترین دەرئەکەوێ و ڕۆشنتر ئەزانرێ. بۆیە بە دلّنیایەوە ئەتوانین بلّێین:شەهیدکردنی هاوڕێ ئارام زیانە پەژارە بەخشەکەی

نەک نەبژێراوەتەوە، بەڵکە تاهاتووە زیاتر بووە.چونکە دوژمنانی چینایەتی ڕێبازی مارکسیستانەی هاوڕێ ئارام شەهیدکردنیان بەهەل زانی بۆ سەپاندنی ڕێبازی چەواشەی پرۆلیتاریاو بیری بۆرجوازی بچوکی کوردستان کە شەهید ئارام دەمێک بوو دەرکی بەم خەتەرە کردبوو، وە بە تۆندی دژی بوو...جا بۆ ئەوەی ڕاستی ئەم واقیعە باشتر دیاری بکەین و زیاتر ڕووناکی بخەینە سەر، وامان پێباشە لەم بیرەوەریەدا وەکو سالانی پێشتر جۆری بیرەوەریەکە نەڕازێنینەوەو پێمان وایە شەهید ئارام ناساندنی ناوێ بە تایبەتی هاوڕێیانی ناو(کۆمەڵەی) هاوڕێ ئارام لە چەند بیرەوەریەک و دوو بەرگی نووسینەکانی شەهیدا، ناسنامەیان بڵاو کردووەتەوە.

لەم نووسینەدا هەوڵ ئەدەین ڕاستی بۆ چونەکانی شەهید ئەوەندەی ئەیزانین و ئەوەندەی بەڵگەمان لە بەر دەستەو بۆ دەرفەتی ڕەخساو هەڵگیراوە بڵاو ئەکەینەوە. بەتایبەتی بەڵگەنامەیەکی لە شێوەی گفتوگۆی ڕۆژنامەنوسی زەمانی ئیختیفای شەهیدمان لە هاوڕێکەیەوە دەست کەوتووە کە شەهید ئارام ماوەیەکی زۆر لە ماڵیاندا خۆی شاردووەتەوە. پێشمان وایە بەنرختترین یادکردنەوەی شەهید لە وەدایە فکری شەهید ئارام زیاتر بەجەماوەر بناسێنین و بەهۆی زیاتر ڕۆشنکردنەوەی بۆچونەکانیەوە زیاتر بیرەوەری شەهید شکۆدار ئەبێ.

هاوڕێی گفتوگۆکەر لەگەڵ هاوڕێ ئارام دا ماوەیەکی زۆر بۆ دەرفەت ئەگەڕێ ئەم بەڵگە گرنگە بڵاو بکاتەوەو وای لێ نەیەت لە کاریگەرێتی بکەوێت. بەڵام لە بەر ئەوەی گفتوگۆکە هەندێ لەو کەسانەی گرتۆنەوە ئێستا مەسئولی زۆن جارانیش هەندێکیان سجن بوون و چەند هاوڕێ یەکیشیان شەهید بوون، شەهید ئارام خۆشی داوای پەلە نەکردنی کردووە لە بڵاو کردنەوەیدا. بۆیە گفتوگۆکە ڕووناکی نەدیوەو ڕێی شۆڕشگێڕانی باشتر ڕووناک نەکردۆتەوە. بیرەوەری شەهیدکردنی هاوڕێ ئارام لە هەلومەرجی ئاڵۆزو ڕاستی هەڵگریی ئێستا باشترین دەرفەتە کە ڕاستییەکان بڵاو بکرێتەوەو پەردە لە ڕووی چەند حەقیقەت لە سەرگەلێک مەسەلەی گشتی و تایبەتی هەڵبدرێتەوە تا ئەوەندەی

ئەکرێ حەدو حدودێ بۆ شێواندنی ڕاستی دابنرێ، دەقی گفتوگۆکە لە شێوەی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی فۆرمێلا (صیاغە) کراوەو بێ دەسکاریکردن و گۆڕینی وشە عەرەبیەکان و پاش و پێش خستنی پرسیارەکان بڵاو ئەکەینەوە بۆ ئەوەی مۆرکی ئەو ڕۆژگارەو جۆری قسەی (کاک ئارام)ی هەر پێوە دیاربێ و هەر ئەمەش نرخی تایبەتی ئەدات بەگفتوگۆکە.

***

گفتوگۆکە:

هاوڕێ ئارام، چەند ڕۆژێکە ئەمەوێ پێت بڵێم چەند پرسیارێکم لە مێشکدایە لێتی بکەم و وەڵامەکانت بنووسمەوەو هەڵی بگرم بۆ دوا ڕۆژولە دەرفەتێکی گونجاودا بڵاوی ئەکەینەوە.

هاوڕێ ئارام... پرسیارەکانت لەچ بارێکەوەیە.

نووسەر... ئەوەی ڕاستی بێ لە هەموو بارێکەوە لە دونیاوە تا ناوچەکەو عێراق و کوردستان و وەزعی کۆمەڵەو پاشە ڕۆژو... تا.

هاوڕێ ئارام... پێم باشە بەو مەرجەی پەلە نەکەیت لە بڵاوکردنەوەی وەڵامەکان بۆ فرسەتێکی لەبار هەڵگیرێت، ئەمەش دونیایە مردن و شەهید بوونیشمان لەڕێ یە با ئەم ئەمانەتەمان بۆ پاشە ڕۆژ بمێنێ.

نووسەر... بە سەر چاو وەعد بێ بڵاوی ناکەمەوە تا فرسەتێکی باشم دەست ئەکەوێ.

پرسیار... وەزعی ئێستای ڕژێم و میللەتەکەمان سەر ئەنجامەکەی ئەگاتە کوێ وکۆمەڵە تەمای چییەتی؟

وەڵام... هاوڕێ، سەبارەت بە ڕژێم پێم وایە پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات، ڕژێمێکی شۆڤێنیست و فاشیستە ئەم سیفەتەش بەسن بۆ ناسینی ڕژێم. گەلەکەشمان نالەبارترین سیاسەتی بە سەردا جێبەجێ ئەکرێ، ئەم دووحاڵەتەی ڕژێم و گەلەکەمان ناکۆکیەکە دەرئەخەن کە سەرەکییە. کەواتە دوو ڕێمان لە بەردەمە ئایە ئەتوانین لە ڕێی شەرعی و خێر خواهانەوە وا لە حکومەت بکەین ئەم وەزعە بگۆڕێ؟ بێ شک نەخێر گەلەکەمان زۆر نیە شۆڕشەکەی شکاوە، دوژمنانیش زاڵن و خۆیان بە سەرکەوتوو ئەزانن، ئیتر مەعقولە گەلی شکاوی وا لەگەڵ دوژمنی گەوجی وا کە لەوپەڕی غروردایەو ئەڵێ (الحرکە الکردیە انتهت الی الابد).. بیرلە صلح و سەفا بکاتەوە. تەنیا ڕێی بەرگری چەکدارانەیان

له به‌رده‌م هێشتوینه‌ته‌وه‌و سیاسه‌ته‌کانی پێمان ئه‌ڵێن: یان ده‌ست بده‌نه چه‌ک یان ئه‌تان فه‌وتێنم. ئه‌گه‌ر کۆمه‌ڵه‌ش بیر له‌م ڕێگایه نه‌کاته‌وه حتما بۆرجوازی بچوکی کوردستان و باقی چینه‌کانی تر ده‌سته‌و وه‌ستان ناوه‌ستن ئه‌و کاته‌ش به عام بێ یان بۆ پاراستنی ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵه بێ هه‌ر ئه‌بێ پاڵ بده‌ینه مقاوه‌مه‌تی چه‌کدارانه‌وه ئه‌و کاته‌ش ئه‌بێته تابعێکی مه‌عقولی ڕوداوه‌کان و وه‌کو جه‌ماعه‌تی قیاده مه‌رکه‌زی و لیژنه‌ی مه‌رکه‌زیمان لێ دێت له ناو شۆڕشی ئه‌یلول دا.

پرسیار... ئه‌ی باشه ته‌نیا به کوردو کوردستان ئه‌کرێ ئه‌م وه‌زعه بگۆڕین. خۆت ئه‌زانیت باقی ناوچه‌کانی عێراق جموجۆڵی تیا نیه، باقی پارچه‌کانی کوردستانیش کش و ماتن. خۆت ئه‌زانیت هه‌ل و مه‌رجی ده‌ست پێکردنی شۆڕشی ئه‌یلول زۆر جیایه؟

وه‌ڵام... هه‌رکه‌سێ وا به سه‌رپێی سه‌یری ڕووداوه‌کان بکات و لێکدانه‌وه‌ی قوڵ و عیلمیانه به‌کارنه‌هێنێ قه‌ناعه‌تی وای لاپه‌یا ئه‌بێ که مومکین نیه شۆڕش بکرێ سه‌ربخرێ به‌ڵام. مقیاسی عیلمی. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ به‌کاربهێنێ. هه‌موو باریکی خه‌بات و وه‌زعه‌که به ووردی لێک بداته‌وه بۆی ده‌رئه‌که‌وێ شۆڕش ئه‌کرێ و سه‌ریش ئه‌خرێ و هیچ نه‌بێ وه‌زعی کورد له‌م خه‌ته‌ڕییه ڕزگار ئه‌کاو ئه‌یگۆڕێ.

نووسه‌ر... کاک ئارام

کاک ئارام ... لوتفا ئیزنم بده قسه‌م ماوه.

ڕاسته هه‌ل و مه‌رجی شۆڕشی ئه‌یلول و ئێستا فه‌رقیان هه‌یه. پێم وایه فه‌رقه‌کان له ساڵحی شۆڕش خه‌ڵکی عێراق و مارکسسته‌کانایه. چۆن،

یه‌که‌م: ئه‌و کاته وشیاری له ناو میلله‌ته‌که‌ماندا ته‌نیا وشیاری قه‌ومیانه بوو، باس ته‌نیا باسی کوردایه‌تی بوو. ئه‌سڵا مه‌سه‌له‌ی چینایه‌تی و(م.ل) هه‌رباوی نه‌بوو ئه‌مه‌ش به‌ڕاستی جه‌وهه‌ری سیاسه‌تی پارتی بوو ئه‌و کاته خۆمان پارتی بووین و باش ئه‌زانین.

دووه‌م: عبدالکریم قاسم سه‌ره‌ڕای لادانی به‌لای دیکتاتۆریه‌تا، به‌ڵام هێشتا

وەکو بەعسی ئێستا درندەو دوژمن بە کورد نەبوو، وەمافە دیموکراتییەکانی وەکو ئێستا پێشێل نەکردبوو. سیاسەتی کوشت و کوشتاریش لە پێ قولەی ئێستا نەبوو.

سێهەم: ... جەماعەتی لیژنەی مەرکەزیش، دەورێکی گەورەیان هەبوو لەوەی خەڵک لە سەرانسەری عێراقدا دژی ڕژێم ڕانەپەڕن، ئەوان سیاسەتی (سلم) بەری نەدا بوون، بە تایبەتی خەڵک بە عام تەئسیری ڕاپەڕینەکانی کۆنی لەدڵ ودەروواندا مابوو. ئەگەر لیژنەی مەرکەزی دەوری شۆڕشگێڕانەی بدیایە زۆر زیاتر لە جاران خەڵک ئیستیعدادی خەباتی هەبوو، بە زۆریش دوای ئەوان ئەکەوتن. ئێستا وانیە لەلایەکەوە گەلەکەمان حەرەکەکەی ماوە، زائدا وشیاری چینایەتی، زۆرترو باشتر بڵاو بونەوەی مارکسیزم. بوونی کۆمەڵەو دەورو تەئسیریشی حتما زۆر ئەبێ. بڕوانەمان بە سەرکردایەتی بارزانی و قیادەی بۆرجوازی جگە لەوەش دەورو تەئسیری دەرەبەگ و ئاغاو شێخی نفوزداری عەشائیری بە سەر چووە مەگەر خۆمان غیرەتیان بجوڵێنین و سەرووی خۆیان دەوریان بدەن. حکومەتیش ئەوە بوو کە باسمان کرد، ئەتوانم بڵێم تەنیا سەردەمی کەمال ئەتاتورک ئەم حەشرە بە کورد کراوە. ئەوان گێلانە ئەیان کردو ئەمان زۆڵانە ئەیکەن و فاشیستەکەیان بە قسەو شیعارو پارە هەڵڕشتن داپۆشیوە. ناوچەکانی تری عێراقیش خۆت ئەزانیت ناکۆکی بنچینەیی ئەم ڕژێمە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانە واتە ئەساسی ئابووری عێراق ناکۆکی نێوان کارو سەرمایە تحدید ئەکات، چونکە ئابووری سەرمایەداری فێڵی دەولەتییە. با چاو لەوە نەکەین حکومەت خۆی بە نوێنەری هەموو عەرەب ئەزانێت و بە (امە عربیە واحدە) کوێری کردوون. بڕوام وایە عەرەبێکی کەمی لەگەڵایەو ئەوانیش لە بەر گیرفانیانە نەک لەبەر عەفلەق و بکر و صدام. بۆیە پێم وایە ئەگەر لە کوردستان وەک مارکسستێکی وشیار بجوڵێینەوەو ئەدەبییاتمان تەرجومە بکەینە سەر زمانی عەرەبی، بەتایبەتی ئەگەر ڕۆژنامەو مجلەو ئیزگەمان هەبێ وە تحلیلی عیلمیانەمان هەبێ بۆ ئەوزاعی ئابووری و کۆمەڵایەتی، چینایەتی و سیاسیی،

دڵنیام ئەتوانین تەئسیری زۆرمان هەبێ بەتایبەتی لەم هەلومەرجە کەلیژنەی مەرکەزی وەکو سەرەتای شەستەکان و کۆتایی پەنجاکان دەورو تەئسیری نەماوە بۆ سارد کردنەوەی خەڵک بە سیاسەتی سلمیانە. تەحالوفیشیان لەگەڵ حکومەت لە ناو زەلکاوی تصوری نا سەرمایەداری خنکاندونی. حکومەتیش تەنیا ئیجازەی (طریق الشعب) ی داوون.

هەرچی چالاکی تر هەیە لێی ممنوع کردون لەم ماوەیەدا ئەیانگێڕایەوە گوایە لە شارێکی جنوبا حیزبی شیوعی مەقەڕی داناوەو قگعە یەکیی زلی هەڵواسی وە (مقرحزب الشیوعی العراقی) زۆر دڵیان پێی کراوەتەوە. کە بە یانیەکەی لە خەو هەڵئەسن لە ژێر قطعە کەدا بە عسیەکان، یا قۆشمەیەک نووسیویەتی(لصاحبە حزب البعث العربی الاشتراکی)ئەوە نمونەیەکی ساکاری وەزنی حیزبی شیوعییە.

پرسیار.. جەنابت پێت وایە لە ئایندەدا وەزعی باقی ناوچەکانی عێراقیش ئەگۆڕێ و ناکۆکییەکان ئەتەقێتەوە؟

وەڵام... حتما ئەی تۆ بڵێی بەعس بتوانێ عیلم ومەنتقی صراعی طبقی بگۆڕێ ئەمڕۆلە کوردستاندا صراع تەقیوەتەوە، سبەینێ، سااڵێکی تر چەند سااڵێکی تر ناوچەکانی تری عێراقیش ئەگرێتەوە، بۆ ئەم مەسەلەیەش ئێمە فاکتەرێکی باشین و دەوری باشمان ئەبێ بە شەرتێ ئێمە بزانین چۆن کار ئەکەین، وە ئەوپەڕی یارمەتی تێکۆشەرانی باقی ناوچەکان بدەین، نووسین و تەحلیلی باشمان هەبێ. تەنانەت ئەوەش بەڕاستی ئەزانم لەگەڵ حیزبی شیوعیش هەوڵ بدەین واز لەو سیاسەتە بۆگەنە بهێنن بۆئەوەی دوژمن سووک و ڕووتبکرێ و بە تەنیا لە ساحەکەدا بمێنێتەوە، جگە لەوانە ئیحتیمالی ئینقلاب و ڕووداوی تریش لە عێراق و ناوچەکەدا هەیە کە هەرچیەک ڕووبدات قازانجی شۆڕشگێڕانی تیایە چونکە گۆڕان ئەبێ.

ئەوەش بە دوور نازانرێ لە ئێران و تورکیا گۆڕانی گەورە ڕووبدات، خەڵک لەو دووحکومەتە، لە شاو فاشیستەکانی تورکیا زۆر پڕە، ئێران حەرەکەی مارکسی و دیموکراتی و دینی تیایە، تورکیا حەرەکەی چەپ زۆر بەقوەتی تیا،

کوردستانی تورکیاش جموجۆڵی سیاسیی و نەقابی تێکەوتووە. هەرچەند بە وردی مەعلوماتمان نیە بەڵام ئومێدمان هەیە گۆڕان ببێ قازانجی زۆری تیایە.

پرسیار... بە پێی قسەکانی جەنابت بێ شۆڕش لە سەدا سەد دەست پێ ئەکات؟

وەڵام... بەڵێ لە سەدا سەد هەر ئەم سااڵیش دەست پێ ئەکاتەوە لەم ڕێگەیە زیاترمان نیە.

پرسیار... باس لەناو خەڵکا هەیە کە یەکێتیش لە سوریا خەریکەو مەعەسکەری پێشمەرگەیان کردۆتەوە. ئەمە ڕاستە یان نا؟

وەڵام... بەڵێ ڕاستە و ماوە یەکیشە ئەمە ئەزانین.

پرسیار... حەز ئەکەم بزانم پەیوەندی نێوان یەکێتیی و کۆمەڵە چییەو چۆن یەکێتیی دامەزراوە؟

وەڵام... قەناعەتت هەبێ لە ئەدەبیاتی یەکێتی تەنیا کوراسێکمان دیوە بە ناوی (الاتحادالوطنی الکردستانی لماذا.؟). خۆم گوێم لە بەیانی دامەزراندنیشی بوو لە ئیزگەی سوریا. کاتی خۆشی لە گەڵ کاک شەهاب قسەم کردووەو ئەیوت لە گەڵ مام جەلال واڕێک کەوتوین کە یەکێتیی ڕێکخستنی فراوانی کۆمەڵە بۆئەوەی ڕێبازی کوردایەتی دیموکراتی بگرێتە بەر، سەرکردایەتیێکەشی بە دەست کۆمەڵەوە ئەبێ. حتما بەم پێ یە قبوڵمانەو خۆشمان ماوەیەک لە مەوبەر هەروامان بیرکردۆتەوە کە کۆمەڵە ئەبێ کارێکی وابکات خەڵکێکی فراوان بۆ مقاوەمەت و شۆڕش کۆبکەینەوەو قیادەش بە مسۆگەری لەدەست خۆمان بێت. کە ئێستا یەکێتیی دامەزراوەو بەحساب کاتی هاوڕێیانی سەرکردایەتی کۆمەڵە ئیتفاقیان کردووە لە سەر دامەزراندنی یەکێتیی. هیوادارین بتوانین ئێمەو برادەرانی دەرەوەی وڵات هەموو مەسەلەکان لە سەر ئەساسێکی باش بگونجێنین و ئەمجارەیان شۆڕش پێشڕەوی ڕاستەقینەی هەبێ.

پرسیار... ئەمە دەوری کۆمەڵە ناشارێتەوەو یەکێتیی وردە وردە کۆمەڵە قوت نادات؟

وەلام... پاراستنی سەربەخۆی کۆمەڵەو دەوری پێشرەوایەتی کرێکاران بە گرنگترین مەسەلە ئەزانین وە ئەم مەسەلە جەوهەرییە ناکەینە قوربانی هیچ مەسەلەیەکی تر، وە لەوەش دڵنیا ئەبین کە یەکێتیی بە فەرمانی سەرکردایەتی و فکری کۆمەڵە ئەجوڵێتەوە، ئەتوانین شێوەی خەباتی باشتر بدۆزینەوەو هاوکاری یەکێتیش بکەین. خەزئەکەم ئەوەش بزانین کە پەیوەندیمان بە (مام جەلال) یشەوە هەیە و پێشنیاری کردووە کە ئێمە رێکخستنەکانی یەکێتیی دامەزرێنین. جا مەعقولە بە دەستی خۆمان رێکخستنێ دامەزرێنین لە پاشەرۆژدا سواری کۆڵی رێکخستنە ئەساسییەکەی خۆمان ببێ. ئێمە وەکو تەتەروف ناکەین کۆمەڵە بە هەموو شتێ بزانین، بەڵام ئیهمالیش ناکەین کۆمەڵە سەرببڕن و سەیریان کەین ئەشڵێم کۆمەڵە، مەبەستم چوارچێوە تەسکەکەی نیە مەبەستم مەوقیعی چینایەتی و رێبازی مارکسی کۆمەڵەیەکە دڵنیام لە گۆڕان و گەشەکردنی.

پرسیار... ئەی باشە بیرتان لەوە کردووەتەوە کە یەکێتیی مام جەلال و چەندین کەسی ترگوایە کاک نەوشیروانیشی تیایەو بەهاتنەوەیان خەڵکێکی زۆرو بۆر کۆئەکەنەوەو (مام جەلال) یش ناوو ناوبانگی زۆرەو حتما ئیمکانیەتیشیان ئەبێ ئەوانە تەئسیر ناکەنە سەر وەزعەکەو نەخشەمان لێ تێک بدەن؟

وەلام... ئەم پرسیارەی تۆلەم رۆژانەدا لەگەڵ هاوڕێیەکی موختەفی خۆمانا موناقەشەمان لە سەر کرد. ئەویش ڕای وابوو کە هاتنەوەی (مام جەلال) و قەبە کردنی یەکێتیی زەرەری بۆ کۆمەڵە ئەبێ و هەر ئەوان ئەبن بە شت. منیش ڕام وایە ئەگەر کۆمەڵە بتوانێ رێزی چینایەتی وسیاسیی شۆڕشگێڕانەی بە پاکی بپارێزێ و بەکردەوەش بتوانێ سیقەی خەڵک بۆلای خۆی ڕاکێشێ، لە پاشەرۆژدا بەرنامەیەکی چینایەتی شۆڕشگێڕانە دارێژێ کەمەسەلەی گەلەکەمانی تیا بە باشترین شێوە لێک دابێتەوە. ئیتر پێم وانیە یەکێتیی و هەتا مام جەلالیش لە فەرزێکا خراپیش بن بتوانن کۆمەڵە قوت بدەن. چونکە مەسەلەکە شەخسی و شەخسیەت نیە مەسەلەکە فکرو ممارەسەیە. فکر باش بوو، رێکخستن بە هێز بوو، ممارەسەی شۆڕشگێڕانە هەبوو، گرەوی زۆرانە ئەبەیتەوە. ئەوانەش نەبوو،

حتما بە ناچارى خەڵک دواى ئەو شەخس ولایە ئەکەوێ کە دیفاع لە کورد ئەکات. بەڵام کە چاک و خراپ هەبێ لە ناو شۆڕش دا، بێ شک چاکەکە سەرئەکەوێ. ئێمە ئەزانین هەندێ کەس هەیە لە هەیئەی تەئسیسی یەکێتیی نەک بەسەرکردایەتی خۆمانی نازانین، بەڵکو لە حەڵقەی سەقافی کۆمەڵەش بە هەزار حاڵ دایئەنێین. بۆ نمونە لەم ماوەیە لە نامەیەکدا مام جەلال وابزانێ خوێندکاران لە بەردووری عادل مورادە خەوبان لێ ناکەوێ. عادل مورادە هەر ..... کردووە لە سەر کۆمەڵە ئێستا ئێمە بە سەرکردەی خۆمانی ئەزانین وسڵاوی ئەگەیەنین بەخوێندکاران. ئەی نەیخواردبێ. جگە لەوانە مام جەلال وتویەتی لەو نامەیەشدا بۆ ئێمەی نووسیوە کەپشتم بە کۆمەڵە قایمە کەدێمەوە بۆ کوردستان. داوای کردووە هەر لە ئێستاوە بیر لە دروستکردنی بیست تا سی پێشمەرگەی بۆ بکەینەوە. جا ئەگەر هاتەوەو زانیمان فعلا ڕاست ئەکات و تەجروبەی وەرگرتووەو پشتی بە ئێمە قایمە پێمان خۆشەو چیش بە ئێمە بکرێ یارمەتی ئەدەین. خۆ ئەگەر بۆمان دەرکەوت بەهەمان عەقڵیەتی جاران لێ ئەخوڕێ و ئەیەوێ پشتمان بۆ بۆرجوازیەت بدا بەعەرزا ئەوا لە پێشەوە ووتم کۆمەڵە و ڕێبازە چینایەتیەکەی لە هەموو مەسەلەو شەخسێ خۆشتر ئەوێ، عەقڵمان هەیەو بیر ئەکەینەوە ڕێکخراوەکەمان لە یەکێتیی بەهێز ترەو ڕێبازەکەشی شۆڕشگێڕانەیە. ئەوان مەجبوری سیاسەتی ڕاستی ئێمە نەبن. قەت ئێمە مەجبوری سیاسەتێک نابین ڕێکخراوەکەمان بفەوتێنێ. ڕابردووشمان لە بەرچاوە، دونیاش وەکو جاران نەماوە تا سەرکردە کۆنەکان وابزانن وەکو مەلیکی هەندێ وڵات وان بۆ هەتا هەتایە هەڵبژێرابن بۆ مەلیکی. بارزانی تا سالێ لە مەوبەر هەموو نەتەوەی کورد ئەیپەرست، بەڵام وای لە خۆی کرد هەموو نەتەوەی کورد ڕقی لێی بێ. مام جەلال بە چەند قۆناغێکا تێپەڕ بووە جاری وا بووە زۆر خۆشەویست بووە. جاری واش بووە لەو نا خۆشەویست لە کوردا نەبووە، کەواتە فکرو کردەوەو دڵسۆزی تا سەر مقیاسن. نەک ناوو ناوبانگی. بەش بە حاڵی خۆم نایشارمەوە ئامادەنیم ڕیشی خۆم بدەمە دەست هیچ کەسێ ئەگەر لە دڵ ودەروونی دڵنیا نەبم.

بالەمەش زیاتر لە سەر ئەمە نەڕۆم چونکە لە پاشەڕۆژی نزیک دا هەمووشتێ ڕوون ئەبێتەوە.

پرسیار... یەعنی بەڕێزت پێت وایە هاتنەوەیان مشکیلەیەکی ئەوتۆ نیە؟

وەڵام... کاکە گیان من وام نەوتووە، من ئەڵێم پێویستە وردتر سەیری ئەم مەسەلانە بکەین و باوەڕمان بە خۆمان هەبێ، باوەڕمان بە بیروباوەڕەکەمان هەبێ کە ڕاستترین بیرو باوەڕەوە هی شۆڕشگێڕترین چینی کۆمەڵە... ئاخر ئەگەر ئێمە ڕاستگۆبین لەگەڵ کرێکاران و وشیاربین لە جێبەجێکردنی مارکسیەتدا، وە ئەگەر مام جەلال و هەرکەسێکی تر دژی ئێمەبێ و ناڕاست بێ وخزمەتی بۆرجوازیەتی شکاوی کورد بکات، بۆئیتر بترسین و هەر ئەوانیش سەرکەوتووبن. بەڵێ ئێمە هەروا بە بچوکی تەماشای خۆمان بکەین و وابزانین هەروا ئەمێنین، حتما هیچ بە هیچ ناکەین. بۆ نمونە لینینی عەزیم،کە لە سەرەتاوە دەستی کرد، بە نووسین وتەحلیل، پیشانی بلیخانۆف وسیاسییەکۆنەکانی ئەدا پێیان ئەوت ئەمەی تۆ نووسیوتە مارکسیەت نیە، لینینیەتە. بۆ گاڵتە وایان پێ ئەووت، چونکە لینین بـاوەڕی بە خۆی بـوو، کۆڵی نـەدا فعلا لینین لینینیەتی چەسپاندو شۆڕشی ئۆکتۆبەریشی سەرخست... هۆشی مینە لە ناو باخیرە کەناس بوو. بیریشی لە شۆڕش و سەرکردایەتی ئەکردەوە بووش بە سەرکردەی قارەمانترین گەلی ئەم سەردەمەو سەرکردەی ئیمپریالیزمیان بەزاند. لینین و هۆشی مینەو ماو و سەرکردەکانی تریش. سەرکەوتنیان ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەریەکێکیان سۆپەرمانێک بـوون و هەر ئەبوو سەرکەون. سەرکەوتنیان ئەگەڕێتەوە بۆ ڕێبازە ڕاست و عیلمیانەکەیان، بۆپرۆلیتاریا، بۆمارکسییەت و خەڵک. بێگومان دەوری شەخسی و خۆشیان قەت بیر ناچێتەوە. ڕەنگە ئێمەو مانان قەت نەبینە ئەوان، بەڵام ئەتوانین بۆ گەلەکەی خۆمان و ڕەنجدەرانی سەرکەوین و کاری شۆڕشگێڕانە بکەیت.

پرسیار... باسی کاک نەوشیروانت نەکرد؟

وەلام ... کاک نەوشیروان و مام جەلال فەرقیان هەیە. کاک نەوشیروان کە چووە دەرەوە کۆمەڵە بوو. شەخسی ئەوەندەی بیناسم زۆر دڵی بە شیوعیەت و ڕێکخستنی مارکسی لینینی خۆش نیەو گاڵتەی لێ دێ. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا لە سەر ئەم مەسەلانە نەگونجا لەگەڵ کاک شەهاب و ڕۆیشت بۆ خارج. هەرچەند ڕەفیقین و بەڕاستی خۆشیشم ئەوێ، بەڵام جاران ڕەق بوو، کورتییەکەی کە هاتیشەوە بۆ کوردستان ئەگەر ئامادە بێ ئیش بۆ کۆمەڵە بکات ئەبێ ئاگامان لە کەمو کوڕییەکانی هەبێ، چونکە نامەیەک لە هاوڕێ ئەنوەر شاکەلیەوە بۆکاک مەلا بەختیار هاتووە. زۆر باسی فەردیەتو ڕەقی نەوشیروان ئەکات هەروەها فەردیەتی مام جەلالیش. کاک بەختیاریش نایان ناسێت و نامەکەی پیشانی من داو ئەیویست ڕاستیەکەی بزانێ. لەوە ئەچێ ڕەقیەکەی کاک نەوشیروان نەگۆڕابێ. لەم بارەیەوە مەترسیم هەیە بۆیەکێکی وەکو کاک نەوشیروان هەم باوەڕی بە شیوعیەت نەبێ و هەم ڕەق بێ هەموو کاتی خۆی بە عاجزی کۆمەڵەی بەجێ هێشتبێ. کە بیبینم ئەتوانم هەمووشتێکی بە سەراحەت پێ بڵێم دڵنیاشم ئەویش هەمووشتێ بە من ئەڵێ. ئێستا ناتوانم حوکمی تەواوی لە سەر بدەم بەتایبەتی چوار ساڵ زیاترە ڕۆیشتووەو خەبەری ئەوەندە نازانین. بەڵام ئەوە تەئکید ئەکەمەوە سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەو بیروباوەڕی پیرۆزی مارکسییەت سەرووی هەموو ئیعتیباراتێکە بەلامەوە، ئەگەرچی هەوڵیش ئەدەین لە سەر مستەوای شەخسی کەسیش لە خۆمان عاجز نەکەین و ئیحترامی هەموو یەکێ ئەگرین.

پرسیار... باشە ئەو هەموو هاوڕێیانە لە دەرەوە بوون کاک شەهاب، کاک نەوشیروان و بە حسابی مام جەلال وەکو سکرتێری کۆمەڵەش چووەتە دەرەوە، ئەمانە بۆ عیلاقەی ئومەمی هیچیان کردووە؟

وەلام... جارێ (مام جەلال) ڕاستە سکرتێر بوو، بەڵام ئیستیقالەی لە سکرتێری کردووە. کاک نەوشیروانیش ئەوەندەی ئەیزانم لەو کاتەوە ڕۆیشتوە بۆ خارج خەریکی خوێندنەو حەقی بەسەر کۆمەڵەوە نەماوەو کتێبەکەی تەواو

کردبێ خزمەتێکی گەورەیە. کاک شەهاب نەبێ بەردەوام مولتەزیم بووەو وەک سکرتێری کۆمەڵەش لە دەرەوەیە. بۆ ئەوەی عیلاقەی ئومەمی هیچ کراوە یان نەْ ، بەش بەحاڵی خۆم وا ئەزانم لەم بارەیەوە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە. هۆیەکەشی سیاسەتی هەڵەی کۆمەڵەیە. قەناعەتم هەیە ئەو هەموو ماوێتیەی دەستیشمان دابوویە، تا ئێستا چین مەرحەبای نەکردوین. ئەگەر وانە بووایە یەکێک لەو مەسئولانەی کۆمەڵە سەرێکیان ئەدا لە چین یان لە ئەلبانیا بەدزی بێ یان بەئاشکرا ڕەنگە لەگەڵ فەلەستینییەکان، ئەویش جەبهەی شەعبی پەیوەندیەک هەبێ. ئەویش لە مستوای پێویستی نیە ووورده مەرحەبایە. من خۆم لە خارج (کاک شەهاب) شم دی. هەروەها (مام جەلال) یش قسەمان لە سەر هەموو شت کرد شتێکی ئەوتۆیان نە کردبوو. ئێستاش کە لە هەموو کاتی محتاجترین هاتووەتە سەر سوریاو بەس، سوریاش لە بەر مارکسییەت و عیلاقەی ئومەمی یارمەتیمان نادات. بەڵکو لەبەر ئەوەی ناکۆکن لەگەڵ عێراق یارمەتیمانە ئەدەن.

پرسیار.. مادام باسی چین و"ماو"ت کرد پێم خۆشە لەم بارەشەوە پرسیار بکەم؟

وەڵام... فەرموو وادیارە زۆرت پێ یەو کەمی دەرئەخەی.

پرسیار.. دوای دروستبوونی کۆمیتەی هەرێمەکان وا دەرئەکەوێ مەسەلەی چین و ناکۆکی نێوان چین و سۆڤیەت کەمتر باس ئەکرێ هەتا کەمتر ناوی ماویش دێت هۆکە چی یە؟

وەڵام... لەوەڵامی پێشترم ئیشارەتێکم بەم مەسەلەیەدا مادام بەتایبەتی پرسیارت کرد بەدووروودرێژی قسە ئەکەم. ئەوی ڕاستی بێ ئەم مەسەلەیە لە مێژە لە ناو کۆمەڵەدا ناکۆکی لە سەرە بەردەوام من یەکێک بووم لەوانەی ئەم جۆرە سیاسەتەی کۆمەڵەم ڕەفز ئەکرد، وە زۆرم هەوڵداوە سیاسەتی کۆمەڵە وانەبێ. بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی بایەخ بەم لایەنانە دراوە، بایەخ بە دروستکردنی ڕێکخستن و پەروەردەکردنی هاوڕێیان و قاڵکردنی کادران نەدراوە. لە هەموو ناخۆشتر ئەوەیە وە نەبێ ئەوشتانەی وتراون و نووسراوون

نەتیجەی لێکدانەوەی وردو بەڵگەی تەواوبن باوەڕم وایە زۆری ئەوشتانەی نووسراون هەموو وتنەوەی قسەی چین و ئەلبانیەکانە. بگرە حەتا (مصطلح) کانیش وەکو (تنازع تواطی و...) لە وان نەقڵ ئەکران. کۆمەڵە وا هاتووە کە سۆڤیەت ئیمپریالی ئیشتراکیە. ئەگەر لە هەر کادرێکی کۆمەڵە بپرسیت بۆناتوانێ علمیانە جوابت بداتەوەو قەناعەت بە خەڵکی شارەزا بکات. بەشبە حاڵی خۆم، خۆم وا ئەبینم لەم بارەیەوە دراسەی زۆرترو قوڵترم پێویستە. جگە لەوە ئەوەندە ناوهێنانی ماوتسیتۆنگ بۆ، ماو خۆی ئەڵێ من مارکسیم. ئیتر بۆ ئێمە لە هەموو عیبارەتێکاو لە هەموو موناقەشەیەکا ناوی ماو بخەینە ناو ناوانەوە، ئەم جۆرە سیاسەت و فکرەیە ڕاست نیەو مستقبل دەری ئەخات. سیاسەتی ئێستای چین لە شیلی و بەنگلادیش لە ئێران لە سودان هی دەوڵەتێکی ئیشتراکی ڕاستەقینە نیە، کە بەحساب سۆڤیەتی پێ ئیشتراکی ئیمپریالیە. لەم شەوانە گوێم لە بەشە عەرەبیەکەی ئیزگەی چین گرتبوو. چارەکە سەعاتێ لە سەر ئەوە ڕۆیشتووە کە قەسرێکیان بۆ حکومەتی سودان بە دەیان ملیۆن دۆلار دروست کردووەو سەرپاکی قەسرەکە مەڕ مەڕەوجوانترین سەلیقەی مەعماری چینیان تیا بەکارهێناوە بەبێ ئەوەی پارە لە حکومەتی نومەیری وەربگرن شانازیان بەوە ئەکرد کە بێ پارە ئەم قەسرە عەزیمەیان دروست کردووە. بۆکێیش؟ بۆ نومەیری. ئاخر ئەمە بەچی تەفسیر ئەکرێ؟ نومەیری سەر کوتکەری کۆمۆنیستەکان و پێشکەوتنخوازەکانەو نوێنەری کۆنەپەرستانی عەرەبە. کەچی چین شانازییان پێوە ئەکات. ئەم ڕاستیانە بێ ئەساسی چینایەتی و فکری نین لە ناو دەوڵەتی چین و حیزبەکەی دا.

قەناعەتم وایە دەیان ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ هەیە موحتاجی کەمترین یارمەتی و شوێنێکن تیا بحەوێنەوە کەچی چین قەسری دەیان ملیۆنی بە بەلاش بۆ سۆدان دروست ئەکات. هەر لەبەر ئەوەی مۆری چینی پێوەیە ئیتر شایەتمانی بۆ بێنین. من کە ئەمە ئەڵێم دەوری گەورەی شۆڕشی چین و ماو بۆ گەلی چین و وەک تەجروبەیەکی تاریخی وون ناکەم و ئەمەم لە بەرچاوەو سەرکەوتنی شۆڕشی

چین لەو هەلومەرجەی چین دا مەسەلەیەکی زۆر گرنگەو تەجروبەیەکی بەنرخە، بەڵام ئەم تەجروبەیە قۆپیبە بکرێ و هەرچیەکیش چین بیکاو بیڵێ بە ڕاستی بزانین و تەقلیدی بکەین خراپە. ئێمە ئەبێ وەزعی کوردستان، عێراق و دونیا ورد لێک بدەینەوەو بەرنامەی چینایەتی خۆمان داڕێژین.

پرسیار... ئەی سۆڤیەت...؟

وەڵام... من پێم وایە پێش هەموو شتێ نابێ ئەوەمان لە بیربچێ کە لە ژێر تەئسیری خۆبەستنەوە بە سیاسەت و فکری چین، ئێمە لە سۆڤیەت وروژاوین و بەڕاست و چەپ جنێوی ئەدەینێ. لە کاتێکدا لە سەرکردایەتی کۆمەڵەش بپرسین بۆ سۆڤیەت ئیمپریالی ئیشتراکیە ئەبێ بڵێ(صین مسعوره)وا ئەڵێ چونکە هیچی تری پێ نیە. بەش بە حاڵی خۆم ئەڵێم دەوڵەتێکی وەکو سۆڤیەت بە تەقلیدی چین نابێ پێی بڵێین ئیمپریالیە، یان تحریفیە ئەم مەسەلەیە دراسەی قوڵ و وردی ئەوێ لە ڕووی ئابوری و سیاسی و واقعی کۆمەڵایەتیەوە هەتا بتوانین ڕایەکی علمیانە مەوزوعی پێک بهێنین و مەوقعی خۆمان دیاری بکەین. چەند مەسەلەی تریش هەیە کەپێویستە بچینەوە سەر سەرچاوە ئەسڵییەکانی مارکسییەت ودراسەی قوڵ بکەین. بەڵێ هەندێ مەسەلە هەیە زۆر ئاشکرایە هەڵەیەو پێویستە بە تۆندی دژی بین وەکو تەتەوری لارئسمالیە، وەکو قبوڵکردنی سیاسەتی کلکایەتی، وەکو ئەو سیاسەتەی هەر ئەبێ لە ڕێی حیزبە شیوعیە ڕەسمیەکانەوە یارمەتی گەلان بدەن هەرچەند ئەمە لە ناو فەلەستینیەکان گۆڕاوەو حەق وایە لە هەموو دونیا وابێ. چونکە لە هیچ وڵاتێک نیە پێچەوانەی حیزبە شیوعییە ڕەسمیەکان ڕێکخراوی نەبێ و زۆر جار گەلان شۆڕش ئەکەن ئەو حیزبانە هێشتا لە خەو هەڵنەساوون.

ئەوە نمونەی جەزائیر، تا ڕادەیەک کوبا، وڵاتانی عەرەبی بە عام بۆ بۆرجوازی حوکم دارە، ئەوە کوردستان، فەلەستین... کە ئەم قسانەش ئەکەم بەو مەعنایە نایڵێم کە ئێمە لە خەتەری تەحریفیەت خۆمان دوور نەخەینەوە، تەحریفیەت پیسترین نەخۆشییە لە سەردەمی مارکسەوە هەبووە تا سەردەمی لینین و

ولاتانی ترو ئیستاش لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دا زۆر بەهێزە. مەبەستی من ئەوەیە دوور لە تەئسیری ئەم دەولەت، ئەو تەجروبە، خۆمان عەقڵی دراسەو زانستی بخەینەکارو لە ڕوانگەی پرۆلیتاریاوە حوکم بدەین و فکری خۆمان دیاری بکەین. ئەم حەقەش نەچین ڕێمان لێ ئەگرێ و نەسۆڤێتیش. ئەوان ئێمەیان هەر لە بیر نیە.

پرسیار.. ئەم مەسەلانە بەجێ ئەهێڵم و پرسیارێکی تایبەتیت لێ ئەکەم؟

هاوڕێ ئارام... فەرموو، بابزانین ئەم پرسیارە تایبەتیەت چیە.؟

قسە لەوە هەیە گوایە کۆمەڵە لە زووە وە صراعی تیایەو بەڕێزیشت هاوڕێ یەکیت لەوانەی زۆر شت هەیە بە ڕاستی نەزانیوەو دژی بوویت ئەمە ڕاستە؟

وەڵام... بەڵێ ئەمە ڕاستە و بێ ناکۆکی و صراع هیچ ڕێکخراو و حیزبێ ناتوانێ گەشە بکات و پێش بکەوێ، ناکۆکی جەوهەری زیندووی پێشکەوتنە، مارکس لە صراع و ناکۆکی و ڕەخنە ناترسێ. چونکە حەقیقەت لە وانەوە باشتر دەرئەکەون. ئەدەبیاتی مارکسییزم لە سەردەمی مارکسەوە تا ئێستا صراع و ناکۆکی فکری و سیاسیی لێ دەرکەیت، ئەبێتە فەلسەفەیەکی وشک و بێ مەعنا. ئەساسی فەلسەفەی مارکسیش لە سەر ناکۆکی بنیات نراوە. ئیتر چۆن ئێمە لە ناو ولاتێکی دواکەوتووا لە موجتەمەعێکی چینایەتی و لە ناو ئەم هەموو ڕووداوانە تەنزیمێ دروست ئەکەین و صراعی تیا نەبێ.

پرسیار.. حەز ئەکەم بە تایبەتیش لە سەرهۆی صراعەکەو ئەساسی ناکۆکی یەکان شتێ بفەرموویت؟

وەڵام... خۆت ئەزانیت کۆمەڵە بۆیە دروست بوو کە ڕێکخراوێکی مارکسی - لینینی بێ، ڕێکخراوی چینی کرێکاران بێ، بەڵام بە داخەوە لە ڕووی فکری و سیاسی و تەنزیمیەوە هەڵەی قورس قورسی واکراوە کۆمەڵەی زۆر دواخستووەو چارەکێکی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە. لە ڕووی فکرەوە باسمان کرد، فکری چینیستی و ماوێتی زاڵ بوو، سەرچاوە ئەسڵیەکانی مارکسیزم کەمترین بایەخی پێدراوە. من پێم وایە تەنیا بە فکری ماو ڕێکخراوی (م.ل) ڕاستەقینە

دروست نابێ، چونکه هەموو وڵاتێ و خەباتی هەموو گەلێ وەکو چین نیە. ئەتوانم بڵێم کۆمەڵەی ماوی ـ مارکسی بووە نەک مارکسی ـ لینینی.

لە ڕووی سیاسیشەوە، تا ئێستا کۆمەڵە وەزعەکەی لە سەر ئەساسی ناکۆکی بنچینەیی دیاری نەکردووە کە خۆت ئەزانیت ناکۆکی بەینی کارو سەرمایە، بە مەعنای تر بڵێم هاوڕێیانی کۆمەڵە سەرخانی لێک دانەوەکان ئەزانن کە حکومەت بۆرجوازی و پارتی یەمینیەو حیزبی شیوعی تەحریفیە. بەڵام ژێرخانی لێک دانەوەکان کە مەسەلە ئابووری یەکەیە ئەزانن کە پێشم وایە ئەمە گەورەترین کەلێنی عیلمانیە لە ناومانا هەیە، چارەسەرنەکردنی ئەمەش لە پاشەڕۆژدا کە ڕوو بەڕووی ئەرکە قورسەکان ئەبینەوە ئێمەش دائەتەپێنێ و ئەبێتە دژی مارکسیەتیش. خۆت ئەزانیت حیزبی مارکسی لە سەر ئەساسی چینایەتی دائەمەزرێ و ئەساسی ئابووری دیاری ناکرێ.

لە ڕووی تەنزیمیشەوە، تەنزیمەکەش مقیاسی چینایەتی تیابەکار نەهێنراوە، خۆت ئەزانیت کە لە بەیانی ئازار[۱۰۸]دا وەزع خۆش بوو. کۆمەڵەش ئەو کاتە دامەزراوە... ئیتر هەرکەسێ لە سەردەمی جەلالیا باسی مارکسییەتی کردبێ زۆر باوەڕی پێ کراوەو ناوی نوسراوە. بە بێ ئەوەی ئەوە لێک بدرێتەوە کە سەردەمی جەلالی و دوای ئەوەش مەترسی نەبووەو ئەوکاتە زۆر کەس خۆی بە مارکسییەتەوە با ئەدا، ئایا هەموو ئەوانە مستەحەقی تەنزیم کردن بوون، نەخێر. هەر بۆیە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە کێشەی گەورە کەوتووەتە ڕیزەکانیەوە لە سەر عێراقی و کوردستانی و چەند کادری ئەساسی دوور کەوتنەوە. (مام جەلال) بە پەلە کرا بە سکرتێری کۆمەڵە چونکە بە حساب لەو زیرەکتر نە بوو. کەچی ڕۆیشتە دەرەوەو ئیستیقالەشی لە سکرتێری کرد. بە تەئکید هەر لە بەر کێشە بووە. کاک نەوشیروان و تەیارێک کە ئەو سەرپەرشتی ئەکردن هێنرانە ناو کۆمەڵەوە دوای ماوەیەک ئەمیش ڕۆیشتە دەرەوەو لە

---

۱۰۸ ئەم دەستەواژەیە زۆر جار بەهەڵە لە ئەدەبیاتدا بەکارهاتووە،ڕاستییەکەی ڕێکەوتنی ئازار دروستترە بنوسرێت.

ئەوەلیشەوە وتمان هەرلە بەر کێشە بوو. بەردەوام سەرکردایەتی کۆمەلە لە ناو خۆیانا ناکۆک بوون و نە ئەگونجان کۆمیتەی سلێمانی صراعی توندی لەگەل سەرکردایەتی هەبوو. گەیشتە تەجمیدو تەجمید کاری.

(کاک شەهاب) یش ڕۆیشتە سوریاو لوبنان ئەوەندەی ئاگاداری سەرکردایەتی بم دوو ئەندامی سەرکردایەتی مانەوە فەرەیدون و حەمەی مەلا عەباس. ئاخر ئەم دوانە چۆن ئەتوانن ڕێکخراوێ سەرکردایەتی بکەن. جارێ حەمەی مەلا عەباس لە سەردەمی فەهدەوە سیاسیەکی فاشل بووە و لەو کاتە ئیعترافی کردووە. کەچی کراوە بە سەرکردایەتی و دیسان ئیعترافی خراپی کردووەو ئێستا لە سجنا گەورەترین موشکیلەیە بۆیان. هەرچەند خەڵکی تریش زۆرە ئیعترافی کردووە. فەرەیدون کە ئێستا لە سجنایەو جۆرەها قسەی سەیر سەیری لە سەر ئەبیسین بڕوات هەبێ کاتی خۆی ئەوپەڕی هەوڵی ئەدا بیکەنە ئەندامی سکرتاریەتی ئیتیحادی تەلەبە، شەو ڕۆژ ئالا بووە من و فازیلی مەلا مەحموود[١٠٩] و دارۆ هەر نەمان کرد. لە بەر ئەوەی پیاوێکی زۆر زاتی و ..... بوو، دوای دامەزرانی کۆمەڵەش ئەمان بینی زۆر خۆی لە مام جەلال و کاک شەهاب نزیک خستبووە وە من و نەجمەدین[١١٠] ودارۆ[١١١]، ڕۆژێ بەکاک شەهابمان وت، کاک شەهاب فەرەیدون هی ئەوەنیە موفاتەحە بکرێ بۆ کۆمەڵەو بکرێتە ئەندام، با هەر لە حەلقەی سەقافیا بێ ئەگەر بۆ کۆمەڵە قسەئەکەیت. کەچی لە پڕ بیستمانەوە فەرەیدون سەرکردایەتی کۆمەڵەشە. باسی ئەوە ناکەم کە (١٩٧٤) چوینە دەرەوە چەند بێ بەرنامەو بێ ئەساس ڕۆیشتین، باسی ئەوە ناکەم بۆ لەکاتی ئاشبەتاڵ مقاوەمەتیان نەکرد، چونکە ئەوانە باش ئەزانیت. پێم وایە ئەوەش ئەزانیت دوای

---

١٠٩ دکتۆر فازیل مەلا مەحموود،خەڵکی شاری سلێمانییە، سیاسیی نووسەرو تێکۆشەرێکی بەناوبانگە، ساڵی ١٩٨٩ لەکاتی دانووستانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێران، لە وڵاتی نەمسا، لەپڵانێکی دارێژراودا، لەگەڵ تێکۆشەری ناسراو دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ و عەبدوڵڵا قادری، شەهیدکران.

١١٠ نەجمەددین، مەبەست سالارعەزیزە.

١١١ خوالێخۆشبوو دارۆی شێخ نوری، برای شەهابی شێخ نوریبە.

ئاشبەتاڵ حکومەتیان بە ناکۆکی سانەوی دانا، قواعیدی کۆمەڵە لێ یان هەڵسا ئیتر شتەکانی تر ئەزانیت کە چیان کردو چیان نەکرد.

پرسیار... ئەی ئەم گرتن و ڕاونانە لە چیەوە هات؟

وەڵام... کە گرتن و ڕاونان دەستی پێ کرد، یەکەم جار کابرایەکی حەرەکەی ئیشتراکی عەرەبی گیرا، حەلقەی وەصڵ بوو لە بەینی سەرکردایەتی کۆمەڵەو (مام جەلال) و ئەوان. دیار بوو مەترسی بڵاوبووەوە. منیش چومە لای کاک شەهاب و لەم بارەوە قسەمان کرد. بە ڕاستی کاک شەهاب بە عەزیمەتێکی پۆڵاییەوە قسەی ئەکردو زۆر هێمن و لە سەر خۆ بوو، زەڕەیەک گوێی نە ئەدایە!

وتیشی وەختی ئەوەمان نیە تووشی گرتن و ڕاونان بین. یاخوا ئەوکابرایە ئیعتیراف نەکات، چونکە یەکسەر سەرکردایەتی کۆمەڵەش ئەگرێتەوە. وتی ئەگەر ئیعترافیشی کرد ئەبێ واخۆمان حازر کەین لەم ئیمتحانە سەربەرزانە دەرچین. چەند ڕۆژێکی خایاندو گرتن هەموو لایەکی تەنیەوە. کاک ئەنوەر لە بەغا گیرا، حەمەی مەلا عەباس دوای ئەوە چەندکەسی تریش. کورتیەکەی سەر لێ شێواوی دەستی پێکرد. هەڵەکە ئالێرەوە دەست پێ ئەکات کەوا دەرکەوت ئەو کابرا عەرەبەی حەرەکەی ئیشتراکی پەیوەندی بە کاک ئەنوەر زۆرابەوە هەبووە... ئەبوایە کاک ئەنوەریان بشاردایەتەوەو هەر ئیختیفای بکردایە کە ئەو وەزعەش دروست بوو بەڕاستی بە پێی قسەکانی کاک شەهاب من وام ئەزانی کۆمەڵە ئەچێتە شاخ و سەرکردایەتی ڕێکخستن ئەکەن و خۆیان بۆ شۆڕش حازر ئەکەن. کەچی لە پڕ کەوتنە ڕێ بۆ ئێران و لەوێوە بۆ سوریا. من بۆ تاریخ قسە ئەکەم ئەم چونە خارجە بەم شێوەیە لە بیرکردنەوەی کاک شەهابا نەبوو. ئەوەندەی باقی هاوڕێکانی سەرکردایەتی کۆمەڵەشم ناسیبێ و لە سەرم بیستبێ پیاوی ئازاو بە ووڕە بوون، یان لە وانە بوون کە بتوانن لە مەسەلەیەکی حەساسی وادا کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە ڕای کاک شەهاب بگۆڕن. عەقڵم بێ ئەم فکرەیە هی

فەرەیدونەو[112]ئەو پێی کردون. دڵنیاشم هەر ئەو لە ئێران پێی وتون با تەسلیم بە ئێران بینەوە باشترە تا ئەتوانین دەرباز ئەبین بۆ سوریا. چونکە بیستومانە مامۆستا جەعفەر[113]لە سجنی سەقز قسەی زۆری بە فەرەیدون وتووە لە سەر ئەم ئەتوارو ئەفعالانەی.ئەویشمان بیستووە ئەگەر فەرەیدون نەبوایە لەکاتی تەسلیم کردنەوەیان بە عێراق ئەیان توانی ڕابکەن. ئەمە چۆنە تەفسیرەکەی نازانم.

پرسیار.. ئەی لە سجنا چۆن بوون؟

وەڵام...کە گرتویانن و بردویانن بۆ بەغا، مەردانە بەرگەیان گرتووەو توانیویانە زۆر شت بگۆڕن، کاک شەهاب هەموو مەسئولیەتەکەی خستۆتە سەر سەرشانی خۆی و وتویەتی باقی برادەران بێ گوناحن و من مەسئولم لەم کارە بەڕاستی ئەمە قیممەی ئازایەتی و تەزحیەیە.

باسی مامۆستا جەعفەروکاک عەلی بچکۆلیش[114]زۆر ئەکەن و ئەوحەوت هاوڕێ یەی ئێران تەسلیمی کردوون کە زۆر قارەمان بوون، باقی هاوڕێ یانیش ئازایی زۆریان تیا بووەو جێی شانازی یە بۆ کۆمەڵەو گەلەکەمان.

پرسیار.. ئەی شتێ لە سەر دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان نالێیت؟

وەڵام... بەڵێ دوای ئەو هەموو ڕووداوانەو دوای ئەو هەموو کێشانە، کاک شەهاب چونکە پیاوێکی زۆردیموکراتی و بێ حقدو قین بووە، سەرکەوتنی کۆمەڵەی لە هەموو مەسەلەیەک لاگرنگتر بووە، چەند جار بە کەسوکاریا خەبەری ناردەوە بۆ ئێمەو ووتویەتی ئێمە تازە لە سجناین و عیدام کردنیشمان لە پێشە، با شاسوارو هاوڕێکانی تر بەگیانێکی هاوڕێیانە دەوری سەرکردایەتی کۆمەڵە ببینن، زۆربەی هاوڕێیانی تر هەمان ڕاسپاردەیان بۆ ئەناردین و خۆشمان خەڵکمان ناردۆتە لایان. دوسێ کەسیان نەبێ ڕایان خراپە ئەوانیش پێم وایە هەم

---

١١٢ ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو،

١١٣ مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید و شەهاب شێخ نوری و ئەنوەرزۆراب لەلایەن بەعسەوە، پێکەوە لەسێدارە دران.

١١٤ عەلی بچکۆل ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو.

مەعلوماتی خراپیان بۆ ئەچێ و هەم لە ژێر تەئسیری فەرەیدوونان.

کۆمیتەی هەرێمەکان ئەمە دووەم جارە دروست ئەکرێ، جاری یەکەم زۆری نە خایاند بەهۆی گرتن و کەم توانایی هەڵوەشایەوە، دوای ئەوە ئەرکەکە کەوتە سەرشانی ئێمە. بڕیار بوو کۆبوونەوەیەکی فراوان بکەین و وەزعی خۆمان چاک کەینەوە، هەرچەندمان کرد وەزعەکە هەڵی نەئەگرت، ئەم کۆمیتەیە بە موەقەت ئەرکی سەرکردایەتی لە ئەستۆیە تا دەرفەت ئەبێ کۆبونەوەیە یان کۆنفرانسێ ئەگرین. ئێمەش چیمان پێ بکرێ ئەیکەین و هیوادارم بتوانین تەواوی برینەکانی کۆمەڵە ساڕێژ کەینەوە،خۆت ئەزانیت خراپترین گوررزمان بەرکەوتووە، سەرکردایەتی و زۆربەی کادرە ئەساسییەکان گیراون ئیعتراف هەبووە دڵساردی و وازهێنان وڕاکردن بۆ خارجیش لەو لاوە بووەستێ ئینجا ترس ئالەم وەزعەدا کە زۆر لاواز بووین لە تەواوی لادێکانیشدا تاک و تەرا دۆست نەبێ هیچمان نیە چاپخانە نیە تایپێکمان لای هاوڕێیەک داناوە. لەم ماوەیەدا وتیان جەنابی لەترسا شکاندویەتی. بە حسابی ئەو ئەوکەسەش یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی بە هیواین دەیان سرودی شۆڕشگێڕانەمان بەنهێنی بۆ تەسجیل بکات. کورتیەکەی ئەم حاڵە هەوڵ ئەدەین هەڵسین و خۆمان بگرین و شۆڕشیش بکەین.

پرسیار.. لە چەک و پارە لە چیاین؟

وەڵام... جارێ بۆ پارە مفلسین. بۆچەکیش لێت ناشارمەوە زۆر زەعیفین. بەڵام چەندەو چۆنە ئەمە سڕی میهنەیەو ببورە.

پرسیار..ئەڵێن پارتیش دامەزراوەتەوەو بە تەمای شەڕیشن، ئایە ئەم چۆنەو پاشە ڕۆژی عیلاقەتیان لەگەڵ چۆن ئەبینی؟

وەڵام... ئێمەش زانیومانە کە لە ئەوروپا، بەیانیان بە ناوی قیادەی موەقەتی پارتیەوە بڵاو کردووەتەوەو جموجۆڵیشیان هەیە، بەڵام مەعلوماتی وردمان لە سەریان نیە، ئەوەندە هەیە دوای ئەم وەزعەو دوای ئاشبەتاڵ. پێم وانیە بتوانن خۆیان بەوە بکرنەوە پارتی دروست بکەنەوەو قەت نابنەوە پارتیەکەی جاران و تاریخ ناگەڕێتە دواوە.ئەگەر هات و دەستیان دایە چەکیش مەفرەزە ئێمە

باشتریان لە ڕووی فکری و سیاسیەوە بەخەڵک بناسێنین و ناکۆکی چینایەتی خۆمانیان لەگەڵا ناشارینەوە هەروەها باشترین شێوەی تەعامولیشیان لەگەڵا بدۆزینەوەو هانیان بدەین دژی حکومەت شەڕ بکەن و خۆمان و ئەوانیش دوور خەینەوە لە شەڕو ئاژاوە من بە دووری نازانم لایەنی تریش دروست ببت، پێشتریش وتم حیزبی شیوعی دوور بکەونەوە لە حکومەت قازانجی زۆرە. وردە وردە کە هەموو لایەک بە تەبیعی گەشەیان کرد ئیتر ئەکرێ جەبهەیەک جۆرێ لەتەحالوفاتیش بدۆزینەوە، بەڵام قەت نابێ ئەوەمان بیر بچێتەوە کە ئەم قۆناغە ئەبێ حیزبی پێشڕەوی کرێکاران سەرکردایەتی بکات.

چونکە وانەکەین و ئەم جڵەوە شل کەین، ئەخورێین و هیچ بە هیچ ناکەین. زۆریش وریای دەسیسەی بێگانەو دوژمنان بین و ئەوپەڕی وریابین نەکەوینە داویانەوە. کورتیەکەی تا ئەتوانین خۆمان لە شەڕ لادەین، ئەگەر بەردەرگایشی گرتین، بێ حەوسەڵە نابین و نەڵێین خوا ئەمان گرێ ئەگەر نەیکەین، تا ئەتوانین دەرگای قایم لێ داخەین، ئەگەر شەڕیش بە زۆری زۆرداری لە کۆڵمان نەبووە وە، حەقی شەڕی دیفاع میللەت ئەمان داتێ، بێگومان ئەمە نەک لە سەر ئەو ئەساسە ناکۆکییەکان بگۆڕین و دوژمنی سەرەکیمان لێ بگۆڕێ.

کاک ئارام پرسیارم نەما

- یا خوا مابێتت.

زۆر سوپاست ئەکەم

سوپاس بۆ تۆ

سەعات دووی شەو

١٩٧٦ /٦/٢٥

***

لەم بیرەوەرییەدا، دوای حەوت ساڵ لە شەهیدکردنی هاوڕێ (ئارام) و نۆ ساڵیش دوای ئەم گفتوگۆیەکە ناوەڕۆکی گفتوگۆکە لەگەڵ وەزعی ئێستا بەراورد ئەکەین دوو مەسەلەمان بۆ دەرئەکەوێ.

یەکەمیان. ئەوەیە، ڕاستە کۆمەڵە بە نیازی ڕێکخراوێکی مارکسی - لینینی دامەزراوە و بڕیاری بۆ دراوە، بەڵام نەک لە کوردستاندا، بەڵکو لە ناو هیچ میللەتێکدا بە بڕیارو نیازی ڕێکخراوی مارکسی - لینینی دروست نەبووەو ناشبێ ڕێکخراوی چینایەتی وا بەری پێداویستی ماددی و مەوزوعی پرۆلیتاریا ئەهێنێتەوە گۆڕێ و پێویست بەوە ناکات لە هەموو بارێکەوە ئابووری، فکری، ئایدیۆلۆجی، سیاسی تەحلیلی زانستیانە بکات و ڕێبازی چینایەتی خۆی ساغبکاتەوە. دامەزرێنەرەکانی سەرکردەکانی،کادرەپێشکەوتوەکانی، شۆڕشگێڕترین، وشیارترین و ڕاستگۆترین کەسانی کۆمەڵ بن کە خۆیان بۆ سەرخستنی پرۆلیتاریا تەرخان ئەکەن، نەک لەکەسانی نە گونجاوو بێ بەرنامەو بێ لێکدانەوەی زانستیانە، بەڵام کۆمەڵە چونکە بە بڕیارو ئارەزوو دامەزراوەو زۆربەی دامەزرێنەرو سەرکردەکانیشی وردە بۆرجوازی بوون و لەناو جەلالیەوە بۆ ناو ڕێکخراوی مارکسی -لینینی خۆیان نەقڵ کردووە بەبێ ئەوەی لە بیرکردنەوەی وردە بۆرجوازی و نەتەوایەتی بە تەواوەتی ئینزیلاقیان کردبێ، بە تەئکید ڕێکخراوی وا ناتوانێ ببێتە ڕێکخراوێکی پرۆلیتاریا بە تایبەتی هاوڕێیانی وەکو شەهید شەهاب و شەهید ئارام و مامۆستا جەعفەر شەهید بووبن، وردە بۆرجوازییەکان ئیتر زاڵ بووبن، سەرئەنجامیش سەرجەمی مارکسستەکانی ناو کۆمەڵە دوای ئەو هەموو ڕووداوانەو دوای ئەو هەموو ڕاستیانە قەت پێیان ناکرێ کۆمەڵە ڕاستیکەنەوە، بۆیە ڕاسترین ڕێ، بیرکردنەوەیە لەڕێی ڕاستی پرۆلیتاری وازهێنانە لەو خەیاڵ و بیرکردنەوەیە کە کۆمەڵە ئیسڵاح بکرێ. ئەم قەناعەتە ماوەیەکە لای ئێمە پەیدا بووە مالئاواییەکمان لە کۆمەڵە کردووە.

دووەمیش. زیانی گەورەی شەهیدکردنی کاک ئارام لە وەدا دەرئەکەوێ کە ئەو شەهیدە چەند ورد بۆ مەسەلەکان ڕۆیشتووەو هەوڵی داوە هەموو ئەو هەڵانەی

کراون لە سەر مەسەلە فکری، سیاسیی وتەنزیمیەکان ڕاست ئەکاتەوە، وەزعێکی واش خولقا، کە شەهید ئارام دەوری گەورە لەم بارەوە ببینێ، بەڵام داخمان ناچێ ئەجەلی شەهید بوون ئەو هیوایەی نەهێنایەدی وە شەهید ئارام نەما بۆ ئەوەی لەکاتی باشتردەرکەوتنی ڕاستییەکان وبەک لابوونەوەی مەفاهیمە چینایەتییەکان و گۆڕان و گەشەکردنێ کە ئەیبینین بتوانێ سیمای چینایەتی کۆمەڵە بپارێزێ و دەوری کاریگەر لە پێشخستنی ببینێ.

یەکێتی ئەمە حاڵێتی، کۆمەڵەش لە دەوری مەسەلە نەتەوایەتییەکان سوڕایەوەو سوڕایەوە تا لە ناویانا توایەوە، ناوچەکەش گۆڕاو و گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە دونیاش ڕووداوەکانی خێراتر بوون و سیستەمی ئابووریش هەتا هاتووە ئەساس و سیمای تازە بە خۆیەوە ئەبینێ.

چینیش تازە تازە باسی ئەوە ئەکات کە مارکسیەت باوی نەماوەو دەوری بە سەر چووە، ئەوەیە کە شەهید ئارام نۆ ساڵ لەمەوبەر پێشبینی کردووە کە چین خراپتر ئەڕواو ئەوپەڕی زیرەکێتی بووە کە لەوبازنەیە کۆمەڵەی دەرباز کرد. دڵنیاین شەهیدی نەمرمان بمابایەو لەم وەزع و گۆڕانانەدا بژیایە، دەورو تە ئسیری زۆر زیاتری ئەبوو، خۆشی ئەبووبە یەکێک لەو ڕەهبەرانەی لە تەواوی دونیادا سەنگی شۆڕشگێرانەی دیار ئەبوو. ئەم قەناعەتەمان لە سەر ئەو ئەساسەیە کە شەهید ئارام بە ڕاستی مارکسی ـ لینینیەکی دڵسۆز بوو دیالێکتیکیانە گۆڕانەکانی لە بەر چاو ئەگرت و حسابی پێویستی بۆ ئەکرد، لە ڕاپۆرتی شوباتدا ئەڵێ:(با باش بزانین کە هێشتا زۆرمان ماوە کە بگەینە ئەو ئاستەی کە لە خۆمان ڕازی بین، چونکە هێشتا هیچی ئەوتۆمان نەکردووە وامان لێ بکات وا تێ بگەین کە زۆر پێشکەوتوین ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە هەرگیز ئەو ڕێگایە نەگرین کە هەندێک کەس لەمەو پێش گرتبویان و ئێستاش ڕەنگە هەبن لەسەر ئەم ڕێگایە بڕۆن ئەویش پەیدا کردنی زانیاری قەڵبە کە بریتیە لە جونەوەی ئەو ڕستانەی لە کتێبە مارکسییەکانەوە فێر ئەبێ بێ ئەوەی تێیان بگەن وبیانبەستنەوە بە ڕەوتی مێژوویانەوەو ئەبێ هەوڵ بدەین فێربین دیالێکتیکیانە بیر بکەینەوەو سەیری شت

بکەین پێکیانەوە ببەستین وە ئەبێ لە هەمان کاتیشدا مێشکی خۆمان قفڵ نەدەین وخوێندنەوەو دراسەی قوڵی مارکسیزم بخەینە ئەو لاوەو هەر خۆمان بە ڕاست بزانین یان بە ئاسانی شوێن ڕای تر بکەوین بێ لێک دانەوەو تەماشا کردنی قوڵی ئەو ڕایە).

ئارام
ڕاپۆرتێک دەربارەی ڕێکخستن و باری سیاسیی
کۆتایی شوباتی ١٩٧٦

هەر ئەم هەڵەش بە دەرفەتێکی گونجاو ئەزانین بڵێین: شەهید ئارامێ کە بووەتە ڕەمزی خەباتی نەسرەوتی چینایەتی و هاندەرە بۆ مارکسییەت لینینیستەکان، بێ ورد بوونەوە لە ناوەرۆکی بۆچونی هاوڕێی شەهیدمان، وە بەبێ لە بەرچاو گرتنی ئەو ڕاستیانەی کە ئەگەر شەهید ئارام بمایەو ئەو هەموو گۆڕانانەی بدیبایە چەند ئەگۆڕاو زیاتر پێش ئەکەوت بە بێ لێکدانەوەی ڕووداوەکان و بەستنەوەیان بە قۆناغەکان و بە دابڕاوی لە هەموو ئەو ڕاستیانە، ڕێکخراوی کاری تێکۆشەر لە ڕۆژنامەی کاری زمان حاڵیان دا هاوڕێ ئارامیان بە بۆرجوازی بچوکی کوردستان لە قەڵەم داوە، ئەم ڕونکردنەوەمان بە هیوای زیاتر دەرخستنی ڕاستی و خزمەتکردنی خەبات و کۆششی تەواوی مارکسیستاکانە کە لە دۆخی ئەمڕۆدا پەرش و بڵاون. نەک بۆ تیرو توانج و کەمکردنەوەی بایەخی ڕێکخراوی کاری تێکۆشەر.

هاوڕێیان و دڵسۆزان و دۆستان

بە هیواین ئەم بیرەوەرییە مەزنەی شەهیدمان و بڵاوکردنەوەی گفتوگۆکەی پڕ لە بەڵگەو بۆ چونی ورد بینانەی هاوڕێ ئارام، گفتوگۆی پڕ لە زانیاری و حەقیقەت لە سەر زۆر مەسەلە میژوویی و فکری کۆمەڵە، هەموو ئەوانە ببێتە هاندەری باشتر و وشیارانە تری خەباتمان تا بتوانین ئێمەی هاوڕێیانی دڵسۆزی ڕێبازی شەهید ئارام کە ڕێبازی مارکسست لینینیستێکی ڕاستەقینە دریژە بەو خەباتە چینایەتییەی ئارام بدەین کە تا مابوو بۆی ئەژیا شەهیدیش بوو لە پێناویا، ئەم قۆناغ و واقیعە لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە چەسپاندنی(م.ل) هەیەو

ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستە ڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتاریاو زەحمەتکێشان بپارێزێ و خەباتی بۆ بکرێ.

هاوڕێ ئارام ئەگەرچی شەهیدبووە. بەڵام گیانە بەرزە خۆشەویستەکەی لەگەڵمانە، خوو ڕەوشتە کۆمۆنیستەکەی لە بیرمانە، ئالاکەی لە دەستمانە، کێ هەیە بۆ سەعاتێکیش لەگەڵیا ژیابێ خۆشی نەویستبێ، کێ هەیە لە وانەی ماوون و هاوڕێی بوون، برادەری بوون، بگرە زۆرکەس لە دووریشەوە ناسیبێتی و خۆشیان نەویستبێ و ڕەوشتی بەرزی کاری تێنەکردبێ، کام پێشمەرگە هەیە سوێند بەگۆڕەکەی نەخوات، کام مالّە جوتیار هەیە بۆ یەک ژەم ئارام چوبێتە مالّی و نەچوبێتە دڵیانەوە، کام بنەمالّە هەیە هیچ نەبێ منالّێکیان ناو نەنابێ ئارام، کێ هەیە نەزانێ شەهیدکردنی ئارام گەورەترین زیان بووە لە کرێکاران و زەحمەتکێشان کەوتووە، کێ هەیە نەزانێ گەر ئارام بژیایە زۆر شت کە ڕوویان داوە .. قەت ڕوویان نەئەدا.

چ کەسێ هەیە، نەزانێ لە بەر ئەوەی ئارام بە گفتارو کردار مارکسی ـ لینینی بوو بۆیە لە ناو ئەو هەموو سەرکردە کۆن و ناودارانەدا پتر لە هەمووان بوو بووە جێی ئومێدی زەحمەتکێشان.

دە ئەی ئەو پێشمەرگانەی لە بەرۆکنانی مەدالیای (شەهید ئارام) تان لێ قەدەغە ئەکەن، دە ئەو کەسانەی ڕاستگۆترین سوێندتان گۆڕەکەی ئارامە دە ئەو کەسانەی ئێستا مەسئولن و کاتی خۆی هاوڕێی و برای فکری و پێشمەرگایەتی شەهید ئارام بوون و ڕێی شۆڕشگێڕانەی پیشان ئەدان، ئەی ئەو کەسانەی هاوڕێ، برا، ناسیاو، خۆشەویست، هاوبیری ئارام بوون و دەبن، هەموو ئەبێ ئەوە بزانن کە ئارامی هاوڕێتان ئارامی خۆشەویست و شەهیدمان ئارامی سەرکردەتان ئەو کاتە گیانی لە گۆڕدا شاد ئەبێ کە بزانێ ئێوە خزمەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەکەن کە بزانێ ڕێبازی کرێکاران و ڕێبازی چەواشەی کرێکاران لێک جیا ئەکەنەوە، ئا بەوانە دڵسۆزی زیاترتان بۆ مارکسیزم ئەسەلمێ و شەهید ئارام لە بیر نابنەوە، نەک بە سوێندو سۆزی پەتی بۆ هاوڕێ ئارام و بیرو باوەڕی ئارام.

بەم پێوەدانگەوە ئەوەشتان ئەخەینەوە بیر کە پێمان سەیرە بیرو باوەڕی (م.ل) و چارەنووسی میللەتەکەمان و خۆشەویستی شەهید ئارام و شەهیدانی تر گاڵەیان پێ ئەکرێ، بە ئاشکرا نابوت ئەکرێ و بێ پێچ وپەنا دژایەتی ئەکرێ. کەچی تیاتانایە لە بەر پلەو پایە، لە بەر ئەندامەتی سەرکردایەتی لە بەر سەرتیپی، لە بەر کەرت و ڕێکخراو، لە بەر دۆستایەتی ئەم و ئەو، تەنانەت هەیە لەبەر ترس و ترسنۆکی هەموو ئەو ڕاستیانە ئەزانن و پیلانتان لێ ئەگێڕن و تەجمیدتان ئەکەن و دوورتـان ئەخەنەوەو عاجز ئەبن و دیعایەتان بۆ ئەکەن. کەچی هێشتا کۆمەڵەن و هێشتا یەکێتین ئاخر دڵتان بەچی خۆشەو لاف لێدانی صراع ومارکسیستیشان لە چی؟ دە، ئێوەش، دە هەموومان، با دڵسۆزیمان با وەفامان، با قودسیەتی سیاسیی خۆمان، با هاوڕێیەتی ڕاستەقینەو ڕاستگۆیمان بۆ هاوڕێ ئارام لە قسەو سوێندو سۆزەوە بکەینە کردەوەو کردەوەش لە بەر ڕوشنایی تەحلیلی مارکسیانە بۆ ڕووداوەکان ئەمان گەیەنێتە سەرکەوتن. ئەوەی حەقە گوێی بدەینێ بیروباوەڕەکەمانەو بەس.

بیروباوەڕی ئێمەش تەنیا چەک هەڵگرتن و پێشمەرگایەتی نیە تەنها شەڕو باسکردنی کوردایەتی نیە بیروباوەڕی ئێمە، بیروباوەڕی هـاوڕێ ئارامە کە بیروباوەڕی (م.ل) و کۆمۆنیزمە ئەوەی ڕقی لە (م.ل) بێ چەند هاوڕێ ودۆست و کەسمان بێ، ئەبێ ئێمەش ئارام ئاسا دژی بین و ڕقی چینایەتیمان لێی بێ.

دەبا هەموومان بڵێین ئارامەکەی ئارامیی گیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، گیانت شادبێ هاوڕێکانت ڕێبازەکەت ئەپارێزن.دەبا وابکەین کوردستان بێ ئارامی پێوە دیار نەبێ.

***

ئەی کرێکاران و زەحمەتکێشان
ئەی گەلە تێکۆشەرەکەمان.

لەیادی حەوت ساڵەی شەهیدکردنی هاوڕێ ئارامی قارەماندا بەڕاشکاوی ڕۆشنی ئەکەینەوە، هەر هاوڕێیەک، هەر هاوبیرێکی ئارام هەر کەسێ خۆی بە مارکسی لینینی ودڵسۆزی کرێکاران و زەحمەتکێشان، دوژمنەکانی ئێوە ئەناسێ، ڕێبازی چەواشەی پرۆلیتاریا دەست نیشان نەکات، هەڵوێستی چینایەتی و فکری و مەبدەئی خۆی دیاری نەکات و بەزەحمەتکێشانی نەناسێنێ، وەک شەهید شەهاب ئاسا وەکو مامۆستا جەعفەری نەمر، وەکو شەهید ئیبراهیم عەزۆ و عزەت شەنگاری، ملازم جوامێرو سەلام سەلمان،سیروان و جەمالی عەلی باپیرو ئەنوەر حەسەن وەکو وەستا ئەنوەرو عەبدوڵڵای کرێکارو مامۆستا عەزیز جەمیل ڕەنجبەر و هاوڕێ کاوەو مامۆستا کاوە،[١١٥] وەکوهەموو شەهیدانی کرێکاران وزەحمەتکێشان قارەمان وبێباک نەبن، لە پێناوی بیروباوەڕا وەکو شەهید (وریای وەستا وەهاب[١١٦]) ئاسا نمونەی چاونەترسی نەبن، ئەوانەی وانین وخۆشیان بە مارکسی ئەزانن، مارکسیزم، کرێکاران و زەحمەتکێشان، تێکڕای شەهیدان، خاڵە شەهاب و کاک ئارام، لێیان بێ بەرین و هاوڕێی ڕێبازیان نین. زیاتر لەوەش ترسنۆکن، خۆ پەرستن، هەلپەرستن، پاشە ڕۆژی خراپتریشیان لێ چاوەڕێ ئەکرێ ئەم قسانە لە خۆڕا ناکەین بەدەم ڕێبازی (شەهیدئارام)ە وە قسە هەڵنابەستین وسۆزی کەسیش ناجوڵێنین ئەو کەسانە بۆ ئەم حەقیقەتە ڕائەکێشین،کە (ئارام)کۆمەڵە لە ئێستا کەمتر هەڵە بوبێ، لە ئێستا کەمتر ناسیۆنالیست بوو بێ، لە ئێستا جەوهەری کەمتر دەرکەوتبێ، لە ئێستا کەمتر

---

١١٥ بە شێکیان ئەندامی سەرکردایەتی و پێشمەرگەوکادری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون

١١٦ یەکێکە لە کادروپێشمەرگە دەست وەشێن وئازاکانی کۆمەڵە لە شارو شاخ، بەزوڵمێکی گەورە لە ناوبراو شەهیدان کرد.

نێوانی هاوڕێکانی ناخۆش بوو بێ، کەس تیا یانا نەیگوتبێ کۆمۆنیزم گەڕو گولە، ئەوسا لە ئێستا کۆمەڵە باشتر بوو بێ، ئینجا ئەو کاتە شەهید ئارام صراعی لە ناو کۆمەڵەدا کردبێ و ڕەخنەی هەبوو بێ و لە سیماو سەربەخۆیی چینایەتی و سیاسیی کۆمەڵە ڕازی نەبوو بێ، ئاخۆ ئەبێ ئارام لە ژیانا بوایە چەند لێبڕاوانەو مارکسستانە هەڵوێستی دەربەبڕیایە ئێمە دڵنیاین تاکە دەقیقەیەک لەگەڵ وردە بۆرجوازیە زاڵەکانی کۆمەڵەی ئێستا سیاسەتی نە ئەکردو هەموو شتێکی وەلا ئەناو لێیان بێ بەری ئەبوو، مەنتقی ڕووداوەکـان و ڕێڕەوی دەرکەوتەکان ئەمەمان پیشان ئەدەن. بۆیە بانگی ڕێبازی ڕاستەقینەی شەهید ئارام بە ڕاشکاوی ڕائەگەیەنین. لەم قسانەو بۆچونانە مەبەست ئەوەنیە کۆڕی خەبات لەو برایانە سارد کەینەوەو بێ سوودی خەباتیان پیشان بدەین. تەنها ئەوەندەیە تیشک ئەخەینە سەر ڕێیازە ڕاستەقینەکەو پیشانیان ئەدەین، لە نامەیەکدا مارکس بۆ زوغە ئەنوسێ (ئێمە بەعالەم نالێین لە خەبات کردن بوەستە، هەموو خەباتەکەت بە تاڵە، بەڵکە تەنیا دروشمی ڕاستەقینەی خەباتی ئەدەینێ). دەبا یادی حەوت ساڵەی شەهید کردنی هاوڕێ ئارامی ڕابەر ببێتە هاندەری ڕێی پیرۆزی خەبات و زۆرانی پیرۆزی چینایەتیمان دەبا گیانە نەمرەکەی هاوڕێ ئارام هەر لەگەڵماندا بێ و ببێتە ڕێ نیشاندەری ڕێبازمان، دەبا بێباک بین و کۆڵ نەدەین. تا بە ئامانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گەلەکەمان ئەگەین.

سەرکەوتووبێ خەباتی

شەکاوە بێ ئالای کرێکاران و زەحمەتکێشان، بڕوخێن فاشیستەکانی عێراق.

ئالای شۆڕش

١١ی ڕێبەندان.

***

زانیارییەکی دڵخۆشکەرە دەربارەی بەڵگەی تری شەهید ئارام

دوای هـەوڵ و کۆششێکی زۆر، توانیومانە نووسینە گرنگەکەی شەهید ئارام (ڕاپۆرتی شوبات) مان دەست کەوێ، لەگەڵ چەند نووسینێکی تری کە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوی کردووەتەوە[117] لەگەڵ وتارێکی تری بە ناوی (پەیمانی بەردەوامبوون لە سەر ڕێبازی خەباتی شۆڕشگێڕانە) کە لە سەرەتای مانگی یەکەمی ساڵی (١٩٧٦) بۆ ڕیزەکانی ڕێکخستنی نووسیوە دژی دڵساردی وڕە بەردان وهەڵهاتنی چەند کادرێکی کۆمەڵە لەکاتی گرتنی هاوڕێیانی کۆمەڵە و تەسلیمکردنەوەی شەهید شەهاب و هاوڕێکانیان. ئێستاش ئەوانە لە خۆیان ئازاتر لە کوردستاندا نیە.

لە گەڕان و هەوڵداین جگە لەم بەڵگانە، بەڵگەی تری (شەهید ئارام) مان دەست کەوێ بە هیواشین لە هەڵێکی لە بارا سەرجەمیان لە بەرگی سێیەمی نووسینەکانی شەهید دا بڵاو بکەینەوە.

لەگەڵ ڕێزی هاوڕێ یانەو دڵسۆزانەمان

ئالای شۆڕش

چاپخانەی شەهید فاتیح

١١ ی ڕێبەندان ١٩٨٥/١/٣١

***

---

١١٧ بابەتەکانی شەهید ئارام لەڕۆژنامەی (هاوکاری) دا،٤ ی ئازاری ١٩٧٢تا٢٠-٢٧ی حوزەیرانی(١٩٧٥) لەگەڵ چەند پاشکۆیەکدا، ئامادەکردنی موفق میراودەلی و پێشەکی (مەلابەختیار)،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٢١

دەربارەی ئەم گفتوگۆ و چاوپێکەوتنەی شەهید ئارام

تێبینی:

شەهیدئارام (شاسوارجەلال سەعید غەنی) تەمەنی کورتی پێشمەرگایەتی داینەمۆی رێکخستن و مەرگی ناوادەی بواری نەدا بیرۆکەو بیروڕا جوانەکانی زیاتر پەرەپێبداو دەرکەون و بکەونەڕوو، بەڵام هەرچی بێت، (ئارام) بە مەرگێکی گەورە مردوو لە بەرزیدا بەرجەستەولە چاوان ونبوو.(ئارام) کەسایەتیەکی ڕووناکبیرو نووسەر بوو، زۆر بە تواناو بەدیمەن و بناغەدانەری رێکخستنێکی نوێ بوو بەنێوی کۆمیتەی هەرێمەکان و ژیانی پێشمەرگایەتی کورت ومەرگی تراژیدیایەک بوو بۆ زەحمەتکێشان، ئەو بە بەمانای وشە،ڕەوشتبەرزوو تێکۆشەرخەباتکارێکی بێ وێنەو پاک بوو، دڵسۆزی بیروباوەڕو هزری چەپ بوو، ئەوتوانی بەورەو دڵسۆزیەوە پاش شەهیدکردنی(شێخ شەهابی شێخ نووری شێخ سالّح) و هاوڕێکانی، لە سەرزاری شێخ شەهاب و هاوڕێ زیندووەکانی توانی کۆمەڵەی ئەوکاتە لە لە ناچوون ڕزگار بکات، لە پەرتەوازەیی و پەرشوو بڵاوەییەوە کۆیان بکاتەوە، لەو قەیرانەی کە کۆمەڵەو رێکخستنەکەی، تێی کەوتبوو ڕزگار بکات، لە دەستی ڕژێمێکی درندەو فاشی بیهێنێتە دەرەوەو سەرجەم هاوڕێ تێکۆشەرەکانی نێو رێکخستنەکان لە کۆمیتەی هەرێمەکاندا کۆبکاتەوە، ئەم کارەی شەهید(ئارام) وەک میژوو لەو ڕۆژگارە سەختەدا بۆڕێکخستنێکی سیاسیی وەک (کۆمەڵە)و ڕزگارکردنی لە پەرتەوازەیی و بێسەروبەرەیی و بێسەرکردەیی بۆ ژیانی رێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی کۆمەڵە کەم نەبوو، دەبێت بە گەورەیی و میژووییەکی گرنگ بنرخێنرێت وسەیربکرێت، چونکە ئەو قەیرانەو شکستەی لەو ڕۆژگارە پرمەترسییەی کۆمەڵەی تێکەوتبوو تەنیا ئارام وتواناکانی توانیان شکۆو هەستانەوە بۆ کۆمەڵەو رێکخستنەکەی بگێڕنەوەو لەو

تەنگەژە سیاسییە قوڵە ڕزگاری بکات، ئەم کارە بۆئەو سەردەمە کەم نەبوو، وەک دەردەکەوێت لە هەندێ نووسراو ڕاگەیاندنا هەندێ کەسی کاڵفام دەیانەوێت لە شکۆی (ئارام) و هەیبەت و کەسایەتی پاک و دروست و بەهێزی کەم بکەنەوەو لێرەو لەوێ پلاری نادروستی تێبگرن و مێژووەکەی لەکەداربکەن، کە ئەم پلار تێگرتنە بۆلاوازی و کەم هێزی و هیچ نە بوونی ئەو کەسانە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدادەگەڕێتەوە کەواتە بۆچی؟ زیاتر لە چارەکە سەدەیەک زیاتربە سەر مەرگی (ئارام)دا ڕابووردووە، کەچی تازە بەتازە، ئەم پڕوپاگەندەو قسەکاڵ و کرچ و سواو و کەم ئەرزشانە دەکرێن وهەندێ بابەتی لاوەکی دەوروژێنن.

ئەم چاوپێکەوتنەی کە لەبەر دیدەتاندایە، پاش حەوت ساڵ بە سەر شەهیدکردن و مەرگی(ئارام) دا لە لایەن (ئاڵای شۆڕش) ی جیابووە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە١٩٨٥/١/٣١ لەلایەن (ئاڵای شۆڕش)ەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەوەندەی لە هاوڕێکانی شەهید (ئارام) زانیاریم چنگ کەوتبێ و هاوڕابن، ئەم چاوپێکەوتنە زۆر ڕاست و دروستەو ئەوان دڵنیایان کردمەوە،لە ڕاست و دروستی چاوپێکەوتنەکە، ئەم گفتوگۆو چاوپێکەوتنە لەلایەن هاوڕێیەکی شەهید (ئارام) ە وە بەناوی شەهید (ئازادی مەلامحەمەد)، کاتێک (ئارام) بەنهێنی خۆی شاردووەتەوەو لەماڵیان بووە لەلایەن ناوبراوەوە،کراوە، ئازادی مەلا محەممەد لەلایەن شەهید (ئارام)وە پەیمان و بەڵێنی لێوەرگیراوە کە لەو کاتەدا بە زووی چاوپێکەوتنەکە بڵاو نەکاتەوە، بەڵکو ئەو چاوپێکەوتنە هەڵگرێ بۆکات و دەرفەتێکی گونجاوو لە بار،پاشان بڵاوی بکاتەوە، ئەوە بووئەو دەرفەتە لەکاتی جیابوونەوەی ڕێکخراوی سیاسیی (ئاڵای شۆڕش) لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،هاتە پێشەوەو ئەو چاوپێکەوتنە وەک کردەوەیەکی سیاسیی ئاراستەکراو دژی یەکێتیی لەو کات و سەردەمەدا بڵاوکرایەوە، وەک سۆز بزواندنێک بۆکادروفەرماندەو سەرکردەکان وڕێکخستنەکانی ناو یەکێتیی دوو بانگەوازی ئاراستەکراوی بۆ یادەکە تیا نووسراوەو بڵاو کرایەوە، هەرچەند نووسەرەکەی ناوی خۆی لە پاش چاوپێکەوتنەکە نە نووسیوەو ئەو دەڵێت:

ئەمەدووره له سۆز، بەڵام ئەمە زیاترله ڕاستیدا، سۆز بزوێن و ئاراستەکراوی سیاسییەو هیچی تر..؟ بەڵام له ڕاستییەکەیدا نازانرێت ئەم چاوپێکەوتن و گفتوگۆیە لەسەر وەرقە کراوە، ئەگەر له سەر وەرقە بێت، دەبووئامادەکەری گفتوو گۆکە ڕەشنووس و گفتوگۆکەی بۆ باوەڕ بوون و دڵنیایی خوێنەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وەک دیکیۆمێنت کۆپی کردایەو لەگەڵ چاوپێکەوتنەکەدا بڵاوی بکردایەتەوە، هەرچەند پاش شەهید ئارام، ئازادی مەلا محەمەدیش شەهید بووە، زانیاری ئەوەمان چنگ نەکەوت کە ئەم چاوپێکەوتنە کەوتە لای کێ وکێ بڵاوی کردووەتەوە، بۆئەم چاوپێکەوتنەش پێویستمان بەزانیاری وردترهەیە! وەک وێنەی فۆتۆگرافی شەهید ئارام ئامادەکەری گفتوگۆکە، کە لەکاتی خۆیدا بۆدڵنیایی و متمانەکردن و باوەڕکردن بڵاوبکرابایەوە، بۆ ئەوەی گومان له سەر بابەتەکە کەمتر دروست بکات! ئەمە وەک ڕونکردنەوەو تێبینیەک لەمەڕ چاوپێکەوتنەکە. ئەگەر بەکاسێت و تسجیلیش کرابێت دەبوو ئاماژەو ڕونکردنەوە لەو بارەوە بخرایەتە ڕوو، ڕونکردنەوە بکرایە ئەمەش وەک تێبینیەکی تر دەربارەی ئەم چاوپێکەوتنە کە شەهید"ئازادی مەلا" گفتوگۆو چاوپێکەوتنەکەی کردووە، لەگەڵ شەهیدی سەرکردە کاک(ئارام)دا.

***

ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی
ئەم چاوپێکەوتنە:[118]

ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ شەهید ئارام، لەلایەن شەهید (ئازاد مەلامحەمەد) ە وە لە کاتێکدا کراوە کە شەهید ئارام بەنهێنی لە ماڵی شەهید ئازادی مەلادا[119] بووەو زۆر نزیکیش بووە لە شەهید ئارام و کادرێکی ڕووناکبیرو کەسایەتییەکی دیاری ناو شاری سلێمانی بووە، هاوڕێ زیندووەکانی شاهیدی ئەوە بۆ شەهید ئازاد دەدەن کە چەند پیاوێکی خوێندەوارو ڕووناکبیرو خۆڕاگری نێو زیندانەکانی بەعس بووەو خۆشەویست و دڵسۆزی گەل و نیشتمان و خەمخۆری هاوڕێ وخانەوەداکەی بووە، هەر ئەو ئازایەتی و بوێری و چاونەترسییەش وای لە شەهید ئازاد کردووە سڵ لە دوژمنەکانی نەکاتەوەو لە پێناوی شۆڕش و گەل و نیشتمان و کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا گیانی فیدا بکاو بە نەمری بمێنێتەوە،ئەم شەهیدە مەزنە زۆر کەم باس کراوە بۆیە بەباشم زانی بەهۆی ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنەوە ژیننامەو بیرەوەری هاوڕێیەکی شەهید ئازاد، خوالێخۆشبوو (دکتۆر ساجد) کە پێشمەرگەو زیندانی و هاوڕێی شەهید ئازادە، شایەنی ئەوەیە لەم کتێبەدا جێگەی بۆ دابنرێت و بڵاوبکرێتەوە، سوپاسی گەرمم بۆ بنەماڵەی شەهید ئازادی مەلامحەمەدو هاوڕێ خەسرەوعەبدوڵڵا، هاوخەباتی شەهید ئازاد بۆزانیاری و هاوکارییان.. ڕۆحی شەهیدئازادی مەلامحەمەدیش شادبێت،یادی بەرزو زیندوبێت.

***

---

۱۱۸ چاوپێکەوتنی جاران وەک ئێستا نەبووە، بەڵکو سەردەمی عەولەمە (بەجیهانی بوون) تەکنۆلۆژیا، بەردەوام لەگۆڕانکاریدایە،لەگەڵ ئەمڕۆدا ئاسمان وڕێسمانە، ئەم چاوپێکەوتنە بیرۆکەی، شەهید ئازاد بووە، بەتەسجیلێکی بچوک، ئەوکاتە شەهید ئازادو شەهید ئارام پێکەوەبوون، بۆیە شەوێک لە شەوەکان شەهید ئازاد ئەم گفتوگۆیە تۆمارئەکات، ئەوکاتە کامێرا، وەک ئاسانکاری ئەمڕۆ زۆر زۆر جیاوازە.

۱۱۹ بۆچونیش هەیە دەڵێن: چاوپێکەوتنەکە لەماڵی بەڕێز (ئاوات قارەمانی) ئەنجامدراوە، کاتێک بەرلە پێشمەرگایەتی شەهید(ئارام) بەنهێنی لە گەڕەکی سەرشەقام لەماڵی ئەواندا خەباتی سیاسیی کردووەو لەوێ ژیاوە،بەڵام تا ئێستا ئەوەمان بۆ پشتڕاست نەکراوەتەوە.



شەهید ئازادی مەلا

(ئازاد محەمەد مەلا محەمەد)

ساڵی (١٩٥١) لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیرو ڕەسەنی شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی وئامادەیی لە نێو شاری سلێمانی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، دواتر چۆتە پەیمانگەی مامۆستایانی شاری هەولێرو لەوێ دەستی بە خوێندن کردووە، ئەوپەیمانگەیەی بە سەرکەوتووی تەواوکردووەو بە مامۆستا لە یەکێک لە گوندەکانی نزیک شاری سلێمانی دامەزراوە.

ساڵی(١٩٧٤) کاتێک شەڕ لە نێوان بزوتنەوەو شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراق دەستی پێکردۆتەوە (شەهید ئازاد) پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووەو بووەتە پێشمەرگە، پاش هەرەسهێنانی شۆڕشیش گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و ساڵی (١٩٧٥) پەیوەندی کردووە بەڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە لە ناو شاری سلێمانی دا.

لە بەرواری ١٩٧٧/٥/٥ لە لایەن ڕژێم و دەزگای هەواڵگیری سەربازی(استیخبارات عەسکەری) حکومەتی عێراقەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی نێو ڕیزەکانی ڕێکخستن دەستگیردەکرێت و لە کونجی بەندیخانە توند دەکرێت.

ئەم شەهیدە تێکۆشەرە نمونەی ئازایەتی وخۆڕاگری نێوزیندان بووەو

سەرباری ئەشکەنجەو ئازاردان نهێنی ڕێزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەو هاڕێکانی پاراستووەو هیچ ووشییەکی نهێنی نەدرکاندووە.

لە مانگی هەشتی ساڵی (١٩٧٧) دا، فەرمانی بەندکردنی پێنج ساڵ و دوومانگ حکومدانی بەسەردا سەپێنراوەو لەگەڵ هاوڕێکانی ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبو غرێب کراوە، پاش ماندوەی لە بەندیخانە ساڵی (١٩٧٩) بەرلێبووردنی گشتیی کەوتووەو لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی سیاسیدا ئازاد کراوە، هەرپاش ئازاد کردنی گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و پەیوەندی کردووەتەوە بەڕێزەکانی کۆمەڵەوەوبەردەوام بووە لە چالاکییە سیاسییەکانی.

پاش ئازادبوونیشی لە بەندیخانە حکومەت نەیهێشتووە بگەڕێتەوە سەر پیشەکەی کە مامۆستایی بووە، بەڵکو لە یەکێک لە فەرمانگەکاندا دامەزراوە بە فەرمانبەر تا مانگی (١١) ی ساڵی (١٩٨٠) پەیوەندی کردووە بەڕێزەکانی شۆڕشەوەو بووەتە پێشمەرگە.

*مامۆستا جەعفەر لەبیرەوەرییەکانیدا دەربارەی شەهید ئازاد ئەم یادەوەریانە دەگێڕێتەوە:

(بەڵێوایە! لەزیندانداپیاوێکی قایم و خۆڕاگربووە!)

یەکەم: لە شاری هەولێر ئازادی مەلام ناسی: پیاوێکی قورس و گران ودەرونشی سیاسەت بوو، جێگەی متمانەی دۆست و هاوڕێیانی بوو. من لەڕێگەی مامۆستا جەعفەرەوە[١٢٠]ناسیم. هەستمکرد شێوەی پەیوەندی هەردولابونی جەنجاڵی سیاسەت و بۆکوڕوزی کاری ڕێکخستنی لێوەهات. بەلامەوە جوان نەبووئەوپرسیارە لەیەکێکیان بکەم، سیاسەت ئەوانی کردۆتە هاوڕێ، یان هاوڕێیەتی جۆگەلەی سیاسیی لێبۆتەوە.

ئازاد ئەگەرچی ئەندامی سەرکردایەتی نەبوو، بەڵام هەروەکو کوردان گوتویانە"شێلەهیچی لەبێلە کەمتر نیە!" خۆی لەسەرکردەی سەرکردەکان

١٢٠ شەهید مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید، لەگەڵ شەهید شەهاب شێخ نووري و ئەنوەر زۆراب لە سێدارە دران.

بەزیدەتر دادەناو دەیزانی چۆن دڵی خەڵک ڕابگرێت و بیروڕای خۆی بسەپێنێت و دەیتوانی لە ناوڕێکخستندا ڕۆڵ و کاریگەرێتی بۆچونەکانی فراوانتر بکاتەوە.

ئاستی تێۆری وڕۆشنبیری وەکو زۆربەی ئەندامانی"کملک"مام ناوەندی بوو.ڕێکەوتێکی سەیر قەت کتێب و ڕۆژنامەوگۆڤارم بەدەستیەوەنەبینیوە. نەڕۆژێ باسی خوێندنەوەیکتێبێکی بۆ کردووم و نەحەزی دەکردخۆی لەقەرەی بابەتە فیکری و تێۆرییەکان بدات. ئەو بایەخی بەدەنگ و باسی سیاسیی ناوخەڵک وبازاڕەدا.بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بینیبو، یان بۆی خوێندرابووەوە. هەرجارێک یەکترمان دیتبا، من باسی ئەوکتێبانەم بۆ دەکرد، کەتازە بڵاوکراونەتەوەدەربارەی دوبەرەکی چین و سۆڤیەت، جوڵانەوە سیاسییەکانی ئەمریکای لاتینبۆ نمونە- تۆپامارۆس... - ئەو بەپرسیارو پرسیارۆکە بەردەبازی بۆ خۆپەڕانجنەوەی دروست دەکرد.[121]پاش نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) هەردووکمان لەهەولێر بووین و زوو زوو یەکترمان دەبینی. من ئەوکاتە سەرم سوڕمابوو لە سەرکردایەتی کۆمەڵە، ماوەی یەک ساڵی ڕەبەق نەیانتوانی، دوو سێ جار پەیوەندی بە"هەرێمی باوەڕ"ە وەبکەن لەوماوەیەدا بەهەزار حاڵ بڵاوکراوەیەکیان بڵاوکردەوە.

دووەم:ڕۆژێکیان بەئازادم گوت:

سەرەتا پێموابوو: کۆمەڵە ڕێکخستنێکی ڕێکوپێکەو لەئوتۆمبیلێکی مەرسیدسی مۆدێل بەرز دەچێت، ئێستا بەتەواوی قەناعەتم کردووە، عەربانەیەکی شەقوشڕەو بەپاڵیش ناجوڵێت... دوای ماوەیەک مەلا بەختیارم لەخانەقی بینی،هەمان ڕستەم لای ئەویش دوبارە کردەوە.

ساڵی (١٩٧٩) ئازادیش وەکو گیراوەکانیتری کۆمەڵە، بەر لێبوردنی گشتی کەوت و ئازادکرا. ماوەیەکی پێنەچووخۆی گەیاندەشاخ و لەنێوزەنگ یەگترمان بینیەوە. زوو زوو سەردانی دەکردم و دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشتم.

---

١٢١ بەخەونی گەورەوە کەوتینە ڕێ، بیرەوەری، مامۆستا جەعفەر(فازیل کەریم ئەحمەد) بەرگی ٢، ل١١٣- ١١٤چاپی یەکەم تاران، ساڵی ٢٠١٩

چەند ڕۆژێک پێش شەهید بوونی سەردانی کردم، تاقم و مەخزەنی لەخۆی دابوو، کلاشینکۆفێکی کردبووە شانی. باسی ئەوەی ئەکرد، کەدەیەوێت لەگەڵ مەفرەزەیەک بۆناو شار بڕوات. گوتم: پەلەمەکە لەکاری سەربازی و دەبێ پێشترلەسەر تەقەو ڕەقە خۆت ڕابهێنیت و فێری شەڕی پارتیزانی ببیت، نەک یەکسەرمەفرەزەیەک بۆناوشار بکەیت.

پاش چەند ڕۆژێک هەواڵی شەهیدبوونی گەیشت. چیرۆکێکی زۆر لە سەر ژمارەی ئەوفیشەکانەی لەپشتەوە بەری کەوتبوون دروستکرا.لەم وڵاتەدا ڕاستی و ناڕاستی ئەوەندە تێکەڵاو دەکرێت، کەس نازانێ ڕاستی سەریلەکوێیەو پێی لەکوێ شاراوەتەوە!.[١٢٢]

پاش سێ مانگ و نیو لە پێشمەرگایەتی لەکاتی گەڕانەوەی لەگەڵ مەفرەزەکەیدا بۆنێو شاری سلێمانی لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشا نزیک مزگەوتی سەلاح دین لە بۆسەیەکی چێنراودا لە شەوی(٧ لە سەر٨/ ٣/ ١٩٨١) لەلایەن پیاویانی ڕژێمەوە شەهید کراوە.

***

١٢٢ سەرچاوەی پێشوو ل١١٥- ١١٦

نارام شەمیدیک لە بتدی کەزوی دا





کامەران شەوقی و شەهید ئازادی مەلا

بیرەوەری زیندان
دەربارەی شەهید ئازادی مەلا

دکتۆر ساجد[۱۲۳]

۱۹۷۷ /٥/٥ گیراین لەلایەن(استخباراتی عسکری) هەواڵگری سەربازی براین بۆ شوێنێک، بەرانبەر شارەوانی سلێمانی ئێستا فرقەیان پێ ئەووت، کە ئێستا[۱۲٤]پارکی وەستانی ئوتۆمبێلە[۱۲٥]لەوێ شەهید ئازادم بینی، پێشتر تەنیا بە ناو ئەمناسی.

هەرزوو ئاشنایەتی لەگەڵ هەموواندا پەیدا کرد بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەش وهەوایەکی خوڵقاند کە هەرکەس لە لێدان ئەگەڕایەوە ئەبوایە قسەی بکردایە ئایا پاکانە(اعتراف) ی کردووە یان نا؟ ئە اعترافی کردووە چی وتووە. نا ڕاستەوخۆ ئەوەشی سەپاند بە سەرماندا کە خۆڕاگر بین وابکەین تا ئەتوانین هیچ نەڵێین: ئەگەروتراش شتێکی کەم و تەنیا لە سەرخودی کە سەکە خۆی، واتا زانیاری لە سەر ڕێکخستن و لە سەر هاوڕێکانمان نەدەین.

---

۱۲۳ دکتۆرساجد، ناوی(زەینەددین نجمەددین محەمەد)ە(۱۹/۱۹٥٦-۱-۲۰۰٦)پێشمەرگەو کادری کۆمەڵە،پیاوێکی نیشتمانپەروەربوو،بەداخەوە بەهۆی نەخۆشییەوە لە ماڵەکەی خۆیدا سەری نایەو کۆچی دوایی کرد.

۱۲٤ ئاماژەیە بۆ ئەوکات و ساتەی ئەم نوسینەی تیدا نووسراوە.

۱۲٥ . ئەوکاتە پارکینی ئوتۆمۆبیل بوو، بەڵام ئێستا ئەوشوێنە بۆتە باڵاخانەیەکی چەند نهۆمی.

ڕۆژێک دوو خوێندکاری منداڵکار که گیرابوون کردنیانه هۆڵەکەی لای ئێمە، شەهید ئازاد و یەک دوو برادەری خێرا لێیان پرسین کێن و کوڕی کێن؟ لە سەر چی گیراون و چییان وتووە؟ ووتیان ڕێکخستن و دوای لێدان ناوی دوو هاوڕێی خوێندکاری خۆیان داووەو ووتومانە بڵاوکراوەمان پێداون؟ بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر بە چەند چرکەیەک کۆڵێک لەورەی پێدان و پێی وتن: ئەگەر ئەو دوو برادەرەتان بگیرێت بەرەو ڕووتان دەکەنەوە ئێوەش پەشیمان ببنەوەو بڵێن: ترساوین ناوی ئەو دوو برادەرەمان داوەو نەختێ خۆڕاگربن ئەوان هیچیان بۆ نابێ و بەرەڵا دەبن، هەرواش دەرچوو دوو خوێندکارەکە دوای گیران و ڕوو بەڕوو بوونەوە بەربووون.

یەکێک لەو خوێندکارانە کاک هێرشی مهندس بوو، هێرش محرەم ئەمین، شەهید ئازاد پێی ووت: هێرش تۆباوکت لە پەنجاکاندا سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکانی کردووە دژی حکومەت، بە هۆی ئێوەوە خەڵک بگیرێت دوای چۆن لە ڕووت دێ سەیری خەڵک بکەیت،(هێرش) لە وەڵامدا ووتی: بشمکوژن پەشیمان دەبمەوەو ئەڵێم: ترساوم و درۆم کردووە.

هیئەی کەرکوک:

لە هیئەی خاصەی کەرکوک ڕۆژانە تەعزیب ولێدان هەبوو ئەوەندەیان لێدا بوو بە تایبەت فەلاقە کردن، هەردوو بنەپێی وورده گۆشتی لێ هەڵئەوەری ژێردەرگای ژووورەکانی هیئە کونێکی بچوکی تیا بوو لە وێوە ئەمانتوانی سەیری هاوڕێکانمان بکەین کە تعزیب ئەدران شەهید ئازاد هەردوو دەستی دەخستە ژێر سەری و بێ ئەوەی هاواربکات، ڕۆژێک پێم ووت: کە لێت ئەدەن هاواربکە با ڕەحمێکت پێ بکەن و کەمتر لێت بدەن، ووتی: هاوارناکەم و نامەوێت دڵی دوژمنەکەم خۆش بکەم.

هەموو حەوشەکەی هیئەی کەرکوک چەند ژورێکی تیا بوو سێ ژووریان سجن بوو، نیوەڕوان بۆنانخواردن لە حەوشەکەدا هەرهەشت نۆکەی بۆ سەر

لەگەنێک شلەو برنجەکە کرابوو بەسەریەکدا، ئەڵبەت پێشتر سەربازەکان خۆیان تێریان لێدەخواردو پاشماوەکانیان ئەدا بەئێمە هەرچی گۆشتی تیابوایە ئەیانخواردوو ئێسقانەکانیان دەکردەوە ناوی بۆ ئێمە ماوەیەک شەهید ئازاد لە ژوورێکی تر بوو، واتە پێکەوە نەبووین، کاتی نانخواردن هاتە سەر ئەو لەگەنەی منی لێبووم بە هێواشی پێی وتم: کاک فلان کە لەژوورەکەی ئێوە بانگ دەکرێنەوە بۆ تحقیق و اعتراف بکات هەموو ڕێکخستنەکانی هەولێر ئاشکرا دەبن، چونکە خوشکێکی ئەو لە مالی برادەرێکمان لە هەولێر اختفابووە، ئەم سەردانی کردوون ومالەکەشی دەزانێ، وتی: خاوەن مالەکەش لە هەولێر لێپرسراوی بەشێکی زۆری ڕێکخستن و تا ئێستا چەند جارێ گیراوە، چونکە دەلیلی لە سەرنەبووە بەربووە، ئەگەر ئەم برادەرەی ژوورەکەی ئێوە اعتراف بکات ئەوا زەرەری زۆر زۆرمان لێ ئەدا کەچوومە ژوورەوە بە برادەرەکەم وت: بانگت دەکەنەوە بۆ تحقیق پرسیاری فلانت لێ بکات بڵێ نایناسم چونکە فلانی خوشکت هێشتا لە مالی ئەوانەو ئەگەر بگیرێت خوشکت و منداڵەکانیش ئەگیرێن، دەستی کرد بەگریان و وتی: لە ژێر تعزیبدا ئەمکوژن پێم وت: لەوێ بمری باشترە وەک لە ژوورەوە، چونکە اعتراف بکەیت من ئەوخنکێنم، باشبوو بەیەک جار بردیان بۆ لێدان و لە تەنیشت ئەوەوە لە زیندانییەکی تریان ئەدا، لەکاتی لێداندا شەهید بوو ئیتر وازیان لەو هێناو کردیانەوە ژوورەوە.

ڕووداوەکە بووە هۆی ئەوەی ئەمیان بیر بچێتەوەو جارێکی تر بانگیان نەکردەوە.

لە هیئەوە بەرەو زیندانی ئەبوغرێب، شەهید ئازاد ئەگەرچی بەرپرسێتی زۆری هەبوو لەناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو زۆریشی خەڵک دەناسی، شتێکی زۆر کەمی لە سەر خۆی وتبووتا بەوە وازی لێبهێنن و زەرەر لەڕێکخستن نەدا، وەزۆرمان کە بەرپرسیشمان نەبوو ٥ پێنج ساڵ و یەک مانگ حوکم دراو بەرەو زیندانی ئەبوغرێب ڕاپێچ کراین، لەڕێگەش سەرقافڵچی، ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوربێت با چواردەورمان کڵپەی ئاگربێت.

ئەبوغریب:

لە زیندانی ئەبوغریب ماوەیەک لە احکام ثقیلە بوین کە هەموو جۆرە زیندانییەکی تیابوو، ئیمە پەرش وبڵاوکرابوین بە سەر قسمەکاندا بە جۆرێ هەردوان و سیانمان بەرقسمێک کەوتبووین، دواتر کە گوازراینەوە بۆ احکام خاصە هەموو ئەوانەی بەیەکەوە گیرابووین پێکەوە بووین.

هەموو بەندییەکانی تریش سیاسی بوون، لەوێ شەهید ئازادو ئاسۆ ڕەحیمی کارگێڕی مەڵبەندی سلێمانی و (لەتیف شێخ عومەر)،(صلاح ئەحمەد) کە ئەفسەرە لە تۆپخانەنەو جەبار مستەفاو بەندە بەیەکەوە نانمان دەخوارد کە لە دووژووری تەنیشت یەکبوین، چونکە ژوورەکان زۆربچوک بوون بە ناڕەحەتی بەشی سێ کەس لەوێ شەهید ئازاد فێری ئەوەی کردین کاردابەش نەکەین کێ فریاکەوت ئیش بکات، دیارەکارەکانی بریتی بوون لە خواردن دروستکردن، شتنی قاپ و قاچاغ، شتنی جل، پاکردنەوەی ژوورەکان.

گیرفانیشی پێ کردین بەیەک، پارەی هەمووان وابزانم لای لەتیف شێخ عومەر بوو.

هەموو مواجهیەکیش کە کەسوکار دەهاتن بۆ لامان چەند پارچە جگەرەیان بهێنایە ئەبوو بە مۆڵکی هەموان، شەهید ئازاد، کەم قسەی ئەکرد، بڕواتان بێت زۆرجار هەربەهێمای دەموچاوی شتەکانی پێ دەوتین لەوپەڕی ناخۆشیدا بزەیەکی زۆر سیحراوی ئەچووە سەر لێوەکانی پێی ئەوتین خۆڕاگربن، یەکترمان خۆش بوێ ئایندەمان ڕووناکە، هەربەهێمای دەموچاوی دەریدەخست کە ئیمە لە بەعس زۆر گەورەترین زۆر قایم ترین هیواشی بە دواڕۆژ زۆر گەورە بوو.

ساڵی(١٩٧٩) بە لێبووردنی گشتی بەربووین، پاش ماوەیەک من بەشەهید ئازادو لەتیف شێخ عومەرم وت: ئەچمەدەرەوەو ئەبم بە پێشمەرگە، ئەوکاتە من لە دایکم عاجز بوو بووم لە ماڵی شێخ عومەردەژیام(ماڵی باوکی شێخ لەتیف) یەکسەر شەهید ئازاد پێی وتم: تۆناتوانی دڵی دایکت ڕابگری چۆن پێشمەرگایەتیت

پێ دەکرێ، کەزانی سوورم لە سەرئەوەی بڕۆم و دایکم ئاشت ناکەمەوە، پێی وتم: لە ناو هەموو ڕێکخستنەکانداو لە ناو هەموو هاوڕێکانمانا بڵاوی دەکەمەوە کەتۆ لەدایکت عاجزبوویت بۆیە ئەبی بە پێشمەرگە، نەک لەبەر کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، ناچاری کردم لەگەڵ دایکم ئاشت ببمەوە پاش ماوەی مانگێک چوومە دەرەوە.

ئازاد دەبێت بە پێشمەرگەو شەهید بوونی. سالّی(١٩٨٠)[١٢٦]لە سەرکردایەتی گەڕامەوە بۆ قەرەداغ، کاک شێخ جەعفەر مستەفا پێی وتم: لەم ڕۆژانەدا کاک ئازاد هاتبوو بۆ لامان بۆ ببینین و هەندێ ئیشوکار، لە گوندی کۆپیتە یەکتریان دی بوو وتی: ئەبێ بەپێشمەرگەو ڕەنگە ئێستا لە سەرکردایەتی بێت، منیش ئیجازەم لێ وەرگرت و چووم بۆ سەرکردایەتی کە گەیشتمە ئەوێ وتیان: بە مەفرەزە دابەزیووە بۆ ناو شارو هەندێ کاری ناوشار هەیە ئەنجامی ئەدات و هەرئەوشەوە ئەپەڕێتەوە بۆ بەری قەرەداغ، منیش یەک شەو لەسەرکردایەتی مامەوەو گەڕامەوە بەرەو قەرەداغ کە گەیشتمە قازانقایە هەوالّی شەهید بوونی کاک ئازادیان دامێ، کاک بەختیار مستەفا هەوالّەکەی دامێ و هەردووکمان هۆن هۆن فرمێسک بە چاوماندا دەهاتە خوارێ و نەمان دەزانی چی بکەین و چی بڵێین!

ماوەتەوە بڵێم شەهید ئازادی مەلا محەمەد سەرکردەیەکی بلیمەت بوو بەتوانا و زیرەک بوو، هەموو هاوڕێکانی زۆر خۆش دەویست خەمخۆریان بوو، لە کەسوکار زیاتر بوو بۆ ئێمە.

بە داخیشەوە نە لە ڕاگەیاندن، نە لەڕۆژنامە، لە کەم شوێن باسی ئەم شەهیدە مەزنە کراوە.

***

١٢٦ ئەم میژووە هەڵەیە،چونکە باسی هەوالّی شەهید بوونی شەهید ئازاد دەکات، ئەو٧ـ ٨ ی ٣ ی ١٩٨١شەهید بووە.

دەستنووسی دکتۆر ساجید

(۱)

٤

داوه و نه فتنه فشار اگر بن تەوان صیحیان بتوانن بەرەو لا

هەروەها وه پیرو دەرفەتیکەوە کە دەوان گیران و بەردەوام
بوونیان وه بەردەوام . کە یەکەم لەو هۆیانەی کە ئاڵوگۆڕ
هێنەرەکان بوون و هێشتا هەروەها وه ش صیحیان ناناو دەبن.
هێشتا تەواو باوەڕ لەیە فاکتەرە کە دوای ئەو هۆیانە
کەوتنە دژی هەکومەت و بە هێزن تەنها ئەو یەکەیەت
دوای چەند لە بەردەوام وەش سیرەت لە تاڵ بکەیت و دەچێتە
لەوە لاوەکانی وەتن بەشکۆدارن بە شێوەیەن وە بەوەوە دەڵێ
ئەرسارەم و دەڵێم کە دووەم

هێزی کرێکاری .

و هێزە ناوەندی کرێکاری ڕێژەیەکی تەنیسب و لێبڕانی هەبو
لە وەندەیان لەگەڵ وابوو بۆ تابیبت کە لاتەکردن و هەروەها
بۆ بەشی دووەم گوتیشتن کە هەڵبژاردن.
ئێژەر وەرگەڕانەوەی هەیە کوتیشی بەکەمکی تیا بوو لەڕێ.
ئەمان خوای سیر هاوڕێکانیان بکەوێن کە تەنیسب بوونەوە
لە صیحیان ئاراوەیەکی وەستاوە وەخستەڕێژەر سیرەتی بوونەوە
هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی بێتە بەشداری کە لێت بوونەوە هەوڵ بکا
بارەی حیزبەکەی بکەن وەکەوتە لێت بدەن و وەتن
هەوڵ نادەم و ناوەڕێت دەگا دژمنەکەم خۆشا بکەم.

(۳)

(٤)

چونکە ئاڵان خوشکەت لە ماڵێ نەوانەو نەگەر بگەڕێتەوە
خوشکەو منداڵەکانیشت تێدایە ،
دەستکردی بەگریان و وتی ئەڕێ تەضحیەت ئەم کوڕانە
پێم وتبوو لەوێ بمەیەنەوە ئەوان لە ئاوەدانی وەک چونکە
ئەمانە بگرینە منالەوە خۆشەکانم بەباش بووە بۆ ئێمە
هەردیان بۆ لێدانی و لە تەنیشت نەدەوە لە
سەیدا کچەکەی تریان نەما لە گەڵ لێدانیدا شەهید بوو
ئینجا دانیان لە ئێمە کردیانەوە هەوڵیان دەدا .
دوو ماڵ کە بەدەم هێنانەوە نەچیان بێ بەجێیان دەو
جارێکیش تر بانگیان نەکردەوە .

لە ئێمە وەک بەرەو نزیکەی ئاوەدانی
شەهید ئەمانداد ئەگەر بەرەو بەرێتە ئاوەدانی هەبوو لە ماڵەکەیان
هەڵدەگرت نزیکەی ئێوارە دەگەیشتینە ئاوەدانی لەوێ سەر
هەڵدەدەبەسەر تا بەوە دانیان بێتینەوە و ئەوەی لە ئێمە
نەوا ئەوە ئاوەدانیان کە بەرەو سیمشاتان نەبوو ئەسارد
بۆ ئەو مانگە موکریان بەرەو نزیکەی ئاوەدانی نەبو ئەمرێت
بۆ ئێمە ئاسانتر بوو چونکە ئەوەندە ماندوو نەدەبوو
بۆ ئێمە ئاسانتر بوو چونکە ئەوەندە ماندوو نەدەبوو

۵

ثم بو تحریم

از پیدائی ثم بو تحریم عاصیان لم احکام تقیل بودن کہ ھمود
چند ہ از پیدائی خایہ کی تیا بود بایثہ پرشت و بیلاد کرا بودن
بہ سہ ۔ قسم کاندا بہ چند ھ ۔ دودانی و سیانان بہ ترسیمل
کہ دنبودن ہ دیاتہ کہ گوانز اینہ دہ بتو احکام خاص
ھ ھمود انہ وانہ ک بہ یہ کہ وہ گیدا بودن پشکیدہ بودن
ھ ھمود بہ ندیہ کانت ترسنہ سیا سنا بودن ہ لہ وتہ ۔ صید
انیاد و کال کا سنہ رصیم کا رگیدہ م ایتہ ندہ سیانان و کال لطیف
تشخ عوم ر و کال صلاح احمد کہ ثم ہ لہ توپ خان و
کال جار حضہ خاو بھ ندہ بہ یہ کہ وہ نا غان
دہ خوارد کہ لہ وھ ھمود نہ بستہ یہ لہ بودن ہ چرنگ
دودہ کان انیدہ بہ لہ بودن بہ نایہ ھ تے بہ شا کہ ہ دہ کرد
لہ وتہ ۔ صید شاداو ایتہ نہ وہ کردن کار و ایہ شانہ کہ بن
کہ نیا کہ وت بیشہ کہ بات ہ دیاہ کا یہ کان بریتہ بودن لہ خوارون
دوت کردن ہ تشخ تایہ و خاچاچ ہ تشخ جن ہ یا کردیہ وہ
ھمود یہ کان تایہ ستہ یہ کردن بہ یہ لہ ہ یا رھا ھ عوت
ما بزاہم لاہ کال لطیف تشخ عوم ر بود ۔ ھ تد
ھ ھمود صاجہ یہ کہ لیشا کہ کہ ھمود کا ر دہ ھاتن بتو لاھان ۔
بہ ندہ یا رم چگ رہیان بیتنایہ انہ بھ بہ ھلکی ھ ھمود ما۔

(ح)

شەهید نارام ... کەسێکی دڵسۆز و بەرپرسیار بوو لە کارەکانیدا. ئەو
هەر بە هێمنی و بەردەوامی شتەکانی دەورووبەری خۆی
لەدەست دەدا. ئەگەر هەڵەیەکی لێ دەکرا، بەڕاستی
لێبووردەیی گەورەی پێشان دەدا و بە ئاگەداری خۆی
دەیزانی. هەر بۆیە هاوڕێکانی خۆشیان دەویست
و دەیانەوێ بە هاوڕێیەکی نزیک بمێنێتەوە.

ساڵی ١٩٧٩ بە ئاگەداری گەیشتم کە بەرپرسی ... نارام
لە بەشەهید نارام دەرفەتی ئەوەم نەبوو کە زیاتر
لەگەڵی بمێنمەوە و ئاگەداری کارەکانی بم. بۆیە
بە ئاگەداری ... دەڵێم ئەو بارەی کە لە ...
بەشەهید نارام بەردەوام بووم لە ئەنجامدانی کارەکانی
و هەوڵم دەدا کە هەڵەیەک نەکەم و بتوانم لە ئاستی
هیوای ئەو هاوڕێیانەدا بم کە ئێستا لە ... نین.
بەڵام هەرچەند هەوڵم دەدا، ناتوانم بڵێم کە
بەتەواوی لە ئاستی هیوای ئەواندا بووم. ئەگەر
هەڵەیەکی لێ دەکرا، بەڕاستی لێبووردەیی گەورەی
پێشان دەدا و بە ئاگەداری خۆی دەیزانی. هەر بۆیە
هاوڕێکانی خۆشیان دەویست و دەیانەوێ بە هاوڕێیەکی
نزیک بمێنێتەوە.

۷

بودن شاگرد به پیشه‌گاه حشه‌ها بود .

سال ۱۹۸۰ م. سه‌گردایی‌ها که یاغی بودند واخ و کال قیچ
جغه قیچ هستند یک دشمن ما بودند این دو کال نازدار هانبود
بودند بعد بیشتر دشمن کار و کوندی کرده بودند
به گردیان دی بود . وقتی که بچه بیشتر بگرد به نگاه بیشتر
ما سه‌گردایی‌ها تیتا و بیشتر اجازه‌ی کاوه‌گرت و چروم
بچه سه‌گردایی‌ها که گم شده بودند تیتا به خانه‌زاده دایا بودند
بچه‌ها شاد و دشمن کار نازدار ما بودند که قاصد نداوات و حرف
می‌دهند و به پایتخت بچه‌ها بودند تیتا به خانه
بیان شد و ما سه‌گردایی‌ها خبر دادند که یاغی بودند. به خانه‌زاده واخ
که گم بیشتر خانه‌ایشان دشمن شد هیچ بودن کال نازدیان
داشت و کاوه به خانه‌ی خشنا دشمن و الوکوب داشت و
دشمن کان هستن هستن فرستاده. به چاو خانزاده خانه
خدایی و نه‌مان داده‌ان به کیخه‌ی چه بلندیه .

مادرده بلند شد هیچ کاوه‌ی سه‌گردایی‌ها که یاغی بودن
به توانا نه زیره‌ان بود که دشمن کاوه‌ی نزد فشنگ دشمن
دشمن خشنا بود که کاوه بچه‌ها کار زیاتر بود بلند .
به داخل‌شده که یاگی یاندن کاوه بلند نام که کدام شیرخان
با سه‌الدم شد هیچ نه کرده .

شەهید نازادی مەلا

هیشام تاهیر بەرزنجی

من پیشتر نازادم نەدەناسی، بەڵام دوای ئەوەی ئیبراهیم حەسەن ئیعترافیکی قیزەونی لەسەر کەسانیکی زور لەناو لایەنەسیاسیەکاندا کرد. کەسانی چەپ و بەهەڵوێست بەرانبەر ڕژێمی بەعس نازادی مەلا یەکێک بوو لەو تێکوشەرانەی (ئیبراهیم) ئیعترافی لەسەر کردبوون. لەماوەی لێکۆڵینەوەدا ئازادی مەلا بەئازایەتی و خۆڕاگری و بەگژداچوونی جەلادەکاندا سەرنجی زۆربەمانی ڕاکێشا ئیبراهیم و دەستەی لێکۆڵینەوە بەهەموو شێوەیەک دەیانویست بیڕوخێنن هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان لەگەڵدا بەکاردەهێنا لەفەلاقەو هەڵواسین وکێبل و جنێوی پیس و برسیکردن و تینووکردن و نەخەوتن لەئیستیخباراتی سلێمانی دواتر لەهەیئەی کەرکوک ئازاد لەدوای هەموو جەولەیەکی ئەشکەنجەدانەوە ئازایانە دەچووەوە بەگژی جەلادەکاندا نەفرەت و تفی دەکردە دەموچاوی برایم حەسەنەوە کاتێک برادەران دەبران بۆ لێکۆڵینەوە ئەم وڕەی بەرزدەکردنەوە دەیوت بەقوربانتانبم دان بەخوتانا بگرن کەس بەتەعزیب نامرێت کاتیک برادەران لەئەشکەنجەدان دەهێنرانەوە (نازادی مەلا) یەکێک بوو لەوانەی پیشوازیی لێدەکردن ئاوی دەکرد بەدەمیانەوە بڕینەکانی پاک دەکردنەوە دەیلاواندنەوە هەرچەند ئازاد خۆی کەسێکی نەرمونیان بوو، بەڵام لەکاتی لێکولینەوەدا بەرانبەر بەجەلادەکان تابڵێی ڕەق بوو تابڵێی بەهەڵوێست بوو. دوای ئەوەی لەئیستخباراتی سلێمانییەوە بۆ هەیئەی کەرکوک گواستراینەوە جۆری ئەشکەنجەو گوزەرانی ڕۆژانەمان خراپتربوو گەڕمای کەرکوک جۆرێکی تر بوو لەئەشکەنجە هەیئەی کەرکوک، بریتی بوو لەچەند

خانوویەکی کۆنی سەربازی پەنجەرەی ژوورەکانی بەخشتی سوور هەڵچنرا بوو بۆئەوەی نەتوانین وەک پێویست هەناسە بدەین لەو ژورەی ئێمەی تیدا بووین زیاد لەپەنجا زیندانیی تیادا بوو، زۆربەمان کەوتبوین بە سەریەکدا فەلاقە و کێبل و هەڵواسین لەحەوشەکەدا بوو حەوشەکەی کونکریتی چیمە نتو بوو لەهاویندا سوور دەبووە، لە کونی کلیلی دەرگاکەوە بەشیک لەحەوشەکەو جەلادە کانمان دەبینی هاوڕێکانمان دە بینی لەکاتی ئەشکەنجەدا. شەهید (ئازادی مەلا) ئەشکەنجەیەکی زوردرا، لەهەڵواسین و فەلاقە و کێبل و چەندین جۆری تر، دەمانبینی لەسەر پشت رایان دەخست و هەردوو قاچیان بەکوڵەکەیەکی ئاسنەوە دەبەستەوە، وەک درندە دەکەوتنە وێزەی بەکێبل دەیانکێشا بەژێر پێیدا ژیر پێکانی پڕ دەبوون لە خوێن پیستی پێی لە گۆشتەکەی جیادەبووە، وەک کەوڵی بکەن ئازاد نەبیت جارجارە دە یوت (ئۆف)، شتێکی تری نەدەوت دواتر دەیانکردەوە و هەلیان دەسان بەکێبل دەکەوتنە شوێنی بەسەر کونکرێتە گەرمەکەدا هەروەڵەیان پێدەکرد پارچە پارچە پێستی قاچی بەکۆنکرێتەکەدا جێدەما، خوینی دەڕژایە سەر کۆنکرێتەکە دواتر جەلادەکان ماندوو دەبوون هیچیان لیدەست نەدەکەوت. دواتر دەرگای ژوورەکەیان لێدەکردەوە و دەیانکردەوەژوورەوە لەژورەوە لەدە وری کۆدەبوینەوە هیچ شتێکمان نەبوو بۆ پاککردنەوە و ساریژکردنی برینەکانی پارچەی کراسەدراوەکانی بەرمان نەبیت برینەکەیمان پاک دەکردەوە عارەقی دەموچاویمان دەسڕی پاڵمان دەخست تا کەمێک بحەسێتەوە دوای ئەوەی دەهاتەوە سەرخوی بەزەردەخەنەیەکەوە کەهەر لەخوی دەهات دەیوت (ئەمروشمان بەرێکرد) دەیوت کورە خۆ ئەمانە خوایان نییە.

شەهید ئازاد لەلێکوڵینەوەدا تابڵێی ئازاو خوراگر بوو، زور لەهاوڕێکان لەوەوە ورەو توانایان وەردەگرت لەگەڵ هاوڕێکانی زیندانداو پەیوەندییەکی گەرمی هەبوو لەموناقەشەو بیرورا گورینەوەدا ریزی هەموانی دەگرت جیاوازیی بیرورای بەگوناح نەدەزانی دوای ئەوەی حوکم دراین لە١٥/-٦/١٩٧٧

بۆ بەندینخانەی (ئەبو غریب)

گوازراینەوە دەست و دائیرەی بەندینخانەوازیان لەئەشکەنجەدانی زیندانییەکان نەدەهینا، نازادی مەلا یەکێک بوو لە وانەی بە ردەوام گێچەڵیان پێدە کرد. چەندین جار بۆ ئەشکەنجەدان بانگیان دەکرد بە مەبەستی رووخاندنی هەمیشەلەشەرێکی دەروونیدا بوون لەگە ڵیدا، بەڵام لەگەڵ وردەی ئەودا بێسوود بوو (ئازادی مە لا) دوای ئەوەی لەساڵی١٩٧٩ ئازاد کراین رووی کردە شاخ و خەباتی چەکداریی هەڵبژارد بەداخەوە شەوێک لەگەڵ مەفرەزەیەکدا دێتەوە بۆ ناو شاری سلیمانی دەکەوێتە کەمینێکی دوژمنەوە شەهید دەکریت درووە بۆ گیانی پاکی. [١]

١ هیشام تاهیر بەرزنجی، چیرۆک و بەسەرهاتی زیندان، یاداشت، ساڵی ٢٠٢٤،چاپخانەی سەردەم،ل٧٣-٧٦

چەند وشەیەک بۆ مێژوو:

کۆتایی مانگەکانی ساڵی ١٩٩٢جەنابی بەڕێز(مام جەلال) سەردانی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی کرد، وێنەیەکی قەڵەم کێشی شەهید ئارام لە ناو ڕاپەوەکەدا لەنێو مەڵبەندا دانرا بوو، خوالێخۆشبووجەنابی (مام جەلال) کەوێنەکەی بینی لەبەردەمیا وەستا و بەدەستی ئاماژەی بۆ وێنەکەی شەهید (ئارام) کردوو، فەرمووی هاوڕێیانی مەڵبەند (ئارام) مەغدووورە شتێکی بۆبکەن.؟ ئەوەبوو لە ١/٣١ /١٩٩٣ ڕاگەیاندنی مەڵبەند، بەناوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، ڤیستیڤاڵێکیان بۆیادی شەهید (ئارام) سازکرد، کە تیایا، لە سەر شەقامی لای ئوتێل پالاسی سلێمانی پەیکەرێک بۆشەهید (ئارام) کە لەلایەن هونەرمەندی پەیکەرتاش (کاروان جەمال تاهیر) دروست کرابوو دانراو خوالێخۆشبووجەنابی(مام جەلال)لە ڕۆژی کردنەوەکەیدا پەردەی لە سەرلادا، لە هۆڵی (مۆزەخانەی سلێمانی)ش پێشانگەیەک بۆ سەرجەم تابلۆو کەلوپەل و پۆشاک و بۆینباخ و چاویلکەو نووسراو قەڵەم... شەهید (ئارام) کرایەوە خەڵکێکی زۆر ئامادەی بینینی بوون، لە هۆڵی ڕۆشنبیریش کۆڕێکی بۆسازکراوخوالێخۆشبوو بەڕێز(مام جەلال) وتارێکی گرنگی دەربارەی شەهید ئارام پێشکەش کرد، کە بەداخەوە ئەو وتارەمان دەست نەکەوت تا لێرەدا بڵاوی بکەینەوە. پاشان چەند کەسایەتی و نووسەرێکی دیکەی وەک فەرید ئەسەسەردو مەحمود ڕەزا ئەمین وتارو لێکۆینەوە و توێژینەوەیان لەو ڤیستیڤاڵەدا بۆیادی (شەهید ئارام) پێشکەش کرد.

***

ڤیستیڤاڵێک بۆ یادی شەهید(ئارام)

هەندێ ئامادەکاری بۆ ڕۆژی ڤیستیڤاڵەکە کرابوو،چەند ڕۆژێکی مابوو،هەڤاڵی بەڕێز خوالێخۆشبووجەنابی (مام جەلال) داوای لەمەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی کردبوو، یەکێک بنێرن بۆلای بزانێ بەرنامەی ڕۆژی یادەکە چۆن ئامادەکاری بۆ کراوە، دەبێت لەگەڵ یەکێک لە خانەوادەی مالّی شەهید(ئارام)وتوێژبکەم،ئەوە بوو، بەندە بەنوێنەرایەتی مەڵبەندو بەڕێز (وەزیرەجەلال) خوشکی شەهید (ئارام) سەردانی بەڕێزجەنابی هەڤاڵ (مام جەلال)مان لەقەڵا چۆلان کرد، بەرنامەو شێوەی ڤیستیڤاڵ وئامادەکاری یادەکەمان بۆ باس کردوو ئەوێش ڕەزامەندی لە سەر دەربڕی و لەکاتی قسەو گفتوگۆکانیا بەڕێز (مام جەلال) وتی: نامەو نووسراوی زۆری(ئارام)م لایە، لە ماڵەکەمە لە شام لە شاری (دیمەشق)ە لە سوریاو لام پارێزراوە، لە ئێستادا لە بەردەستما نین ئەگینا دەمخستە بەردەستان...دیارە بە پێی قسەکانی بەڕێز(مام جەلال) بێت ئەوێش نامەو نووسراوی شەهید (ئارام)ی زۆری لایەو تا ئێستا وەک نامەو نووسراوەکانی تری کە لەکاتی شەهیدکردنی شەهید ئارام کەوتونەتە ئەملاو ئەولا، تا ئێستا لەتاریکی و شاردنەوەدا ماونەتەوە، بەهیواین ڕۆژێک بێت ئەو نامەو نووسراوانە دەربکەون و ڕووناکی ببینن و ببێتە کەرەسەیەکی باش بۆلێکۆڵینەوەو توێژینەوە نوێ لە سەربەرهەم و نووسراو ژیانی شەهید(ئارام) و هەندێ لە تەمومژەکان لە سەر ململانێکانی ناو کۆمەڵەو هزری کاک"ئارام"زیاتر ڕۆشن بکاتەوە.

***

تەوەری پێنجەم

شەهید ئارام
لە دیدی هەندێک لە نووسەران و ڕووناکبیراندا

ئارام و
ڕۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا

فەرید ئەسەسەرد

پێشەکی:

ڕێکەوت وای کرد نووسینی ئەم لێکۆڵینەوە شیکارییە هاوکات بێ لەگەڵ یادی ٣٤ ساڵەی شەهیدکردنی شاسوار جەلال (ئارام) لە ٣١ ی کانونی دووەمی ١٩٧٨دا. ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران لەچوارچێوەی پڕۆژەی دیکیۆمێنتکردنی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەپێی ئەو ئەرکەی کەماددەی ٦٥ی پەیڕەوی ناوخۆ پێی سپاردووە، هەڵبژاردەیەک لەوتارەکانی ئارامی بۆ چاپکردن ئامادە کردبوو. وتارە هەڵبژێردراوەکان، پێشتر لەساڵی ١٩٨٠ لەدووتوێی کتێبێکدا کۆکرابونەوەو وەک سەرەتایەک بۆ بڵاوکردنەوەی تەواوی نووسینەکانی، لەناوزەنگ چاپ کران.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەشیکردنەوەکانیدا زۆرتر پشت ئەستورە بەو هەشت دەقەی کە لەچاپی ساڵی ١٩٨٠ کۆکراونەتەوە. چاپکردنی ئەم کتێبە بۆ دووەم جار، پاش ٣٢ ساڵا لەبڵاوکردنەوەی، بوو بەدەرفەتێک نەک هەر بۆ ناساندنی کتێبەکە بەخوێنەران، بەڵکو هەروەها بۆ سەرلەنوێ ناساندنەوەی ئارامو شیکردنەوەی میتۆدی بیرکردنەوەیو تاوتوێکردنی ڕۆڵی لەبزوتنەوەی سیاسیدا. ئەو

بۆچونانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا خراونەتە ڕوو، ئازادتر لەبۆچونەکانی پێش خۆیان گوزارشتیان لێ کراوەو مەراقی سەرەکیشیان ئەوەیە کە بەشێوەیەکی بابەتییانە وێنەی بەسەرهاتەکان بکێشنو وێنایەکی نزیکتر لەواقیع پێشکەش بکەن.

لەمێژوودا ڕوداو هەمیشە وەک ڕوداوێکی نەگۆڕ دەمێنێتەوە، بەڵام جۆری تێڕوانین بۆ ڕوداوەکـە هەمیشە جیاواز دەمێنێتەوەو لـەم سۆنگەیەوە هەر ڕوداوێک دەشێ بۆچوونی جیاواز لە بارەیەوە پەیدا ببێ. لێرەدا فاکتەری کات ڕۆڵێکی گرنگی لە پەیدا بوونی تێڕوانینی جیاوازدا دەبێو لەم سۆنگەیەوە دەشێ تێڕوانینی بیست ساڵا لەمەوبەر بۆ ڕوداوێکی دیاریکراو، جیاواز بێ لەتێڕوانینی ئەم سەردەمەو دەشێ بیست ساڵی تر تێڕوانینی تر لەبارەیەوە پەیدا ببێ. ئەمە خۆی لەخۆیدا مێژوو لەدۆخێکی دینامیکیو جوڵاودا دەهێڵێتەوەو لەم نێوانەدا کات ڕۆڵێکی گەورە لەڕۆشنکردنەوەی لایەنە شاراوەو باسنەکراوو تەومژاوییەکاندا دەگێڕێ.

ئـەم لێکۆڵینەوەیە پـەیڕەوی لەمێتۆدێکی شیکاری- ڕەخنەگرانە دەکـاو مەبەستێتی هەندێ مەسەلە دەربارەی کاریگەریی سیاسیی ئارام لەماوەی نێوان کۆتایی ساڵی ١٩٧٥و سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ بوروژێنێ، ماوەیەک کە لەمێژوومااندا بەهەستیارترین ماوەی جوڵانەوەی سیاسیی کوردایەتی دەژمێردرێ.

١- دەربارەی مێژوویی بوونی ڕۆڵی ئارام

تا چەند لەتوانادایە ڕۆڵی ئـارام بەڕۆڵێکی مێژویی بژمێردرێ؟ بۆ ئەوەی بتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، دەبێ پێشەکی ماناو ناوەڕۆکی ڕۆڵی مێژویی ڕونبکرێتەوە. ڕۆڵی مێژویی، هەڵسوڕانێکە چەند مەرجێکی لەخۆ گرتووە لەوانە ئەوەیە کە ئەنجامدەری ڕۆڵەکە توانیبێتی گۆڕانێکی دیارو بەرچاو بەدەست بێنێ کەئاسەوارێکی قوڵی لە سەر ڕەوشی گشتیو چارەنووسو ئایندەی کۆمەڵا هەبێو هەروەها دەبێ کاریگەریی کردەوەو بیروباوەڕی ئەو کەسە ڕوخساری بەردەوامبوونی بۆ ماوەیەکی بەڕێژە دورو درێژ پێوە دیار بێ. ئەمە بەم واتایە

دێ کەکاریگەریی ئەو کەسە لەژیاندا، نابێ بەنەمانی فیزیکیی، دەمو دەست لەناو بچێ!

بەڕەوچاوکردنی ئەم مەرجە پێویستیانەی مێژوویبوونی ڕۆڵا، ئەو پرسیارە دووبارە دەکەینەوە کە تا چەند لەتواناداید ڕۆڵی ئارام بەڕۆڵێکی مێژوویی بژمێردرێ؟

ژیانی سیاسیی ڕاستەقینەی شاسوار جەلال (ئارام) لە ٦ـ٧ ساڵا زیاتر نیەو ژیانی وەک ڕابەرێکی سیاسی دوو ساڵاو چەند مانگێکە. هەڵسوڕانی سیاسیی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەردوو باڵی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسییەوەو هەڵسوڕانی گەرموگوڕی لەناو یەکێتیی قوتابیانو یەکێتیی دیموکراتی لاوانی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆی نیە. ئەو ٦-٧ ساڵەی کەوتونەتە ماوەی نێوان پەیوەندیکردنی بەکۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە لەساڵی ١٩٧١ یان ١٩٧٢ تا شەهیدکردنی لەگوندی تەنگیسەر لە قەرەداغ لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا، پوختەی ژیانی سیاسیی پێکدێنن. لەو پوختەیە، ماوەی نێوان کۆتاییی ١٩٧٥و سەرەتای ساڵی ١٩٧٨، ئەو ماوەیە پێکدێنێ کەکاریگەرییەکی زۆری لە سەر مێژوی سیاسیی کوردستان پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی چەکدار لەساڵی ١٩٧٥بەجێ هێشتووەو ئەم کاریگەرییە، تەنانەت بۆ ماوەی زیاتر لەیەک دەیە، لەدوای شەهیدکردنی، بەگەرمو گوڕی مایەوەو تائێستاش کاریگەریی ماوە، بەڵام نەک بەو گەرموگوڕییەی جاران.

لەم سەروبەندەدا بواریکی فراوان بۆ دانانی ڕۆڵی بەڕۆڵێکی مێژوویی لە ئاراداید. بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئارام لەساڵانی ١٩٧٥و ١٩٧٦، تەنیا بۆ پێداهەڵگوتن نیە، بەڵکو ڕوخساری مێژوییبوون دەقاو دەق بەڕۆڵەکەوە نووساوە. ئەم ڕۆڵە خۆی لەدوو بواری سەرەکیدا دەبینێتەوە. یەکێکیان ئەو ڕۆڵەیە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦دا گێڕاویەتیو دەشێ لەچوارچێوەی هەڵسوڕانی "کۆمیتەی هەرێمەکان"دا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. ئەوی تر ئەو ڕۆڵەیە کە لەپێکهێنانی دەستە چەکدارەکاندا

لەناوچەی سلێمانی‌و لە سەرتاپای پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا دیویەتی.

ساڵی ١٩٧٥دەزگا ئەمنییەکان، گورزێکی کاریگەریان لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵە وەشاندو بەهۆی ئەمەوە سەرتاپای ستراکتۆری ڕێکخستن دۆخێکی نزیک لەهەڵوەشانەوەو لێک دابڕانی بەخۆوە بینی. شڵەژانی باری ڕێکخستن بەو ئەندازە ترسناکە نیشانی دەدا کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە هیچ نەخشەیەکی بۆ کاتی تەنگانە نەبووە. سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە کۆششێکدا بۆ خۆ دەربازکردن بۆ دەرەوەی وڵات، عیراقی بەجێ هێشتو ڕوویکردە ئێران. بەڵام تۆکمەیی‌و وریایی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی شا، ئەم هەوڵەی پوچەڵ کردەوە. سەرکردەکانی کۆمەڵە لە ئێران گیران‌و دەرفەتی دەربازبوونیان نەما. زۆری نەبرد هەمویان ڕادەستی عیراق کرانەوەو لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵە بەبێ سەرکردایەتی مایەوە.

ڕۆڵی مێژوویی ئارام لەم بوارەدا لەدوو خاڵدایە، یەکێکیان ئەوەیە کەسەرکەتوو بوو لەپێکهێنانی سەرکردایەتییەکی ئەلتەرناتیڤ لەڕەوشێکی ئێجگار سەخت‌و دژواردا دووەمیان لەوە دایە کەفریای شانە پەراگەندەو سەرگەردانەکان کەوت‌و لەکاتێکی پێوانەییدا ژیانی بەبەر شانە نهێنییەکاندا هێنایەوە، هێزی لەدەستدراوی بۆ کۆمەڵە گێڕایەوەو ڕێکخستنێکی لەوەی جاران تۆکمەتری داهێنا.

لەڕووی بابەتییەوە، ئارام لەڕێی بەگەڕخستنی تەواوی وردەکارییە پێویستەکان‌و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێشووەوەو بەپشت بەستن بەویستی مانەوە، زیاتر لە هەر ویستێکی تر، کۆمەڵەیەکی تازەی دروست کردو بەم کارەی، چانسێکی نوێی ژیانەوەی بۆ کۆمەڵە دابین کرد.

ئەم کارە، ڕاستەوخۆ، پەیوەندیی بە مەسەلەیەکی تر‌ەوە هەیە کەپێکهێنانی دەستە چەکدارەکان‌و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارە. لێرە ئارام ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ کەدەبوایە سەرکردایەتیی پێشووی کۆمەڵەبیکردایەو لێرەدا کارەکەی دەبێتە درێژەدان بەئەرکێکی مێژوویی کە لەهەلومەرجی ئەو سەردەمەدا هەر دەبوایە جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئەم ئەرکە قورسە بەبێ کۆمەڵەیەکی بەهێز بەڕێوە

نەدەچوو، بۆیە دەرهێنانی کۆمەڵە لەو تەنگانەیە خۆی لەخۆیدا ڕێخۆشکردنە بۆ فەراهەمکردنی مەرجەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لەناوچەی سلێمانیو گەرمیان. بەم پێیە، داننان بەڕۆڵی ئارام لەم قۆناغەدا داننانە بەرۆڵی سەرکردایەتیی ناو وڵات کەتوانیی بەفریاکەوتنی کۆمەڵە، فریای پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بکەوێ.

٢-ئایدیۆلۆژیا لەمیتۆدی بیرکردنەوەی(ئارام) دا

گومان لەوەدا نیە کە ئایدیۆلۆژیا بەسەر بیرکردنەوەی ئارامدا زاڵە. لە سەردەمێکدا کە بەسەردەمی ئایدیۆلۆژیا ناسراوە، ئەمە بەشتێکی نامۆ دانانرێ. شێوەی بیرکردنەوەی ئارام جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵا شێوەی بیرکردنەوەی هەر شۆڕشگێڕێکی تر نیەو لەم ڕوەوە گوتاری سیاسیی زاڵا بە سەر بیرکردنەوەو نووسینەکانیدا گوتارێکی تەقلیدییە کەتێیدا دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم بەچەشنێکی زۆر ڕاشکاوانە گوزارشت لەخۆی دەکا. ئارام لەو بڕوایەدا بوو کەشۆڕشی کورد، لەو ڕوانگەیەوە کە سەرکردایەتییەکەی ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانەی گرتووەتە بەرو باوەڕی تەواوی بەستراتیجی دژ بەهێزە ئیمپریالیستەکان هەیە، بەشێکی شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهان پێکدێنێ. ئەم زێدەڕۆییکردنە لەدیاریکردنی ڕوخسارەکانی شۆڕشی کورد ڕەنگدانەوەی تیۆو تاوی ئایدیۆلۆژیایە. بەلای(ئارام)ەوە، شکستی شۆڕشی١٩٦١-١٩٧٥ هەلێکە دەبێ چەپە شۆڕشگێڕەکان بیقۆزنەوە بۆ بانگەشەکردن بۆ جیهانبینیی خۆیانو هەڵگیرساندنی شۆڕشێک کەبتوانێ ئامانجەکانی هەم لەڕووی سیاسییەوە بەدی بێنێ، هەم لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. کڕۆکی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کەکورد بە سەرکردایەتییەکی خێڵەکی، ناتوانێ ئامانجەکانی خۆی بپێکێ. بۆیە تیۆرییەکەی ئەو، زۆرتر پشت ئەستور بوو بەوەی کەکورد پێویستی بەشۆڕشێکی شێوە نوێیەو دەبێ کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان و کاسبکاران ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری تێدا بگێڕن.

ئارام لەتەموزی ١٩٧٦، لەدوتوێی وتارێکدا بەناونیشانی"باری ئێستای کوردستان"کە ناوی خۆی لە سەر دانانەوەو بەناوی لیژنەی سەرکردایەتیی دەستە چەکدارەکانەوە نووسیویەتی، گوزارشتی لەم بیرۆکەیە کردووە. لەم وتارەدا ئەم چوار چینە بە"چینە چەوساوەکان"ناو دەباو بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە بەبێ یەککرتنی ئەم چوار چینە سەرکەوتنی شۆڕش مەحاڵە! .

لەناوەڕۆکدا، ئەوەی کەلێرە ئارام باسی دەکا هەمان تیۆرییە ماوییەکەیە کە گەل بەسەر چوار چیندا دابەش دەکا، کەبریتین لەکرێکاران، جوتیاران، وردە بورژوازیو بورژوازیی نیشتمانیی. وەک سەرنج دەدرێ، لیستەکەی ئارام هیچ جێیەکی بۆ بورژوازیی نیشتمانیی نەکردووەتەوە.

پاش ساڵێک، ئارام بەلیستی چینە چەوساوەکاندا دەچێتەوەو بورژوازیی نیشتمانیی بۆ زیاد دەکا. لە ئەیلولی ١٩٧٧ لەدوتوێی وتارێکدا دەربارەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتو شۆڕش، کە لەڕۆژنامەی"ئاڵای شۆڕش"بڵاوکراوەتەوە، چینە چەوساوەکان بەم جۆرە ڕیز دەکا کەبریتین لە کرێکاران، جوتیاران، بورژوازیی بچوکو باڵی چەپی بورژوازیی نیشتمانییو لەم سەروبەندەدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کەدەکرێ لەم چوار چینە بەرەیەکی یەککرتوو بە سەرکردایەتیی چینی کرێکارو حزبە پێشڕەوەکەی پێک بێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی قۆناغی شۆڕشی دیموکراتیی گەل .

جیاوازییەک لەنێوان هەردوو لیستدا هەیە. لەلیستی ساڵی ١٩٧٦ ناوی هیچ بورژوازییەک نەهاتووە، نە بورژوازیی بچوکو نە بورژوازیی نیشتمانیی، بەڵام بواریکی زۆر بۆ ژماردنی کاسبکاران بە بورژوازیی بچوک هەیەو ئەمە قەرە بووی ناو نەهێنانی بورژوازیی بچوک دەکا. لێرە تەنیا ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان دەمێننەوە، کە لەبنەڕەتدا چین پێک ناهێنن، بەڵکو تاک تاک بەر چەند چینێکی جیاواز دەکەونو بەڕەچەڵەک دەچنەوە سەر چینەکانی تر. لە ئەم ڕووەوە تیۆرییەکە پەراوێزێکی فراوانی بۆ فرە ڕەچەڵەکیی ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان هێشتۆتەوە. بەم پێیە، دەشێ ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان بچنەوە سەر کاسبکارانی شارەکان یان جوتیارانی لادێ و تەنانەت دەکرێ ڕیشەی کۆمەڵایەتییان بگەڕێتەوە سەر توێژە

دەوڵەمەندەکانیش. ئەمە ئەوە دەردەخا کەئەم لیستەی ئارام باسی چوار چین ناکا، بەڵکو باسی سێ چینی کۆمەڵایەتی دەکا کەبریتین لە کرێکاران، جوتیاران‌و وردە بورژوازی. لەڕووی میتۆدەوە، ناو نەهێنانی بورژوازیی نیشتمانیی بەڵگەی ئەوەیە کەئەم چینە شایستەی ئەوە نیە کە بخرێتە ڕیزی چینە شۆڕشگێڕەکانەوە. لەلیستی ساڵی١٩٧٧دا ئارام بەخۆیدا دەچێتەوە‌و بورژوازیی نیشتمانیی بۆ لیستەکە زیاد دەکا. ئەگەر لە ناوەڕۆکی شێوەی داڕشتنی مەسەلەکە ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کەئارام لە ساڵی ١٩٧٦یش باوەڕی بەوە هەبووە کەچینی بورژوازیی نیشتمانیی هەیە، بەڵام لە بەر ئەوەی لە تەوژمە شۆڕشگێڕییەکانی ئەم چینە دڵنیا نەبووە، سەرتاپای ڕەت کردووەتەوە. دواتر، ڕەنگە بەهۆی زیادبوونی ڕۆڵی شار لە شۆڕشدا، بەپێویستی زانیوە کەجێیەک بۆ بورژوازیی نیشتمانیی لەلیستی چینە شۆڕشگێڕەکان بکاتەوە، بۆیە دەبینین بورژوازیی نیشتمانیی بە سەر دوو لەتدا دابەش دەکا، لەتێکیان تەوژمی شۆڕشگێڕانەی زیندوی تێدا دەبینرێ‌و لێی دەوەشێتەوە پێی بوترێ باڵی چەپی بورژوازیی نیشتمانیی‌و ئەوی تر هیچ تەوژمێکی شۆڕشگێڕانەی زیندووی تێدا نابینرێ‌و بەرژەوەندی‌و چارەنوس‌و ئایندەی خۆی بەداگیرکەرانەوە بەستووەتەوە‌و چاوەڕێی هیچ ڕۆڵێکی نیشتمانیی لێ ناکرێ. ناوهێنانی باڵی چەپی بورژوازیی نیشتمانیی یارمەتیی ئەوەی دا کەلیستە سێ چینیەکە بکرێ بەلیستێکی چوار چینی، کەئەمەش بە شێوەیەکی باشتر لەگەڵ تیۆرییەکەدا وێک دەهاتەوە.

ئارام پێی وابوو شۆڕشە شێوە نوێکە پێویستی بەحزبێکی پێشڕەوە. وەک هەر شۆڕشگێڕێکی مارکسیستی ئەو سەردەمە، ئارام باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە تێکۆشان حزبی پێشڕەو دروست دەکاو ئەو حزبە دەبێ گوزارشت لەبیروباوەڕی چینی کرێکار بکات‌و ئەندامەکانی دەبێ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەو کەسانە بن کەهۆشیارترین‌و پێشکەوتوترین‌و بەتواناترین‌و دڵسۆزترین‌و پاکترین کەسانی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل بن" و لەو بڕوایەدا بوو کە"بەبێ حزبێکی وا، شۆڕش بەئامانج ناگات".

ئەم خاڵە ئەو پرسیارە دەوروژێنێ کە ئاخۆ (ئارام) تا چ ئەندازەیەک لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ماو تسی تۆنگدا بووە؟ لە ڕاستیدا ئارام لەساڵی ١٩٧٥ بەدواوە لە هیچ نووسینێکیدا باسی ماویزم ناکاو ئەوانەی کەدەیناسنو لەگەڵیدا ژیاون شتی وای لێناگێڕنەوە کەببێ بەمایەی ناساندنی وەک ڕۆشنبیرێکی ماوی. بەم پێیە، هیچ بەڵگەیەک لە سەر ئەوە نیە کەئارام لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بەبیروباوەڕ ماوی بووە.بەڵام جەختکردنی لە سەررۆڵی میژوویی چینە شۆڕشگێڕەکان لە بزوتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیداو بانگەشەی بۆ یەکگرتنی ئەو چینانە لە ڕێگەی حزبەکانەوە بەشێوەیەکی کاتی لەچوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا، ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ماویزمە لە سەر بیروباوەڕی، چونکە تیۆریی چوار چینە شۆڕشگێڕەکەی گەل تیۆرییەکی بەلشەفییانە نیەو لینین بانگەشەی بۆ نەکردووە. ئەم تیۆرییە ماوتسی تۆنگ دایهێناوە. ئەزمونی چین نیشانی داوە کەکۆمۆنیستەکان بۆ ڕزگاربوون لەداگیرکەرە ژاپۆنییەکان نەرمییەکی تاکتیکییان نواند کە بووە مایەی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ یەکگرتنی کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمنتانگی بورژوازی لەدژی دوژمنی هاوبەش. کۆمۆنیستەکان تەنانەت پاش دامەزراندنی کۆماری گەلی چینیش باوەڕیان وابوو کەچین هێشتا پێویستی بەهاوپەیمانیی کرێکارانو بورژوازییە، بۆیە بەرەیەکیان لەگەڵا ئەو حزبە بورژوازییانەدا پێکهێنا کەدژایەتیی سۆسیالیزمیان نەدەکردو ئامادەبوون مل بۆ دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان کەچ بکەن.

بانگەشەی ئارام بۆ هەندێ بیروباوەڕی ماویزم بەڵگەی ئەوە نیە کەماوی بووە، بەڵام ئەمە نیشانی دەدا کەئارام ئەزمونی چینی تاوتوێ کردووەو نووسینەکانی ماو تسی تۆنگو ڕابەرە چینییەکانی تری بەوردی خوێندۆتەوە.

ئاشکرایە کەئارام لەقۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی سیاسییدا وازی لە ماویزم هێناوە، بەڵام وازهێنانی لە بیروباوەڕەکە بە مانای لێ هەڵگەڕانەوە نایە. ئەوەی کە لەگەڵا لۆجیکدا دەگونجێ، ئەوەیە کەئارام پەیتا پەیتا باوەڕی بەماویزم لەق بووەو چەند لە ماو دوورکەوتووەتەوە، ئەوەندەش وردە وردە زیاتر لەلینین

نزیک بۆتەوە. بەوردی دیاریکردنی کاتی وازهێنانی لە ماویزم کارێکی زەحمەتە. بەڵام دەتوانرێ بەبەڵگەوە جەخت لە سەر ئەوە بکرێتەوە کە تا ساڵی ١٩٧٢ خۆی بەماوی، یاخود لانی کەم بە هاوسۆزی ماویزم،داناوە.لەوپەنجا وتارەی کە بەناوێکیخوازراوەوە لەڕۆژنامەی"هاوکاری"[١٢٧]بڵاوی کردووەتەوە، لە یەکێکیاندا کەمێژووی بۆ ساڵی ١٩٧٢ دەگەڕێتەوە، ناوی ماو تسی تۆنگ دێننێو پەرەگرافێکیش لەوتەکانی ماو کەمێژووی دەچێتەوە سەر ساڵی ١٩٥٧،وەردەگرێ. وتارەکە ئاسەواری ماویزمی بە ئاشکرا پێوە دیارە. لەدوتوێی وتارەکەدا، کەتایبەتە بە سەردانی سەرۆکی ئەمریکا ڕیچارد نیکسن بۆ چین، زۆر بەشانو باڵی چین هەڵدەداو ڕێزێکی زۆر بۆ دکتاتۆریای کرێکاران نیشان دەدا. لە هەموی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە لەم وتارەدا دەستەواژەی"بیروباوەڕی ماو تسی تۆنگ"ی بەکارهێناوە کەدەستەواژەیەکە تەنیا ماوییەکان بەکاری دێننو بەهۆیەوە ماویزم دەکەن بەهاوتای مارکسیزمو لینینیزم، هەروەک ماوتسی تۆنگ لە ڕێی ئەو بیروباوەڕەوە وەک درێژەپێدەرو نۆژەنکەرەوەو پەرەپێدەری مارکسیزم- لینینیزم دەخەنە ڕیزی پێنج ڕابەرە جیهانییەکەی کرێکاران کەبریتین لە مارکس، ئەنگلس، لینین، ستالینو ماو تسی تۆنگ. ئەمە بەم مانایە دێ کەگەشتی دورکەتنەوەی پەیتا پەیتای ئارام لەماویزم، پاش ئەم وتارە دەستی پێکردووە، بەڵام زەحمەتە بتوانرێ ئەوە دیاری بکرێ کە چەند پاش ئەم وتارە، وازی لە ماویزم هێناوە. زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەدەشێ ئەم ماوەیە کەوتبێتە نێوان ١٩٧٣و ١٩٧٥. دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکرێ، کەوازهێنانی لە ماویزم بەم مانایە نیە کە ئەم بیروباوەڕە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی بەجێ نەهێشتووە.

کاریگەریی ماویزم لە سەر بیروبۆچوونی ئارام پاش ساڵی ١٩٧٥ لەوەدا دەردەکەوێ کە ئارام لە هەندێ لەنووسینەکانی، ئەو دەستەواژانەی بەکار هێناوە

---

١٢٧ لەلایەن مامۆستا مۆفەق میراودەلییەوە سەرجەم وتارەکان ساڵی ٢٠٢١کۆکراونەتەوەو لە کتێبێکدا لە چاپخانەی کارۆچاپکراوە. (ئا)

که تەنیا ماوییەکان بەکاری دێنن، لەوانە دەستەواژەی "ریڤیژیونیزم" کە ئاماژەیە بۆ لادان لە مارکسیزم.

وازهێنانی لە ماویزم، بەو مانایە دێ کە ئارام ماوی لەپلەیەکی نزمتر داناوەو وازی لەوە هێناوە کە ماو بە سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیی خۆی و چین وەک سەنتەری شۆڕشی جیهانی و مۆدێلی سۆسیالیزمی داواکراوی خۆی بزانێ. وازهێنانەکە لە گەوهەردا گەڕانەوە بوو بۆ لای لینین و لەم سەروبەندەدا لینینی کردەوە بە سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیی خۆی و دژی گۆڕینەوەی لینین بەماو وەستاوەتەوە. ئەگەر بچینەوە سەر ڕۆژنامەی "ئالای شۆڕش" دەبینین ئارام لە دوتوێی نمایشکردنی کتێبەکەی "دەوڵەت و شۆڕش"ی لینیندا، بەوپەڕی ڕێزەوە ناوی لینین دێنێ و بەشێوەی "لینینی مەزن، بلیمەت و پێشەوای پرۆلیتاریای جیهان و سەرکردەی یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیستی و دامەزرێنەری یەکەمین دەوڵەتی سۆسیالیست لە ژێر سایەی دەسەلاتی پرۆلیتاریادا لە جیهاندا.." بەخوێنەری دەناسێنێ، لەکاتێکدا بەیەک تاکە وشە ناوی ماو ناهێنێ و ئاماژە بەهیچ نووسین و وتەیەکی ناکا.

نمایشکردنی مەسەلەکە بەم شێوەیە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕاستییەکی ئاماژە پێنەکراو لە بەردەمماندا قوت دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کەکۆمەڵەی سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکان لەبیروباوەڕو بۆچوونی ئایدیۆلۆژیدا تەواو جیاوازە لە کۆمەڵەی پێش سەردەمی پەیدابوونی کۆمیتەی هەرێمەکان. بەواتایەکی ڕاشکاوتر، ئەمە جیاوازییەکی بنچینەیی لە پەیکەری ئایدیۆلۆژیادا، لەنێوان ڕەوتی ئارامو ڕەوتی شەهاب شێخ نوری، پیشان دەدا.

کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠دا وەک ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی ماوی دامەزراو هەر وا مایەوە تا کۆمیتەی هەرێمەکان داهات و ڕابەڕایەتیی کۆمەڵەی کرد. لێرە بەدواوە ناتوانرێ کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی ماوی بناسرێ، چونکە ئارام تەواوی پەیکەری ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵەی گۆڕی و هەنگاوێکی هەراوی بۆ ڕزگارکردنی

کۆمەڵە لەداخراوو بیروبۆچونی توند هەڵهێنا. ئەمەش یارمەتیی پەیدابوونی کۆمەڵەیەکی کراوەترو دینامیکیتریدا.

دیاریکردنی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە لە قۆناغی پێش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکانو وردتر لە سەردەمی بالادەستیی ڕەوتی ماویزم لە ماوەی نێوان ١٩٧٠و کۆتایی ی ١٩٧٥، هەندێ دژواریی دێتە بەر ڕێ. سەرەڕای ئەوەی کەهیچ گومان لەماویبوونی کۆمەڵە لەو قۆناغەدا نیە، بەتایبەتی کەئەندامە دێرینەکانی ئەم ڕێکخراوە لە لێدوانو نووسینو گێڕانەوەی یاداشتەکانیاندا نکوڵی لەم مەسەلەیە ناکەن، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بۆ ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە پشت بەدیکۆمێنتی یەکلاکەرەوە ببەستین، ڕەنگە ڕووبەڕوی هەندێ ئاستەنگ ببینەوە، چونکە لەو ماوەیەدا کۆمەڵە ئەوەندەی وەک گروپێکی نهێنی هەڵسوڕاوە ئەوەندە وەک حزبێکی سیاسی هەڵنەسوڕاوەو ئەوەندەی کە بایەخی بەپتەوکردنی ستراکتۆری ڕێکخراوەیی داوە ئەوەندە بایەخی بەخۆناساندنو خۆ ئاشکراکردن نەداوە. ئەمەش وای کردووە کەمترین دیکۆمێنتی نوسراوی ئەو سەردەمەمان چنگ بکەوێ. دیارە دەتوانرێ لەم مەسەلەیەدا پشت بەو ژمارە کەمەی دیکۆمێنتە نووسراوە پارێزراوەکانی کۆمەڵە ببەستین کە لە بەر دەستدانو بڕیار لە سەر میتۆدی بیرکردنەوەی کۆمەڵە بدەین، بەڵام ئەو هەڵسەنگاندنەی کە لەم تاوتوێکردنە بەدەست دێ، بەدڵنیاییەوە ناتەواو دەردەچێ چونکە ناتوانین پشت بەدیکۆمێنتە ڕەسەنە بنچینەیی یەکانی وەک بڕیارەکانی کۆنگرەو بەیاننامەی دامەزراندنو ناوەڕۆکی وتارەکانی ئۆرگانی ناوەندی ببەستین.

کۆمەڵە لە هەلومەرجێکی نائاساییدا دامەزراو ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندنێک بۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی باڵی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستان لەکۆنگرەی ساڵی ١٩٧١بکەین، دەبێ وای بۆ بچین کەئەم بڕیارە ڕەنگدانەوەی کەوتنی چەپی کوردە لەو قۆناغەدا، بۆیە پێداگرتن لە سەر پرنسیپی بەنهێنی کارکردن لەو ماوەیەداو ئاشکرا نەکردنی هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی، وەک مەراقێکی سەرەکی

کۆمەڵە لەداخرانو بیروبۆچونی توند هەڵهێنا. ئەمەش یارمەتیی پەیدابوونی کۆمەڵەیەکی کراوەترو دینامیکیتریدا.

دیاریکردنی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە لە قۆناغی پێش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکانو وردتر لە سەردەمی بالادەستیی ڕەوتی ماویزم لە ماوەی نێوان ۱۹۷۰و کۆتایی ی ۱۹۷۵، هەندێ دژواریی دێتە بەر ڕێ. سەرەڕای ئەوەی کەهیچ گومان لەماویبوونی کۆمەڵە لەو قۆناغەدا نیە، بەتایبەتی کەئەندامە دێرینەکانی ئەم ڕێکخراوە لە لێدوانو نووسینو گێڕانەوەی یاداشتەکانیاندا نکوڵی لەم مەسەلەیە ناکەن، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بۆ ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە پشت بەدیکۆمێنتی یەکلاکەرەوە ببەستین، ڕەنگە ڕووبەڕوی هەندێ ئاستەنگ ببینەوە، چونکە لەو ماوەیەدا کۆمەڵە ئەوەندەی وەک گروپێکی نهێنی هەڵسوڕاوە ئەوەندە وەک حزبێکی سیاسی هەڵنەسوڕاوەو ئەوەندەی کە بایەخی بەپتەوکردنی ستراکتۆری ڕێکخراوەیی داوە ئەوەندە بایەخی بەخۆناساندنو خۆ ئاشکراکردن نەداوە. ئەمەش وای کردووە کەمترین دیکۆمێنتی نوسراوی ئەو سەردەمەمان چنگ بکەوێ. دیارە دەتوانرێ لەم مەسەلەیەدا پشت بەو ژمارە کەمەی دیکۆمێنتە نووسراوە پارێزراوەکانی کۆمەڵە ببەستین کە لە بەر دەستدانو بڕیار لە سەر میتۆدی بیرکردنەوەی کۆمەڵە بدەین، بەڵام ئەو هەڵسەنگاندنەی کە لەم تاوتوێکردنە بەدەست دێ، بەدڵنیاییەوە ناتەواو دەردەچێ چونکە ناتوانین پشت بەدیکۆمێنتە ڕەسەنە بنچینەیی یەکانی وەک بڕیارەکانی کۆنگرەو بەیاننامەی دامەزراندنو ناوەڕۆکی وتارەکانی ئۆرگانی ناوەندی ببەستین.

کۆمەڵە لە هەلومەرجێکی نائاساییدا دامەزراو ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندنێک بۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی باڵی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستان لەکۆنگرەی ساڵی ۱۹۷۱بکەین، دەبێ وای بۆ بچین کەئەم بڕیارە ڕەنگدانەوەی کەوتنی چەپی کوردە لەو قۆناغەدا، بۆیە پێداگرتن لە سەر پرنسیپی بەنهێنی کارکردن لەو ماوەیەداو ئاشکرا نەکردنی هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی، وەک مەراقێکی سەرەکی

مایەوە. لە ناو چینی ڕۆشنبیردا ئەندامەکان وەک لایەنگری ڕەوتێکی فیکریی ناڕێکخراو گوزارشتیان لەخۆیان دەکرد، نەک وەک گروپێکی ڕێکخراوی خاوەن بەرنامەو سەرکردایەتی. ئێمە لەم قۆناغەدا، بۆ ناسینی شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵە، ناتوانین پشت بە بەیاننامەی دامەزراندن ببەستین، چونکە کۆمەڵە لە بنەڕەتدا هیچ بەیاننامەیەکی دامەزراندنی نیە،هەروەها هیچ کۆنگرەیەکیشی نەبەستووەو هیچ کۆبونەوەیەکی فراوانیشی بەنهێنی ڕێک نەخستووەو لەم سۆنگەیەوە دیکۆمێنتی کۆنگرەی نیە. ئەمە بۆ ماوەی ١١ ساڵا کۆمەڵەی بەبێ دامەزراوەی سەرکردایەتی هێشتەوە.

لەو سێ ژمارەیەی ڕۆژنامەی"ئاڵای سوور"کەکۆمەڵە لەساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ لە کەرکوک دەری کردووە، هیچ ژمارەیەک چنگ ناکەوێ.

بەڵام بەپشت بەستن بەدەقە پارێزراوەکانی ئەو سەردەمەو بەوردبونەوە لە بەرنامەی پەروەردەکردنی ئەندامان لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان، کەئەندامان تێیدا ئاشنای بیروباوەڕی ماویزم دەکران، دەردەکەوێ کە کۆمەڵەی پێش پەیدابوونی کۆمیتەی هەرێمەکان ڕەنگێکی ماویستیی تەواوی هەبوو، هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی خۆی لەخۆیدا ناوێکی ماویستییە، چونکە لەو سەردەمەدا حزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بەپەکین بۆ خۆجیاکردنەوە لەحزبە، کۆمۆنیستەکانی سەر بە مۆسکۆ و وەک گوزارشتێک لە داننەنان بەمارکسیستی بوونی ئەو حزبانە، دەستەواژەی مارکسی- لینینییان بۆ خۆیان بەکار دەهێنا.

گومان لەوەدا نیە کە هەردوو ڕەوت لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیادا بوون و لە سەر زۆر شت هاوڕا بوون، بەڵام لە وردەکارییەکاندا هاوڕا نەبوون. هەردووکیان لە سەر ئەوە یەکدەنگ بون کەڕوسەکان شایستەی ڕەخنە لێگرتنن، چونکە لەجێبەجێکردنی ئەرکە شۆڕشگێڕێیە جیهانییەکانیان کەمتەرخەمنو بەرژەوەندییە ماددییەکانیان خستووەتە سەرووی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە. لەم نێوانەدا ڕەوتی شەهاب شێخ نوری تەنها بەوە دانەکەوت کەڕەخنە لە سیاسەتی ڕوس بگرێ، بەڵکو بەهەمان پێودانگی نۆڕینی پەکین، پێی

وابوو یەکێتیی سۆڤێت لەوە تێپەڕیوە کە بەدەوڵەتێکی سۆسیالیست بژمێردرێ و لە هەڵسوڕاندا وەک دەوڵەتێکی سۆسیال ـ ئیمپریالیست هەڵسوکەوت دەکاو بەپێودانگی تیۆرییەکەی چارل باتلهایم لەو بڕوایەدا بوو کە یەکێتیی سۆڤێت بە ناو دەوڵەتێکی سۆسیالیستەو بە ناوەڕۆک سەرمایەدارییە. ڕەوتی ئارام سەرەڕای سەرزەنشتکردنی سیاسەتی مۆسکۆ، ڕەخنەکانی نەگەیاندە ئەو ڕادەیەی کەیەکێتیی سۆڤێت بەسۆسیال ـ ئیمپریالیستو سەرمایەدار بناسێنێ.

کۆمەڵەی پێش کۆمیتەی هەرێمەکان، ماوی وەک تیۆریسێنی مارکسیزمی سەردەمی ڕووخانی ئیمپریالیزم دەناساندو ئەزمونی چینی وەک ئەزمونێکی جیهانیی شایستەی چاولێکردنو لاسایی هەڵدەسەنگاند. بەلای ڕەوتی(ئارام)ەوە، ماو وەک سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ شایستەی ڕێزلێنانە، بەڵام زێدەڕۆییکردن لە کاریگەریی ڕۆڵی جیهانییو گەورەکردنی بەو ئەندازەیەی کەشان لەشانی مارکسو لینین بدا، خزمەت بەجوڵانەوەی شۆڕشگێڕی ناکا. هەر بەو پێودانگەش باوەڕی وابوو کەئەزمونی چین ئەزمونێکی جیهانی نیەو دەکرێ وەک ئەزمونێکی لۆکاڵ کەڵکی لێ وەربگیرێ.

سەبارەت بەهەڵوێست لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق، پێناچێ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەهەڵوێستیان هەبووبێ. هەردووکیان پێیان وابوو حزبی کۆمۆنیستی عیراق لە مارکسیزم لایداوەو چیتر ناتوانێ نوێنەرایەتیی چینی کرێکاری عیراق بکات. بەلای (ئارام)ەوە، هەڵسوکەوت و سیاسەتی چەوتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، سەرباری ئەوەی کەگرفتێکی زۆری بۆ خودی حزبەکە دروست کردووە، بیروباوەڕی مارکسیزمی بەدناو کردووەو بۆتە هۆی تەگەرەدان لە بڵاوبونەوەی بیروباوەڕەکە لەناو جەماوەر . ئەم بۆچوونە لە بۆچوونی کۆمەڵەی پێش کۆمیتەی هەرێمەکان جیاوازە، چونکە تا ساڵی ١٩٧٥ ئەو تیۆرییە لەناو کۆمەڵەدا باو بوو کەپارتی کۆمۆنیستی عیراق بە سەرچاوە ئیلهام بەخشەکەیەوە (واتە یەکێتیی سۆڤێت)چیتر توانای نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی چینی کرێکاری نەماوە، بەڵام ئارام یەکێتیی سۆڤێتو پارتی کۆمۆنیستی عیراقی

لێک جیا دەکردەوەو ئەو تێکەڵکردنەی بەپێویست نەدەزانی.

مایەی تێڕامانە کە ئارام لەنووسینەکانیدا هەرگیز وشەی"کۆمۆنیزم"ی بەکار نەهێناوەو هەمیشە کەباسی کۆمۆنیزمی کردووە بە شێوەی مارکسیزم- لینینیزم و کەباسی کۆمەڵەی کردووە بە مارکسیست- لینینست گوزارشتی لێ کردووە. یەکێ لە گرنگترین هۆکاری ئەم هەڵوێستەی ئەوەیە کەدەستەواژەی "کۆمۆنیزم"لە بەر ڕەفتاری چەوتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق باق و بریقی جارانی لە دەست دابوو و کەڵکی ئەوەی تێدا نەمابوو کەشانازیی پێوە بکرێ. لە نووسینەکانیدا کەباسی گروپە کۆمۆنیستەکانی تری عیراق دەکا، ئارام بە شێوەی"رێکخراوو گروپ و دەستەو کەسانی مارکسی -لینینی"ئاماژەیان بۆ دەکاو وای دادەنێ کەیەکێ لە ئەرکە گرنگەکانی ڕۆژنامەی"ئالای شۆڕش"خۆی لەوەدیهێنانی یەکێتیی خەباتی مارکسییە - لینینییەکانی عێراقدا دەبینێتەوە. وەک ناوەڕۆکی ڕستەکە دەری بڕیوە، ئەو لێرەدا پارتی کۆمۆنیستی عیراق ناخانە ڕیزی گروپە مارکسیست - لینینیستەکانەوە.

فاکتەرێک هەیە ڕەنگە ڕۆڵێکی دیاری لەگەڵاڵەکردنی بۆ چوونەکانی ئارام سەبارەت بەسۆسیالیزمی سۆڤێتی هەبووبێ، ئەویش ئەوەیە کەئارام سێ جار لە ساڵانی ١٩٦٩و ١٩٧٠و ١٩٧٢دا، سەردانی ڕوسیای کردووە. ئەم سێ سەردانە سۆسیالیزمی سۆڤێتییان بە ئارام ناساند. ئەگەرچی پێناچێ سەرسام بووبێ بەو سۆسیالیزمە، بەڵام ئەو سەردانانە ئەوەیان لای چەسپاند کەئەو سیستمە ئابووریە- کۆمەڵایەتییەی کەڕووسەکان، وەک ئەزمونێکی سۆسیالیستی دایانمەزراندووە، هەر ئەوەندەی لێ هەڵدەکڕێندرێ کەتوانیویانە بیکەن. ڕەخنەکانی لەو سیستمە ئابووریە - کۆمەڵایەتییە بەقەد ڕەخنەکانی شەهاب شێخ نوری توند نەبوون و وایان لێ نەکرد بەرگی سۆسالیستیبوون لە سیستمەکە دابماڵێ. شەهاب شێخ نوری ڕوسیای نەدی بوو، بۆیە بەئاسانی باوەڕەی بەوە هێنا کەئەوەی لە ڕوسیا هەیە، سۆسیالیزم نیە، سەرمایەداریە لە بەرگی

سۆسیالیزمدا. خودی ئارام نکولیی لە کەموکوڕییەکانی سۆسیالیزمی سۆڤێتی نەدەکرد، بەڵام زۆریی کەموکوڕییەکانی نەکردە پێوەر بۆ داماڵینی ڕوخساری سۆسیالیستی لە یەکێتیی سۆڤێت.

دەکرێ هۆیەکی تریش بۆ میانڕەویی نۆڕینەکەی ئارام بۆ یەکێتیی سۆڤێت بدۆزینەوە، ئەویش ئەوەیە کە هاوسەرەکەی، خانم لیدیا ئیڤانۆڤنا،بەڕەگەز ڕوسییەو ئەگەری ئەوەی کەڕۆڵی هەبووبێ لە ڕاستکردنەوەی هەندێ لە بۆچوونە چەوتەکانی دەربارەی شێوەی ژیان لە یەکێتیی سۆڤێت، ئەگەرێکی دوور نیە.

ئەوەی کە لەم بوارەدا کۆدەنگیی لە سەر هەیە، ئەوەیە کەکاروانی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵە لە ماویزم لە سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکاندا دەستی پێ کردووە. لەم ڕووەوەوە دوورخستنەوەی کۆمەڵە لە ماویزم بەسێ وێستگەدا تێپەڕیوە. وێستگەی یەکەم وێستگەی کۆمیتەی هەرێمەکانە، کەئارام تێیدا دەستێکی باڵای هەیە. وێستگەی دووەم کۆبوونەوەی کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ی کادرانە لە گوندی شێنێ کەتێیدا بڕیاردرا ماویزم وەک ئەزمونێکی لۆکاڵ، نەک وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئایدیۆلۆژیا، سودی لێ وەربگیرێ. وێستگەی سێیەم بەستنی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەیە لەساڵی ١٩٨١ کەتێیدا بڕیارەکانی کۆبوونەوەی شێنێ شەرعیەتی تەواویان بەدەست هێنا. لەوێستگەی دووەمو سێیەمدا ڕۆڵی سەرەکی، زۆرتر بۆ نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە.

٣-پێویستیی ڕۆژنامەی ناوەندی

پێداگرتنی ئارام لە سەر پێویستیبوونی ڕۆژنامەیەکی ناوەندی بۆ کۆمەڵە مایەی تێڕامانە. پێداگرتنی، بەو تووندوتۆڵییە، لە سەر ئەم مەسەلەیە نیشانەی درککردنە بەکاریگەریی وشەی نووسراو لە سەر ویژدانی تێکۆشەرو ڕەوتی خەبات. بە بەراورد، ئەو باشتر درکی بەبایەخی ڕۆژنامەی ناوەندی کردبوو. هاندەر بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کەکۆمەڵە لە ماوەی پێنج ساڵداو لە هەلومەرجێکدا

کەدژواریيەکانی هیچ کات نەگەیشتوونەتە ئەو دژوارییانەی کە لە سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکاندا لە بەردەم کۆمەڵدا قوت بوونەوە، تەنیا (سێ) ژمارەی لەرۆژنامەی"ئاڵای سور"دەرکردووە، لەکاتێکدا ئارام پاش گواستنەوەی سەنتەری هەڵسوڕانی، لەشارەوە بۆ لادێ، لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٦، پاش یانزە مانگ، یەکەم ژمارەی"ئاڵای شۆڕش"ی دەرکردو کاتێکیش لە کۆتایی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ شەهیدکرا، ژمارە دووی ڕۆژنامەکە لەجانتاکەیدا، بۆ چاپ ئامادە بوو.

بەڵای(ئارام)ەوە یەکێ لەئامرازە کاریگەرەکانی یەکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕان، ڕۆژنامەی ناوەندییە. ئەمەش لە ناوەڕۆکدا بیرۆکەیەکی تەواو لینینیستییە. لینین پێی وابوو شۆڕشگێڕان پێویستیان بەئامرازێکە بۆ پتەوکردنی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژییانو قوڵکردنەوەی هۆشیاریی چینایەتییان. لەو سەردەمەدا لینین ئەو ئامرازەی لە شێوەی ڕۆژنامەدا بینیوە. لێرە ئارام هەمان ئەم بیرۆکەیە دوبارە دەکاتەوە.ئەگەر بەوردی ئەو وتارەی ڕۆژنامەی"ئاڵای شۆڕش"بخوێنینەوەکەلەژێر سەردێری"خەباتی ئاڵای شۆڕش"نوسیویەتی، دەمو دەست هەست بەوە دەکەین کەئارام زۆر دڵی بەو ڕۆژنامەیە خۆشەو هیوایەکی زۆری لە سەر هەڵچنیوەو لەو بڕوایەدایە، کەئەرکی سەر شانی ئەم ڕۆژنامەیە، کەمتر نیە لە ئەرکی ڕزگارکردنی نیشتمان لەداگیرکەر.

لەم مەسەلەیەدا، شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵە زۆرتر سەرسامبوون بە ڕۆژنامە چەپەکەی"هەدەف"(الهدف) کەبەرەی ڕزگاریی گەلی فەلەستین بەسەرۆکایەتیی جۆرج حەبەش دەری دەکردو هەمو ئاواتیان ئەوە بوو شۆڕشگێڕانی کورد بگەنە ئەو ئاستەی کە لە ڕاگەیاندنداو بڵاوکراوەیەکی وەک ئەوەی ڕێکخراوەکەی جۆرج حەبەش دەربکەن. گومان لەوەدا نیە، کەئەگەر"ئاڵای شۆڕش"لە سەر دەستی ئارام بەردەوام بوایە، دەیتوانی بەشێکی زۆر لەو ئەرکە بەدی بهێنێ کەئومێدی بەدیهێنانی هەبوو. بەڵام مەرگی ناوادەی، ئەم ئاواتەی لەبار برد.

٤ـ مەسەلەی نیشتمانیی

ئەگەرچی ئـارام بەچاویلکەی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکان تەماشای مەسەلەی نەتەوایەتیی دەکرد بەڵام پێی وا نەبوو شۆڕشگێڕی مارکسیست دەبێ کۆسمۆپۆلیت بێ و هەستی نەتەوایەتی بەیەکجارەکی لە خۆی دابماڵێ. وردتر، پێی وابوو ئەگەر مارکسیستەکان ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی بکەن، هەم ئەرکی نیشتمانیی خۆیان جێبەجێ دەکەن، هەم خزمەتێکی گەورە بەبزوتنەوەی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان دەگەیەنن. لەم سۆنگەیەوە، لەو بڕوایەدا بوو کەپەراوێزێک هەیە، تێیدا دەتوانرێ، فاکتەری نیشتمانییو فاکتەری چینایەتی تێکهەڵکێشی یەکتری بکرێن.

بەڵام دیدی ئارام بۆ دیموکراسی جیاوازە لەو دیدەی کەئەمڕۆ لە کوردستاندا بـاوە. ئـەو، وەک شۆڕشگێڕێکی مارکسیست، ڕوخسـارێکی چینایەتیی بەدیموکراسی دەبەخشی. لەم سەروبەندەدا ئەگەر بچینە سەر ئەو وتارەی کەتێیدا ئەندێشەکانی کتێبی"دەوڵەتو شۆڕش"ی لینینی شیکردۆتەوە، شتێکی وا لەخوێندنەوەی هەڵدەکڕێنین کەئارام بـاوەڕی بەدیموکراسیی چوار چینە شۆڕشگێڕەکە هەیەو وای دەبینێ کەمەرجی سەرکەوتنی ئەو دیموکراسییە، ئەوەیە کەچینی کرێکار ڕابەرایەتیی بکا. بۆیە کەدالّغە بەرژەمی سیاسیی داهاتوی عیراق لێدەدا، وای دەهاتە بەرچاو کەرژەمی داهاتوو، ڕژێمی دیموکراتی چوار چینە شۆڕشگێڕەکەیە بەڕابەرایەتیی چینی کرێکار، کە دیموکراسیی ڕاستەقینە بۆ عیراقو مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد دابین دەکات.

بەپێوەرەکانی ئـەو سـەردەمـە، ئـەم بۆچوونانە لـەناوەندە شۆڕشگێڕە مارکسیستەکان شتێکی ئاسایین. دەبێ لەم بـوارەدا ئەوەش لە بەرچاو بێ کە ئارام نە باوەڕی بە لیبرالیزم هەبووەو نە پشتگیریی لە دیموکراسیی بورژوازی کردووە. ئەو وەک هەر شۆڕشگێڕێکی مارکسیستی ئەو سەردەمە، لەو بڕوایەدا بوو، کەدیموکراسیی ڕۆژئاوایی دیموکراسییەکی درۆزنانەیەو چینە هەژارەکانی پێ تەفرە دەدرێ وتـەواو لەو بڕوایەدا بوو،کە ئەم دیموکراسییە،دیموکراسیی

دەوڵەمەندەکانە. ئەو دیموکراسییەی ئەو باوەڕەی پێ بوو، دیموکراسیی چینە هەژارەکان بوو. ئەم بۆچوونە بەڕادەیەک بە سەر بیرکردنەوەیدا زاڵە، کە وای بۆ دەچوو، مادام دیموکراسیی لیبرال بەرهەمی سەرمایەدارییە، لە ئامرازێکی بورژوازی بۆ چەوساندنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەولاوە هیچی تر نیە.

دیدی ئارام بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عیراقدا، لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، دیدێکی پێشکەوتوو بوو. زۆرتر جەختی دەکردە سەر تێزی مافی چارەی خۆنوسین، بەڵام ئەمە نیوەی ڕاستییەکەیە. نیوەکەی تر ئەوەیە کە ئارام بەدوو شێوە باسی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی کردووە. لەو دیکۆمێنتانەی کە بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە ڕاگەیەنراوەکەی ئەیلولی ١٩٧٦ کە بە ناوی دەستەی دامەزرێنەرەوە دەرچووە، هیچ باسی مافی چارەنووسی نەکردووەو زۆرتر پابەند بووە بەسیاسەتی ڕاگەیەندراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو دروشمە سەرەکییەکەی کەداوای دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ کورد دەکا. بەڵام لەو نووسینانەی کە بە ناوی کۆمەڵەوە بڵاوی کردوونەتەوە، باسی مافی چارە نووسی دەکا. بەرچاوترین خاڵا لەم مەسەلەیەدا، ئەوەیە، کە ئارام پێی وابوو مافی چارە نووس تەنیا لەو کاتەدا داوا دەکرێ و بەدەست دێ کە ڕژێمی عیراق بڕوخێ و عیراقێکی نوێ، بەڕابەرایەتیی چینی کرێکار، پێکەوە بنرێ و لە سایەی ئەو عیراقەدا کورد مافی چارەنووس بەدەست دێنێ. باوەڕی تەواوی بەم بۆچوونە، هانیدا زۆر جەخت بکاتە سەر یەکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عیراق و ڕوخاندنی ڕژێمی دەسەڵاتدارو لەم سەروبەندەدا هاوکێشەکە، لەلای ئەو، بەو جۆرە بوو کە بەدەستهێنانی مافی چارەنوس لە ڕێی ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق و هاتنە سەر کاری ڕژێمێکی شۆڕشگێڕەوە دەبێ. دیارە زاڵیی ئایدیۆلۆژیا بە سەر ئەم بیرۆکەیەدا، ئەوەندە ڕوونە، کە پێویست بەڕاڤەکردنێکی زۆر ناکا.

ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە، لەگەوهەردا، مەسەلەیەکی تیۆرییە، بەڵام پێداگرتن لە سەر بەستنەوەی بەدەستهێنانی مافی چارەنوس بەڕوخانی ڕژێمی بورژوازیو

هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانەوە، قورسکردنی ئەرکی شۆڕشگێڕانی کوردە بەخۆڕایی. بەکردەوەش بەو مانایە دێ کەنابێ مافی چارەی خۆنووسین لە ڕژێمە دکتاتۆرەکان داوا بکرێ، چونکە ئەو ڕژێمانە هەر لە بنەڕەتدا دان بەمافی چارە نووسدا نانێن و تەنها یەک ڕێگای بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە دیاری کردووە، کەڕێگای ڕوخاندنی ڕژێمە دکتاتۆرەکانە.

لە مەسەلەی نیشتمانیدا، ئارام لەو بڕوایەدا بوو کە ئەرکەکەی، تەواوکردنی ئەو ئەرکەیە کە، شەهاب شێخ نوری دەستی پێ کردبوو و تەواوی نەکردبوو. سیاسەتەکەی لەم ڕووەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵا سیاسەتی سەرکردایەتیی پێشووی کۆمەڵەدا نیە، بەتایبەتی سەبارەت بەهەوڵدان تا کۆمەڵە بەفاکتەرێکی کاراو کاریگەربکات، لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کە تازە لە سوریا پێک هێنرا بوو.

ئارام زۆردڵی بەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆشبوو.سەرباری ئەوەی کەوەک نیشتمانپەروەرێک، ڕێکخراوە نیمچە بەرەییەکەی بۆ کۆکردنەوەو بەگەڕخستنی تێکۆشەران بەلاوە پەسند بوو، لەو بڕوایەشدا بوو کەیەکێتی چەترێکی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵە دابین دەکاو ئەو دەرفەتەشی پێ دەبەخشێ، کە کار بۆ بەدیهێنانی پارتی پێشڕەو بکا.

ئەگەر بەتەنیا لە ڕوانگەی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە سەیری ئەندامێتیی کۆمەڵە لە ناو یەکێتی بکەین، دەبێ بچینە سەر ئەو باوەڕەی، کە ئەم ئەندامێتییە، چارەسەری ئەو گرفتەی بۆ کۆمەڵە دەکرد کە هەموو گروپە چەپە شۆڕشگێڕەکان لەکۆمەڵە دواکەوتووەکاندا تووشی بون، ئەویش نەسازانی سەرخانی ئایدیۆلۆژی وژێرخانی کۆمەڵایەتییە، بەهۆی پێشکەوتویی لەبواری ئایدیۆلۆژیاداو دواکەوتوویی لە بواری کەلتورو هۆشیاریی چینایەتیدا.

ئارام ئەم گرفتەی بەهەند وەرگرتبوو. ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێ ئەوەیە کە بەشێک لەنووسینەکانی، نیگەرانییەکی زۆریان لەم ڕووەوە لێ دەچۆڕێ.زوو هەستکردنی بەدژواریی گەشەکردنی بیروباوەڕێکی شاریی وەک مارکسیزم

لەژینگەیەکی لادێی دواکەوتوودا، مایەی سەرنجە. پوختەی بۆ چوونەکەی بەم جۆرەیە کە لە سۆنگەی نزمیی هۆشیاریی سیاسیو نزمیی ئاستی زانستییەوە بیروباوەڕێکی نامۆو ئاڵۆزی وەک مارکسیزم بەئاسانی لەلادێ بڵاو نابێتەوە. یەکەم ئاماژە بۆ ئەم نیگەرانییە لەو ڕێنماییانەدا دەبینرێ کە لە ئەیلولی ١٩٧٦دا لە ژێر ناونیشانی "ئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا" بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە دەری کردوون وتێیدا باس لەوە دەکا کە ئاشکراکردنی ڕوخساری مارکسییانەی جوڵانەوەکە دەشێ هەندێ گرفتی لێ بکەوێتەوە .

ئەم نیگەرانییە لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو هانا بردن بۆ لادێ سەری دەرهێناو دوای ئارامیش هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئارام هیچ پێشنیاری دیاریکراوی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، جگە لەخۆ ئاشکرا نەکردن، پێ نەبوو. شاردنەوەی ڕوخساری ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە، کارێکی سەخت بوو، چونکە ڕوخسارە ئایدیۆلۆژییەکە زۆر بەڕوونی بە ناوەکەیەوە دیار بوو. ڕەنگە ئارام ناوی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانی بەدڵا نەبووبێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە سەر ئەوە نیە کەبیری لە ئەلتەرناتیڤێک کردبێتەوەو لە ڕاستیدا، لە بەر زوو شەهیدکردنی، پاش کەمتر لەدوو ساڵا پێشمەرگایەتی، فریا نەکەوت بیر لەئەلتەرناتیڤێک بکاتەوە. خۆ ڕزگارکردن لەم کێشەیە، پاش ئارام ساڵێک زیاتری خایاند.لە کۆتایی ی ١٩٧٨دا بیرکردنەوە لە گۆڕینی ناوی کۆمەڵە هەنگاوی گرنگی بۆ پێشەوە ناو بۆ ساڵی دواتر ناوەکە بەشێوەیەکی فەرمی کرا بەکۆمەڵەی ڕەنجدەران، کە ئەمەش پەراوێزێکی فراوانتری مانۆڕی سیاسیی بۆ شۆڕشگێڕانی کۆمەڵە ڕەخساند.

ستراتیجی ئارام لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا هەمان ئەو ستراتیجەیە کە لە نەخشەی ساڵی ١٩٧٦ی "ڕزگاری"ی تاڵەبانیدا باس کراوە. لە دروستکردنی یەکە چەکدارەکاندا، ئارام بەشێوەیەک هەڵسوکەوتی کرد، کەشتێکی وای لێ هەڵدەکڕێندرێ، کە ویستویەتی شار ملکەچی لادێ نەبێ. لە باری سەرنجی میژوییەوە، باوەڕی وابوو خەباتی لادێ لە قۆناغێکی کاتی

بەولاوە هیچی تر نیەو لەکۆتاییدا دەستپێشخەری هەر دەبێ بۆ شار بگەڕێتەوە. ئەم بیرۆکەیە کەبەدڵنیایی یەوە دوورە لە سوکایەتیکردن بەلادێ، ڕەنگدانەوەی گواستنەوەی ئایدیۆلۆژیایەکی شارییە بۆ ژینگەیەکی ناشاری و ناتەبا لەگەڵ شاردا. ئارام، وەک شارییەک، نەیدەویست شار بەلادێ بگۆڕێتەوە، بەڵام لە هەلومەرجی ئەو کاتەی کوردستاندا، هەر هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی هێز، بەبێ کۆنترۆڵکردنی لادێ نەدەهاتە دی.

ئارام زۆربەی دەستە چەکدارەکانی لەخەڵکی شارەکان دروست کردو بۆ ناوچە لادێ نشینەکانی نارد. ستراتیجەکەی، پشت ئەستوور بوو بەشەڕی پارتیزانی، وەک قۆناغی سەرەتای جەنگێکی درێژخایەن. لەم ڕوەوە نەیدەویست شۆڕشەکە ببێ بەبزوتنەوەیەکی یاخیبوونی خێڵەکی. لەڕاستیشدا پێی وابوو بزووتنەوەی خێڵەکی دەشێ کاریگەریی خراپ لە سەر سەرکردایەتیی شار بەجێ بێڵێ.

لە هەمبەردا، ستراتیجی بزووتنەوەی سۆسیالیست، هاوخەبات و هاوپەیمانی نزیکی کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، تەواو پێچەوانەی ستراتیجی ئارام بوو. بزووتنەوەی سۆسیالیست دەستپێکردنی خەباتی چەکداری بەڕێوشوێنێک بۆ بەزۆر هێنانی ڕژێمی عیراق بۆ سەر مێزی وتوێژ دادەنا و لەم سۆنگەیەوە بزووتنەوەی سۆسیالیست ئەوەندەی کەپشت ئەستور بوو بەیاخیبونی خێڵەکی، ئەوەندە پشت ئەستوور نەبوو بەشەڕی پارتیزانی. جیاوازیی نێوان ئەم دوو ستراتیجە لەوە دایە کە ئارام دەیویست جوڵانەوەی چەکدار بگەیەنێتە ئاستی بەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا بزووتنەوەی سۆسیالیست هەڵسوڕانی چەکداریی، بەبێ هیچ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی، دەویست.

بوونی ئەم دوو تێڕوانیە جیاوازە لە ناو یەکێتیدا، دواتر کاریگەریی زۆر خراپی لە سەر یەکپارچەیی یەکێتی بەجێ هێشت، بواری پێکەوە هەڵکردنی زۆر تەنگەبەر کردو لەکۆتاییدا، لە ساڵی ١٩٧٩دا، بەجیابوونەی بزووتنەوەی سۆسیالیست، کۆتایی هات.

٥ـ زمانی نوسین

ئـارام بڕێکی زۆر نوسینی لـه پـاش خـۆی بەجێ نەهێشتووە. نووسین بەلایەوە پیشە نەبوو، بەڵکو ئامرازێک بوو بۆ گواستنەوەی بیرو بۆچونەکان بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتی. ئەمە وا دەکا لە ڕوانگەی پێداویستییەکانی ڕاگەیاندنی سیاسیو مەرجە ئایدیۆلۆژییەکانەوە، تەماشای نووسینەکانی بکرێ.

زمانی نوسین لە لای ئـارام، زمانێکی زۆرسادەیە، هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نیە. دیارە ئارام خۆی مەبەستی بووە کە بەزمانێکی سادە بنووسێ، چونکە دەیویست بیرۆکەکان، بە سادەترین شێوە، بگەیەنێتە میشکی خوێنەر، بۆیە زمانەکەی ئەوەندەی کە لە زمانی ئاخافتنەوە نزیکە ئەوەندەش لەزمانی ئاڵۆزی ڕۆشنبیرەکانەوە دوورە، بەڵام شێوازی نووسینی، لە ڕووی ڕێزمانەوە بەبێ کەموکوڕی نیەو لەو دەقانەی کە لە"هەڵبژاردەکان"دا کۆکراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆر هەڵەی زمانەوانی بەرچاو دەکەوێ، کە پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە. ساڵی١٩٨٠ کاتێک "هەڵبژاردەکان" بۆ یەکەم جار بڵاو کرانەوە، دەستکاری نەکرانو وەکو خۆیان بڵاو کرانەوە. پێدەچێ سەرپەرشتیارانی چاپکردنی "هەڵبژاردەکان" هەستیان بەکەموکوڕییە زمانەوانییەکان کردبێ، چونکە لەو چوار تێبینیەی کە لە کۆتایی چاپی یەکەمی هەڵبژاردەکاندا بڵاو کراونەتەوە، یەکێکیان جەخت لەوە دەکاتەوە کە "بەهیچ جۆرێ دەستکاری شێوەو ناوەڕۆکی نووسینەکان نەکراوە". ئەو هۆیەی وای لە سەرپەرشتیارانی ساڵی١٩٨٠ی چاپکردنی هەڵبژاردەکان کردووە دەستکاریی دەقەکان نەکەنو کەموکوڕییە زمانەوانییەکان ڕاست نەکەنەوە، هەمان هۆیە کەوای لە سەرپەرشتیارانی چاپی ساڵی٢٠١٢ کردووە هەڵە زمانەوانییەکان وەکو خۆی بهێڵنەوە. ئەمەش کێشەیەکە تووشی هەموو ئەوانە دەبێ،کە بەئەمانەتەوە، مامەڵە لەگەڵا دەقە میژوویییەکاندا دەکەنو ماف نادەنە خۆیان دەستکاری دەقەکان بکەن. ئاشکرایە، کە لە ڕووی زانستی و میژوییەوە، هێشتنەوەی دەقەکان وەکو خۆیان، تەنانەت بەهەڵەی زمانەوانیشەوە، خۆی لە خۆیدا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە

وێنایەکی دروستترو ڕۆشنتر دەربارەی توانا بیریارییەکانی خاوەنی دەقەکان بۆ لێکۆڵیاران دەست دەخا.لێرە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ،کە هەڵە زمانەوانییەکانی ناو وتارە کۆکراوەکانی"هەڵبژاردەکان"، ئەوەندە سەرنجڕاکێشو گەورە نین، کە کار بکەنە سەر ڕەوتی ماناکان و بیانشێوێنن، ڕەنگە بەشێکی زۆریان خوێنەری ئاسایی‌و نەشارەزا هەستیان پێ نەکا. ئارام ئەوەندەی کە بەلایەوە گرنگ بووە کڕۆکی بیرۆکەکە مەبەستی خۆی بپێکێ، بەو ئەندازیە ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبووە کەنووسینەکە هەڵەی زمانەوانیی تێدا بێ یان نا، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ئەو کاتەدا، کە ئامانجی سەرەکی تێیدا بەگەڕخستنەوەی وزەو تواناکان بووە بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو سڕینەوەی نەنگیی هەرەسهێنانی شۆڕش.

جگە لەو تێبینییەی باس کرا،دەشێ دوو تێبینیی دیکە سەبارەت بە شێوازی نووسینی ئارام هەبێ. یەکێکیان ئەوەیە کە ئارام لە نووسینەکانیدا بە نەفەسێکی درێژ دەنوسێ و هانا دەباتە بەر وردەکاریی زۆر،بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە دەیەوێ لە خوێنەری بگەیەنێ. ئەم خۆ سەرقاڵکردنە، بەتەرخانکردنی پانتاییەکی بەرین، بۆ بیرۆکەیەکی سادە کەدەکرا بەشێوەیەکی کورتتر نمایش بکرایە، زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەئارام لەنووسینەکانیدا ویستویەتی هیچ شتێک بە ناڕۆشنی نەهێڵێتەوەو بەم پێیە تا لەوە دڵنیا نەبوو بێ کەخوێنەری باش تێگەیاندووە، وازی لێ نەهێناوە. تێبینییەکەی تر ئەوەیە کە ئارام لەنووسینەکانیدا، زۆر وشەی عەرەبیی بەکار هێناوەو هەرگیز خۆی بەوە سەرقاڵ نەکردووە کەبەرانبەر بۆ ئەو وشانە بدۆزێتەوە، ئەمەش هەر پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کەمەبەستی سەرەکیی، گەیاندنی بیرۆکەکەیە بەڕۆشنترین شێوە. بۆیە لە نووسینەکاندا هیچ جۆرە یاریکردنێک بەوشە بەدی ناکرێ. هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ، کە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی لە نووسینەکاندا، پەیوەندیی بەو ڕۆژگارەوە هەیە کەئارام وتارەکانی تێدا نوسیوەو هێشتا لەو کاتەدا ئەلتەرناتیڤی گونجاو لە زمانی کوردیدا بۆ ئەو وشانە

نەدۆزرابوونەوە، جگە لەوەی،کە ئارام وەک ئینتەرناسیۆنالیستێکی شۆڕشگێڕ، ئەوەندە دەمارگیر نەبووە کەدژی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی بێ لە نووسین و قسەکردندا. ئارام بەگونجاوو بە ئەرکی خۆی نەزانیوە بەرانبەری نامۆ بۆ دەستەواژە باوەکان بدۆزێتەوە. بەڵام لە هەمبەریشدا، دەستەواژەی وای لە هەندێ شوێندا بەکار هێناوە کەزمانی نووسینی پێ دەوڵەمەند بووە، وەک بەکارهێنانی وشەی"تیرۆر"، کەڕەنگە ئارام یەکەم کەس بێ لە نووسینی سیاسیی کوردیدا بەکاری هێنا بێ.

خوێنەرەکانی ئارام ئەوەیان لێ چاوەڕێ دەکرد کەپانتایی هۆشیاریی چینایەتی و سیاسییان فراوان بکاو سروشتی ڕووداوەکانیان تێبگەیەنێ، ئەویش ئەم ئەرکەی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرد.[١٢٨]

***

١٢٨ لە سەر ڕازیبوونی نوسەر ئەم بابەتە لێرەدا بڵاوکراوەتەوە،سوپاسی دەکەم

شاسوار جەلال لە نزیکەوە

شوان ئەحمەد

- بەرەو ڕەخنەگرتن لە ئایدیاو دونیابینیەکانی شەهید ئارام -

(بەداخەوە زۆربەی سیاسەتوان و ڕۆشنبیرانی عەرەب، خراپترین شتێکیان لەمارکسیزم وەرگرت-واتە ئایدیۆلۆژیا- باشترین شتێکیشیان فەرامۆشکرد واتە سۆسیۆلۆژیا-ودەرەنجامەکەشی مالوێرانی بوو).

- د. هاشم سالح -

(من له سەرەتای دروستبوونی (ی.ن. ک) - دەمویست بچمە ناو کۆمەڵە، بەڵام کەهەندێ نوێنەری کۆمەڵەم بینی، بۆم دەرکەوت ناو و ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ یەک نەدەگونجا).

-هۆمەر شێخ مووس-

بەرایی:

شەهید ئارام ناوێکی ئاشنایە بە گوێی هەموو ئەوانەی لە باشوری کوردستان دا دەژین، وەلێ کەمێکی کەم ئاگاداری نوسین و بەرهەم و دونیابینیەکانی ئەون. چاپکردنی کتێبی(بابەتەکانی شەهید ئارام لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا) سەرەتای ئەمسالّ، دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ تا لە نزیکەوە بزانین سکرتێرو تیۆرسینی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، چۆن بیری کردووەتەوەو دونیابینیەکانی چۆن بوون!

ڕوی ئەڕێنی کۆکردنەوەی ئەم وتارانە لەوەدایە، بەرهەمی قۆناغی کاملّی ناوبراو و هی چەند سالّێکی کەم بەرلە چونە شاخ و شەهید بوونیەتی. ئەم نوسینە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی وتارەکانی ئەو بەرهەمە، بە چاوێکی ڕەخنەگرانە. خۆ لەقەرەدانی ئایدیاو بۆچون و دنیابینیەکانی (شاسوار جەلال)ە، بەبێ پڕکێشی کردن و دەست بردن بۆ خەبات و ژیانی حزبایەتی و ئەو بوارانەی دیکە کەئەو سەرقالّیان بووە.

یەکەم ـ سادەگۆیی و بێ قولّایی نوسینەکان، یان قسە لە بەرگی نووسیندا:

یەکەم شت سەرنجی خوێنەری کتێبەکە ڕابکێشێ ئەو سادەگۆیی و کلّێشە تەقلیدی و حازر بەدەستەیە کە کۆی ئەو پەنجاو چوار وتارەی پێ نوسراوە، دوا شتیش نائومێدبوونی خوێنەرە کە دوای تەواوکردنی کتێبەکە، بە سەر ڕستەیەکی فیکری یان تیۆریزەکردنێکی وادا ناکەوێت، گەواهی دەربێت لە سەرئەوەی بەرهەمەکە بەقەڵەمی سکرتێری ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی ـ لینینی نوسرابێت.

ئەم وتارانە بە گشتی قسەوتن نەک نووسین، نووسینیش بن هیچ قولّایی و ئەرزشێکیان نییە. لە باشترین حالّەتدا بە وتاری ڕادیۆی و لە بەلاغی حیزبی و ڕێکخراوەیی دەچن کە ئەرکیان تەنیا گواستنەوەی هەندێ زانیارییە،لەو ولّات و هەرێمانەی لەپەراوێزی مێژوودان (مۆزەمبیق،زیمبابۆی، گینیای بیساو،کەمبۆدیاو.... هتد).

بابەتەکان یەک کلّێشەیین و تێکڕا یەک تۆن دەخوێنن، هەجوکردن و بە دناوکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم (کەمەبەست لێیان بەزەق و زۆری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلە)، لەگەڵ ستایشکردن و پیاهەڵدانی ئەو جوگرافیاو زۆنانەی کوانوی خەبات و بەرخودان و شۆڕش بوون(فەلەستین و ڤێتنام).

دووەم ـ کورد وەک میوان:

گەر ئەم وتارانە وەربگێڕدرێنە سەر هەر زمانێکی دیکەی دونیا، هەرگیز هەست بەوەناکرێت نووسەرەکەی کورد بووبێت. بۆت ساغ نابێتەوە کە ئەو باس و خواسانە بەرهەمی پەڕەمووچی سکرتێرو تیۆرسینی رێکخراوێکی چەپی مارکسی ـ لینیی کوردستانییە. سەیر ئەوەیە ئێمە لەڕێی ئەو وتارانەوە سەفەری ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین دەکەین، بەڵام بە پەرەگرافێک چییە نەبارودۆخی چینی کرێکاران لەعێراق دەخوێنینەوە، نە زەحمەتکێشان و رەنجدەرانی بیرو بازووی کوردستان حزورێکیان هەیە.

تەنیا شتێک لەم کتێبەدا بۆ کوردبێت و ناوی کوردی تێدا هاتبێت(نەورۆزی نوێ و ڕێڕەوی نوێ) یە (بڕوانە، ل ١٦٥). کە زیاتر بە داڕشتن و وتارێکی وەسف ئامێز و ڕۆمانتیکی دەچێت و هیچ قوڵای و ڕوانگەیەکی نە فیکری و نە سیاسی و نە کلتوری هەیە و بەو وتارانە دەچێت کە ساڵانە لێرەو لەوێ، بۆ نەورۆزو ئەو بۆنە نەتەوەییە دەنوسرێت.

سێیەم - گاندی، نەک گیڤارا..

ستایشکردنی تووندوتیژی و پەسەندانی خەباتی چەکداری:

شتێک کە بیستومانەو دەماودەم دەگێڕدرێتەوە، ئەوەیە شەهید ئارام دژی تووندوتیژی بووەو لە بری خەباتی چەکداری بڕوای بە خەباتی جەماوەری و رێکخراوەیی هەبووە، کەچی وتارەکانی ناو ئەم کتێبە شتێکی تر دەڵێن. پێمان دەڵێن کە ئایدیاو دونیابینی شاسوار جەلال بۆ گۆڕانکاری زیاتر باوەڕی بە خەباتی چەکداری و بەکارهێنانی تووندوتیژی هەبووە. واتە وەک تیۆرە لە (فرانز فانۆن) و وەک پراکتیک لە (گیڤارا) وە نزیک بووە، نەک حەزی بە چارەی(گاندی و ڤاسلاڤ هاڤڵ و ماندێلا)بووبێت.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو قسانە، چەند نمونەیەک بەرچاو دەخەم:

١ـ (هەر گەلێک هەرچەندە بچووک بێ و هەژارو بێ دەرامەت بێت کە دەستی دایە چەک و ڕاستە ڕێی خەباتێکی شۆڕشگێڕی گرتەبەر، دوورو نزیک بە ئامانجەکانی خۆی دەگات)، ل٥٦.

٢ـ (لە ١٨٧١ کرێکارانی پاریس بۆ یەکەم جار بە ڕاپەڕینێکی چەکدار، حوکمیان گرتە دەست)، ل٦٢.

٣ـ (فڕاندنی فڕۆکەیەکی ئیسرائیل لەلایەن چەند چەکدارێکی فەلسەتینیەوە کە شەهید ئارام بە پیتی درشت ناویان بە پێشمەرگە دەنوسێت - بە جوانترین نمونەی فیداکاری دەداتە قەڵەم و تایتڵی وتارەکەشی هەر ئەو دەستەواژەیەیە)، ل٧٩.

٤ـ هەرلەهەمان لاپەڕەدا بەوپەڕی حەماسەتەوە دەنووسێت: (لە کۆتایی مانگیشدا،جارێکی کەیش پێشمەرگەکانی فەلەستین بەیارمەتی چەند پێشمەرگەیەکی ژاپۆنی- پێشمەرگەی ژاپۆنی، زاراوەیەکی تەواوشازە؟! نمونەیەکی تری بێ هاوتای فیداکارییان پێشکەش بە شۆڕشی هەموو دونیاکرد. ئەوەبوو هەفتەی ڕابردوو چەند پێشمەرگەیەکی فەلەستین، لەگەڵ فڕۆکەیەکی فڕەنساییدا خۆیان گەیاندە فڕۆکەخانەی لیدوە، هەر دوای دابەزین لولەی تفەنگەکانیان کردووەتە ئیسرائیلیە دوژمنەکان و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتوون و بریندار کردوون و دوو فڕۆکەشیان بە بۆمبای دەستی خراپ کردووە. ئەم پێشمەرگە دلێرە جوامێرانە،بۆ ئەوەچوون کە بە خوێنی گەشی خۆیان لە ئیسرائیلییە دوژمنەکانیان بگەیەنن، کە گەلی فەلەستین هەرگیز نابەزێت و دەست لەمافە ڕەواکانی خۆیان هەڵناگرێت و سوورە لەسەر خەباتی سەخت لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو مافانەداو دوژمن هەرچەند بەهێز و پشت ئەستووربێت، بە یارمەتی بێشوماری ئیمپریالیستە ئەمریکاییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت شۆڕشی ڕەوای گەلی فەلەستین بکوژێنێتەوە. ئەو گەلەی دەستی داوەتە چەک و ڕێبازی خەباتی چەکدارانەی پیرۆزی دژئیمپریالیزمی گرتووەتەبەر.. ئەم کارە فیداکارانەیە، جوانترین نمونەی گیان بەختکردنە لە

پێناوی ئازادی و سەرفرازی و مافەکانی گەل و نیشتمانداو.... هتد).

٥ـ (گەلانی ئێران رژێمی شا بە چەک هەڵئەتەکێنن). دوای چەند ساڵێک گەلانی ئێران بەچەک نا، بە خەباتی مەدەنی و بە خۆپیشاندان ئەوکارە دەکەن، ل ١١١.

٦ـ (بۆ گۆڕینی کۆمەڵی فرە چین و پرستەم لە وڵاتانی جیهانی سێهەم، تەنیا رێگە شۆڕشی چەکداری گەلە)، ل١٢٣.

٧ ـ (شۆڕشی گەلی چەکدار، تاکە رێگایە بۆ بەدیهێنانی ڕزگاری)، ل ١٣٠.

٨ ـ (سوتاندنی فڕۆکە ژاپۆنیەکە لەلایەن پێشمەرگەکانی فەلەستینەوە، کارێکی زۆر ئازایانە و فیداکارانەیە)، ل١٨١.

٩ـ (ئەو رێبازەی گەلی فەلەستین هەڵی بژاردووە، هەرچەندە رێبازێکی سەخت و دوورو درێژ و پڕناسۆڕو فیداکاری و تەگەرەیە، بەڵام رێبازی ڕووناکی بەرەو سەرکەوتنە، ئەویش کە رێبازی خەباتی چەکدارانەی درێژخایەنە)، ل ٢١٠.

بیرمەند و نووسەر و شاعیری دیارو هەرە بە ناوبانگی عەرەب ئەدۆنیس، لەوتارێکیدا بەناوی(گاندی، نەک گیڤارا)،باس لەوەدەکات کە مۆدێلی گیڤارایی چ ماڵوێرانییەک بووە بۆ واقیعی عەرەبی و شۆڕشی فەلەستینی و گەلەیی ئەوە دەکات کە بۆچی بە درێژایی سەدەی بیست، هیچ هێزێک لە ناوچەکەدا گاندی ناکەنە سەر مەشق و ئاشتیخوازی و میانڕەویی ئەو لە خەباتکردندا بەکەم دەگرن، لەگەڵ ئەوەی توانی بەو رێگەیە کۆڵۆنیالیزمی زەبەلاحی بەریتانیا بدات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(ادونیس:راس اللغه جسم الصحراو دار الساقی،بیروت الطبعه الاولی، ٢٠٠٨ غاندی، لا غیفارا ص ١١٥ ـ-١١٩). بەداخەوە لە نووسینەکانی ئەم کتێبەشدا تەنیا تارمایی گیڤارا دەبینین نەک گاندی.

چوارەم - فەلەستین، ڤێتنام، ئەفریقا:

بابەتی سێنترالی لەم کتێبەدا،خەباتی چەکداری موعجیزە ئاسای گەلانی ڤێتنام، فەلەستین، ئەفریقا و ئەمریکای لاتینە. سەیرکردنی شۆڕشی ئەو گەلانەیە،وەک

ڕووداوی چارەنوسسازی مێژوویی. لەم سەروبەندەشدا ئەوەندەی حوکمدانی ئایدیۆلۆژی زاڵە، ئەوەندە شرۆڤەو لێکدانەوە و شیکاریی نابینن. سەیرەکەش لەوەدایە سەرباری هەڵەو نادروستی پێشبینیەکانی، کەچی مەلابەختیار لەلاپەڕە نۆزدەدا بەپیتی درشت دەنووسێت: (هاوڕێ ئارام سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەب و فەلەستینیە شۆڕشگێڕەکانی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، بەسەرەنجامێکی بەڵگە نەویست زانیوەو دڵنیابووە لە سەرکەوتنیان). هەر ناوبراو لە لاپەڕە بیست و چواردا دەنووسێت:(کاک ئارام باوەڕی نەگۆڕی بە سەرکەوتنی گەلانی ئەفریقا بووە، سەرەڕای قەوارەی پیلانە گەورەکانی ئیمپریالیزم). ئەمە نەک هەر وایە، بەڵکو پێچەوانەکەی تەواو ڕاستە.

خوێنەران و هاوولاتیانی ئێمە لەهەرجێیەک بن، دەتوانن لە ئێستادا بزانن دۆخی وڵاتانی عەرەبی و پرسی فەلەستین و گوزەرانی گەلانی ئەفریقا، لەچ ئاستێکدایەو بەکوێ گەیشتووە. هاوکات لەو ئان و زەمانەی شاسوار جەلال ئەو بابەتانەی تێدا نووسیووەو بە گرنگیەوە لە خەباتی گەلانی ڕوانیووە، ئەوەندەی ئاگاداربم چەند نووسەرو لێکۆڵیارێکی چەپ و مارکسیستی عەرەبیش بەو کێشانەوە خەریک بوون،بەڵام بەئایدیاو دونیابینیەکی تریەوە. کاری ئەوان تەنیا ستونووسی و هەجوکردن و حوکمدان نەبووە، بەڵکو هەوڵیان داوە لەسەر بنەمای فیکری و بە شێوەیەکی شیکاریی قسە لەو بابەتانە بکەن.

بۆ نمونە(یاسین الحافض) وەک سەرمەشقی نووسەرو تێۆرسینە مارکسیەکانی شەست و حەفتاکانی جیهانی عەرەبی کە قسە لەسەر شۆڕشی ڤێتنامی و فەلەستینی دەکات کتێبێکی گرنگی وەک(التجربه التاریخیه الفیتنامیه تقییم نقدی مقارن مع التجربه التاریخیه العربیه -چاپی سێیەم،١٩٩٧) دەنووسێت. کەقسەش لە کێشەی عەرەب ئیسرائیل و شکستی حوزەیران دەکات (الهزیمه والایدیولوجیا المهزومه چاپی یەکەم،١٩٧٨) دەنووسێت. سەبارەت بە شۆڕشی گەلان وتێۆریا ڕادیکالیەکانی (مارکسیزم، لینینیزم ، ماویزم و فرانز فانۆن)، بیرمەندێکی گەورەو کۆنە مارکسیستێکی وەک جۆرج تەرابیشی (الاستراتیجیه الطبقیه للثوره

دار الطليعه، بيروت- چاپی یەکەم، ۱۹۷۰چاپی دووەم،۱۹۷۹)، دەنووسێت. ئەڵبەتە نووسین و بەرهەمەکانی مونیر شەفیقیش بەرلە تەوەللابوونی لە مارکسیزم، نمونەنەیەکی دیارو بەرچاوی دیکەیە.

شایەنی باسە ئەوانە هەر حوکم نادەن و هەرلە ستونێکی بەرتەسکی ڕۆژنامەوانی دا جێی ئەو شتانە ناکەنەوە. هاوکات ئەوانە کە باس لە گەلانی جیهان دەکەن، وەک کێشەی سانەوی ئاوڕیان لێدەدەنەو کێشەی گەلانی خۆیان سەنتەرە و ئەولەویەتی هەیە. کەچی لەم کتێبەی(شەهید ئارام)دا، ئەولەویەت ڤێتنام و فەلەستین و مۆزەمبیق و گینیای بیساوەو کورد بزرو نادیارە. ستایشکردن و پیاهەڵدانەکان تەنیا بۆ دەرەوەیەو کورد قڕەیە.

بۆ نمونە بڕوانە لاپەڕە پەنجاو حەوت (گەلی یەمەنی دیموکراتی، پشتیوانی گەلی کوردە).لەلاپەڕە حەفتاویەکدا بە هەناسەیەکی لاهوتی نەک مارکسی عیلمی ڕەخنەگرانە،دەنووسێت(خاکی پیرۆزی ڤێتنام).لەلاپەڕە هەشتاویەکدا بەهەمان تۆنی ناسیۆنالستێکی عەرەب دەنووسێت:(ڕۆژێک هەردێت تەخت و تاراجی ئەو بنکە ئیمپریالیستییە لە فەلەستین تێک بدرێت،کەمەبەستی ئیسرائیلە).لەلاپەڕە نەوەدو چواردا دەنووسێت:(خەباتکاران لەنیشتمانی عەرەبدا زۆرن).لەلاپەڕە سەدو بیست و دوودا باس لە بایەخ و گرنگی(شۆڕشی مۆزەمبیق دەکات بۆ جیهان).

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لەلاپەڕە سەدوحەفتاو حەوت، ڕێک و ڕاست دەنووسێت:(پشتگیرکردنی گەلی زیمبابۆی،ئەرکی هەموو ئازادیخوازێکە). لەکاتێکدا ئازادی زیمبابۆی ئەوەبوو دیکتاتۆرێکی خۆسەپێنی وەک ڕۆبەرت مۆگابی (١٩٢٤ ـ ٢٠١٩)، سی دانە ساڵ بە ئاگر و بە ئاسن حوکمڕانی تێدا کرد، لەسەردەمی کۆلۆنیالستی خراپتری کرد. قۆناغی دوای ڕزگاری نیشتمانی وەهەتا ئێستاش، ئەفریقا کێشوەری کۆدێتای سەربازی و سیستەمی دیکتاتۆرە بێشوماڕەکانە، کەچی لە لاپەڕە سەدو هەشتاو نۆدا شەهید ئارام بەوپەڕی قەناعەتەوە دەنووسێت:(ئەفریقا بڵێسەیەکی بێ ئامانی شۆڕشێکی مەزنە لە جیهاندا).

دواجار شەهید ئارام، چەند بەتوندی بەگژ جولەکەو دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەچێتەوە، دە ئەوەندە دڵفراوانتر باس لە عەرەب و مافەکانیان دەکات، بۆنمونە بڕوانە:

(سەرکەوتنی گەلانی عەرەب،پەیوەستە بەبڕوای جەنگاوەرانی عەرەب بەدروستی مافەکانیان)،ل١٩٥.

(عەدالەت ئەو مەسەلەیە گەلانی عەرەب لە پێناویدا دەجەنگن)، ل١٩٦.

(سللاوێکی گەرم لە ئافرەتانی عومان و خلیج)، ل ٩٣.

کێشەکە لەوەدایە لەم نوسینانەی(شەهید ئارام)دا چەند پرس و باسی گەلانی چەوساوەو ماف خوراو زەقکراوەتەوە،هێندە ئاوڕ لە پرسی کوردوکرێکاروزەحمەتکێشی عێراق نەدراوەتەوەو لە پەراوێزیشدا ناویان نەهاتووە.

پێنجەم:- سەرکردە سیاسیەیکان دیار و بیرمەندو تیۆرسینەکانیش نادیار:

یەکێکی دیکە لەو تەوەرانەی لەم نوسینانەدا جێی ڕەخنەو گلەیی و گازندەیە،ئەوەیە نووسەرەکەی وەک تیۆرسین و خوێندەوارو مارکسیستێکی عیلمی، بەدرێژایی تەواوی نووسینەکانی، نەک بڕگەو پەڕەگراف و ئیقتیباسی هیچ بیرمەندێکی چەپ و هیچ تیۆرسینێکی مارکسی بەنمونە ناهێنێتەوەو نووسینەکانی پێ دەوڵەمەند ناکات، بەڵکو ناوی تەنیا یەک کەسیشیان گۆناکات! ئەمە لەکاتێکدا نووسینی مارکسیستە عەرەبەکان (ئەوەندەی ئاگادارم) لەو سەردەم و زەمانەدا، خاڵی نییە لە تێزە و تیۆرەی کەسانی وەک:(جۆرج لوکاش، ئەنتۆنیۆ گرامشی، فرانز فانۆن، ئێمی سیزەر، لوی ئاڵتۆسێر، لوسیان ڤیڤەر، ڕۆجێ گارودی، بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی وەک: ئەدۆرنۆ، هۆرکهایمەر، والتەر بنیامین، هێربرت مارکۆزە، ئەرسنت بلۆخ و.... هتد)

کەچی لە بەرانبەردا ڕۆڵی چەند کارەکتەرێکی سیاسی و حیزبی بەرز دەنرخێنێ کە ئەمڕۆ کەسانی وەک (جان لوویی مارگۆلن و پییر ڕیگۆلۆ وستیڤان

کۆرتوا)،بەدیکتاتۆر و خوێن ڕێژە هەرە دڕندەکانی سەدەی بیستەم ناویان دێنن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەردوو بەرگی(کتێبی ڕەشی کۆمۆنیزم)کە ناسر سەلاحی لە فارسیەوە کردوویەتی بە کوردی و ساڵی ٢٠١٣ لەخانەی وەرگێڕان لە سلێمانی چاپکراوە.

ئەوەتا لە ستایشی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژو دژە مرۆڤی وەک ستالین و ماوتسی تۆنگ، لە لاپەڕە شەست و حەوت دا دەنووسێت:(دوای لینین، ستالین مارکسیزم - لینینیزمی پاراست و دلێرانە ڕابەری یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستیەکانی سۆڤێتی کرد کە ئەوکاتە تەنیا دەوڵەتی سۆشیالیستی بوو لە جیهاندا،وە لە هێرش و پەلاماری گەورەی دوژمنانی دەرەوەو ناوەوە پاراستی و بەرەو سەرکەوتنی برد. ئێستاش کە سەردەمی لەناوچونی تەواوی ئیمپریالیزمەو سۆشیالیزم لە سەرانسەری جیهاندا بەرەو سەرکەوتن ئەڕوات، ماوتسی تۆنگ وەک مەزنترین مارکسیست لینینیست لەم سەردەمەدا، مارکسیزم لینینیزمی پاراستووەو بەپێی پێویستیەکانی ئەم سەردەمە سەردەمی بەرەو لەناوچوونی ئیمپریالیزم، زۆر بلیمەتانە گەشەی پێکردووەو خستویەتیە قۆناغێکی تەواو نوێوە. بیروباوەڕەکانی ماوتسی تۆنگ چەکێکی ئایدیۆلۆژی بەهێزە لە خەباتدا، دژی ئیمپریالیزم و ڕیڤیژینیزم و دۆگماتیزم). تا دەگات بە ستایشکردن و هەڵنانی بەدترین دیکتاتۆرو سیستمی حوکمڕانی کە (کیم ئیل سۆنگ) و کۆریای باکورە. بڕوانە وتاری (گەلانی دونیا لایەنگیری یەکخستنەوەی نیشتمانی گەلی کۆریان ل ١٠٣ بۆ ١٠٥).

تەواو بە پێچەوانەی ئەو بۆچونانەی (شەهید ئارام)ەوە کە کۆمۆنیزم وەک ئایدیایەکی فریادڕەس سەیر دەکات و ڕۆڵی ماو و ستالین بەرز دەنرخێنێ، مامۆستا ساڵح نیکبەخت لە وتارێکدا بەناوی (ستراتیژیستێک بۆ هەموو وەرزێک کە لە ژمارە-٣٥ ڕۆژنامەی -زەمەن لە بەرواری ٢٤ -٩- ٢٠١٩دا بڵاوبووەتەوە دەڵێت: گەرچی نەوشیروان مستەفا بۆ تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی پرسە سیاسیی و ئابوورییەکان، خاوەنی ڕوانگەیەکی زانستی و چەپ بوو و

باوەڕی بە دادگەریی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام نە باوەڕی بە تیۆریەکەی ماوتسی تۆنگ بوو، نەیەکیەتی سۆڤیەتیشی بە ڕابەری جەمسەری سۆسیالیزم و برا گەورەی پارتە کۆمۆنیستەکان دادەنا).

شەشەم: زمانێکی نووسینی خراپ و کوردییەکی شێواو:

جگە لەو تەوەرانەی باسمانکردن و لەم کتێبەدا جێی ڕەخنەن، خاڵێکی دیکەش هەیە کەلە ئاستی نوسینی شەهید ئارام دێنێتەوە خوارێ و خوێنەر هەر زوو درکی پێدەکات، ئەویش شاشی و خراپی زمانی نووسین و ئەو کوردیە پڕ کەموکوڕیەیە کە پێینووسیوە. ڕەنگە لەڕووی زمانەوانی و دارشتنەوە، وتاری (گەلان لەپێناو ئاشتی دا ئەجەنگن ل ٤٧ بۆ ٤٨)، خراپترینیان بێت. دەربارەی هەڵە زمانەوانیەکانیشی، دەتوانین چەند نمونەیەک بەرچاو بخەین.

لەلاپەڕە چل و نۆدا دەنووسێت:(گەلان دژی گشت بنکەیەکی سەربازیین) کە ڕاستیەکەی (سەربازییە). لە لاپەڕە پەنجاو یەکدا دەنووسێت:(بەبۆنەی کۆنگرێسی قوتابیانی کوردستانەوە) کە ڕاستیەکەی (کۆنفرانسە). لەلاپەڕە پەنجاو نۆدا دەنووسێت:(پساندنی خەباتی ناوکۆیی نێوان کورد و عەرەب). ناوکۆیی بەمانای (سیاق کۆنتێکست)دێت و مانای ناوخۆی و خەباتی هاوبەش ناگەیەنێ کە دەبوو ئەوەی بەکاربهێنایە.

لە لاپەڕەحەفتاوسێ دەنوسێت: (کەرەستەی جەنگ بەگەل وولاتی ڤێتنامەوە دەنرێت).ڕاستیەکەی(کەرەستەی جەنگ لەدژیان بەکاردەهێنرێت). لە لاپەڕە حەفتاونۆدەنووسێت: (فڕۆکەکەیان لە فڕۆکەخانەی لیدابەزاند).ڕاستیەکەی فڕۆکەدەنیشێتەوە. باڵدارە و پادار نییە. ئەوەی دادەبەزێت سەرنشینەکانی ناوین، گەرنا فڕۆکە دەفڕێ و پاشان دەنیشێتەوە، نەک دابەزێت. هەرلە پەڕەگرافی دوای ئەوەدا دەنووسێت: (کە ژمارەیەک لەهاوڕێ پێشمەرگەکانیان لە بەندی بەرەللاّ بکەن). بەرەللاّ بۆ باڵندە و ئاژەڵە. بۆ مرۆڤ ئازادکردن دروستە.

پاشان هەر لەهەمان پەرەگرافدا دەنووسێت: (فڕۆکەکە بەخۆی و ڕێبوارەکانی ناویەوە ئەتەقێننەوە).ئەوانەی لەفڕۆکەو شەمەندەفەرو کەشتی و ئوتۆمۆبێل دان، کورد بەسەرنشین ناویان دەبا نەک بە ڕێبوار.

لەلاپەڕە هەشتاوسێ دەنووسێت: (بەبۆنەیبەستنی کۆنگرێسی بەرزی ئەفریقاوە). ڕاستیەکەی (کۆنگرەی باڵای وڵاتانی ئەفریقایە). لە لاپەڕە نەوەدو هەشت دەنووسێت: (بەهۆی فڕۆکە ستراتیژییە بۆمبا هاوێژەکانیانەوە).فڕۆکەی ستراتیژی یانیچی؟.لەلاپەڕە سەددا دەنووسێت:(فڕۆکە قورسەکانی ئەمریکا). ڕاستیەکەی (فڕۆکە زەبەلاحەکانە)، نەک قورسەکان. هەرلەهەمان لاپەڕەدا دەنووسێت:(سدود ئاوبەست).ڕاستیەکەی (سدودبەندەاوەکانە). لەلاپەڕە سەدوحەڤدەدا دەنووسێت: (بیروباوەڕی نەتەوە یەکگرتووەکان) .ڕاستیەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان بەرنامەی کاری هەیە، نەک بیروباوەڕ. لەلاپەڕە سەدو بیست و پێنجدا دەنووسێت:(لە ئەمریکا لیژنەیەکی زۆر بەرز پێکهێناوە). ڕاستیەکەی(لیژنەیەکی باڵایە)، نەک بەرز.

دواجار شەهید ئارام وەک هەر سەرکردە و نووسەر و چەپ و مارکسیستێک، لە ڕەخنە بەدەرنیەو ئایدیاو دونیابینیەکانی هی ئەوەن ڕەتبکرێنەوە ڕەخنەیان ئاڕاستە بکرێت. مارکس ومارکسیستەکان سەر مەشقی ئەوانەن هەمیشە بە دروشمی (ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن) دێنە گۆ. کەواتە با هەرهیچ نەبێت پشت ئەستور بەونەریتە، پرۆسەی ڕەخنەگرتن بەگەڕ بخەین. ئەلیاس مرقس لە کتێبی (الماركسيه فى عصرنا) و لەپێشەکی چاپی یەکەمی دا دەنووسێت: (مالۆێرانی هزری شۆڕشگێڕانە لە سوریاو وڵاتانی خۆرهەڵاتی عەرەبی،مالۆێرانییەکی گەورەیە..لەژێر دروشم و بەیداخی مارکسیزمدا پارتە کۆمۆنیستە لۆکاڵییەکان، ئایدیۆلۆژیایەکی سەیرو سەمەرەیان بەناودا بڵاوکردینەوە. کە تێکەڵیەک بوو لەدۆگمای ئایدیۆلۆژی و پراگماتیزمی هەلپەرستانەو فۆرمە کۆنەکانی، بە

سەر هەلومەرجە نوێیەکاندا پراکتیزە دەکرد. بێسەروبەرییان هەڵدەبژارد بۆ پاساودانەوەی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان. لەگەڵ ئەوانەشدا تیۆریایان دەگەیاندە ئاستی تیۆلۆژیاو پاشان دایان دەبەزاندە ئاستی تەکنیکی ڕۆژانە). هاوکات مارکسیستێکی بەتەمەن و قاڵبووی وەک (کەریم مروە) لە دیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری (الفیصل) دەڵێت:(هەر بەڕاست سۆسیالیزم وکۆمۆنیزم ومارکسیزم درۆیەکی شاخداربوون). ئێمەش بۆ خاتری بەرگرتن بە و درۆ گەورەیەو ڕێگەنەدان بەدووبارەبوونەوەی ئەو مەرگەساتانەی بەناوی مارکسیزم و خەباتی چینایەتیەوە کران وجگە لەدۆزەخ هیچی ترمان بە نسیب نەبوو، پێویستە بەدیدگای ڕەخنەیی لە نووسین و ئەدەبیات و ئایدیاو دونیابینی ئەو مێژووە بڕوانین کەبەموژدەی یۆتۆپیای سۆسیالیزم وکۆمەڵی خۆشگوزەران و عەدالەت خوازەوە هاتە مەیدان، کەچی سەرەنجام لەچوارچێوەی هەرێمێکی پڕگەندەڵی و تاڵانخۆری و مافیای و بنەماڵەییدا تەوقییان داین.[١٢٩]

***

١٢٩ ئەم بابەتە لە ٨ ـ٢ـ٢٠٢١ لە هەفتەنامەی ڕۆژنامەی هاولاتیدا بڵاوکراوەتەوە، لە سەر ڕازیبوونی نوسەرو بڕوابوون بەڕەخنەی بونیاتنەرانە دوبارە لێرەدا بڵاوکراوەتەوە، سوپاسی دەکەم.

وەڵامێک بۆ کاک شوان ئەحمەد

سالار عەزیز[۱۳۰]

بەڕێز کاک شوان ئەحمەد بە ناونیشانی (شاسوارجەلال لە نزیکەوە) نوسینەکانی شەهید ئارام هەڵئەسەنگێنێ کە لە هەفتەنامەی هاوکاری سالانی هەفتادا بڵاوی کردونە تەوەو ئێستا وەک کتێبێک چاپ و بڵاوبۆتەوە.

لای خۆمەوە دەستخۆشی لە (کاک شوان ئەکەم)، چونکە ئەم بابەتەو زۆربابەتی تری مێژویی بەداخەوە کەسە هوشیارو مێژونوس و ئەکادیمییەکان خۆیانی لە قەرەنادەن. ئەم وەڵامەی من یەکەم لەبەر ئەوەیە کە هاوڕێی نزیکی ئەو سەردەمانەی کاک ئارامم و پێکەوەکاری سیاسی و ڕێکخراوەییمان کردوە.. دووەم بۆئەوەی ئەو سەردەمەو دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشیش لە دەستی هەرزەنوس و خۆهەڵکێش و چەواشەکارانیش دەر بچێت وبچێتە دەست توێژەرو مێژونوس و ئەکادیمیستان.

من کتێبە کەم نەبینیوە، هەرچی کاک شوانە بەوردی هەندێکیانی دەستنیشانکردوەو ڕەخنەی لێگرتون. بە کاڵوکرچ و نابابەتی وعاشقانی ئایدۆلۆژیاش ناوی بردون. ئێمە ئەگەر بە لێکدانەوەو تێگەیشتنی ئێستا هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لەماوەی پێنج دەیەدی ڕابوردودا ڕوایناوە بەراورد بکەین

---

۱۳۰ بەڕێز نەجمەددین عەزیز، ناسراو بە(سالارعەزیز)هاوڕێی قوتابێتی و پێشمەرگایەتی شەهید ئارام، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەو یەکێتیی بووە.

و هەڵیانسەنگێنین، ئەوا لە زور بابەتیدا کاک شوان ڕاست ئەکاو نیشانی پێکاوە.

کاک شوان ئەیەوێ بڵێ ئارام تیورسیۆن نەبووەو، تێگەیشتنی بۆ مارکسیزم سنور داربوەو...هتد، ئەی چۆن سەرکردایەتی ڕێکخستنێکی مارکسی و سەرکردایەتی شۆڕشێکی کردوە؟ ئەمە پرسیارێکی بەجێیە، بەڵام کاک شوان بە تێروانیینی ئێستاو ئەو هەمو گۆڕانکارییانەی لە بواره جیاجیاکانی ئابوری و سیاسی و تەکنۆلۆژی و سوسیال میدیاو کۆمۆنیکەیشن هاتوتە مەیدانی ڕەخنەوە، ڕەخنە لە پەنجا ساڵ لەمەوپێش ئەگرێ کە بەڕاستی ڕەخنەیە لە سەردەمێکی زۆر جیاواز... بۆ تێگەیشتن لەو بارانەشدا، ئە بوو زانیاری زیاتری لەبارەیەوە پەیدا بکردایە.

ڕۆژنامەی هاوکاری کە حکومەتی عێراق مەسرەفی ئەکێشاو تاڕادەیەک ئەبو لە سیاسەتی گشی حکومەتی عێراق دەرنەچێت. ئەو نوسینانەی کاک ئارامیش بەرهەمی ئەو چوارساڵە ئاشتیانەیەی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراقە ١٩٧٠ – ١٩٧٤.

لە ڕاستیدا ئەوە هەر بیروڕای کاک ئارام نەبوو کە دژی ڕیمپریالیزم و ئیسرائیل و لەگەڵ تووندوتیژیدا بووبێ، ئەوە فکری کۆمەڵە بوو. ئەم جۆرەبیرکرنەوەیە نەک هەر فکری حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان بوو،بەڵکوهی بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب وئەفریقیایی و ئاسیاییەکان و ئەمریکیای لاتینی و تەنانەت هەندێ دەوڵەتی دونیاش بوو، چجای هەژمونی فکری شۆرەوی و چین کە بە سەر هەموانەوە باڵەفرەی بوو.

داهێنانی تیورەکانی سێ جیهان و ڕێگای ناسەرمایەداری بەرەو سۆسیالیزم کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ مارکسیزمدا نەئەهاتەوە (بەتێگەیشتنی ئێستا).. و بۆ بەرژەوەندی چین و سۆڤیەت داڕێژرابون.. بەڵێ ئیتر ئایدیۆلۆژیا جێگەی بە فەلسەفەو تیور لێژکرد... من ئەمە لەوڵاتانی دواکەوتوو لەڕوی ئابوری سەرمایەدارییەوە بە سروشتی ئەزانم، چونکە مارکسیزم زادەی گەشەکردنی سەرمایەدارییە. ئەمە جگەلەوەی لەسەر ئاستی دونیای سەرمایەداریش

مارکسیزم شکستی هێناو لەناو پەیوەندیی بەرهەمێنانی وڵاتانی وەک ئێمەدا، لەڕوی بابەتیەوە نامۆیەو لە ئایدیۆلۆژیایەک زیاترتەفسیرێکی فەلسەفی و عەقلانی پێنیە...

هەڵەکان لە هەمولایەکەوە لێرەوە دەست پێ ئەکەن کە کوردستانیش بەحیزب و چەپەکان و سەرکردەکانیشیان ڕەدوی ئەو ئایدۆلۆجیانە کەوتبوون. ئایدیۆلۆژیا بووە سالاری فکرو ڕیبازو و بەرنامەو ستراتیژ.

ئەمە مێژووی سەردەمەکەیە، خۆ کاک ئارام داینەهێناوەو خوڵقێنەری نەبووە.

وەک باست کردووە کە نووسەری زۆر گەورەو بیرمەندی عەرەبی و ناعەرەبی هەبوون نموونەی بەرچاوو دیارن، کەچی لای ئێمە لەم جۆرانە شکنابرێن.. ئەمە ڕاستە بەڵام ئەزمون دەریخست ئەوانیش ڕاستییەکانیان نەپێکا. پاشان کاک ئارام لەستونێکی ڕۆژنامەیەکی لاتەریکدا ئەنوسێ نەک ئۆرگانی حیزبێک یان لەکتێبێکدا تیوریزەبکات، وەکو ئەو بیرمەندانەی ئێوەباسی ئەکەن.

ئێستا کەگۆڕانکارییەکانی ئەوسا داوەری ئەکەین ئەمە هیچ لە هوشیاری و توانای کاک ئارام کەم ناکاتەوە.هەرخۆڕێکخستنەوەو بە ڕپاکردنەوەی شۆڕش و دروستکردنەوەی سەرکردایەتی و سەرکردایەتی شۆڕش لەو قۆناغە زۆر سەخت و دژوارەدا حیکمەت و دانایی کاک ئارام و هاوڕێیانی دەرئەخات.

ئیدی دوای ئەوە شانبەشانی هەلومەرجەکە بیرو بۆ چونەکانیش ئەگۆڕێ، ئایدیۆلۆجیا شوێنی عەقل و لۆژیک ناگرێت و گرنگی بە سۆسۆیۆلۆجیاو تێگەیشتن لێی هۆکاری دەسپێکردن و گەشەسەندنن..

ئیتر مارکسیزم - لینینزم نابێتە ڕێنیشاندەر.. پرۆلیتاریاو خەباتی چینایەتی و کرێکارانی جیهان یەکگرن لە ئاست مەسەلە نەتەوایەتیەکاندا ئەوەندە بایەخی نامێنێ.. ئیتر لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانداا شۆڕەوی سوسیال ئیمپریالیزم نیەو حیزبی شیوعی نابێتە تەحریفی بەپێچەوانەوە داوای دۆستایەتیان لێئەکرێت.. ئیتر فکری ماوتسی تۆنگ وەک ئەزمونی چین تەماشا ئەکرێت، نەک پێشەنگی

فکر... ئیتر لە هەرلایەکەوە پشتیوانییەک هەبێت سوپاسگوزاری لێئەکرێت. ئەمە گۆڕانکارییەو بەکردەوەش دەرچوونە لە جوغزی ئایدۆلۆژیا، ئەمە دەرچوونە لە دۆگمای فکرو هاتنە ناو کایەی لۆژیک و لێکدانەوەی عەقلانیە.

هەرئەمەشە هوشیاری و کارامەیی کاک ئارام وکۆمیتەی هەرێمەکان ئەسەلمێنێ... ئەوەشی بیرو ڕێبازی ئارام و هاوڕێکانی لەوانی دی جیا ئەکاتەوە، ئەم پرەنسیبە بنەڕەتیانەیە.. هەم ڕاستیەکی سەلمێندراو و هەم وەک ئەزمونی سەرکەوتنی گەلانی ترو هەم بارودۆخی وڵات و تەرازوی هێزی نێوان کوردو شۆڕشەکەی بەرانبەر هێزو توانای دوژمن ئەم داهێنانەی خولقاند کە تەنیا ئەمانەیە کە ئەتوانێ نابەرامبەری هێز ڕاست بکاتەوە.

١ـ پاراستنی کیان و قەوارەی کۆمەڵە وەک ڕێکخستنێکی نوێ.

٢ـ خەبات لە پێناوی هاتنەکایەی حیزبێکی نوێ جیا لە حیزبی پارتی و حیزبی بالّی مەکتەب سیاسیی

٣ـ دابینکردنی هەلومەرجی پێکهێنانی لەشکرێکی شوڕشگێر.

٤ـ بەرەیەکی نیشتمانی بە سەرکردایەتی ئەو حیزبە.

٥ ـ بەرەیەکی فراوان لە نێوان کوردو حیزب و هێزە عیراقیەکاندا لە پێناوی عیراقێکی دیموکراتیدا.

٧ ـ بڕوابون بە خەباتی درێژ خایەن.

٨ ـ خەبات لە پێناوی مافی چارەنوسدا.

ئەمەش مێژویەکی درێژی ململانێی توندی لە شۆڕشدا دروستکردو بەرەی پەیڕەوانی ڕێبازی ئارامی خولّقاندو لەوانی دی جیا ئەکردەوە کە خوازیاری دوبارەکردنەوەی حیزبی پانوپۆڕو هەمان ئەزمونی شکستخواردووی دێرینە بوون.

ئەم مێژووە نزیکەش پێویستی بە دیراسەو هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە هەیە.

هەڵسەنگاندنێکی تری کاک شوان ڕەخنەگرتنە لەوەی کاک ئارام کوردییەکەی لەنوسینەکاندا باش نیەو هەندێ وشەی بە نمونە هێناوە تەوە.برای ئازیز!بناغەی

ڕستەسازی لە زماندا دەستوری زمانە (گراماتیک)، نەک بەکارهێنانی وشە. هەندێ جار مۆسیقای نوسین ئەوەش تێئەپەڕێنێ، نوسەر پەنا بۆ وشەی غەیری کوردی ئەبات، چونکە ڕیتمێکی جوان بەڕستە ئەبەخشێ، بەپێچەوانەی ئەو نوسینانەی پڕن لەوشەی داتاشراو هەر وشەو دەستەواژەیەکیش کە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر جیاوازییان هەیە ماناو مەبەستێک ئەپێکن. هەندێ وشەو زاراوە کە ئێستە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە سەردەمی کاک ئارام هەر نە بوون.

کاک شوان کە ڕەخنەی زمانەوانی ئەگرێت لەخراپیی کوردییەکەی کاک ئارام، وشەی (سەرنشین) بە نمونە ئەهێنێتەوە کە ئەبو کاک ئارام لەبری (ڕێبواران) بەکاری بهێنایە، کەچی نازانێ ئەمە لەکوردی نوسیندا هەم تازەیەو هەمیش وشەیەکی فارسییە.

کاک ئارام بە شاهیدی کوردیناسان کوردیزانێکی کارامەبوو![131]

***

---

۱۳۱ ئەم وەلامەی بەڕێز سالارعەزیز لە هەفتەنامەی ڕۆژنامەی هاولاتیدا دوابەدوای وتارەکەی بەڕێز شوان ئەحمەد بلاوکراوەتەوەو لە سەرڕازیبوونی نوسەرلێرەدا وەک بڕوا بوون بەڕەخنەی بونیاتنەرانە بلاومان کردەوە، لەگەل سوپاسدا.

مرۆڤێک گەورەتر لە گەورەیی

هەڤاڵ کوێستانی

ساڵ و شتێک دوای شەهید بونتان چوینە ئەو ماڵەی کە لە گوندی تەنگیسەر دواهەمین مەنزڵتان بوو. جوتە پێڵاوە لاستیکە بەجێ ماوەکانتان، هێشتا لە ناو تاقی ژورە گڵینەکەی مامۆی حاجی سالح دابون نازانم ئێستا ئەو جوتە پێڵاوە هەرماون یان نا.. ئەگەر ماشبن، نازانم داخۆ لە هیچ مۆزەخانەیەکی نیشتمانداجێگای شایستەیان بۆ تەرخان کراوەیان نا.. بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە، ئەو پێڵاوانە، لای زۆرینەی خەڵکی کوردستان، زۆر لە تاجی سەرسەری شابازرگانەکانی ئەمرۆی سیاسەت بەرزترو بەنرختن.ئێوە لە سەردەمێکی دژواردا بە تەمەنێکی کورتەوەو لە مەودایەکی زەمەنی پێوانەیی یەکجار کورتا، پەیامێکی مەزنتان گەیاندو تەوژمێکی بەهێزی فیکری و ئەخلاقی و ڕوحی و شارستانیتان تێکەڵ بە سیاسەت کردو بووشن بە سومبڵی خەسڵەتە هەرێ جوانەکانی سیاسەت و فیکرو کردار. لەوێشەوە، لە دیدی ئێمەدا، بون بە ئەفسانەی ناو دنیای سیاسەت. سیاسەتێک کە لەدیار نەمانی ئێوەداو لە سەردەستی چەندانێک لە هاوسەنگەرە کۆنەکانی ئەوکاتە و حازر خۆرەکانی ئێستاکە، لە زۆربەی هەرە زۆری خەسڵەتە فیکری وئەخلاقی و ئینسانی و ئایدیاییەکانی ڕوتکراوەتەوەو لەزۆرتر کردنی قودرەت و سامان بەولاوە پەیامێکی دیکەی نەماوە.ئێوە کە جوانترین کاتەکانی سی ساڵەی تەمەنتان بۆ سڕینەوەی کەوشەنی نێوان چینەکان و بۆ بەرقەرار

کردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەخت کرد، کە چی ئێستا دوای ١٨ ساڵ[١٣٢] لە ئەزمونی حوکم و دوای چەندین دەیە لە بانگەشەی سۆشیالیزم و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و لە یەکسانی، هەتا دێ بۆشایی و زەندۆڵی نێوان چینەکان گەورەتر دەبێ... نەک هەر ئەوە، هاتون شەهیدەکانیشیان بە سەر چینی بەرزو نزما بەش بەش کردوە. چینی شەهیدە دەوڵەمەندەکان و چینی شەهیدە هەژارەکان، چینی شەهیدە سەرکردەکان و چینی شەهیدە ڕەش وڕوتەکان... ئێوە کە هەمیشە لە گەڵ چینیی چەوساوەو زەحمەتکێشانی کوردستاندا بوون، ئێستا ئێوەشیان خستۆتە ناو چینی خواپێداوانی سەرەوە.. چینی سەرکردە شەهیدەکان.ئێوە کە خەوتان بەوەوە دەبینی گەڕەکەکانی کوران و قەرەجاوە بگەیەنن ئاستی گەڕەکەکانی ناو قەسران وعەقاری.. ئەوا ئێستا جیاوازیان خستۆتە نێوان گەڕەکەکانی شەهیدانیشەوە.. گەڕەکی سەرکردە شەهیدەکان بۆ ژمارەیەک خێزان و خێزانی سەدان هەزار شەهیدیش لە قەرەجاوەو کورانی ئەوساش جێیان نابێتەوە..ئەو کاتەی حیزب بەنانە ڕەقەی دێهات و بە پیتاک و بەداهات و بەهاوکاری خەڵک دەژیا، ئێوە خەوتان بە کوردستانێکەوە دەبینی کە لە بەهەشتێکی بچکۆلە بچێ.. دێیەکانی لە سەر شێوەی هاوچەرخ دابڕێژرێن و هەمو خزمەت گوزاریەکانی شاریان تێدا بێ و لە شارێکی مۆدێرنی بچوک بچن. کە چی ئێستا شار خۆی بۆتە لادێ.. لادێش نەک هەر توانای بەرهەمهێنانی نەماوە، بەڵکو تەنانەت ماست و هێلکەو پیوازیشی لە شارەوەو شاریش لە وڵاتانی دەوروبەرەوە بۆ دێ. ئەو حیزبەی ئەو کاتە لە سەر داهاتی خەڵک دەژیا، ئێستا زۆرینەی داهاتی هەمو لات بۆخۆی دەباو لە لاواز کردنی ئیرادەی خەڵک و لە دەوڵەمەند کردنی تاقمێکداو لە بەهێز کردنی حیزبی سەرۆک و دەسەڵاتی سەرۆکی حیزبدا بەکاری دێنێ.ئێوە دەتانەویست حیزب بێتە قوتابخانەی دروستبونی نەوەیەکی هۆشیاری نوێ.. نەوەیەک کە لێوان لێو بێت لە ڕۆشنبیری و لەئیرادەو لە توانستی بەرهەمهێنان و لە ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوایەتی.. کەچی ئێستا حیزب بۆتە مەشقگایەکی

١٣٢ بۆکاتی نوسینی وتارەکە دەگەڕێتەوە.

گەورەی بەرهەمهێنانی چەکدارو سیخوڕو قامچی بەدەست.. دەتانەویست حیزب لە خزمەتی خەڵک و نیشتمانەکەیدا بێ.. کەچی ئێستا خەڵک کراوەتە ئامێرو لە خزمەتی مەکینەی حیزب ودەسەڵاتی تاقمێک دایە.ئێوە دەتانەویست عیشقی مرۆڤ، عیشقی وڵات، عیشقی فیربوون، عیشقی خزمەت و عیشقی جوانی لە ناخی مرۆڤی کوردا بچێنن.. کەچی ئێستا هەمو ئەو کەمانە ڕەنگینەی عیشقانە، لە سای دەسەڵاتی خۆماڵیدا، لە کاڵبوونەوەو ئاوابوندان.ئێوە کە هەمیشە باوەڕی قوڵتان بە گۆڕان و بە حیزبی مۆدێرن و بە ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ و بە ئازادی تاک و بە ئازادی ڕۆژنامەگەری و بە ئازادی بیروباوەڕو بە قبوڵکردنی یەکتریی و بە سەروەری یاساو بەیەکسانی ژن و پیاو و بە بەرەو پێشەوەچونی کۆمەڵ هەبو، کەچی ئێستا کۆمەڵ بەرەو دواوە چوەو حیزب بۆتە عەشیرەتێکی گەورەو ڕابەرایەتی بە کۆمەڵیش، بە ئیتاعەو وەلائی کوێرانەی گشتی بۆ سەرۆک گۆڕاوەو سەرۆک و بازنە تەسکەکەی دەوریشی، لە سەروی یاساو کۆمەڵەوەن و هەمو پێوانەو ڕێساکانیشیان چەوت وشێواندوە، بۆ ئەوەی ئەو گەندەڵییە سیستەماتیکیەی ئەوان خوڵقاندویانە، سروشتی وئاسایی بنوێنێ.. هەرکەسێکیش جورئەت بکاو چرای فیکرو ئاڵاکەی ئێوە هەڵگرێ،.. هەرکەسێک داوای ئازادی تاک و.. ئازادی ڕادەربڕین و.. ئازادی بیروباوەڕو داوای گۆڕان و تەنانەت گەڕانەوەش بۆ پرینسیپە سەرەتایەکانی شۆرش بکا..ئەوەی بەعس وەختی خۆی پێشمەرگەی پێ تۆمەتبار دەکرد، ئێستا ئەوان بەهەمان دەستور تۆمەتی گێرەشێوێنی و ئاژاوەچی دەدەنە پاڵ و بە دەستوری ناو دارستانیش فەرمانی نان بڕین و دەرکردن و هەتا تیرۆرکردنیشی بە سەردا دەسەپێنن.. ئەوە لە کاتێکدا حیزب پڕە لە کۆنە جاش و کۆنە بەعسی و فایل دارو.. شتی دیکەش.. بمبەخشن ئەگەر بڵێم، ئەگەر ئێوەش تەشریفتان لێرەبونایەو داوای ڕیفۆرم و گۆڕینی بنەڕەتیتان کردبا، هیچ بە دووری نازانم، هەمان تۆمەتیان بۆ ئێوەش هەڵبەستبا.. ئێوەی لە گەورەیی گەورەتر.[١٣٣]

---

١٣٣ لە سایدی سبەی بڵاوکراوەتەوەو لە سەر ڕازیبونی نوسەرلێرەدا بڵاوکراوەتەوە، سوپاسی دەکەم.

کۆتایی خەمناکەکانی پاڵەوان

خەبات عەبدوڵڵا

هـەر سـەردەمێک پاڵەوانی خۆی هەیە، ئەڵبەتە هـەر پاڵەوانێکیش کۆڕی سەردەمەکەی خۆیەتی.

پرسی ئەم وتارە پرسی قسەکردنە لە پاڵەوانەکانی ئەم سەردەمەمان. بەڵام بۆچی پێویستە پاڵەوانەکانی خۆمان بناسین؟ لە بەر یەک هۆی سانا، تا بە سەردەمەکەی خۆمان باشتر ئاشنا بین.

کـوردەواری ئەمڕۆشی لە سەر بێت یەک جۆر پاڵەوانی ناسیوە، ئەویش پاڵەوانی شۆڕشگێڕە، یان ئەوەی زۆر جاران بە جەنگاوەر ناودەبرێت. لەپێش هەمووشیانەوە پاڵەوانە شەهیدەکان. ڕەنگە ئارام (شاسوار جەلال) لە یادەوەری هەر هیچ نەبێت ئەم نەوەیەماندا یەکێک لە دیارترینیان بێت.

ئـەرکی ئـەم وتـارە قسـەکردن نیە لـە ژیـان و کـارنـامـەی ئـارام، هێندەی تەوزیفکردنی یادی شەهیدبوونێتی (١٩٧٨/١/٣١) بەمەبەستی گفتوگۆکردنێکی سەرەتایی سەبارەت بە چەمکی پاڵەوان و ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی پاڵەوانی نوێ لەکۆمەڵگەی کوردیدا. دیارە ئەمە وا ناکات ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاگوزەریش بێت، دوور لە تەوزیفکردنی حیزبییانە، لە سەر هەندێک جومگەی گرنگی ئەو تێکۆشەرە دەگمەنە هەڵوەستە نەکەین.

ئارام پاڵەوانی سەردەمێکە کە شۆڕش سیماو ناسنامەیەتی، سەردەمێک کە چینە ڕەشوڕووتەکان و گەلانی کۆڵۆنییەکان تێکڕا لە میانەی کولتورێکی شۆڕشگێڕانەی قوتابخانەی مارکسیزمەوە لە ڕابووندا بوون. پاڵەوانەکانی ئەم سەردەمە ئایدیۆلۆژیستی سەرسەختن. چیرۆکی نەبەردییەکانیان ماکی چەندین کاری ئەدەبی و هونەری ناوازەی سەرتاسەری جیهان بوون. ڕاستییەکەی پێداچوونەوە بە مێژووی تێکۆشانی ئەم سەردەمە، ئاشنابوونە بە پۆلێک پاڵەوانی شۆڕشگێڕ کە لە زۆر ڕووەوە بە یەکدی دەچن، چێ گیڤارا سیمبولّی پاڵەوانە شۆڕشگێڕەکانی ئەم سەردەمەیە.

ئارام لە زۆر ڕووەوە لەگیڤارا دەچێت، بەهەمان شێوەی گیڤارا ئارامیش باوەڕی بە خەباتی چەکدارانەو جەنگی پارتیزانی و دروستکردنی کوانووی شۆڕشگێڕانە لە گوندەکاندا هەبوو، ئارام وەکو گیڤارا شۆڕشگێڕێکی تاکوتەنها بوو، هەموو ئەو هاتوهوریای خۆبەخاوەن زانین و دروستکردنی گروپ و دەستەیە بەناوی ئەو و پاش مەرگی ئەو، جگە لە درۆیەکی گەورە چی دی نەبوو. کارکردنی ئەم دوو پیاوە شۆڕشگێڕە زیاتر لە کارکردنی پێغەمبەران دەچێت، هەردووکیان هەڵگری پەیام، تەنها و جەربەزە. لە خۆڕا نیە تا ئێستا وێنەکانی گیڤارا لەپاڵ وێنەکانی عیسای مەسیحدا لە ماڵە هەژارەکانی ئەمەریکای لاتیندا هەڵدەواسرێن.

ئەگەرچی کاریزما چەمکێکی سۆسیۆلۆژی سەر بە مۆدێرنەیە، بەڵام گەورە کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس ڤێبەر نموونەی دیاری کاریزما لە کەسایەتی پێغەمبەران، پاڵەوانە جەنگاوەرەکان و گەورە دیماگۆگەکاندا دەبینێتەوە. ئەوە ڕاستە ئارام وەکو گیڤارا کاراکتەرێکی کاریزمایی نەبوو، چونکە نە تەمەن و نە سەردەمەکەش بواریان نەدا ئەو ببێتە کاریزما، بەڵام ئارام بەتایبەتیش پاش مەرگی بووە سەرمەشق (ئەوەی لە زمانی ئەڵمانیدا بە فۆربیلد ناودەبرێت).

بەپێچەوانەی سەرکردە درۆزنەکانەوە، ئارامیش وەکو گیڤارا ئامادەبوو لە پێناوی پەیامەکەیداو پێش ئەوەی خەڵکی بکاتە قوربانی، خۆی قوربانی بێت. قوربانیدان ئەو پلەیە کە ئیتر لێیەوە پاڵەوان بە شێوازێکی تر لامان ئامادە دەبێت،

ئامادەبوونێک کە لێوان لێوە لە ژیان. لە ڕاستیدا ئەوە گیڤارا نەبوو کە مرد، بەڵکو کاستڕۆی هاوڕێی بوو، ئەوەی مردووە ئارام نیە، بەڵکو ئەو لاشانەن کە ڕۆژانە بە تەنیشتمانەوە تێپەڕ دەبن بەڵام بۆگەنیان وڵاتێکی هەراسان کردووە.

***

پرسیاری هەنوکەیی ئەوەیە، ئاخۆ ساتەوەختی ئێستامان بوار بۆ دووبارەبوونەوەی دروستکردنی مانا بۆ مەرگی کەسەکان دەدات؟ بە واتایەکی دی: ئاخۆ چی تر قوربانیدان بواریکی پاڵەوانسازە؟

کە باس لە دروستکردنی مانا بۆ مەرگ دەکەین دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە مەرگ و قوربانیدانی کەسەکان تەنها لەلایەن حیزب و گروپی سیاسییەوە مانای لە یادەوەری ئێمەدا بۆ دروست کراوە، حیزبیش وەکو دەزگایەکی ئایدۆلۆژی مانای جیا جیا بەمەبەستی جیا جیا دەبەخشێتە پاڵەوانەکانی. ڕاستییەکەی (شەهید) کە لای حیزب ئاماژەیە بۆ پاڵەوان، چەمکێکی یەکجار ستەملێکراوە. حیزب هەر بەوەوە ناوەستێت کە جیاوازی لە نێوان شەهیدە پاڵەوانەکانیدا دروست بکات، بەڵکو هەر کاتێک بیەوێت خۆی دەکاتەوە بە سێبەری وان، بە مانایەکی دی، ئەوە ئەندام و سەرکردە زیندووەکانی حیزبن دەبنەوە شەریکەبەش لە سەرمایە مەعنەوییەکەی ئەواندا نەک بەپێچەوانەوە.

لە سەردەمی شۆڕش و بەرخۆداندا حیزب هەمیشە پێویستی بە پاڵەوانی نوێ هەیە، بۆیە لەم بوارەدا حیزبی کوردی وەکو بوونەوەرێکی نەرجسی ماکینەیەکی گەورەی بەقوربانیکردنی کۆمەڵگە بووە لە پێناوی درێژەدان بە تەمەن و گەورەبوونی خۆیدا، لە خۆڕا نیە حیزبە گەورەکان ئەو حیزبانەن کە "ڕووبار"یک خوێنیان داوە. بەڵام حیزب کە چی دی پێی ناکرێت لەڕێی قوربانیدانی ئەندام و سەرکردەکانیەوە پاڵەوان چێ بکات، ناچارە دووبارەو ناوبەناو پاڵەوانە شۆڕشگێڕەکانی زیندوو بکاتەوە، زیندووکردنەوەیەک تەنها لەڕێی یادکردنەوەی ئینشائی و کڵێشەدا ڕێژراوەوە. پرسە و یادکردنەوە بێ شوماڕەکانی سالانێکی دوورودرێژی پاش ڕاپەڕین و تەرخانکردنی کایەیەکی فراوانی ژیانی کۆمەڵگە

لەو پێناوەداو سەرهەڵدانی بواریکی تایبەتی ڕاگەیاندن بە بۆنە پرسەئامێزەکان و پەیدابوونی شاعیرو هۆزانڤانی پرسەگێڕ، گەواهی ئەو ڕاستییەن.

لە سەرێکی تریشەوە و هاوتەریب لەگەڵ دەستگرتن بە پاڵەوانی شۆڕشگێڕەوەو بەهۆی ئەوەی کە ئیتر زەمەنی شەڕە گەورەکان کۆتاییان هات، حیزب ناچارە بیر لە دروستکردنی پاڵەوانی نوێ بکاتەوە، بۆیە هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە کوڕانی سەرکردە، سیاسەتوانە ڕەوانبێژەکان، ملیۆنێرو ملیاردێرەکان،.. وەکو نموونەیەکی نوێی پاڵەوان و لە سەروو هەموشیانەوەو لە دیاردەیەکی سیاسیی سەرنجڕاکێشدا پارلەمانتارە نوێیەکان وەکو مۆدێلێکی نوێی پاڵەوان ِخەریکە جێ بە هەموو پاڵەوانەکانی تر لێژ دەکات. ئێستا ئیتر سەردەمی زێڕینی ئەم مۆدێلە نوێیەی پاڵەوانی کوردییە.

***

ئێمە ئێستا شاهیدی کۆتاییەکانی سەردەمێکین کە سەردەمی کۆتایی پاڵەوانە شۆڕشگێڕەکان و سەرهەڵدانی مۆدێلێکی نوێی پاڵەوانین، مۆدێلی پاڵەوان/ پارلەمانتار.

پاڵەوانی شۆڕشگێڕ پاڵەوانێکی نەتەوەییە، بۆیە هیچ نەتەوەیەک شک نابەین پاڵەوانێک یان چەند پاڵەوانێکی نەکردبێتە سیمبوڵ. ئەگەر ڕزگاری نیشتمان لە میانەی شۆڕشەوە خولیای پاڵەوانی شۆڕشگێڕ بووبێت، ئەوا دابینکردنی خزمەتگوزاری لە میانەی کاری پارلەمانییەوە خولیای ئەم مۆدێلە نوێیەی پاڵەوانە. بەڵام لە بەرئەوەی ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین هێشتا دوژمنان بۆنمان پێوەدەکەن، خەون وخولیای ئەم مۆدێلە نوێیەی پاڵەوانی کوردی خەون وخولیایەکی نیوەناچڵ وهەندێکجار فریودەرانەشە،خەونی بوون بە کاریزما خەونێکی زیندووی هەر پاڵەوانێکە، لە بەرئەوەی زۆربەی جار بەرگێکی ئەفسانەیی بە بەری پاڵەوانی شۆڕشگێڕدا کراوە، بۆیە بەشێکی گەورەی کاراکتەرە کاریزماییەکانی سەدەی پێشو، پاڵەوانە شۆڕشگێڕەکانن. ڕاستییەکەی تا کۆمەڵگە زۆرتر بەرەو دامەزراوەییبوون هەنگاو بنێت، بواری هەڵکەوتن و دەرکەوتنی کاریزما بە چەمکە

ڤیبەرییەکەی کەمتر دەبێتەوە. ڕەنگە یەکێک لە بەدبەختییەکانی مۆدێلە نوێیەکەی پاڵەوانی کوردی لەوەدا بێت هەرچی دەکۆشێت دواجار نابێتە کاریزما، کۆمەڵگەی مۆدێرن زیاتر کۆمەڵگەی دەرکەوتنی ئەستێرەیە(ئەوەی بە ئینگلیزی پێی دەوترێت ستار). ڕەنگە باشترین نموونە لەو ڕووەوە گرتنەدەستی پۆستی حاکمی کالیفۆرنیا بێت لەلایەن ئەستێرەی پێشوی هۆلیوودەوە ئارنۆڵد شڤارتسەنێگە. خۆ هانابردنی سەرۆکی ئەرژەنتین لە سەردەمی قەیرانە دارایییەکەی وڵاتەکەیدا بۆ ئەستێرەی تۆپی پێی ئەرژەنتینی مارادۆنا، نموونەیەکی تری دیاری کاریگەری کاراکتەرە ئەستێرەکانە لە سەر ژیانی کۆمەڵە مۆدێرنەکان.

بەشێکی زۆری مۆدێلی نوێی پاڵەوانی کوردی کە خۆی لە نەوەی پارلەمانتارە نوێیەکاندا دەبینێتەوە، مۆدێلێکی گومڕا، بێ سەواد، بێ ئەزمون و تا ڕادەیەکی زۆر بێ ئینتیمان.

گەر غروری پاڵەوانی شۆڕشگێڕی کوردی سەرچاوەکەی تەحەداکردن و هەوڵی ژێرەوژوورکردنی سیستمێکی تۆتالیتاری وەکو فاشیزمی بەعسی بووبێت، ئەوا پاڵەوانە نوێیەکەی کوردەواری پاڵەوانێکی بێ غرور یان خاوەن غرورێکی ساختەیە، چونکە گوتاری ئەم زیاتر گوتارێکی ڕۆژنامەوانی و سنورداروە کارکردنی ئەم کارکردنە لە ناو خودی هەمان ئەو سیستمەی کە ئەم لە سایەیدا بۆتە پاڵەوان. لە خۆڕا نیە بەشێکی زۆری مۆدێلە نوێیەکەی پاڵەوان، مامۆستا بێلایەنەکانی زانکۆ و ڕۆژنامەنووسی دەمهەڵەن، ئەوانەی لە ڕێی شاشەکانی تیڤی و ڕووپەلی هەندێک ڕۆژنامەوە هاتنە ناومان.

لە ڕاستیدا کولتوری پەنابردن بۆ کەسی بێلایەن و خاڵیکردنەوەی زانکۆکان لە مامۆستا و پەنابردنە بەر ڕۆژنامەنووس بۆ کاری پارلەمانتاری، بەداخەوە داهێنانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. با لەوە گەڕێین کە چۆن چۆنی لای بەشێک لە پاڵەوانەکانی ئەمڕۆی کوردەواری پارلەمانتاری بۆتە بزنسێکی بەبڕشت،بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان کە لە سەر داروپەردووی فراکسیۆنێکی ڕانەگەیەندراوی حیزبی(ریفۆرم)ەوە سەریهەڵدا،بە

مەبەستی دروستکردنی جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دی، پشتی کردە کادر و سەرکردە حیزبییەکانی جارانی و کەوتە هەوڵی دۆزینەوەی مۆدێلە نوێیەکەی پاڵەوان، پاڵەوانی پارلەمانتار. یەکێتیش بەمەبەستی ئاشتکردنەوەی جەماوەرە تۆراوەکەی، لە سەرێکەوە کەوتە سزادانی کادرەکانی خۆی و بێبەریکردنیان لە بەهرەمەندبوون بە پۆستی پاڵەوانە نوێیەکە، لە سەرێکی دیشەوە کەوتە کێبڕکێ بۆ چنینەوەی کەسە بێوەیەکان.

پێدەچێت پارلەمانتاری بێ ئینتیما داهێنانێکی کوردی بێت، ئەگینا تەنانەت لە دیموکراسییە خۆرئاواییەکانیشدا پارلەمانتار ئەندامی حیزبە سیاسییەکانن. چما ئەرکی پارلەمانتار کارکردن نیە بۆ بەجێگەیاندنی کۆنسێپتێکی حیزبی؟

***

ماوەتەوە بڵێین کۆتاییەکانی سەردەمی پاڵەوانی شۆڕشگێڕ کۆتاییەکی یەکجار خەمناکە، ئێمە ئێستا شاهیدی مەرگی دووەمجاری پاڵەوانی شۆڕشگێڕین. ئەمە کۆتایی سەردەمێکی ڕۆمانسییانەی شۆڕشی نەوەیەکیشە کە بەداخەوە پێش دوژمن، سەرکردە بەڕێزەکان خۆیان، ئەوانەی سەرکردایەتی ئەم نەوە زیندووەی ئێمەشیان کرد، تەواو قێزەون و ناشرینیان کرد، نەک هەر ئەوە، ئەوان لە هێنانە سەرخوانی ڕابردوو، سەرمایەی مەعنەوی نەوەیەک و پاڵەوانە شۆڕشگێڕەکانی ئێمەیان ئەتک کرد.[١٣٤]

***

١٣٤ لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە(٥٩٨) ڕۆژی٣١ ی١ ی٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە،لە سەر ڕازی بوونی نوسەر بە سوپاسەوە بڵاومانکردەوە.

ئارام هیوایەک لە ناو بێ هیواییدا!

ئەردەلان عەبدوڵڵا

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو هێزێکی نیشتمانی و جەماوەری، کۆمەڵێک سەرکردەی ناسراوی بەرهەم هێناوە، شەهید ئارامیش یەکێکە لە سەرکردە دیارو چالاک و ئازاکانی یەکێتی، لە هەمانکاتیشدا ڕۆڵێکی ئێجگار بەرچاوی هەبووە، لە دووبارە هەڵسانەوەی ئەم حیزبە و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. دیارە زەمەن یارمەتیەکی باشمان دەدات، بۆ ناسین و تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەم سەرکردەیە، چونکە هەمیشە مرۆڤەکان، بەرهەمی سەردەمەکەیانن.

کاک ئارام لەکاتێکدا دەستی داوەتە خەبات و ڕێکخستن و کاری سیاسی، کە شەوەزەنگی هەرەس و بێهیوایی باڵی بە سەر تەواوی کوردستاندا سەپاندبوو، ڕژێمی بەعس و حزبی شیوعی لە بەرەیەکی سیاسیدا بوون، تەواوی جیهان بە بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، پشتگیریان لە ڕژێمی بەعس دەکرد، عیراق و شای ئێران ڕێککەوتبوون، کورد لە تەواوی جیهاندا هیچ دۆستی نەبوو جگە لە خۆی نەبێت، هەروەها هەرسهێنانی شۆڕش و تەسلیمبوونەوەی هەزاران چەکدار، هێندەی تر بێئومێدی لە ناو جەماوەری گەلەکەماندا دروستکردبوو. لە لایەکی تریشەوە لەپاش دەستگیرکردنی بەشێکی زۆری سەرکردەکانی یەکێتیی لە سەروەهەموشیانەوە خاڵە شەهاب و دکتۆر خالیدو چەند سەرکردەیەکی تر، یەکێتیی نیشتمانیی توشی قەیرانێکی سیاسی گەورە بوو، بەتایبەتی لەڕووی ڕێکخستن و دووبارە هەڵسانەوەی ئەم حیزبە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بێئومێدی زاڵنەبوو بەسەر کاک ئارامدا، بگرە بە پێچەوانەوە مەلی هیوای خەبات و

تێکۆشان بە سەریدا زاڵبوو، لە هەمانکاتیشدا بە ڕۆحێکی شۆڕشگێرانەی بەرزەوە، بیری لە دووبارە هەڵسانەوەو دروستکردنەوەی شانەکانی ڕێکخستن کردەوە.

کارێکی گرنگی تری کاک ئارام، دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتییە، کە ئەمەش لەڕووی سەربازیی و مەعنەویی و سیاسییەوە، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەیە، چونکە ئالەو کاتەدا، زۆرکەم کەس هەبوون باوەڕیان بە دووبارە شۆڕش و خەباتی چەکداری هەبووە. بەدڵنیاییەوە کاک ئارام ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبووە، لە دروستکردن و ڕابەرایەتیکردنی ئەم شانە چەکدرانە، گەر ئەو شانە چەکدرایانە نەبوونایە، زۆر زەحمەت بوو، جارێکی تر خەباتی سیاسیی لەناو کودرستاندا دروستببێت و یەکێتیی نیشتمانیش وەکو هێزێکی نوێ ، لە ناو جەماوەردا متمانە وەربگرێت.

لە ڕووی فکریشەوەکاک ئارام ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبوو، بەتایبەتی لە موتوربەکردنی فکری چەپ و مارکسی، لەگەڵ فکری ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەریدا. دیارە لەوکاتەدا دوو فکر بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵبووە، یەکەمیان فکری کوردایەتی کە پارتی ڕابەرێتی دەکرد، ئەوی تریشیان فکری چەپ، کە حزبی شیوعی ڕابەرێتی دەکرد. لەوکاتەشدا جەوی گشتی جیهانیش، فکری چەپ بەگشتی و ماویزم بەتایبەتی بەسەریدا زاڵبوو. لە هەمانکاتیشدا فکری گیڤاریزم و ئەنوەر خواجەی ئەلبانیاو پارتە فەلەستینیەکانیش، کاریگەریان بە سەر فکری گەنجانی کوردا هەبووە. ئا لەوکاتەدا کاک ئارام، هەوڵێکی زۆریداوە کە ئەم دوو فکرە پێکەوە بگونجێنێت و تێکەڵی یەکتریان بکات.

لەلایەکی ترەوە لەو کاتەدا پارتی ئیعلانی هەرەسی شۆڕشی ڕاگەیاندووە، حزبی شیوعیش بەرەی لەگەڵ ڕژێمی بەعس دروستکردووە، ئەمەش هەلێکی باشی بۆ یەکێتی ڕەخساند، کە بتوانێت ئەو گەنجانە کۆبکاتەوە کە دژی ئەو دوو ڕەوتە سیاسیەن، لێرەشدا ڕۆڵی کاک ئارام لە بواری ڕێکخستن و دووربینی سیاسیدا دەردەکەوێت.

هەموو ئەمانە وامان لێدەکەن، بەوپەڕی چاوی ڕێزو حورمەتەوە، سەیری کارو خەباتی ئەم سەرکردە قارەمانە بکەین، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەم سەرکردە مەزنە و تەواوی ئەو شەهیدانەی کە هەمان ڕێچکەی کاک ئارامیان گرتە بەر.[١٣٥]

---

١٣٥ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٧١٨٢)٢٠١٧.١.٣١بڵاوکراوەتەوە، لە سەررازی بوونی نوسەر بە سوپاسەوە بڵاومانکردەوە.

کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
لە دیدی کاک ئارامەوە[١٣٦]

ئەردەڵان عبدوڵڵا

شاسوار جەلال ناسراو بە"هاوڕێ ئارام"یەکێکە لە سەرکردە ناسراو مەزنەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە پاش هەرەسهێنانی شۆڕش ئەو یەکەمین ڕابەری بزووتنەوەی پارتیزانی بووە، هەروەها تاکە سەرکردەی کۆمەڵەو یەکێتیش بووە، کە لە ناو شارو گوندەکانی کوردستاندا، دووبارە توانیویەتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە زیندوو بکاتەوە، ئەمەش لە پاش ئەوەی زۆربەی سەرکردەکانی کۆمەڵە دەستگیرکران، ئەو توانی دووبارە ڕێکخستنەکان زیندوو بکاتەوەو کۆمیتەی هەرێمەکان دروست بکات، کە بوونە داینەمۆی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. لێ بەداخەوە زۆر کەم گرنگی و بایەخ بە مێژووی خەبات و تێڕوانین و ئەندێشەی سیاسی و فکری ئەم سەکردەی مەزنەی گەلەکەمان دراوە.

من هەر بە قسە باسی کاک ئارامیان بۆ کردووم و هیچ نووسراوێک یان کتێبێکی ئەم سەرکردەیەم لا نەبوو، لێ خۆشبەختانە لە ماوەی پێشوودا هاوڕێ و برای هێژام کاک یوسف محەمەد بەرزنجی، کۆمەڵێک کتێبی بەنرخی خۆی پێشکەشکردم، یەکێکش لەو کتێبانە "ئارام ، شەهیدێک لە بناری کەڵەوی دا" بوو.

لەم کتێبەدا زانیاری وردو باشی تێدایە لە بارەی خەبات و تێکۆشانی کاک ئارام، لە هەمانکاتیشدا کەمێک ئاشنا دەبین بە ئەندێشەی سیاسی وفکری، لە هەمووشی گرنگتر دیدارێکی تێدایە، کە پێشتر لەساڵی ١٩٧٦ دا لەگەڵیدا سازکراوەو زۆر باسی فکری و سیاسی تێدا کراوە.

جێگەی ئاماژەیە ئەو دیدارە تایبەتییە پێشتر من ئاگاداری بووم ، بە تایبەتی لە سەرەتای نەوەدەکاندا، لە ناو ڕیزەکانی "ئاڵای شۆڕش"دا، زۆر باسی ئەو دیدارە

---

١٣٦ ئەم وتارە جوانەی کاک ئەردەلان عەبدوللاخوێندنەوەیەکە بۆ ئەم کتێبەی بەردەستان، بە سوپاسەوە لێرەدا بڵاومانکردەوە.

تایبەتییە دەکرا، بەڵام بەداخەوە دەستم نەکەوت. ئێستا پاش نزیکەی بیست ساڵێک، ئەو دیدارەم دەستکەوت و خوێندمەوە.

لێرەدا هەوڵ دەدەم، تیشکێکی بچووک بخەمە سەر ئەندێشەی سیاسی و فکری کاک ئارام و تێڕوانینی بۆ شۆڕش و چەند سەرکردەیەکی ناو یەکێتی و کۆمەڵە بخەمە ڕوو.

کۆمەڵێک دەستنوس و بابەتی گرنگ

هەمیشە دوژمنە داگیرکەرەکانی کورد هەوڵیانداوە، مێژووی گەلەکەمان بسووتێننو نەیهێڵن، چونکە باشیان زانیوە، هەر نەتەوەیەک خاوەنی یادەوەریی و مێژووی نەبێت، نامێنێت و لە ناودەچێت. بەهۆی ڕەوشی نالەباری شۆڕش و نەبوونی دەزگایەکی گرنگ بۆ پاراستنی ئەرشیفی شۆڕش، زۆرێک لە مێژووی خەباتی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لەدەستچووە، بەڵام خۆشبەختانە چەند مێژوونوس ئەرشیڤیستێک لەم چەند ساڵەی دواییدا، قۆڵیان لێ هەڵماڵیوەو هەوڵ دەدەن ئەو ئەرشیفە گرنگە لە فەوتاندن ڕزگار بکەن، دەتوانین هەوڵەکانی کاک یوسف محمەمەد، بە یەکێک لەو هەوڵە باشانە دابنێین، کە ماوەیەکە خەریکی کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەو نامەو بەیاننامە گرنگانەیە، کە لە چەندین شوێن تۆزی لێنیشتووەو کەسیش ئاوڕیان لێنداتەوە.

لەم کتێبەدا کۆمەڵێک دەستنووسی زۆر گرنگی تێدایە، کە لە ڕێگایەوە دەتوانین بە ئەندێشەی سایسی وفکری کاک ئارام ئاشنا بین. جگە لە دەستنووس و دیدارەکەی، نامیلکەی"یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی..؟" تێدایە، کەلە نووسینی سەرۆک مام جەلالەو کاک ئارام کردوویەتی بە کوردی، ئەم نامیلەکەیەش گرنگیی و بایەخی مێژوویی و سیاسیی گەورەی بۆ یەکێتیی هەیە.

تارمایی لینین

فلادیمیر لینین ڕابـەر و سـەرکردەی پارتی بۆلشەفی ڕوسیاو دواتریش سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت و ڕابـەری شۆڕشی ئۆکتبەری ڕوسیا، کاریگەری گەورەی بە سەر تەواو چەپ و کۆمۆنیستەکانی سەدەی بیستەمەوە هەبووە، بە دڵنابیەوە کاریگەی ئەم پیاوە گەیشتۆتە کوردستان، لە سەروو هەمووشیانەوە کاریگەری گەورەی بە سەر ئەندێشە و تێڕوانینی سیاسی و فکری کاک ئارامەوە هەبووە. لە چەندین شوێندا وەسف و ستایشی زۆر گەورەی دەکات .

کاک ئارام دەڵێت:

لینینی مەزن مامۆستا و پێشەوای پرۆلیتاریای جیهان و سەرکردەی یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیستی و دامەزرێنەری یەکەمین دەوڵەتی سۆسیالیست لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پرۆلیتاریادا لە جیهاندا کە یەکێتیی سۆڤێتە، ئەو نەک هەر مارکسییەکی دروست و ژیر بوو، بەڵکە بیلمەتێکی بێ هاو تاو گەشەی خوڵقێنەری بە مارکسیزم و هەموو ڕونترو قوڵتر کردۆتەوە. ل٢٥

ئەم جۆرە قسانە تەنها کەسانی چەپ وکۆمۆنیست کردوویانە، لە مەشەوە ڕوونتر بۆمان دەردەکەوێت، کە هزری کۆمۆنیستی بەتایبەتی لینیزم زۆر بە سەر کاک ئارامدا زاڵبووە. هەروەها لەم نامیلەکەیدا لە وتارێکدا کاک ئارام ستایشی کتێبێکی لینین دەکات کە ئەویش"دەوڵەت و شۆڕش".

هەرچەندە لینین بـەلای منەوە شایستەی ئەو هەموو ستایشە نییەو ئەو کتێبەشی لای زۆرێک لە ڕەخنەگرانی، بە بنەمای دەوڵەتی دیکتاتۆری لینین دادەنێن. بەڵام قەیناکا با خاتری کاک ئارام بێت. من پشێتر وامزنیبوو ئەو زیاتر لە ژێر کاریگەری ماوتسیتونگ دایە، لێ پاش خوێندنەوەی دەستوونەکانی بۆم دەرکەوت کە زیاتر لەژێر کاریگەری لینین دا بووەو تارمایی لینین بە سەر هزر و ئەندێشەی سیاسیی و فکریدا زاڵبووە.

تێڕوانینی بۆ عیراق

کاک ئارام بۆچوونێکی زۆر مرۆڤانە و ژیرانەی هەبووە بۆ عیراق، ستە ئەو دژی دەسەلاتی دیکتاتۆری و ڕژێمی بەعس بووە، بەڵام خاوەنی بوونێکی شۆڤینی و ڕەگەزپەرستانە نەبووە بەرانبەر بە نەتەوەی عەرەب، لە هەمانکاتیشدا داکۆکی لە مافەکانی گەلەکەمانیش کردووە.

کاک ئارام دەڵێت:

مافەکانی کورد بەشێکی لە جیاکردنەوە نەهاتووی مەسەلەی مافە دموکراتییەکانی گەلی عیراقەو دیموکراسیش بۆ گەلی عیراق بە بێ دامەزراندنی سوڵتەی ئەو چینە شۆڕشگێڕانەوە کە بەشی هەرە زۆری گەل پێکدێنن نایەتە دی، ابێ هەرگیز بە تەمای ئەوەبین کە نە گەلی کوردو نە هەموو گەلی عیراق بە مافە .یموکراتەکانی بکەن لە ژێر سایەی سوڵتەی دیکتاتۆری بۆرجوازی بیرۆکراتی بە سروشت فاشی بەغدا،دەبێت هەوڵ بدەین هەمیشە نەخشەکانی شۆڕشمان بە پێی ئەم ڕاستییە بێت. ل٢٨

باوەڕبوون بە مافی چارەنووس

کاک ئارام لەیەک کاتدا کەسێکی چەپ بووە، لە هەمانکاتیشدا کەسێکی ناسیۆنالیست یان دەتوانین باوەڕی بە مافە ڕەواکانی گەلەکەی بووە،ئەمەش لە نووسینەکانیدا بە جوانی دەرکەوتووە:

-دەبێت گەلی عێراق بە دیموکارسی ڕاستەقینە بگات و گەلی کوردستانیش بە مافی بڕیاردانی جارەنووسی خۆی لە عێراق شاد بێ..ل ٢٨

پاشتریش زیاتر دەڕوات و دەڵێت: دەبێت کوردستانی عێراق ببێتە بنکەی شۆڕشی ڕزگاری گەلی سەرانسەری کوردستان و ڕزگاربوونی ل٢٨

واتە کاک ئارام ویستویەتی کوردستانی عیراق ببێتە بنەکەیەک و دایکێک بۆ کوردستانەکانی تر، لێ بەداخەوە کوردستانی عیراق ڕزگاری بوو، بەڵام بەو شێوەیە نەبوو کە کاک ئارام خەونی پێوە دەبینی.

بنەماڵەی بارزانی و پارتی

لەوکاتەدا پەیوەندی بنەماڵەی بارزانی و پارتی لەگەڵ کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، زۆر خراپ بووە، هەروەها ئەو کاتەی کە کاک ئارام ئەم وتارانەی نوسیوە، تازە هەرەسی شۆڕش کراو و تەواوی خەڵکیش لە سەرکردایەتی پارتی و بنەماڵەی بازرانی بێزار بوون. لە بەرئەوە لە بەشێکی زۆری نووسینەکانیدا، بەشێوەیەکی توند هێرشی کردۆتە سەر پارتی و بنەماڵەی بارزانی و بە گشتیش بۆچونی لە بەرامبەریان باش نەبووە.

حزبی شیوعی

حزبی شیوعی لەوکاتەدا یەکێک بووە لە حزبە سیاسییە گەورەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان، هەر لەو سالانەشدا لە بەرەیەکی سیاسی دابووە لەگەڵ بەعسییەکان، ئەمەش وایکردووە کە لە لای کاک ئارام و ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە و یەکێتییەوە، مایەی قبوولکردن نەبێت و دژی بوەستنەوە.

خوا هەڵناگرێت (کاک ئارام) یش لەو دەستنوسانەیدا، زۆر دژی حزبی شیوعی بووەو ڕەخنەی توندی لێگرتوون و بە پاشکۆی حزبی بەعسی وەسفکردوون.

پارادۆکس لەوەدایە لە پەنا ئەوەی کە زۆر دژایەتی حزبی شیوعی دەکات لە هەمانکاتیشدا داوا دەکات، کە کاریان لەگەڵدا بکرێت:

-پێویستە لەگەڵ حزبی شیوعیش هەوڵ بدەین واز لەو سیاسەتە بۆگەنە بهێنن بۆئەوەی دوژمن سووک و ڕووتبکرێ و بە تەنها لە ساحەکەدا بمێنێتەوە، ل۱۲۲

واتە ئەو پێشوازی لە دەرچوونی حزبی شیوعی دەکات، کاتێک لە بەرەی بەعس نەمێنن.

کۆمەڵەو یەکێتیی

کاک ئارام تێڕوانینی تەواو تایبەتی هەبووە بۆ کۆمەڵەو یەکێتیی نیتشمانی کوردستان، ئەو هەمیشە داکۆکی لە ڕابەرێتی کۆمەڵە کردووە لەناو یەکێتیدا، دژی پەراوێزخستن و یان لاوازبوونی کۆمەڵە بووە، ئەمەش لە چەندین شوێنی

باسیکردووە.لەم بارەیەوە دەڵێت:

-لەگەڵ مام جەلال وا ڕێکەوتوین کە یەکێتی ڕێکخستنی فراوانی کۆمەڵە بۆ ئەوەی ڕێبازی کوردایەتی دیموکراتی بگرێتە بەر، سەرکردایەتیەکەشی بە دەستی کۆمەڵە دەبێ ،،، ل١٢٤

لە بارەی کۆمەڵەشەوەدەڵێت:

-سەربەخۆیی کۆمەڵە وەدەوری پێشڕەوایەتی کرێکاران بە گرنگترین مەسەلە ئەزانین وە ئەم مەسلەیە جەوهەرییە ناکەینە قووربانی هیچ مەسەلەیەکی تر ل ١٢٤

لەبارەی ترسی زاڵبوونی ڕۆڵی مام جەلال و کەمبونەوەی ڕۆڵی کۆمەڵەشەوە دەڵێت:

-ئەگەر کۆمەڵە بتوانێ ڕیزی چینایەتی وسیاسیی شۆرشگێرانەی بەپاکی بپارێزی و بتوانێ سیقەی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکشی،ئیتر پێم وانییە یەکێتیی و(مام جەلال) یش لە فەرزێکی خراپیش بن بتوانن کۆمەڵە قووت بدەن،چونکە مەسەلەکە شەخسی و شەخسیەت نییە، مەسەلەکە فکرو مەمارەسەیە!

دەشڵێت: ئەگەر فکر باش بوو، ڕێکخستن بەهێز بوو، مومارەسەی شۆڕشگێرانە هەبوو، گرەوی زۆرانە ئەبینەوە، ئەوانەش نەبوو، حتما بە ناچاری خەڵک دوای ئەو شەخس و لایەنە ئەکەوێ کە دیفاع لە کورد ئەکات... ل١٢٦

لە لایەکی ترەوە کاک ئارام سەرنجی هەبووە لە ناوی ئەو کەسانەی کە وەکو دامەزرێنەری کۆمەڵە و یەکێتیی دادەنرێن.

بۆچوونی بۆ چەند سەرکردەیەکی یەکێتیی و کۆمەڵە

کاک ئارام بە حوکمی ئەوەی یەکێک بووە لە سەرکردەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی، ئەمەش وایکردوو کە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی و سەرکردەی کۆمەڵەو یەکێتیی دا کار بکات، بەدڵنیایەوە بۆچوونی لە بارەی هەندێکیانەوە باشبووە، لە بارەی هەندێکی تریشیان بۆچوونی باش نەبووە. ئەو بە گشتی بۆچوونی باشی لە

بارەی خاڵە شەهاب و ئیبراهیم عەزۆ وە هەبووە، لەبارەی کاک نەوشیروان و کاک عادل مورادو کاک فەرەیدون عەبدولقادر زۆر باش نەبووەو ڕەخنەی تووندیشی لێگرتوون.

بۆ نموونە لەبارەی کاک نەوشیروانەوە دەڵێت:

-کاک نەوشیروان زۆر دڵی بە شیوعیەت و ڕێکخستنی مارکسی لینینی خۆش نیەو گاڵتەی لێ دی، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا لەسەر ئەم مەسەلانە نەگونجا لەگەڵ کاک شەهاب و ڕۆیشت بۆ خارج... لە مبارەیەوە مەترسیم هەیە بۆ یەکێکی وەکو کاک نەوشیروان هەم باوەڕی بە شیوعیەت نەبێ و هەم ڕەق بێ...ل١٢٩

جێگەی ئاماژەیە کاک نەوشیروان لە بیرەوەرییەکانیدا دان بەم ڕاستیەدا دەنێت و کە باوەڕی بە فکری کۆمۆنیستی نەبووە.

بۆچوونی ڕەخنەگرانە بۆ کارو سیاسەتی کۆمەڵە

یەکێک لەو خاڵانەی کە دەبنە سیمای سەرکردەی سەرکەوتوو، داننان بە هەڵەی خۆت و باوەڕبوون بە تێزی"ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنە" کاک ئارامیش زۆر باوەڕی بەم تێزە هەبووەو ڕەخنە لە شێوازی کاری پێشووی کۆمەڵە دەگرێت و هەمیشەش بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری کارو سیاسەتی کۆمەڵەی کردووە. بۆنموونە لە بارەی بیروباوەڕی تووندڕەوانەی چەپ و ماویستانە، ئەو لە کۆتاییدا تێڕوانینی گۆڕاوەو پێی باش نەبووە.

لەمبارەیەوە دەڵێت:

-کۆمەڵە بۆیە دروست بوو کە ڕێکخراوێکی مارکسی ـ لینینی بێ، ڕێکخراوی چینی کرێکاران بێ، بەڵام بە داخەوە لە ڕووی فکری و سیاسی و تەنزیمیەوە هەڵەی قورس قورسی واکراوە کۆمەڵەی زۆر دواخستووە و چارەکێکی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە... ل١٣٥

لە بارە سیاسەتی ماویزیمیشەوە دەڵێت:

-لەبارە علاقەی ئومەمییەوە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، هۆیەکەشی سیاسەتی هەڵەی کۆمەڵەیە، قەناعەتم هەیە ئەو هەموو ماوێتیەی دەستمان دابوویە، تا ئێستا چین مەرحەبای نەکردووین، ئەگەر وانە بووایە یەکێک لەو مەسئولانەی کۆمەڵە سەرێکیان ئەدا لە چین یان لە ئەلبانیا، بە دزی بێ یان بە ئاشکرا.. ل ١٣٠

چین

چین لەو سالانەدا ببووە قەڵایەکی گەورەی چەپ و کۆمۆنیستەکانی جیهان، بە تایبەتی ماویستەکان، کۆمەڵەش خۆی بە ماویست دادەنا، هەربۆیە زۆرێک لە هەوادارانی کۆمەڵە خۆیان بە هۆگری تێزەکانی سەرۆک ماوتسیوتنگەوە خەریکردبوو، بۆچوونێکی تەواو پۆزەتیفیان هەبووە بۆ کۆماری چین. لێ کاک ئارام بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ئەزموونی نوێ چین دەکات و ڕەخنەیان لێدەگرێت.

لە مبارێوە دەڵێت:

-ئەوەندە ناوهێنانی ماوتسیتۆنگ بۆ، ماو خۆی ئەڵێ من مارکسیزم، ئیتر بۆ ئێمە لە هەموو عیبارەتێکاو لە هەموو موناقەشەیەکا ناوی ماو بخەینە ناو ناوانەوە، ئەم جۆرە سیاسەت و فکرەیە ڕاست نییە ومستقبل دەری ئەخات، سیاسەتی ئێستای چین لە شیلی و بەنگلادیش و لە ئێران لە سودان، هی دەوڵەتێکی ئیشتراکی ڕاستەقینە نییە، کە بە حساب سۆڤیەتی پێ ئیشتراکی ئیمپریالییە. ل١٣٢

یەکێتی سۆڤێت

دیارە کۆمەڵە لەوکاتەدا لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی چینی سەردەمی ماودا بووە، کە زۆر دژایەتی یەکێتی سۆڤێتیان کردووە، دووبارە کاک ئارام بە چاوێلکەی ڕەخنەگرانەوە سەیری ئەم سیاسەتەی کۆمەڵەی کردووەو لەمبارەیەوە دەڵێت:

-ئێمەلە سۆڤێت وروژاوین و بەڕاست و چەپ جنێوی ئەدەینێ،لەکاتێکدا لە سەرکردایەتی کۆمەڵەش بپرسین بۆ سۆڤێت ئیمپریالی ئیشتراکییە، ئەبێ

بڵێ "صین مسعوره" وا ئەڵێ چونکه هیچی تری پێ نییه. بەش به حاڵی خۆم ئەڵێم، دەوڵەتێکی وەکو سۆڤێت به تەقلیدی چین نابێ پێی بڵێین ئیمپریالییه، یان تحریفییه، ئەم مەسەلەیە دراسەی قوڵ و وردی ئەوێ له ڕووی ئابووری، سیاسی و واقعی کۆمەڵایەتییەوه هەتا بتوانین ڕایەکی علمیانه مەوزوعی پێکبهێنین و مەوقعی خۆمان دیاری بکەین ..ل ۱۳۳

پێشبینییەکان بۆ ئێران و تورکیا:

هەمیشه سیاسیه سەرکەوتووەکان، ئەوانەن که بتوانن پێشبینی بۆ ڕۆژانی داهاتوو بکەن، ئەوانەی که تەنیا له چاویلکەی ئەمڕۆوه سیاسەت دەکەن و ناتوانن دوارۆژ بخوێننەوه، سەرکەووتو نابن. کاک ئارام کەسێکی زیرەک بووەو توانیویەتی کۆمەڵێک پێشبینی باش بۆ ڕەوشی سیاسی کوردستان و ناوچەکه بکات، به تایبەتی بۆ هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا.

لەم بارەیەوه دەڵێت:

-به دوور نازانرێ له ئێران و تورکیا گۆڕانی گەوره ڕووبدات، خەڵک لەو دوو حکومەته له شاو فاشیستەکانی تروکیا زۆر پڕه، ئێران حەرەکەی مارکسی و دیموکراتی و دینی تیایه، تورکیا حەرەکەی چەپ زۆر به قوەتی تیا، کوردستانی تورکیاش جومجۆڵی سیاسی و نەقابی تێ کەوتووه، هەرچەن به ووردی مەعلومتمان نیه، بەڵام ئومێدمان هەیه گۆڕان ببێ قازانجی زۆری تیایه ل ۱۲۳.

بۆچوونی بۆ خەڵکی جاش و خۆفرۆش

هیچ سەرکردەیەکی کوردم نەدیوه هێندەی کاک ئارام دژی خەڵکی جاش و خۆفرۆش قسەی کردبێت و هەڵوێستێکی توندی هەبوو بێت. له وتارێکیدا بەناوی "با پیلانەکانی دوژمن گۆڕکەین" له بارەی خەڵکی خۆفرۆش و جاشەوه دەڵێت:

-تا ئێستا هیچ کەسێک و هیچ تاقمێک لە سایەی خۆ فرۆشتن و خیانەت لە میللەت کردنەوە لە سەر حسابی خوێنی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەل، نەیتوانیوە نە ژیانی خۆشی و کامەرانی وە نە سەربەرزی و سەربوستی دەستگیر بێ لە ڕیسوا بوون و تیاچوون بەو لاوە..ل٤٤

دواتریش باس لە خراپیبوونی کەسانی خۆفرۆش دەکات لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێریدا و دەڵێت:

-هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی ڕاستیش کەکەسانی وا ڕەوشت نزم و خۆفرۆش تێکەڵاوی بێت لاواز ئەبێت. بە پێچەوانەوە بە جیابوونەوە دوورکەوتنەوەو دەرکردنی ئەو کەسانە بزووتنەوەی شۆڕشگێری ڕاستەقینە بەهێزتر ئەبێت ،چونکە ئەرکی بزووتنەوەیەکی وا لەوە گرنگتر و پیرۆزترە کە بە کەسانی وا بەجێ بێت.ل٤٤

بەداخەوە کاک ئارام لە لایەن ئەو کەسە جاش و خۆفرۆشانەوە شەهید کراو تەنیا ٢٥٠ دیناریشیان وەکو پاداشت وەرگرتووە.

ئارام و خەڵکی گوندنشین

دیارە کاک ئارام لە تەواوی نووسینەکانیدا باس لەوە دەکات، کە پێویستە کۆمەڵە پشت بە خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش وجووتیاران ببەستێت وئەم بزووتنەوەیەش لەخزمەتی ئەواندا بێت، بەشێوەیەکی پراکتیکیش، ئەمەی لە سیاسەتی ڕۆژانە جێبەجێکردووە. وەکو کاک حەمە سەعید کە هاوڕێیەکی نزیکی کاک ئارام بووە باسی دەکات و دەڵێت :

- هەمیشەکاک ئارام کاتێک کە دەچوینە لادێکانەوە، بیری لە دانانی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ گوندەکان کردووەتەوە، بۆ نموونە: ناردوویەتی لە ناو شار سۆندە بهێنن و ئاویان لە کانیاوەکانەوە بۆ ناو گوند ڕاکێشاوە. یان ئێمە هەندێک جار کە ئەچوینە دێکانەوە، خەڵکی خەریکی دروێنە بوون و یان خەریکی جۆگە پاکردنەوە وئیشکردن بوون ،کاک ئارام ئەیگوت: با بچین هاوکاریان بکەین..ل ٢٠٠

لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە کاک ئارام چ سەرکردەیەکی خاکی بووە، چەندە خۆی لە خەڵکی هەژارو جووتیار نزیک کردووەتەوەو هەمیشەش ویستویەتی بەشێک بێت لەوان نەک بە پێچەوانەوە!

نەوەی کۆن و نەوەی نوێی سەرکردە

کاک ئارام لە ساڵی١٩٤٧ لەدایک بووە، کاتێک هاتووەتە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەوە، تەمەنی لە بیستەکاندا بووە، لەوکاتەدا کۆمەڵە خۆی وەکو نوێنەری نەوەی نوێ دادەنا و دژی سیاسەتی نەوەی کۆن بووە کە پارتی و بنەماڵەی بارزانی سەرکردایەتییان دەکرد. لە مبارەیەوە دەڵێت:

-دونیا وەکو جاران نەماوە تا سەرکردە کۆنەکان وابزانن وەکو مەلیکی هەندێ ولّات وان بۆ هەتا هەتایە هەڵبژێرابن بۆ مەلیکی. ل١٢٧

کاک ئارام و شیعر و هونەر

کاک ئارام کەسێکی فرە بەهرە بووەو تەنیا کەسێکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس نەبووە، بگرە لەیەک کاتدا، خاوەنی کۆمەڵێک بەهرەو توانای زۆر بووە. ئەو تەنیا لە ڕێگای چەک و نووسینەوە خەباتی نەکردووە، بگرە هەوڵیشداوە گرنگی بە هونەر وئەدەبی شۆڕشگێریش بدات، بۆ نموونە سرودی"ڕێگەی خەبات" لە لایەن کاک ئارام و کاک سالار عەزیزەوە دانراوە،واتە گرنگی و ڕۆڵی ئەدەب و هونەری شۆڕشگێری زانیوەو هەوڵیداوە گەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت، گرنگی پێبدات.

چەند سەرنجێک

دیارە لە پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە چەند سەرنجێکم لادروستبوو، بە تایبەتی لە ڕووی زمان و فکرییەوە. لە ڕووی زمانەوە ، دەبێت خوێنەر کەمێک بە وورددییەوە سەیری دەقەکان بکات، بزانێت کە ئەو دەستەواژەو چەمکانە لەو کاتەدا بەکارهاتوون، شتێکی ئاسایی بووە، بە بڕاوی من باشتر بوو کاک یوسف پەراوێز یان فەرهەنگێکی بۆ ئەو وشانە بکردایەتەوە.

لە ڕووی فکریشەوە کاک ئارام لە تەواوی دەستنووسەکانیدا بە هیچ شێوەیەک باسی مافی ژنان و کێشەکەیان ناکات لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت لە ناو ئەو نامیلەکەیەشدا کە بە بەردی بناغەی یەکێتی دادەنرێت، ئەم باسە نەکراوە، لە کاتێکدا، هەمیشە پارتە چەپەکان کێشەی ژنان بە بەردی بناغەی کارکردنیان دادەنێن. بەلامەوە سەیربووکاک ئارم هیچ قسەیەکی لەمبارەیە نەکردووە.

هەر لە ڕووی فکریەوە، کاتێک من ئەو وتارانەو نامیلکانە دەخوێنمەوە کە کۆمەڵە و یەکێتیی لە سالانی و حەفتاو هەشتاکاندا دەریانکردووە، کە یەکێتیی ئەمڕۆش دەبینم، تەواو پێچەوانەی ئەو سیاسەت و فکرانەیە، کە کاک ئارام و پێشتر کۆمەڵەو یەکێتیی خەباتیان بۆ کردووە. کاک ئارام هەمیشە داکۆکی لە خەڵکی هەژارو ستەمدیدە کردووە، دژی چینی بۆرجوازی بووە، دژی حوکمی بنەماڵە بووە، پشتگیری نەوەی نوێی کردووە.

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئەگەر یەکێتیی و کۆمەڵە لە سەرەتادا لە سەر بنەمایەکی فکری بەهێز پەروەردە کرابێت، چۆن دەبێت کاتێک دەسەڵات دەگرێتە دەست، بە دوورو نزیک لەو دروشم و فکرەیە نزیک نەبێتەوە، بگرە دژیشی بوەستێتەوە؟! یەکێتیی ئێستا تەواو نامۆیە بەو یەکێتییەی کە کاک ئارام، باسی دەکات. ڕاستە زۆر پارتی سیاسی جیهان بۆچوونی سیاسیی خۆیان گۆڕیوە، بەڵام هێندە لە مێژووی خۆیان دوور نەکەوتوونەتەوە، بۆنموونە: کە سەیری حزبی شیوعی دەکەیت ڕاستە کەمێک گۆڕانکاری لە سیاسەت و فکریدا کراوە، بەڵام بەو شێوەیە نییە، کە تەواو نامۆ بێت بە مێژووی خۆی.

لە ڕووی شێوازی نووسینی ئەم کتێبەشەوە، جگە لەوەی دەستخۆشی لە کاک یوسف دەکەم و کارێکی باشی کردووە، بەڵام چەند سەرنجێکم هەبوو، بۆ نموونە لە بەرگی پێشەوە نووسراوە ساخکردنەوە و نووسینی یوسف محەمەد بەرزنجی. ڕاستە ئەم کارە دەچێتە قاڵبی ساخکردنەوەوە، بەڵام ناچێتە قاڵبی نووسینەوە، چونکە ناوەڕۆکی کتێبەکە لە لایەن کاک ئارامەوە نووسراوە، نەک کاک یوسف .

هەروەها باشتر بوو هەموو وتارەکان بەیەکەوە بنووسێت، نەک وەکو ڕۆژنامە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بەشێکی نووسینەکان لە لاپەڕەیەک دانراوە، پاشماوەکەی لە چەند لاپەڕەیەکی تردایە. ئەمەش کەمێک سەر لە خوێنەر تێکدەدات.

دوا وتە

بە دڵنیاییەوە کاک ئارام خاوەنی ئەندێشەیەکی سیاسیی و فکری جوان و پیرۆز بووە، خەونێکی مرۆڤانەشی بۆ داهاتووی گەلەکەی هەبووە، لە هەمانکاتیشدا کەسێکی شۆرشگێڕو قارەمان بووە، هەر لە پێناوی ئەو خەون و ئەندێشانەیدا، گیانی پاکی کردۆتە قوربانی گەل و فکرە پیرۆزەکەی.

کاک ئارام لەیەک کاتدا پێشمەرگەو سیاسەتمدارو ڕۆژنامەنووس و هونەر دۆست بووە، هەموو ئەم سیفات و بەهرانەش، زۆر بەدەگمەن لە یەک کەسدا کۆدەبێتەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک ئارام و هەموو شەهیدانی تری کوردستان.[١٣٧]

سەرچاوە:

ئارام.. شەهیدێک لە بناری کەڵەوێ دا. ساخکردنەوەو نووسینی: یوسف محەمەد بەرزنجی. چاپی یەکەم .چاپخانەی کارۆ. سلێمانی. ٢٠١٥

***

١٣٧ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٧٧٤٧) هەینی وشەممە ٢٢-١٢- ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ سوپاسدا بۆ نوسەر.

بەدودا چونێک بۆ...
کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە دیدی کاک(ئارام)ەوە..

یوسف محەمەد بەرزنجی

لە ژمارە(٧٧٤٧) هەینی و شەممە ٢١-١٢/٢٢/ ٢٠١٨ ی ڕۆژنامەی"کوردستانی" نوێی بەڕێزدا، نووسەر و وەرگێڕو ڕۆژنامەنووسی هاوڕێم، ئەردەڵان عەبدوڵڵا، وتارێکی بەنێونیشانی"کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،لە دیدی کاک ئارام"ەوە بڵاو کردوە، سەرەتا دەمەوێت دەستخۆشی و پێزانینی خۆم بۆ هاوڕێی نووسەرم، بەڕێز ئەردەڵان عەبدوڵڵا دەربببڕم بۆ ئەو نووسینە جوان و بە پێزو لە سەرخۆو هێمنەی، کە توانیبووی بەووشەی جوان و سەلیقەی ئەدەبی نووسین شەهیدی مەزن کاک"ئارام"و بەندە بە سەر بکاتەوە، سەرتاپای نووسینە جوانەکەی کاک ئەردەڵانیش زیاتر لەوەو کێبەی بەندەوە سەرچاوەی گرتبووکە ساڵی ٢٠١٥ و لە یادی (٣٧) ساڵەیی شەهید کردنی"شاسوار جەلال ئارام" بەنێونیشانی (ئارام شەهیدێک لە بناری کەڵەوێ) دا بڵاوم کردبووە، کێبەکەش زیاتر کتێبێکی دیکۆمێنتی و بەڵگەنامەیی و سێ بەرهەمی شەهید"ئارامی"لە دوو توێی خۆیدا کۆکردبووە، بەرهەمەکانیش،"یەک ژمارەی ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش، لەلایەن شەهید"ئارام"ە وە بڵاوکرابووە، وەرگێڕانی نامیلکەی"یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ نووسینی هەڤاڵ

مام جەلال، هەروەها چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ کاک ئارام، پێش ئەوەی کاک"ئارام"بچێتە شاخ و شەهید ببێت، لە لایەن شەهیدی نەمر"ئازادی مەلامحەمەدە وە، لەکاتی خۆشاردنەوەی شەهید ئارام لە مالّی شەهید ئازاد، ساز درا بوو؟ ئەم بەڵگەنامانە دەمێ سالّ بوو لەلای من پارێزرا بوون، حەزم کرد نەفەوتێن و کۆمکردنەوەو کردم بەو کتێبەو بڵاوم کردنەوە، کاتێکیش سالّی ٢٠١٥ کتێبەکە بڵاو کرایەوە وەک کتێبێکی دیکۆمێنتی لەلایەن تێکۆشەران و خوێندەوارانەوە پێشوازییەکی زۆر باشی لێکرا، بۆ ئەوانەی گرنگی زۆر بە بابەتی بەڵگەنامەو ئەرشیڤکردن دەدەن بەکەڵک و بەسوود بوو، هەرچەندە کتێبەکە هەندێک هەڵەی چاپی تێکەوتبوو، هەرچەندە پێشتر خۆشم زۆر بۆ تایپکردن و لە چاپدانی بەرهەمەکە ئامادە نەکردبوو! چونکە بیست ڕۆژێکی مابوو بۆ یادی شەهیدی سەرکردە کاک"ئارام"و زۆر حەزو خولیام بوو، بۆ یادی شەهیدی مەزن کاک"ئارام"ئەو بەرهەمە ئامادە بکەم و بڵاوی بکەمەوە،ئەوە بوو بەرهەمەکەم بەپەلە پڕوزێ تایپ کردوو لە سەر ئارامگای شەهید کاک"ئارام" لە گوندی (تەنگیسەر) ی دەڤەری قەرەداخ بڵاوم کردەوە! هەرلەم پێوەدانگەشەوە دەتوانم بڵێم: دەیان ووتارو لێکۆڵینەوەی دیکە لە سەر ژیان و نووسین و خەبات و تێکۆشانی کاک"ئارام"لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا لەلایەن نووسەران و شاعیران و تێکۆشەرانەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، هەر لە سالّی ٢٠١٥دا، من زۆرێک لەو بەرهەمانەم لەگەڵ بەڕێز وتێکۆشەر"وەزیرەخان"خوشکی شەهید"ئارام" کۆکردووەتەوەو لەلای"وەزیرەخان" پارێزراوە، بەڵام نەم زانی بۆ"وەزیرخان" لە چاپ و بڵاوکردنەوەی سارد بووەو تائێستاش ئەو بەرهەمانە ڕووناکی بڵاوکردنەوەیان نەدیووە! بۆیە لێرەدا دەڵێم: هەرچیەک بکرێت بۆ شەهیدێکی مەزن و بیرکەرەوەو هزرمەند، پێشمەرگەو تێکۆشەر، نووسەر، وەرگێڕ، ڕۆژنامە نووسی...وەک کاک"ئارام"وەک دڵۆپێک لە دەریا وایە. لێرەدا نامەوێت لە بابەتەکەی بەڕێز (ئەردەڵان) دوور بکەومەوە، حەزدەکەم هەندێ سەرەقەڵم و باری سەرنج و ڕوونکردنەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی نووسینەکەی

کاک ئەردەلان پێشکەش بکەم، ئەم نووسینەش ناچێتە قاڵبی وەڵامدانەوەو شەن و کەوکردن سەبارەت بەووتارەکەی کاک ئەردەلان، بەڵکو چۆن لە دەستپێکی ووتارەکەمەوە ئاماژەم بەجوانی وتارەکەی ڕۆژنامەی" کوردستانی نوێ" داوە، ئەوەندەش دەڵێم نووسەران و تێکۆشەرانیش، دەیان وتارو چیرۆکی ئەدەبی و سیاسیی و لێکۆڵینەوەی بە پێزیان لە سەرشەهیدی مەزن کاک"ئارام" نووسیوەو بڵاو کردووەتەوە، ئەم وتارەش یەکێک دەبێت لە پاڵ ئەو ووتارانەی کە بە جوانی و شکۆوە لە سەر کاک "ئارام"و ئەندێشەوخەونە جوانەکانی نووسراون.

شەهید ئارام و خوێندکاران:

شاسوارجەلال سەعید غەنی، ناسراو بە"ئارام"هەر لە سەرەتای لاوییەوە کە خوێندکار بووە، لەدوای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووە تێکەڵاو بەبزووتنەوەی خوێندکاری و قوتابیانی کوردستان بووە، چەکەرەو دەسپێک و گەشەی سیاسیی"شاسوار جەلال"بۆ سەردەمی ڕێکخراوی"یەکێتیی قوتابیانی کوردستان"دەگەڕێتەوە،بۆیە"ئارام" گەشەی سیاسی و هەنگاو نانی بۆدنیای سیاسیەت و مەعریفەی سیاسیی و مەلەکردنی لە دەریایی سیاسیی بۆ ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی دەگەڕێتەوە کەتوانیوێتی توانا سیاسییەکانی لەم ڕێکخراوە خوێندکارییەدا پەرەپێبداو لە دەستەی باڵای"مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان"دا هەڵبژێرێت و کاری جدی تێدا بکات کاک"ئارام"وەک ئەستێرەک لەنێو ڕێکخراوی خوێندکاراندا دەربکەوێت و بدرەوشێتەوە، زیاتروەک کەسایەتییەک بناسرێت وڕۆڵی جدی هەبێت، ئەوە بوو ناوبانگی جوانی وەک ڕووناکبیرو سیاسییەک بۆخۆی مسۆگەر کرد."ئارام"لەنێو خوێندکاراندا دەسپێکی سەرکەوتن و دەرکەوتنی بوو لە قۆناغی زانکۆدا، ئەوەبوو بووە سەرکردەیەکی کارامەولێهاتوو هەڵکەوتووی سیاسیی پاک و بێخەوش و دڵسۆزێکی بەرەی چەپ؟ئەم چەپبوون وکاریگەرییەی لەخەباتی پراکتیکی وسیاسیی وتوێژی و پارتیزانی"شاسوار جەلال، ئارام"دا، بەتەواوی

و جدی بوون ڕەنگدانەوەو ئامادەیی تەواوی هەیەو نکوڵی لێناکرێت. کەوا بوو متوربەکردن و گەشەکردنی سیاسیی و هزری"ئارام"بە بیروباوەڕیی چەپ و خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەمان، سەرەتایی دەسپێکی بۆ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و خوێندکاران، کە"شەهید ئارام" یەکێک بوو لە سەرکردە تێکۆشەرودیارو دڵسۆزو خاوەن بیروباوەڕەکانی دەگەڕێتەوە.

ئارام و تاراوگە یان دەرەوە:

بینینی ژینگەو دونیای دەرەوە بۆ مرۆڤ کاریگەری بەرچاو ڕووبی زۆر لە سەر مرۆڤ دروست دەکات و دەبێتە هۆکاری گەشەی عەقڵ و هزری مرۆڤەکان، شەهید"ئارام"زۆر ئاشنا بوو بە بینینی دنیایی دەرەوەو ژینگەی تاراوگە، لەوانەش"یەکێتیی سۆڤیەتی جاران" (روسیا)، کە لەوێ بەشداری کۆنگرەی قوتابیانی جیهان کردو بوو بە نوێنەری"یەکێتیی قوتابیانی کوردستان"و بەشداری کارای کرد لەو کۆنگرەو کەرنەڤاڵە خوێندکارییەی جیهانیەداو ئاشنایەتی دیارو بەرچاوی زۆری هەبوو، کاک "ئارام"لە تێڕوانین وقوڵ بونەوە لە ئایدیۆلۆجیەتی چەپ وهزری پێشکەوتنخوازی و کەسایەتیە جیهانیەکان"ئارام"لەم جیهان بینیەوە زیاتر بیرو هزری گەشەی سەندووەو پێشکەوتنی بەخۆوە گرت بووەتە هەڵگری هزرو بیری پێشکەوتنخوازی و چووەتە بەرەی گەل وچینی کرێکارو چەوساوانەوەو هەمیشە داکۆکیکەرو لایەنگری سەرسەختی ئەوان بووەو ئەمەش لە هزی "ئارام"دا بەتەواوەتی ئامادەگی هەبووە، خوالێخۆشبوو، کاک (ئەمین) ی برا گەورەی کاک"ئارام" کە جگە لە برایەتییەکەی و لەیەک دایک و باوک بوون، وەک هاوڕێی نزیکی یەکتر بوون، کاریگەری زۆری لە سەر پەروەردەو هزری کاک ئارام چێ کردووەو کاتێکیش کاک (ئەمین) ی برای بەجێی دەهێڵێت و کۆچی هەتا هەتای دەکات؟ کاک "ئارام"وەک کاریگەری و تارمایی براکەی بە سەریەوە، دەبێتەهاوسەری (لیدیا خان)و باوەشی گەرم بۆ"لیدیا ئیڤانۆڤینا و سواری"ی برازایی لە"ڕووسیا"دەکاتەوەو بەتەنیا دەستبەرداریان

نابێت و ئامێزی خۆشەویستیان بۆ دەکاتەوە! ئەوەندەی من لە هاوڕێکانی کاک (ئەمین) وکاک"ئارام"م لە ڕوسیا بیستبێت، ئەوان دەڵێن: کاک (ئەمین) پیاوێکی چەپ و خوێندەوارو ڕووناکبیر بوو، پێشبینی زۆری دەربارەی کاک"ئارام" کردووەو وتوویەتی: شاسواری بڕام کەسێکی هەڵکەوتوو سەرکردەیەکی بوێرو بیۆنەی ئایندە دەبێت و زۆر جاریش پێشترلای"لیدیا"ی خێزانی باسی ئەم برایەی واتا:"ئارام"و دەرکەوتنی وەک سەرکردەو پیاوێکی بەدیمەن و بەهیبەت و ڕووناکبیری کردووە بۆ "لیدیا"ی خێزانی، بۆیە"لیدیا"ش کاتێک "شاسوا- ئارام"دەبینێت لە وڵاتێکی گەورەو خاوەن کەلتوورو کەڵە نووسەرانی ڕوسیادا، زۆر سەرسام دەبێت بە"ئارام" وکاتێکیش هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات، بڕیاردەدات ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ پێک بهێنێت و لەگەڵی دەگەڕێتەوە کوردستان و لە شاری سلێمانیی نشتەجێ دەبێت وهەمیشەش"لیدیا"دەڵێت: ڕووسیا"چۆن نیشتمانیی دایکەو یەکەم نیشتمانمە، کوردستان و سلێمانیش وەک ڕووسیا وایە بۆمن و هەست بەغەریبی و نامۆیی ناکەم و هەمیشە وەک ڕووسیاو مۆسکۆ خۆشمدەوێت و وادەزانم لەنێو ئامێزی کە سوکارم دا دەژیم.

تارمای سۆڤیەت و کەسێتی "لینین"و هزری چەپ بە سەر"ئارام"ە وە

سۆڤیەت خاوەنی شارستانیەکی لە مێژینەو فرە کلتووروئایین وچەند نەتەوەو خاکی جوگرافی بەرفراوانە، ئەدەبیات و هونەرمەندو کەسێتی سیاسیی و ئەدەبی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، کاتێک نێوی ئەدەب و ئەدیبان و سیاسییەکانی ڕووسیا دێت، ڕووبەرێکی جوگرافی مەزن لە خەیاڵ و ئەندێشەماندا خۆی بەدیار دەخاو دەنوێنێ، کاک"ئارام"لە گەشتەکانیدا بۆ ڕووسیاو بینینی کەسایەتی و کلتوورو خوێندنەوەکانی بۆ ئەم وڵاتە کاریگەریەکی فرە لە خەون وخولیاو ئەندێشەکانی کاک"ئارام"داگیردەکات وڕەنگانەوەی مەزن لە کەسایەتی و بیرکردنەوەی کاک"ئارام"دا داپێک دەهێنێت و بەرەو ئاراستەیەکی جیاوازتر لەخەڵکی ئاسایی دەبات، وەک دەردەکەوێت خوێندنەوەو بیرکردنەوەی سەرسام

بوون و قوڵبوونەوەی لە بابەت و مەسەلە فیکرییەکان و بەتایبەتی ئەدەبیاتی سیاسیی "ڕووسی" وکەسێتی سیاسیی و دەرکەوتووی وەک "لینین" و خوێندنەوەی چڕی بەرهەمەکانی ئەم پیاوە بلیمەتە زۆر کاریگەری قوڵ وڕەنگدانەوەی لە دنیا بینین و نووسینەکانی کاک "ئارام" دا دروست وبەرجەستە کردووە، تارمایی کەسێتی و تێکۆشان و خەبات و بیرکردنەوەی و نووسینی "لینین" هەمیشە وەک باگراوەندو پاشخانێکی بەهێزو تۆکمە لە پشت کاک "ئارام" ە وە بوونی هەیە،کە ئەم باگراوەندە سیاسییە لە نووسین و خەبات و تێکۆشانیدا بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی دروستی هەیەو نکوڵی لێناکرێت!"لینین" لە ژیانی سیاسیی و خەباتی نهێنی و ئاشکراو خۆشاردنەوەو گەشتکردن و ئاوەڕەیی و دەرکردنی ڕۆژنامەو شەڕی پارتیزانی (لینین) دا وێکچونێکی هاوبەش لە نێوان "لینین" وکاک "ئارام" هەیە یان دیارە؟ کاک ئارام "یش،لەخوێندنەوەی نووسەران و تێکۆشەراندا، ئەو تارماییەی "لینین" و ڕووسیا بەچڕی بە سەرکاک " ئارام" ە وە بەقوڵی وێنا دەکرێت و وەک تابلۆیەکی ئاڵووالا دەبینرێت!

کاک "ئارام" لە نێوەندی ڕۆژنامەی(هاوکاری) دا

ڕۆژنامەی مۆڵەتپێدراوی "هاوکاری" سەرەتای دەسپێکی ساڵی ۱۹۷۰ دامەزرا، کردنەوەی دەرگایەکی تری ئەزموونی ڕۆژنامەگەری بوو، بەڕووی کاک "ئارام" دا والا بوو، دەرگایەکی والاش بوو بۆ پێشکەشکردنی تواناو بەهرەو ئەزمۆنکردنی کاک "ئارام" بوو، لەنێوەندی نووسین و ڕۆژنامەگەری داو بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی بوو، لەم ڕۆژنامەیەدا، چ بە ناوی خۆی شاسوار چ بە ناوی نهێنی و خوازاوی وسواره و...؟! کاک "ئارام" توانی بە هۆی گەشەو کاملبوونی هزرو بیروڕاکانی، نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) دا بڵاوبکاتەوەو وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەرێک لەم ڕۆژنامەیەدا دەست بەکاربێت هەم وەک فەرمانبەرێکی ڕۆژنامەوانی کاربکات.

کاک "ئارام"وەک نووسەرو ڕۆژنامەوانێک لەو سەردەم ودەرفەت و کاتەی لەو دەزگایەدا دەست بەکاربوو، کەوتە بەرتاقیکردنەوەو ئەزمۆنێکی نوێوەو لەو ڕۆژنامەیەدا توانی هەندێ لەو خەون و ئەنێشە سیاسییەی کە هەی بوو لە ڕێگەی لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەوە بهێنێتە دی، سەبارەت بەخەبات و تێکۆشان وئەزمۆنی خەباتی گەلانی جیهان وخواستیان بۆ سەربەخۆی و ئازادی و ڕزگاربوون لە دەوڵەتانی ئیستیعماری وئیستیتانی داگیرکاری نووسین بنوسێت و بڵاویان بکاتەوە! ئەم نووسینانەش زیاتر ڕەنگدانەوەو بیرکردنەوەی کاک"ئارام"ی دەردەخست و پیشانی دەدا لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە کە لەکات و سەردەمی خۆیدا خوێنەرێکی باشی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، کاک"ئارام" بەوتوانا فیکرییەی هەیبوو توانی بەپێی هەلومەرج ودۆخەکە، لەم ڕۆژنامەیەدا چەند وتاری سیاسیی بڵاوبکاتەوە چ بە ناوی خۆی یاخوود بە ناوی خوازراوەوە! ئەوە بوو لەکاتی خۆیدا لە ساڵانی هەشتاکاندا، لەلایەن ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"ە وە ئەو وتارانە کەپڕبوون لە هەڵەو گۆڕینی نووسین کۆکرانەوەو چاپکران.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بوو بە ڕۆحی زیندووی کاک "ئارام"

کاتێک(کۆمەڵەی مارکسیی ـ لینینیی کوردستان) دامەزرا لەنێوەندی ساڵەکانی حەفتادا، کاک"ئارام"هەرزوو وەک هەستکردن بە لێپرسراوێتی و ئەرکی سەرشانی و بڕوا بوونی بە مەسەلەو کێشەی ڕەوای کوردو نەتەوەکەی، پەیوەندی کرد بە"کۆمەڵە"وە، بووە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم ڕێکخراوە"چەپ"ە و توانی دەورێکی چالاک وبزوێنەر لە ناو کۆمەڵەدا بگێرێت و وەک داینەمۆیەک بە شداربێت لە خەبات و تێکۆشانی "کۆمەڵە"داو هەرزوو وەک تێکۆشەرێک جێگای تایبەتی بۆخۆی لەنێو هاوڕێکانیدا کردەوەو وەک کادرێکی ڕووناکبیرو بەتوانا دەرکەوت و بووە جێگەی متمانەو بڕوای هاوڕێیانی"کۆمەڵە"و زوو

ئەستێرەی بەختی درەوشایەوەو پلەی بەرز کرایەوە، وەک سەرکردەیەکی خاکی دەرکەوت و بووە خۆشەویستی هاوڕێیانی کۆمەڵە..؟ کاک"ئارام"لەو هەلومەرجە سەختەی کە کوردستان و دەڤەرەکە پێیدا گوزەری دەکرد تا لە ناو شار خەباتی ئاشکراو نهێنی کرد، توانی تا دەستگیر کردنی زۆرینەی هاوڕێیانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی"کۆمەڵە"وەک"خاڵەشەهاب" و هاوڕێکانی ئەم کۆمەڵە لە بەریەک ترازان و دووکەرتبوون و پەرتەوازەیی بپارێزێ و لە ژێر یەک چەتر بەنێوی (کۆمیتەی هەرێمەکان) کۆبکاتەوەو سەرکردایەتی سیاسیی وچەکداریان بکات دەیان هاوڕێی"کۆمەڵە" لە گرتن و ڕەوەدونان و پەرتەوازە بوون بپارێزێ و چەندین گروپ و مەفرەزەی چەکداریان لێ دروست بکاو بیان نێرێتە گوندوو چیاکانی کوردستان بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ڕژێمی فاشستی ودیکتاتۆری بەعس، کە بە هەموو ئەو هۆکارانەی کە بە دەستی ئەم ڕژێمە تاوانبارەوە بوون بۆ لەنێوبردنی مرۆڤی کوردو کاولکردنی خاکی کوردستان کەمتەرخەمی نەکرد،کاک"ئارام"لەو هەلوومەرجە سەخت و دژوارەدا توانی بەشێوەیەکی سیاسییانەی دروست و واقیع بینانە ڕوو بەڕووی هەموو ئەگەرەکان و ململانێ ناوخۆی ودوژمنکارییە دەرەکییەکان ببێتەوەو "کۆمەڵە"لە سەر قاچەکانی خۆی بوەستێنێت و باش ئاراستەی بکات بەپێی دۆخ و هەلوومەرجە سیاسییەکە کە هاتبووە پێشەو کوردستانی پێیدا گوزەری دەکرد، کاک"ئارام"بە پێی ڕووناکبیری و تواناو سەلیقەی سیاسیی و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بۆ واقیعی کوردستان و عێراق وئەودەڤەرەی تێکەوتبوو، کوردیش تووشی شکست و نووچدانی گەورەی ساڵی١٩٧٥ بوو بوو، کاک"ئارام" توانی باڵانسی ململانێ فیکریەکانی ناو"کۆمەڵ"ە ڕابگرێت و چارەسەری ڕیشەییان بۆ بدۆزێتەوەو گەشە بە خەباتی سیاسیی و چەکداری کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدات و بەرەو هەڵکشان و گەشەکردن و بەرەو ئاقاری پێشکەوتنی سیاسیی و جەماوەری خەڵکی کوردستانی بەرێت،

چونکە شکست و نوچدانی سالّی ١٩٧٥ کاریگەری خراپ و بڕوانەبوونی لای کۆمەلانی خەلّک بە شۆڕش و مەسەلە ڕەواکەی دروست کردبوو، قولّبونەوەی یادەوەری لیّل و تەماوی و ئازاری لە ناخی مرۆڤی کوردا چاندبوو، بەکوردی و کورتی، مرۆڤی کورد تووشی ڕشبینی و بێ هیوایی و بێ بڕوایی و یەئس بوو بوو! بە هۆی ئەم کەش و هەلومەرجەوە ڕژێمی بەعس فشارو قورسای چەکداری و زەبروزەنگی سیاسیی و تونەکانی کە پەیوەست بوو بەهێزوو توندوو تیژی بەرانبەر بەگەلی کورد ڕەنگدانەوەی قولّ و کاریگەری لە سەر شۆڕش وخەلّک وجولانەوەکەی لە کوردستاندا هەبوو.

کاک "ئارام"و ڕەخنەی بونیادنەرانە:

کاک"ئارام" سەرکردەیەکی زەحمەتکێشان و بەشمەینەتان و چینی کرێکار، بڕوای تەوای بە تێزی ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن، وەک شێوازێکی پێشکەوتنخوازی و بونیاتنەرانە لە پێناوی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەلّەدا هەبوو؟ئەم تێزەی زۆر لە بەرژەوەندی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان بەکاردەهێناو بە کارێکی دروست وگونجاو سەیری دەکرد، ئەو وەک زۆرێک لە سەرکردە کلاسیکییەکان بە شێوەیەکی چەق بەستوو دۆگما بیری نەدەکردەوە، بەلّکو بیرو باوەڕی ڕەخنەو ڕەخنەلە خۆگرتنی بە سەرچاوەی پێشکەوتن و گەشە کردن و هەنگاونانی بەرەو سەرکەوتنی کۆمەلّە ئاراستە دەکرد، ڕەخنەکانی لە هەندێک سەرکردەی کۆمەلّەو یەکێتیی و شۆڕشی ئەیلوول کەگەل و شۆڕشیان بە ئاراستەیەکی سیاسیی نا دروست وخراپدا بردو ڕەخنە کانی بەشێوەیەکی واقیع بینانانە ئاراستە دەکردو سڵی لە ڕاستکردنەوەی چەوتی و کێشەکان نەدەکردەوە و بوێرانەو مەبدەئیانە کۆمەلّەی بەرێکخراوێکی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان لە ڕووی بیرو باوەڕەوە سەیر دەکرد، لە ڕێگەی نووسین و ڕەخنەکانیەوە دەیویست هەلّەکانی پێشتری کۆمەلّەو سەرکردایەتییەکەی لە ڕوی تاکتیک وستراتیژەوە ڕاست بکاتەوەو

بیخاتە سەربناغەو کۆڵەکەیەکی پتەو..بۆ ئەوەی سەرکردایەتیەکەی لە کەسانی لە بارا نەبوو هەلپەرست تەتەڵە بکات، بۆیەچەکی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتنی بە سەرچاوەی چەکی بیروباوەڕو پێویست و گرنگ لەنێو کۆمەڵدا دەزانی، زیاتر کۆمەڵەی لە تۆباویەت و خەیاڵپەرستی دورخستەوە ئەمەش لە کارە دروست و باشەکانی کاک"ئارام"بوو بۆ کۆمەڵەو شۆڕش! چونکە سازشکردن لەگەڵ دوژمنان و خۆفرۆشانی خاک و نەتەوەکەی بە هەڵەیەکی گەورە دەزانی بۆ کۆمەڵەو یەکێتی و شۆڕش؟ هەر بەهۆی سازشکردنەوە شۆڕش و یەکێتی باجی قورسی داوەو دەیویست سازشکردن بە قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵەو شۆڕش بەکاربهێنێت، نەک دوژمنان، دەیویست سەرکردایەتیەکی عاقڵمەندی نوێ بێتە پێشەو سەرکردایەتی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان بکات و بەشێوەیەکی نوێ بەرخوردان ئاراستەبکات، نەک سەرکردایەتیەکی کلاسیک و شکستخواردو لاوازو سازشکار تا گەل تووشی قەیران و شکستی یەک بەدوای یەکدا بکات، وەک مێژوو ئەمەی ساخ کردووەتەوە.

کاک" ئارام" ڕووناکبیرو و سیاسییەکی شاری:

کاک"ئارام"لە شار گەورەبووە بووەتە کەسایەتییەکی ڕووناکبیروتێکۆشەرو لایەنگری چینی کرێکارو زەحمەتکێش،ئەوژینگە شارییەش کاریگەری تەوای لەسەر ژیان وکردەوەکانی کاک "ئارام" پێکهێناوە ،بەڵام بیرکردنەوەو بیروباوەڕەکەی واقیعیانەو دروستبوو،ئەو باش لە چینی کرێکارو زەحمەتکێشان و جوتیارو ژیانی گوند گەیشتبوو، ئەو لەئازارو خەونەکانیان بۆ دنیایەکی باشترو ڕزگار بونیان لە چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی خەبات و تێکۆشانی دەکردوو خەونەکانی ئەوانی بەخەونی هەمیشەیی خۆی دەزانی و خەباتی شاخ و شاری پێکەوە گرێداو، بووە خۆشەویستی لادێ و شارو وەک سەرکردەیەکی خاکی وسادەو ساکار لە گوندەکاندا بووە سەرکردەیەکی تەواو

جیاواز لەوانەی پێشترو بووە خۆشەویستی هەمووان، بەهۆی سادەیی و لە خۆبوردن، باش بیرکردنە وئەندێشەو تێگەیشتن لە ئازارو موعاناتی جوتیاران و گوندنشینان!هەرئەم سادەیی و ساکارییەی کاک"ئارام"وەک سەرکردەیەکی ڕووناکبیر فرە بەهرەو تێگەیشتوو دەبینرا و ناسراوتربوو؟، هەر ئەم تێڕوانینە بوو کاک"ئارام"ی وەک لوتکەی چیاکان بەرز کردەوو بووە جێگەی ڕێزوو خۆشەویستی خەڵک وکاتێک کە"ئارام" شەهیدکردنی دەیان منداڵی تازە لە دایک بوو ناونرا"ئارام"و دەیان شوێن وجێگە بە ناوی ئەم سەرکردەوە ناونران وهەتا هەتایە ئەم ناوەی"ئارام"بووە ناوێکی نەمری و زیندووێتی هەمیشەی لە خەباتی چەکداری و سیاسیی گەلی کوردا.

سەرنجەکان یا تێبینییەکان:

